# دەسەڵاتی دادوەری لە شۆڕشی ئەیلوول

**مافپەروەر**

جەواد مستەفا ستوپەیی

**لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٢٤**

**ناوی کتێب:** دەسەڵاتی دادوەری لەشۆڕشی ئەیلوول

**نووسینی:** جەواد مستەفا ستوپەیی

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شیخۆ

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٤

**چاپخانە:** ڕۆکسانا

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان**
**ژمارەسپاردنی (٢٤٦) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە.**

# پێرست

بەشی یەکەم

دامەزراندن و بەڕێوەبردنی دادگاکان لە شۆڕشی ئەیلوول


دامەزراندنی یەکەم دادگای باڵای شۆڕش ........................................٢٥

کاروباری دادوەری لەشۆڕشی ئەیلوول............................................... ٣١

جۆر و شێوازی دامەزراندنی دادگاکان لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول ..........٣٥

دروستکردنی دادگاکان و مەرجی دامەزراندنیان.................................... ٤٩

گیروگرفتەکانی بەردەم دادگاکان...................................................... ٦١

چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی ئەیلوول.....................................٦٥

هەندێك لەدادوەرەکانی شۆڕشی ئەیلوول.............................................. ٧١


بەشی دووەم

هەندێک لە دەزگا و دامەزراوەکانی شۆڕشی ئەیلوول


ئەمینداریەتی گشتی عەدل و ئەوقاف ..................................................١٠٥

ئەنجومەنی باڵای کارگێڕیی لیواکانی کوردستان .....................................١١٣

یەکێتی زانایی ئیسلامی کوردستان ...................................................١١٥

## بەشی سێیەم
## دەنگدانەوەی دادپەروەری شۆڕشی ئەیلوول


ڕۆڵی دادگاکان لە یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا......................................١٢٣

پشتگیری شۆڕش لە بڕیارەکانی قازی شەرعی............................................١٢٧

چەند نموونەیەك لە دادپەروەری سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی...............١٣٥

هەڵسوکەوتی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بەرامبەر دیلەکانی شەڕ...١٤٥


## بەشی چوارەم
## هەندێک لە زانایانی ئاینی ناو شۆڕش


ئەو مەلایانەی ئەرکی قازی شەرعییان پێ سپێردرابوو.............................١٥١

ئەو زانا ئاینییانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلوول کاری قازی شەرعییان کردووە.......................................................................................١٩٧

هەندێك لەو مەلایانەی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە..........................................................................٢١١

ئەو مامۆستایانەی ئەندامانی لێژنەی باڵای فەتوا بوون...........................٢١٧

ئەلبوومی وێنەکان...............................................................................٢٣١

سەرچاوەکان .......................................................................................٢٤٥

# پێشەکی

ئامانجـی سـەرەکی لەدروسـت بـوونی وڵاتـان بریتییـە لەگۆڕینـی کۆمەڵـگای مرۆڤایـەتی لەدۆخـی قەیرانـاوی بـۆ دۆخـێکی سیسـتماتیك و ڕێکخراوەیـی، بۆئـەوەی هـەر تاکـێکی ئـەم کۆمەڵگایـە هەسـت بـە مـاف و ئازادییـەکانی خـۆی بـکات و پەیـڕەوی بیروبـاوەڕ و ئەرکـەکانی خـۆی بـکات، بەبـێ ئـەوەی کاربکاتـە سـەر مـاف و ئازادییـەکانی خەڵکانـیتر و پێشـێلیان بـکات. بۆیـە لـەم پێنـاوەدا بـە سـەدان شـۆڕش و بەرخـودان لەنێـو گـەلانی جیهانـدا ڕوویـداوە بـۆ بەرقەرارببـوونی یەکسـانی و دادپـەروەری لەنێـوان گـەل و نەتەوەکانـدا، بەتایبـەتی لەپێنـاو دەستەبەرکردنی مـاف و ئازادییـەکانی تـاك. شۆڕشـی ئەیلـوول بـە ڕێبەرایـەتی سـەۆک مستەفا بـارزانی یەکێـك بـوو لـە شۆڕشـە هـەرە گـەورە و کاریگـەرەکانی جیهـان و ئامانجەکـەی بـەدەر نەبـوو لـەم ئامانجانـەی باسمان کـرد

لەلایەکـیترەوە پێویسـتە سیسـتەمی دادوەری لەوڵاتـدا گەرەنتـی سـەروەریی یاسـاکان بـکات بـۆ هەموو تاکـەکانی گەلی کوردسـتان بەیەکسـانی و بەبـێ جیـاوازی، بۆئـەوەی یاسـا نەبێتـە تـەونی جالجالۆکـە بەسـەر لاوازەکانـدا جێبەجـێ بکرێـت و بەهێزەکانیـش لێـی دەربازبـن، چونکـە هیـچ سیسـتەمێکی سیاسـی سـەرکەوتوو نابێـت، ئەگـەر هاووڵاتیـانی هەسـت بەئـەرك و مـاف و ئازادییـەکانی خۆیـان نەکـەن و لـە بڕیاردانـدا ئـازاد نەبـن، کەواتـە تاکـە ڕێـگا بـۆ زاڵبـوون بەسـەر ئـەم کۆسـپانەدا بریتییـە لەجێبەجـێ کـردنی یاسـاکان بـە یەکسـانی و دادپـەروەری، چونکـە یاسـاکان ڕێـز لەمافـی مـرۆڤ و بیروبـاوەڕ و ئازادییـەکانی تـاك دەگـرن، چ ئـەم یاسـایانە یاسـای

دانـراو یاخـود یاسـای ئـاسمانی بێـت. لـەم چوارچێوەدا سـەرۆک مەلا مسـتەفا بـارزانی زۆر ڕژد بـوو لەسـەر ئـەوەی هـەر کەسـێك سـەرپێچی یاسـاکان بـکات دەبێـت ڕووبـەڕووی دادگاکان ببێتـەوە و بـە سـزای دادپەروەرانـەی خـۆی بـگات، هـەر لەسـەر ئـەم بنەمایـە سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـوول زۆر گرنگـی بـە دادگاکان و دەسـەڵاتی دادوەری و ئاشـتەوایی کۆمەڵایـەتی و یەکسـانی و دادپـەروەری داوە بەتایبـەتی لـە نـاو شۆڕشـدا.

لـە پێنـاو بەرقەراربـوونی سـەروەری یاسـا و بڵاوبوونـەوەی دادپـەروەری، گـەلی کـورد لەسـەدەکانی ڕابـردوو، بەتایبـەتی لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەم بـەدواوە، بـە ورە بەرزییـەوە مـلی خـۆی دایتـە بـەر شـۆڕش و بەرخـودان لەپێنـاو ڕزگارکـردنی نەتەوەکـەی لەژێـر زوڵـم و سـتەمی داگیرکـەران. بـەڵام ئـەوەی خەبـاتی شۆڕشـی ئەیلـوول لەشۆڕشـە ڕزگاریخـوازەکانی پێشـتری کوردسـتان جیـا دەکاتـەوە بریتییـە لـەوەی کـە بـارزانی تـوانی خەبـات و بەرخـودانی گـەلی کوردسـتان لـە هۆزگەرییـەوە بگوازێتـەوە بـۆ شـێوازێکی حیزبـی ڕێکخراوەیـی، بەجۆرێـک هەمـوو نەتـەوە و ئایینـە جیـاوازەکانی کوردسـتانی باشـوور لەسـەر یـەك پلاتفـۆرم کۆبکاتـەوە.

ئـەوەی مەبەسـتمانە بـاس بکەیـن و پەیوەسـتە بـە بابەتەکەمـان، بریتییە لەدەسـەڵاتی دادوەری شۆڕشـی ئەیلـوول و کاریزمـای ڕێبـەری نەتـەوەی کـورد مـەلا مسـتەفا بـارزانی لـە دامەزرانـدنی دادگاکان و چەسـپاندنی دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی لەنـاو شـۆڕش و جەمـاوەردا، هـەر لەسـەرەتای دەسـت پێکـردنی شۆڕشـی ئەیلـوول لەسـاڵی ١٩٦١، بـارزانی بیـری لـەوە کـردەوە کـە دەسـەڵاتەکانی شـۆڕش بەدامەزراوەیـی بکرێـت، وەك لـەڕووی سـەربازی و تەندروسـتی و پـەروەردە و کۆمەلایـەتی و دادوەری و ...تـاد. کـە

گرنگترینیـان بریتـی بـوو لـە دامەزرانـدنی سیسـتەمی دادوەری و دادگاکان، لەپێنـاو بڵاوبوونـەوەی دادپـەروەری لەنێـو شـۆڕش و گەلـی کوردسـتان، لەناوچـە ئـازاد کـراوەکانی کوردسـتانی باشـووردا. لـەم پێنـاوەدا لەساڵی ١٩٦٢ بـەدواوە بـارزانی بڕیاریـدا دەسـەڵاتی دادوەری لەنـاو شۆڕشـدا دامەزرێـت، یەکەمجـار دادگای بـاڵای شـۆڕشی لەمـاوەت دامەزرانـد و دواتریـش دەیویسـت لەسـنووری هـەر هێزێـك دادگایـەکی سـەربەخۆ هەبێـت، بـەڵام لەبـەر نەبـوونی کادری یاسـایی، لـە سـنووری هـەر هێزێـك یەکێـك لەمـەلا بەناوبانگـەکانی کـردە قـازی شـەرعی بـۆ چارەسـەر کـردنی هـەر کێشـە و گیروگرفتـێکی کۆمەڵایـەتی بەپێـی شـەریعەتی پیـرۆزی ئیـسلام. لەئەنجامـدا کۆمەڵێـك دادگای گـەورە و بچـووکی لـە هـەر قەزایـەك دامەزرانـد، بـەڵام لەبەرئـەوەی ئـەوکات دەرچـووی یاسـا کـەم بـوون تـا بکرێنـە دادوەر و لـە هـەر ناحیـە و قەزایـەك دادگایـەکی سـەربەخۆ بکرێتـەوە، بۆیـە بـۆ یەکلایـی کردنـەوەی کێشـەکانی هاووڵاتیـان میکانیزمێکـیتری زۆر گونجـاوی بەکارهێنـا، ئەویـش بریتـی بـوو لەدانـانی قـازی شـەرعی و دامەزرانـدنی لێژنـەکانی فەتـوا و لێژنـەکانی سـولح بـۆ هـەر هێـز و ناوچەیـەك

**جەواد ستوپەیی**

# دەروازە

دەسەڵاتی دادوەری یەکێکە لەو سێ دەسەڵاتە سەرەکییانەی هاوتەریب لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن دێت بۆ بەڕێوەبردنی هەر وڵاتێک. بۆیە لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول لەساڵانی سەرەتای شەستەکاندا سەرکردایەتی کورد بیریان لەوە کردەوە کە دەزگاکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی باشوور بەدامەزراوەیی بکرێن، لەئەنجامدا کۆمەڵێك دامەزراوەی بەڕێوەبردن لەناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستانی باشوور دامەزراند وەك: ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و نووسینگەی ڕاپەڕاندن (مكتب تنفيذى) و دەسەڵاتی دادوەری و ئەنجومەنی سەربازی و نووسینگەی کارگێڕی و تەندروستی و پەروەردە و ئازوقە و دارایی و ڕاگەیاندن و نووسینگەکانیتری خزمەتگوزاری و...تاد کە بارەگای زۆربەیان لەناو پردان بوون، یەکێکیتر لەو کارە گرنگانەی کە ئەنجامدرا بریتی بوو لەنووسینەوەی دەستوورێک بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق.

لـــەم چوارچێـــودا دەســـتەیەك لەئەندامـــانی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش لەبـــەرواری ٩/١٠/ ١٩٦٤ لەبوســـکێنی دەڤـــەری پشـــدەر کۆبوونـــەوە و بـــە ئامادەبـــوونی کۆمەڵێـــك شـــارەزا و پیاوماقـــوڵ، بڕیاریانـــدا کۆمەڵێـــك یاســـای بنـــەڕەتی دەرکـــەن بۆئـــەوەی وەك دەســـتوورێک لەهەمـــوو کوردســـتانی باشـــوور بەیەکگرتوویـــی کاری پێبکرێـــت و بەیەکســـانی لەهـــەر شـــوێنێکی کوردســـتان وەکـــو یـــەك جێبەجـــێ بکرێـــت[1]. پێـــشتر کار لەســـەر ئەمـــە

---

(١) ئـاری فـاروق نانەکەلـی. دامـەزراوەکانی پارتـی دیموکـراتی کوردسـتان و شـۆڕشی ئەیلـوول لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٦١ - ١٩٧٥ . چاپـی یەکـەم ٢٠١٦. لا٩٣.

کرابـــوو و لەهەمـــان ڕۆژ واتـــە لەبـــەرواری ١٧ی تشـــرینی یەکەمـــی ١٩٦٤ دەســـتووری شـــۆڕش لەلایـــەن ئەنجومـــەنی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش پەســـەند کـــرا و بڕیـــاری کۆتاییـــان لەســـەردرا کـــە لەدێباجـــە و ســـێزدە مـــادە پێکهاتبـــوو، ئـــەم دەســـتوورە وەك یاســـای بنـــەڕەتی بەڕێوەبـــردنی شـــۆڕش بـــوو لەکوردســـتانی باشـــوور.[1] نووســـینەوەی ئـــەم دەســـتوورە هەنـــگاوێکی گرنـــگ بـــوو بـــۆ بەدامەزراوەیـــی کـــردنی دەزگاکانی شـــۆڕش و پەرەســـەندنی دادپـــەروەری و جێبەجـــێ کـــردنی یاســـاکان لەسەرانســـەری ناوچـــە ئـــازاد کـــراوەکانی کوردســـتانی باشـــوور، ئـــەم کارە لەخۆیـــدا چەســـپاندنی دادپەروەرییـــە. مـــادەکانی ئـــەم دەســـتوورە ئەوەمـــان پیشـــان دەدات کـــە هەمـــوو ئـــەو پێکهاتانـــەی لەکوردســـتان دەژیـــن بـــە جیـــاوازی ئاییـــن و نەتـــەوە و زمـــان و کەلتـــوور و مەزهەبـــەوە هەموویـــان لەمـــاف و ئازادییەکانـــدا یەکســـانن و هیـــچ جیاوازییـــەك لەنێوانیانـــدا نییـــە.

ئـــەم دەســـتوورە دووجـــار لەلایـــەن ئەنجوومەنـــی ســـەرکردایەتی شۆڕشـــەوە هەموارکـــراوە، لـــە شـــوباتی ١٩٦٥ و ئەیلوولـــی ١٩٦٨. لـــە ئەنجامـــدا پێشـــەکییەکی درێـــژی بـــۆ نـــووسراوە و ماددەکانـــی زیادکـــراون و بوونەتـــە ٢٦ مـــادە. هەرچەنـــدە دەســـتوورێکی کورتـــە، بـــەڵام بـــۆ چەســـپاندنی دادپـــەروەری کۆمەڵایەتـــی لەنـــاو شۆڕشـــدا پێشکەشـــکردنی نموونەیەکـــی جوانـــی بەدیهاتنـــی دادپـــەروەری و یەکســـانییە

لـــەم دەســـتوورەدا زۆر گرنگـــی بەدەســـەڵاتی دادوەری لەشۆڕشـــدا دراوە، بـــۆ نموونـــە لەکـــۆی بیســـت و شـــەش مـــادە، حـــەوت مادەیـــان

(١) عصمـت شریـف وانلـی. کردسـتان العراقیـة هویـة وطنیـة دراسـه فـی ثـورة ایلـول ١٩٦١. ترجمـه د. سـعاد محمـد خـضر. الطبعـة الاولی. ٢٠١٢. السـلیمانیة. ص٣١٩..

تەرخانکـراوە بـۆ چۆنیـەتی بەڕێوەبـردنی دەسـەڵاتی دادوەری، لـە مـادەی پـازدەم تـا مـادەی بیسـت و یەکـەم بـۆ ئـەم مەبەسـتە تەرخـان کـراوە، کەواتـە ئەمـە مانـای ئەوەیـە کـە ئـەم دەسـتوورە زۆر گرنگـی بـە بابـەتی دادوەری داوە.

لەبەر ئەوەی ئەم دەستوورە بە دەستووری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان ناسراوە کە باڵاترین دەسەڵاتی شۆڕش بوو، بۆیە لەمادەی یەکەم تا مادەی نۆیەم باس لەدەسەڵات و پسپۆری و کاروبارەکانی ئەنجومەن دەکات، لەمادەی یازدە تا مادەی سێزدە باسی دەسەڵاتەکانی سەرۆك دەکات کە فەرماندەی گشتی شۆڕشەوە، مادەی بیستودوو بە کاروباری کارگێڕی تەرخان کراوە و مادەی بیستوسێ تایبەتە بە کاروباری دارایی و مادەی بیستوچوار تایبەتە بەکاروباری سیاسی و هەردوو مادەی بیستو پێنج و بیستوشەش تایبەتە بە کاروباری سەربازی. لەخوارەوە دەقی هەندێك لەو مادانە دەنووسینەوە کە تایبەتە بە دەسەڵاتی دادوەری لە شۆڕشدا[1]:

## بەشی دادگەری:

**مـادەی پـازدەم**: دادگـەری لەکوردسـتان سـەربەخۆیە، سـەربەخۆییەکی تەواو لەهەمـوو چالاکیـەکانی خۆی.

**مـادەی شـازدەم**: بـەشی دادوەری لەنووسـینگەی ڕاپەڕانـدن بریتییـە لەسـەرچاوە (مرجـع)ی سەرپەرشـتی و چاودێریکـردنی دەزگا جۆراوجـۆرەکانی دادگـەری، بـۆ گەرەنتیکـردنی جێبەجـێ کـردنی یاسـا و ڕێنماییـەکان.

(١)مسـعود البـارزاني. البارزانـي والحركـة التحرريـة الكورديـة . الجـزء الثالـث. ثـورة ايلـول ١٩٦١ -١٩٧٥. اربيـل. ٢٠٠٢. ص(٥١٠ - ٥١٦).

**مـادەی حەڤـدەم**: دادگاکان و پلـەکانی: دادگاکان لەکوردسـتان سـێ پلەیـان هەیـە:

١. **دادگاکانی یــەك دادوەر:** ئـەم دادگایانــە تەماشــای کێشــەکانی مــاف و شــەرعییەکان دەکات ئەوکاتــەی هیــچ دادوەرێــک ئامــادە نەبێــت، وە تەماشـای ئـەو کێشـە تاوانکارییانـە دەکات کـە سـزاکەیان لـەدوو ســاڵ زیاتــر نەبێــت. دادوەری (دادگای یــەك دادوەر) ســەرەڕای دەســەڵاتەکانی خــۆی کــە دادوەری ســزای پلــە یــەك یــان پلــە دوویـە لەهەمـان کاتـدا دادوەری بەرایـی ناسـنوردارە یـان سـنوردارە، هەروەهــا دادوەری لێکوڵینــەوە و ســەرۆکی جێبەجــێ کارە.

٢. **دادگا گـەورەکان (محاکـم الکـبری):** دادگا گـەورەکان پێکدێـن لەسـێ دادوەر، دەبێــت ســەرۆك و یەکێــك لەئەندامــەکانی مافنــاس بێــت، دەسـەڵاتی تەماشـاکردنی ئـەو کێشـانەی هەیـە کـە سـزاکەیان لەدووسـاڵ زیاتــرە، ئــەم دادگایــە لەشــوێنی دادگای تێهەلچوونەوە(الاســتئناف)یە ســەبارەت ئــەو بڕیارانــەی لــەدادگاکانی یــەك دادوەر دەردەچــن.

٣. **دادگای پێداچوونــەوە (محکمــە التمیــز):** بریتییــە لەباڵاتریــن دەســەڵاتی دادوەری لەشۆڕشــدا،ئەم دادگایــە پێکدێــت لەســەرۆك و دوو ئەنــدام کــە بەلایــەنی کــەم نووســینگەی جێبەجێکــردن هەڵیــان دەبژێرێــت، بــۆ کێشــە شــەرعییەکانیش ئەندامێکیــتر یــان زیاتــر بــۆی زیــاد دەکرێــت، لەوانــەی پســپۆڕییان کاروبــاری شــەرعییە، ســەرۆکی دادگا هەڵیدەبژێرێــت، ئــەم دادگایــە ڕاســتەوخۆ بەســتراوەتەوە بــە نووســینگەی ڕاپەڕانــدن.

**مادەی هەژدەم:** نووسینگەی ڕاپەڕاندن دەسەڵاتی دامەزراندنی دادگاکانی تایبەتی هەیە لەکاتی پێویست.

**مــادەی نــۆزدەم:** دادگا شــەرعییەکان تایبەتــن بــە تەماشــاکردنی کێشــەکانی شــەرعی.

**مــادەی بیســتەم:** دادگاکان ئـەم یاسـایانەی خـوارەوە بەپێـی پسـپۆرییەکانیان جێبەجــێ دەکەن:

یاسای سزادانی بەغدادی، یاسای سزادانی سەربازی عێراقی، یاسای بنەماکانی دادبینی سزادان (قانون اصول المحاكمات الجزائيه). بۆئەو تاوانانەی لەدژی شۆرش ئەنجام دەدرێن، حوکمەکانی بەندی دوازدە و سێزدە لەهەمان یاسا بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت، بەڕەچاو کردنی ئەوەی دەسەڵاتی شۆڕشی کوردی ئەلتەرناتیفی وڵاتی عێراقە کە لەم دوو بەندەدا هاتووە، بەڵام لەکێشە شارستانیەکان حوکمەکانی یاسای شارستانی عێراقی بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت. وەبنەمای دادبینی شارستانی و بازرگانی عێراقی و هەموو یاساکانیتر کە پێچەوانە نەبێت لەگەڵ بنەماکانی شۆرش و ئەو یاسایانەی دەری دەکات. بەڵام لەکێشە شەرعیەکاندا یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ی پیادەکراو لەعێراق بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت. وە ئەو حاڵەتانەی لەیاسادا نەهاتوون، بنەماکانی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام بەپێی بارودۆخ بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت. هاوشێوەی ئەو یاسایانەی شۆڕش دەریدەکات.

**مــادەی بیســتویەکەم:** بـەشی دادوەری لەنووسـینگەی ڕاپەڕانـدن، ڕێسـا و ڕێنماییـەکان (الانضمـه والتعلـيمات)ی تایبـەت بەڕێکخسـتنی دادگـەری دەریـدەکات.

## بڕیاری نووسینگەی ڕاپەڕاندن (مكتب تنفيذى)ی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان لەبارەی دادپەروەری

لەبەر دروستبوونی ناكۆكی سیاسی لەنێوان سەركردایەتی پارتی و تێكچوونی بارودۆخی سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان لەناوەڕاستی شەستەكاندا لەئەنجامی هەڵگەڕانەوەی چەند ئەندامێكی سەكردایەتی حزب. لەپێناو ڕوونەدانی شەڕی براكوژی و دوورخستنەوەی هەوڵەكانی ڕژێم بۆ دەست خستنە ناو ڕیزەكانی شۆڕش و بەكارهێنانی سیاسەتی پەرتكەو زاڵبە، نووسینگەی ڕاپەڕاندنی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان لەبەرواری ٢٩ / ١١/ ١٩٦٦ كۆمەڵێك ڕێنمایی و ڕاسپاردە لەچوارچێوەی بڕیارێكدا دەركرد كە زۆر پەیوەندی بە بواری دادپەروەرییەوە هەبوو لەبەر گرنگی بڕیارەكان دەقەكانیان لەخوارەوە دەنووسین[١]:

### ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش (مكتب تنفيذى):

وەك ئەزانن هێندی لەكاربەدەستانی حكومەتی عێراق شەو ڕۆژ خەریكی دروستكردنی بیانوو هەڵ رەخساندنن بۆ تێكدانی نێوان ئێمە و حكومەت، وە هیچ مانعیان نییە بچوكترین ڕووداو بیكەنە كارەساتێك بۆئەوەی ئاگری شەڕی براكوژی هەڵگیرسێت و ئەوانیش بگەن بە مەرامی گڵاوی خۆیان جا، بۆئەوەی ڕێگە بەو راوچیانەی نەدەین بە ئامانجی خۆیان بگەن، لەكۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٩/ ١١/ ١٩٦٦ ئەم بڕیارەماندا هیواداریـن بێ كەم و زیاد جێبەجێ بكەن وە مولزم بن پێی

(١) ئاری فاروق نانەكەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا (٢١٤ – ٢١٧).

وە کارێکـی وا نەکرێـت کـە ناچاربیـن سـزای ئەوانـە بدەیـن کـە سـەرپێچی لـەم بڕیارانـە ئەکـەن وەیـان ئەیانخەنـە پشـت گـوێ

## (( بڕیارەکان))

١. بە هیچ شێوەیەك نابێت ئیستفزازی میری بکرێ.

٢. لەنـاو شـارەکاندا ئیجرائـات لەبەرامبـەر بـە هیـچ لاو جیهەتـێ نەکـرێ بەبـێ ئـاگاداری و ئیشرافـی ڕێکخـراوەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان.

٣. قەدەغەیـە بـۆ هەمـوو دەزگاکانی شـۆڕش بەنـاوی چارەسـەر کـردنی گیروگرفتـی هاونیشـتمانییەکانەوە ئیجرائـات وەیـان محاکمـەی خەڵکـی وەیـان بەنـاوی پرسـینی شـکانی ئـەم و ئـەو دەسـت بخەنـە ئیـش و کاری خەڵکـەوە لەشـارەکان و قـەزا و ناحیـەکان کـە حکومـەتی تیایـە.

٤. تەفتیـش کـردنی سـەیارە لەڕێـگا گشـتییەکان بـۆ هەمـوو بەشـدارانی شـۆڕش قەدەغەیـە جگـە لەوانـەی کـە بـە فەرمـانی ڕەسـمی ئـەو ئیشـەیان پـێ سـپێردراوە.

٥. لەبـەر ئـەوەی دادگا سـەربەخۆیە نابـێ هیـچ لێپرسراوێـکی لەشـکر دەسـت بخاتـە ئیـش و کاری دادگاوە، وەیـان ئیـش وکاری دادگا ببـات بەڕێـوە جگـە لـەو شـوێنانەی کـە هێشـتا بـەشی (عەدلـی م. ت.) واتـە بەشـی (عدلـی مکتـب تنفیـذی) حاکمـی بـۆ دیـاری نەکـردوون. وە ئـەو شـوێنانەیش هـەر حوکمـێ دەر ئەکـەن بـە حەقـی خەڵکـی، پێویسـتە وێنەیـەکی حوکمەکـە بنێـرن بـۆ نزیکتریـن دادگای فەرمـی وەیـان بـۆ بەشـی (عـەدلی م. ت.) بـۆ بڕیـاری کۆتایـی لەسـەردان.

٦. هەمـوو ئـەو شـوێنانەی کـە مەحکەمـەی هاونیشـتمانییەکانیان دێتـە لا، جگـە لەتـاوانی پیـاو کوشـتن وەیـا تاوانێـکی لـەم شـێوەیە، پێویسـتە هـەوڵ بـدەن بـە ئاشـت کردنـەوەی هـەردوو لایـەنی ناکـۆك و کۆتایـی بـە دەعواکانیـان بێنـن وە تـا ئەتوانـن سـزای نەقـدی کـەس نـەدەن.

٧. فروشـتنی چـەك بـۆ هەمـوو بەشـدارانی شـۆڕش قەدەغەیـە، ئـەوەی چـەك ئەفرۆشـێ یـان چـەك ئەگۆڕێتـەوە لەگـەڵ ئەهالـی پێویسـتە بەتونـد تریـن شـێوە سـزا بـدرێ، ئـەم فەرمانـە ئـەو عشـائیرانە ناگرێتـەوە کـە بەچـەکی شەخسـی خۆیانـەوە لەڕیـزی شۆڕشـدان.

٨. تجـارەت و معاملـەی کڕیـن و فروشـتنی چـەك و تەقەمـەنی بەنـاوی کاسـبییەوە قەدەغەیـە، هـەر کـەس بیـەوێ ئـەم جـۆرە کاسـبیی و تجارەتـە بیـکات، پێویسـتە لقـی حیزبـی و ئامـر هێـز و ئامـر بەتالیـۆنی ئـەو ناوچەیـە شـهادەتی بـۆ بـدەن کـە ئینسـانەکی خاوێـن و دڵسـۆزی شۆڕشـە، ئینجـا دەبێـت لەمەکتەبـی تەنفیـزی مۆڵـەتی ئـەو کاسـبیە وەربگرێـت.

٩. بۆئـەوەی ڕێگـە لەوانـە ببرینـەوە کـە بـە درۆ خۆیـان ئەکـەن بـە کـەس وکاری شـەهید و لەکاربەدەسـتانی شـۆڕش پـارە و یارمـەتی وەرئەگـرن، بـۆ نەفەوتـانی مافـی شـەهید و بـی بـەش نەبـوونی وارس، پێویسـتە کاتـێ کـە کەسـوکاری شـەهید مراجعـە ئەکـەن بـۆ یارمـەتی بیـان نێـرن بـۆ لقـی حیزبـی بۆئـەوەی ئیسـباتی وەراسـەت بکـەن کـە وارسـی ئـەو شـەهیدەن، هـەر جهەتـێ یارمـەتی دا بـە وارسـی شـەهید، پێویسـتە لەپشـتی ئیسـبات وەرەسـەکە بنوسرێـت.

١٠.تەنهـا ئەمانــە وارســی شــەهیدن بــۆ وەرگرتنــی مانگانــە: ا- خێــزان کـە شـووی نەکردبێـت پـاش شـەهید. ب- منداڵـی تەمـەن ١٨ سـاڵان کەمـتر. ج- دایـك و بـاوکی هــەژار و بــێ ئــەوڵاد. د- بــرا و خوشــکی هــەژار و نــەدار.

١١.پێویســتە بــە تونــدی محاســبەی ئــەو پێشــمەرگانە بکــرێ کــە لە(زەماوەنــد)دا تەقــە ئەکــەن وە یــان نیشــان دا ئەکــەن.

١٢.مـاڵ و موڵکــی هیــچ هاونیشــتمانییەك حجــز و مصــادرە و تەوزیــع ناکـرێ بــێ وەرگتنــی موافەقــاتی م. ت. وەیــان صــادر بــوونی حوکــم لەلایــەن حاکمــی مەنتەقــە.

١٣.نابێــت بەهیــچ جــورێ تەســەروفات بکــرێ لــەو شــتانەی کــە حجــز کــراون تــا ئەنجامــی محاکمــە و دەرچــوونی حوکــم بــە مصــادرە کــردنی.

١٤.نابـێ تەسـەروفات بکـری لـەو شـتانەی کـە مصـادرە کـراون وەیـان لەئەنجامـی شـەڕ دەسـتکەوت بـووە بەبـێ ئـاگاداری و موافەقـاتی م. ت.

١٥.شـکاندنی مەرجـەع قەدەغەیـە. لەبـەر ئـەوە م. ت. مراجەعـاتی فـەردی بەبـێ ئـاگاداری مافـوق ناپرسـی و وە سـزای ئـەو جـۆرە مراجەعاتـە دەدات کەبـێ موافەقـاتی مافوقیـان ئـەی کـەن.

١٦.قەدەغەیـە نـاردنی پ. م بە سـکاڵاوە بـۆ بارەگای م.ت. لەبـارەی ژنهێنان و یارمـەتی خێزانـەوە، بـۆ جێبەجێ کـردنی ئەم جۆرە مەبەسـتانە بـە ئامرهێز ئامـر بەتالیـۆن و مەسـئولینی حـزب هـەوڵ بـدەن بـۆ جێبەجـێ کـردنی، ئەگـەر هـەر ئیمـکان نەبـوو تەنهـا سـکاڵاکان بنێـرن بـۆ بـارەگای م.ت. لەگـەڵ بەیـانی رای خۆیـان بـۆ چارەسـەر کردنی.

١٧.م. ت تەنهـا برینـداری خەتـەر و نەخۆشـی دووچـاری سـل بـوو وەر ئەگیـرێ، هـەر نەخۆشـێك کـە بنبـڕن وەرناگیرێـن، چونکـە نەخۆشـخانەی گشـتی لەبولـی و نەخۆشـخانەی خەبـات و نەخۆشـخانەی م.ت. هەیـە بـۆ تـەواوی نەخۆشـی ئاسـان.

١٨.م.ت. بـەو پـەڕی توانایـەوە مراقبـەی تەنفیـزی ئـەو خاڵانـەی سـەرەوە ئـەکات و مخاڵـف محاسـبە ئـەکات.

١٩.هـەر جـۆرە ڕاپـۆرت و اخبارییـەك کـە دێـت بـۆ کاربەدەسـتان، پـاش لێکۆڵینـەوە ئەگـەر راسـت دەرنەچـوو پێویسـتە مخـبر سـزا بـدرێ.

٢٠.دەربارەی جاشەکانی ٦٦:

ا لەشـارەکاندا پێویسـتە بەئەسـاڵبی سیاسـی لەلایەنگرەکانیـان ڕووت بکرێنـەوە و دوور بخرێنـەوە.

**ب** چەکدارەکانیـان لەکاتێکـدا پەلامـاری بنکەیـەك وەیـان دڵسـۆزێکی شـۆڕش ئـەدەن وەیـان جەولـە ئەکـەن لەناوچـە ڕزگار کراوەکانـدا پێویسـتە بەتونـد تریـن شـێوە لێیـان بـدرێ.

**ج** چەکـدار و بـێ چـەکی خەلەتاوەکانیـان کـە پەشـیمان ئەبنـەوە و دێنـەوە ڕیـزی شـۆڕش پێویسـتە ڕێزیـان لـێ بگیـرێ.

سێشەممە ٢٩ی تشرینی دووەم ساڵی ١٩٦٦.

## یاسای دادگەری (قانون القضائي):

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لەدوای نووسینەوەی دەستووری ئەنجومەنی شۆڕش، یاسایەکی دادگەرییان داڕشت، بۆئەوەی لەبواری دادگەریدا لەهەموو دادگاکانی ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستانی باشوور بەیەك شێوە پەیڕەو بکرێت و ئەم یاسایە جێبەجێ بکرێت. عیسمەت شەریف وانلی لەکتێبەکەی خۆیدا بەناوی (کوردستان العراقیە- هویە وطنیة- دراسە ثورە ایلول ١٩٦١) بەم شێوەیە بەکورتی باسی ئەم یاسایەی کردووە[١]:

پێویستە دەسەڵاتی دادوەری بە تەواوەتی سەربەخۆ بێت، لەهەر دەست تێوەردانێکی حیزبی یان لەدەست تێوەردانی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی یان سەربازی، لەهەمان کاتدا هەر کەسێك سەرپێچی ئەم بنەمایە بکات ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە. (مادەی ١). سەبارەت بە کاروباری یاسای سزادان و شارستانی، یاسای سزادانی بەغدا و یاسای شارستانی عێراقی جێبەجێ دەکرێت، لەگەڵ هەندێك بنەمایتر، بەشێوەیەك شۆڕشی کوردستان ئەلتەرناتیفی دەوڵەتی عێراق دەبێت، لەنێو دەقەکانی یاسادا. ئەگەر تۆمەتبار پێشمەرگە یان ئەندامی حزب بێت سزایەکەی دووئەوەندە دەبێت، هەروەها سەبارەت بە ژیانی کەسایەتی تاك شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام بەسەریدا جێبەجێ دەکرێت. (مادەی ٢). پێویستە جیاوازی بدرێتە نێوان دادگەری شارستانی و دادگەری سەربازی، سەبارەت هێزە چەکدارەکان پێویستە

(١) عصمت شريف وانلى. كردستان العراقية، (هوية وطنية) دراسه فى ثورة ايلول. ترجمه د. سعادمحمد خضر. مطبعة شفان السليمانية. ٢٠١٢. ص(٣٢٠-٣٢١).

یاسا سەربازییەکان بەسەریاندا جێبەجێ بکرێت، لەکاتێکدا دادگاکانی شارستانی چاوخشاندن بە تاوانە جۆراوجۆرەکانیتردا دەکات. (مادەی ٣).

دادگاکان سێ پلەیان هەیە یەکەمیان: دادگا بەراییەکان کەلە یەك داوەر پێکهاتوون. دووەم: دادگا گەورەکان لەسێ دادوەر پێکهاتوون، هەریەکەیان لەلایەن نووسینگەی ڕاپەڕاندنەوە دادەمەزرێن. (مادەی ٤). لەهەر ناوچەیەك دادگایەکی یەك دادوەر هەیە، لەهەموو کوردستانی ئازاد کراویش دوو دادگای گەورە هەیە، یەکەمیان تایبەتە بە ناوچەکانی هەولێر و موسڵ و ئەویتریش تایبەتە بەناوچەکانیتری کوردستان وەك سلێمانی و کەرکووک. لەهەر دادگایەك داواکاری گشتی هەیە و پێویستە دادوەرەکان خاوەن ڕەوشتێکی بەرزبن و دەرچووی خوێندنی دادوەری و یاسابن، ئەمانەش لەلایەن نووسینگەی ڕاپەڕاندنەوە دادەمەزرێن. (مادەی ٥). لەشکری شۆڕشگێری کوردستان بەشداری دەکات لەبەڕێوەبردن و پێشڤەچوونی کاروباری دادوەری. (مادەی ٦). هەر داهاتێك لەئەنجامی بەڕێوەبردنی کاروباری دادوەریدا دەستدەکەوێت وەك (باجەکان. پێبژاردن. موڵك و دەست بەسەرداگیراوەکان) لەکۆتایی هەر مانگێکدا هەموو ئەم داهاتانە کۆ دەکرێنەوە و دەنێردرێتە نووسینگەی ڕاپەڕاندن، ئەوانیش لەلای خۆیانەوە هەڵدەستن بە دابەش کردنی مووچەی دادوەر و فەرمانبەرانی دادوەری. (مادەی ٧). ناکرێت هیچ سزایەکی قورس بەسەر هیچ کەسێکدا بسەپێندرێت تا بە ئیمزای سەرکردەی گشتی شۆڕش نەبێت. (مادەی ٨). ئەگەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یان نووسینگەی ڕاپەڕاندن تاوانێك ئەنجام بدات یان خیانەتی

کــرد، پێویســتە لــەدادگای دادکاری شــۆڕش[1] دادگایــی بکرێــت کــە ئــەم دادگایــە تایبەتــە و پێکدێــت لەدووئەندامــی نووســینگەی ڕاپەڕانــدن و دوو فەرمانــدەی ســەربازی و دوو دادوەر لــەدادگای تاوانــەکان، بەســەرۆکایەتی ئــەم دادگایــە دادگایــی دەکرێ(مــادەی ٩). بــەڵام ســەبارەت بــە تاوانەکانــیتر تۆمەتبــار ئامــادە دەبێــت بەرامبــەر دادگاکانی شــۆڕش، واتــە ســەبارەت ئــەو تاوانانــەی لەناوچــە ئــازاد کــراوەکانی کوردســتان ئەنجــام دەدرێــن هاوشــێوەی هــەر تۆمەتبارێکــیتر کــە ئــەم تاوانانــەی ئەنجــام داوە دادگایــی دەکرێــت (مــادەی ١٠). هەروەهــا ئەگــەر کەسـێك تاوانێـك لــەدەرەوەی ناوچــە ئــازاد کــراوەکانی کوردســتان ئەنجــام بــدات و بێتــە ئــەم ناوچانــە بۆئــەوەی خــۆی بشــارێتەوە و لەیاســا هەڵبێــت، شــۆڕش ڕێــکارە یاســاییەکان لەبــارەی ئــەو دەگرێتەبــەر، ئــەم جــۆرە تۆمتبارانــە ڕادەگیرێــت و بەنــد دەکرێــت و پارێــزراو دەبێــت تــا تەســلیم بــە دەســەڵاتی تایبەتمەنــد دەکرێــت، یاخــود بــە (کەفالــەت) بەشــێوەیەکی کاتی ئــازاد دەکرێــت. (مــادەی ١١).

(١) دادگای دادکاری شــۆڕش (محكمــة التحكيــم للثــورة): ئــەم شــێوازەی دادگا لــە بــۆ یــەک کێشــەی دیاریکــراو دادەمزرێــت، هەرکاتێــک کێشــەکە یەکلاییکرایــەوە دادگاکــە هەڵدەوەشــێتەوە. ئــەم شــێوازە لــە زۆر وڵاتانــی پێشــکەوتووی جیهــان بەکاردێــت، مــەرج نییــە هەمــوو ئەندامانــی کەســانی یاســایی و دادوەر بــن، دەکرێــت ســەرۆکی وڵات ســەرۆکایەتی ئــەو دادگایــە بــکات یــان تێیــدا ئەنــدام بێــت

# بەشی یەکەم

# دامەزراندن و بەڕێوەبردنی دادگاکان لە شۆڕشی ئەیلوول

# دامەزراندنی یەکەم دادگای باڵای شۆڕش

دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و کوژرانی عەبدولکەریم قاسم و کۆتایهێنان بە یەکەم سەرۆک کۆماری عێراق، بۆیە لەناوەڕاستی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ بە سەرۆکایەتی سەرکردەی نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانی بەئامادەبوونی نوێنەرانی حزب لەسەرانسەری ناوچەکانی کوردستان و بەئامادەبوونی کەسایەتی و پیاوماقوڵ و سەرۆك هۆزەکان بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی ئەوسا و ئالوگۆڕکردنی بیروڕاکان کۆبوونەوەیەکی فراوان و زۆر گرنگ لەکۆیە ئەنجامدرا، بەتایبەتی لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی دانوستاندنی داهاتوو لەگەڵ ڕژێمی نوێی عێراق، بەڵام ئەم هەوڵەی دانوستاندن سەرکەوتوو نەبوو، لەبەر هەڵوێستی شۆڤینی دەسەڵاتی نوێی عێراق[1]. چونکە لەحوزەیرانی ١٩٦٣ واتە لەدوای چوار مانگ بەسەر ئەنجامدانی کودەتا، شەڕی لەدژی شۆڕشی کوردستان دەست پێکردەوە و تەڕ و وشکیان پێکەوە سوتاند و ئەم ئاگرە سەرانسەی کوردستانی ئازادی گرتەوە. ئەم هەنگاوەی ڕژێمی عێراق بوویە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کەسایەتی سەربازی و سیاسی و چینە جیاوازەکانیتری وەك فەرمانبەرانی حکومی و سەربازی و قوتابی و زۆریتر، چ ئەوانەی ئەندامی حزب بوون یان ئەندام نەبووبن، پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد. هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقی بە عەرەب و کوردەوە، ناچار پەنایان بۆ ناو شۆڕش هێنا و شۆڕشی کوردستان بوو بەپەناگایەك بۆیان، لەدوای فراوانبوونی ناوچە ڕزگارکراوەکان، سەرکردایەتی شۆڕش بەباشی زانی هەندێك لەکارەکانی شۆڕش

(١) فرهاد عونی. ذاكرة الايام. الطبعة الاولى ٢٠١١. اربيل. ص٣٧.

بەدامەزراوەی بکرێت، بۆ نموونە بۆ یەکلایکردنەوەی کێشە دادوەرییەکان لەناو شۆڕش و هاووڵاتیان و چەسپاندنی دادپەروەری و گۆڕینی بارودۆخی هاووڵاتییان بەرەو ژیانێکی مەدەنی باشتر، سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا دەزگایەکی دادوەری دامەزرێنێت بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکانی هاووڵاتیان. کەواتە لەدوای پەیوەندیکردنی ژمارەیەکی زۆری کادیر و شارەزا و خاوەن بڕوانامەکانی ئەکادیمی بە شۆڕشەوە، بەتایبەتی لەپسپۆری یاسا و ماف لەساڵی ١٩٦٣، یەکەم دادگای باڵای شۆڕش لەماوەت[(١)] دامەزرا، هەر ئەو باڵەخانەیەی پێشتر شوێنی بارەگای دادگای بەرایی حکومەتی عێراق بوو، ڕێکخرا و هەندێك پێداویستی و کەرەستەی ئاسایی بۆی دابین کرا و لەدوای ٩/ ٦/ ١٩٦٣ کرایە بارەگای دادگای باڵای شۆڕشی کوردستانی عێراق، ئەم باڵەخانەیە پێکهاتبوو لەخانوویەکی لەچیمەنتۆ و بەرد دروستکراو کە لەشەش ژووری قەبارە یەکسان و هۆڵێکی گەورە پێکدەهات، هۆڵی گەورە بۆ سەرۆکی دادگا ڕێکخرا[(٢)]. بەڵام تەنها یەك دوو ژووری دیکە بو دادگا بوون، بەڵکو ژوورەکانیتر شوێنی حەوانەوەی کارمەندەکانی دادگا بوو.

هەروەها باڵەخانەیەکیتری لەبەرد و چیمەنتۆ دروستکراوی لێبوو کە دیوارەکانی بەرز بوو لەسووچەکانی خاڵی چاودێری دانرابوون کە وەك قەڵایەکی پتەو دیار بوو. هەروەها چەندین هۆڵ و ژووری تێدابوو لەوانەیە ئەم شوێنە پێشتر بارەگای ناحیە و پۆلیس و هەندێك فەرمانگەی حکومەتی

(١) ماوەت شارۆچکەیەکی بچووك بوو ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی دوو تا سێ هەزار کەس دەبوون، نزیکەی ٣٠٠ تا ٤٠٠ خێزان دەبوون جادەیەك دەیکرد بەدوو بەشەوە کە ئەم جادەیە تەواوکەری ڕێگای سلێمانی ماوەت بوو.
(٢) فرهاد عونی. ذاکرة الایام. سەرچاوەی پێشوو. لا٤٠.

لێبووه. لەنێوان ژوورەکانیشیدا گۆڕەپانێکی گەورە هەبوو. بەرپرسانی شۆڕشی کورد ئەم قەڵایەیان کردبووە گرتوخانە بۆ دیل و بەندییەکان، جگە لەشوێنی حەوانەوەی کارمەندانی گرتووخانە.

ئەوکات بارەگای مەکتەبی سیاسی لەگوندی عیساوی بوو کە دەکەوتە نزیك سنووری عێراق ئێران، ئەم شوێنە بەپێ دوو سەعات لەماوەت دوور بوو، ئەوکات فڕۆکەکانی عێراق ئەم شوێنەیان تۆپباران نەدەکرد لەبەر دوو هۆکار:

**هۆکاری یەکەم:** ناوی ئەم گوندە لەسەر نەخشەی سەربازی عێراق نەبوو، دوای رەسم کردنی نەخشەکە و تۆمار کردنی ئینجا دۆزرایەوە، سەرەتا ئەم گوندە هەر یەك دوو ماڵ بوون.

**هـۆکاری دووەم:** ئـەم شـوێنە نزیـك بـوو لەسـنووری ئێـران، دەبـوو فڕۆکـە جەنگییـەکان بەسـەر خـاکی ئێرانـدا تێپەربـان کـە عێـراق خـۆی لەمـە بەدوور دەگـرت، هەروەهــا خانــوو و ماڵــەکان بەشــێوەیەکی وا دابــەش ببــوون بەزەحمـەت بـەدی دەکـران[1].

لەئەنجامدا لە١٢ی تەموزی ١٩٦٣ دادگای باڵای شۆڕش لەم شوێنە بەسەرۆکایەتی دادوەر (عومەر حەبیب عەبدوڵا) دامەزرا کە ئەم دادگایە هاوتا بوو لەگەڵ دادگای پێداچوونەوە(تمیز)، هەروەها ئەم دادگایە لەسەرەتا دوو ئەندامی هەبوو یەکەمیان (موحسین دزەیی) و ئەویتریان (ڕۆبیتان ئەمین عەلی جاف) ئەم دوو ئەندامە ئەندامی یەکەم و دووەمی دادگا بوون، هەروەها (حەسەن سەید ئەحمەد) ئەندامی سێیەمی کارگێڕی دادگا بوو.

---

(١) موحســین دزەیــی وێســتگەکانی ژیانــم. وەرگێــرانی ئیســماعیل بەرزنجــی. بەشــی دووەم. چاپــی یەکــەم. ٢٠٠٩. ل٦٣.

هەروەها لەکێشە شەرعییەکان دا ڕاوێژ بە (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) دەکرا و دادگای سزادان بە موحسین دزەیی سپێردرا. ئەم دادگایە هاوشێوەی دادگاکانی عێراق کارەکانی خۆی بەڕێوە دەبرد، بەشێوەیەك ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان ئەلتەرناتیفی دەوڵەتی عێراق بوو. ئەم دادگایە لێکۆڵەرێکی دادی و داواکاری گشتی هەبوو، (کەمال ئەحمەد بەرقی) لێکۆڵەری دادی و (تاهیر ساڵح فەتاح) داواکاری گشتی بوو، ئەم دادگایە دوو نووسەریشی هەبوو بەناوی (سەباح جەلال غەریب و فەرهاد عەونی). هەروەها ئەرکی پاراستنی دادگاکەش لەئەستۆی دوو پێشمەرگەدا بوو بەناوی (بەکر حاجی فەرەج و لوتفی مەحمود محمەد)[1].

موحسین دزەیی نووسیویەتی: دادوەری لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی کاتی بەمن درا، هەروەها بەرپرسیاریەتی سەرپەرشتی کردنی دادگەری(قضائي) گرتووخانە و بەندیخانەش لەئەستۆی مندا بوون. دوو ئەفسەری پۆلیس بە پلەی نەقیب وەك داواکاری گشتی لەم دادگایە کاریان دەکرد، یەکەمیان کەمال ئەحمەد بەرقی داواکاری گشتی شارستانی بوو، ئەم ئەفسەرە تۆماری تایبەت بەناوی بەندییەکان و جۆری تاوانەکانیان و ناوی حوکمدراوەکان و ماوەی حوکمەکانیان دروست کردبوو. دووەمیان: شەهید نەقیبی پۆلیس تاهیر ساڵح ناسراو بە (تاهیر نایلۆن) داواکاری گشتی سەربازی بوو. هەرچەندە ئەم دوو ئەفسەرە پیاوی ڕەوشت بەرز و بەلوتف بوون، بەڵام لەکاتی دەست بەکار بوونم وەك دادوەری لێکۆڵینەوە لەدوای ورد بینیکردنم لەتۆماری پەڕاوەکان،

(١) ئاری فاروق نانەکەلی. دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ - ١٩٧٥ چاپی یەکەم ٢٠١٦. لا (١٠٣-١٠٤). ئەویش سوودی لە(فرهاد عونی ذاكرة الايام). سەرچاوەی پێشوو وەرگرتووە. لا٤١.

بینیم زۆر ورد نین هەندێك لەحوكمەكان بەبێ بەڵگەی تەواو درابوون، تەنانەت هەندێك تۆمەتبار بەلەسێدارەدان حوكم درابوون بەبێ بەڵگە و هیچ پەڕاوی سەلمێنەریان نەبوو. بۆ نموونە كادرێک یان یەكێك لەبەرپرسەكانی ناوچەكە گومانی لەیەكێك كردووە، یان لەهەڵسوكەوتی ڕازی نەبووە یەكسەر بە سیخوڕ و خائین تۆمەتبار كردووە.

موحسین دزەیی دەڵێت، سەرلەنوێ دەستم بە لێكوڵینەوە كردەوە هەر ڕۆژێك كۆمەڵێك تۆمەتبارم بانگ دەكرد و سەر لەنوێ لێكۆڵینەوەم لەگەڵدا دەكردەوە و لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو هەندێكم ئازاد دەكرد و هەندێكیتریشیانم دەناردەوە دادگای تایبەتمەند تا سەرلەنوێ دادگایی بكرێنەوە، ئەوانەش كە گومانم لێ هەبوو و بەدەست خستنی بەڵگەش زەحمەت بوو، دادگا كردنەكەیانم دوا دەخست. لەئەنجامدا زۆربەشیان ئازاد دەكران. ئەو كەشوهەوایەی تیایدابووین وەك خێزانێك زۆر بە ڕێكوپێكی بەیەكەوە دەژیاین.

لە دوای دەرچوونی دەستووری شۆڕش لەلایەن ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان، لەساڵی ١٩٦٤، ئەنجومەن كۆمەڵێك یاسا و ڕێنمایی بۆ داداگای باڵای شۆڕش دەركرد و كارەكانی دادگا زیاتر ڕێكخرا و پوختتركرا و پشتیوانییەكی زیاتری لێكرا، بۆئەوەی بەهیچ شێوەیەك لەلایەن هیچ دەزگا یان لایەنێكەوە دەست نەخرێتە ناو كاروبارەكانی ئەم دادگایە، بۆئەوەی ئەم دادگایە سەربەخۆییەكی تەواوی هەبێت. یەكێك لەئەركەكانی ئەم دادگایە بریتیی بوو لەچاوخشاندن بە دۆسیەی ئەو كەسانەی پەیوەندییان بە تاوانی ناپاكی هەبوو لەدژی شۆڕش، بەتایبەتی كەسە پلە باڵاكان ڕاپێچی ئەم دادگایە دەكران، بۆ نموونە ئەگەر تۆمەتبارەكە یەكێك لەئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی یان

یەكێك لەئەندامانی نووسینگەی ڕاپەڕاندن یان هەركەسایەتییە پلە باڵاكانی سەربازی و شارستانیتر بێت[1]. كەواتە هەر كەسێك تاوانی ناپاكی لەدژی شۆڕش لەسەر ساغ بباوە، بۆ سەپاندنی سزا، دادوەر دەگەڕاوە بۆ بەندی دوازدە و سێزدەی یاسای سزادان و بەسەریاندا جێبەجێ دەكرد.

دادگای باڵای شۆڕش لەپێكهاتە و ئەركەكانیدا ئەو یاسایانە جێبەجێ دەكات كە لەعێراق پەیڕەو دەكرێن، لەوانە یاسای سزادانی بەغداد. سەبارەت بە سەربەخۆیی و بێ خەوشی دادگاكە زۆر كەس شاهدی ئەوەیان داوە كە دادگای باڵای شۆڕش تەواو سەربەخۆ و (نزیە) بووە، بۆ نموونە لیوای پۆلیس (حامد ئەلقازی) بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی بوو، لەسەر ڕێگای سلێمانی سەرچنار لەلایەن شۆڕشەوە دەستگیر كرا و درایە ئەم دادگایە، لەدوای دەرچوونی بڕیاری دادگا بەرانبەر خۆی، گوتی ئەم دادگایە كاری خۆی بە بابەتی و یاسایی و خاوێنی و بوێری ئەنجام دەدات و سەربەخۆیی تەواوی هەیە، چونكە ئەم كاتە كاتێكی زۆر هەستیارە بۆ شۆڕشی ئەیلوول و لەحاڵەتی شەڕدایە[2]. ئەوكات سێ ساڵ بەسەر دەستپێكی شۆڕشدا تێپەری بوو ئەم دادگایە بەشێوەیەكی نموونەیی لەهەموو ڕوویەكەوە بە سەربەخۆییەكی تەواوی هەموو كارەكانی خۆی بەڕێوەدەبرد، لەهەمان كاتیشدا دروشمەكەی بریتی بوو لەم ئایەتە پیرۆزە: (وإذا حكمتم بين الناس أن تحكموا بالعدل) كە ئەم دروشمە لەسەرەوەی شوێنی سەرۆكی دادگا هەڵواسرابوو.

(١) ئاری فاروق نانەكەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا ١٠٤.

(٢) فرهاد عونی. ذاكرة الايام. سەرچاوەی پێشوو. لا ٤٤.

# کاروباری دادوەری لەشۆڕشی ئەیلوول

لــە دوای دامەزرانــدنی ئەنجومــەنی ســەرکردایەتی شــۆڕشی کوردســتانی عێـراق لەتشــرینی یەکەمـی ١٩٦٤، زۆر زیاتـر گرنگـی بەکاروبـاری دادوەری و دادگاکانــدرا، لەپێنــاو بەرپاکــردنی دادپــەروەری لەنــاو شۆڕشــدا، بۆیــە لێژنەیــەکی دادبینــی پێکهێـنرا بـۆ ناوچـە ئـازاد کـراوەکانی کوردسـتان. ئـەم لێژنەیـە لـە١٠/ ١٠/ ١٩٦٤ کۆبوونەوەیەکیـان ئەنجامـدا بۆئـەوەی گفتوگـۆ لەبـارەی دادوەری ئەنجـام بـدەن بەتایبـەتی ئـەو کاروبارانـەی پەیوەندییـان بــە شــۆڕش و دادگاکانــەوە هەیــە. لەئەنجامــدا ئــەم لێژنەیــە بڕیــاری دووبــارە ڕێکخســتنەوەی پێکهاتــە و کاروبــاری دادوەری لەکوردســتاندا، لێژنەکـە هەمـوو ئـەو دادگا و لێژنانـەی هەڵوەشـاندەوە کەبـەر لـەم بڕیـارە دەرچووبــوون[1]. لــەم کۆبوونەوەیــەدا بڕیاریانــدا دەســەڵاتی دادوەری لەکوردسـتان تـەواو سـەربەخۆ بێـت و هیـچ لایەنێکی سـەربازی یـان کارگێڕی یـان حزبـی بـۆی نییـە بەهیـچ شـێوەیەك لەشـێوەکان دەسـت بخاتـە نـاو کاروبـاری دادگاکان، هەروەهـا ڕێوشـوێنی یاسـایی لـەدژی سـەرپێچیکاران بگرێتەبـەر. لێژنـەی دادوەری لەئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕشی کوردسـتانی عێــراق لــەدوای کۆبوونەوەیــان لــە١٠/ ١٠/ ١٩٦٤ لــەدوای گفتوگــۆ و ڕادەربڕیـن لەسـەر کاروبـاری دادوەری کـە پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە هەیـە دەربــارەی کاروبــاری دادگاکان بــۆ بەرپابــوونی دادپــەروەری و یەکســانی و برایـەتی لەنێـوان ڕۆڵـەکانی گـەلی کوردسـتان، بڕیاریانـدا کاروبـاری دادگاکان

(١) پ. د. شـێرزاد زکریـا محمـد. ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕشی ئەیلوول لەکوردسـتانی عێـراق. ١٩٦٤-١٩٧٠. چاپی ئینسـکلۆپیدیای پارتـی ٢٠٢١ دهوك.لا ١٩٥

لەکوردستان ڕێک بخرێتەوە و کۆمەڵێك بڕیار و ڕاسپاردەی دەرکرد کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو[1]:

١. دادوەری لەکوردستان سەربەخۆیە سەربەخۆییەکی تەواو لەهەموو کارەکانیدا، بۆ هیچ لایەنێکی کارگێڕیی یان سەربازی یان حزبی نییە دەست بخاتە ناوکاروبارەکانی دادگەری بە هیچ شێوەیەك لەشێوەکان، بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی لەدژی سەرپێچیکاران دەگرێتەبەر.

٢. ئەو یاسایانەی پێویستە لەکوردستان جێبەجێ بکرێن:

**ا** کێشەکانی تاوانکاری، یاسای سزادانی عێراقی.

**ب** یاسای شارستانی.

**ج** یاسا شەرعییەکان .

**ا** **کێشەکانی یاسای سزادان:** پێویستە یاسای تاوانکاری بەغدادی و یاسای بنەماکانی دادبینی یاسای سزاکانی بەغدادی بەشێوەیەکی گشتی جێبەجێ بکرێت. هەروەها بۆ ئەو تاوانانەی لەدژی شۆڕش ئەنجام دەدرێن، بنەماکانی بەندی دوازدە و سێزدەی هەمان یاسا بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت، بەڕەچاوکردنی ئەوەی دەسەڵاتی شۆڕشی کوردی ئەلتەرناتیڤی دەوڵەتی عێراقە، هەروەك لەم یاسایەدا هاتووە. بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی گەلەکەمان، هەروەها بە ڕاسپاردە و ڕێنمایی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان ئەو دۆسیانەی تاوانەکانی بەدڕەوشتی و ڕەگەز و ئابڕو

(١) پ. د. شێرزاد زکریا محمد. سەرچاوەی سەرەوە. لا ١٩٥.

پێویسـتە بـە توندتریـن شـێوە ئـەو سـزایانەی لـەم یاسـایەدا هاتـوون بەسـەریاندا جێبەجـێ بکرێـت. هەروەهـا کاتـێ تاوانبـار پێشـمەرگە یـان ئەندامێـکی حزبـی بێـت سـزایەکە توندتـر دەبێـت، بۆئـەوەی کادیـر و پێشـمەرگەکانی شـۆڕش دوور بکەونـەوە لەئەنجامـدانی هـەر جـۆرە تاوانێـك کـە زیـان بـە ئاینـدەی شـۆڕش دەگەینێـت[1]. کەواتـە خـۆی لەخۆیـدا ئـەم جـۆرە سـزایانە قورسـایی و هەیبـەتی پێشـمەرگە و کادیـرەکانی حـزب زۆر بەگەورەیـی پیشـان دەدات.

ب **کێشـەکانی شارسـتانی:** حوکمـەکانی یاسـای شارسـتانی عێراقـی و بنەمـاکانی دادبینـی مـاف و بـازرگانی و موڵـک و هەمـوو مافـە شارسـتانیەکان بەسـەر هەمـوو کێشـە شارسـتانییەکان لەکوردسـتانی عێـراق جێبەجـێ دەکرێـت، هاوشـێوەی جێبەجـێ کردنیـان لـەدادگاکانی عێـراق.

ج **کێشــە شــەرعییەکان :**یاسـای بـاری کەسـی کـە لەعێـراق جێبەجـێ دەکرێـت، هەمان یاسـا لەکوردسـتان جێبەجـێ دەکرێت، ئـەو حاڵەتانەی لـەم یاسـایەدا نەهاتـوون، پەنـا دەبرێـت بـۆ حوکمـەکانی شـەریعەتی ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام، بەپێـی بارودۆخـی هـەر کێشـەیەك.

٣. **جیـاوازی لەنێـوان کێشـەکانی شارسـتانی و سـەربازی:** پێویسـتە بڕیـار بدرێـت دادگای سـەربازی لـەدادگای شارسـتانی جیـا بکرێتـەوە، یاسـای سـزادانی سـەربازی بەسـەر سـەربازەکاندا جێبەجـێ دەکرێـت، بێجگـە لــەو کێشــانەی کــە یەکێــك لەدوولایــەنی ناکــۆك شارســتانی بێــت، ئـەوکات دەبێتـە پسـپۆری دادگای شارسـتانی، بـۆ یـەکلای کردنـەوەی

(١) ئاری فاروق نانەکەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا١٠٥.

کێشـــەکەیان. هەروەهـــا یاســـاکانی (مـــواد الشـــخصی) بەســـەر ناموســـڵمانانداندا جێبەجـــێ دەکرێـــن وەك ژن مارەکـــردن و تـــەڵاق و میـرات و...تـاد. هەروەهـا یاسـاکانی بـاری کەسـی (احـوال الشـخصیة) بەســەر مووســڵمانانداندا جێبەجــێ دەکرێــت.

٤. **دادگاکان: دادگاکان و پلەکانیـان: دادگاکان لەکوردسـتان سـێ پلەیان هەیـە:** دادگا بچوکەکان. دادگا گەورەکان. دادگای پێداچوونەوە(تمیز). (بگەڕێـوە مـادەی هەڤدەیەمی دەسـتووری ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتان، ئـەم بابەتـە بە درێژی بـاس کراوە).

# جۆر و شێوازی دامەزراندنی دادگاکان لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول

هـــەر لەســـەرەتای دەســـتپێکردنی شۆڕشـــی ئەیلـــوول لەســـاڵی ١٩٦١ ســـەرکردایەتی شـــۆڕشی کوردســـتان بیـــر لەدامەزرانـــدنی دەزگایـــەکی دادوەری کـــردەوە، لەناوچـــە ئـــازاد کـــراوەکانی کوردســـتانی باشـــوور، بەمەبەســـتی یەکلایکردنـــەوەی کێشـــە دادوەرییـــەکان و ســـولح لەنێـــوان هاووڵاتیانـــدا، واتـــە پێکهێنانـــەوەی لایەنـــە ناکۆکـــەکان، لەپێنـــاو پەرەپێـــدانی دادپـــەروەری لەنـــاو ڕیـــزەکانی گـــەلی کوردســـتاندا، بەتایبـــەتی لـــەدوای فراوانبـــوونی ناوچـــە ئـــازاد کـــراوەکانی کوردســـتان. ئـــەوکات بـــۆ چارەســـەر کـــردنی کێشـــە دادوەرییـــەکان خەڵـــك پەنایـــان دەبـــردە بـــەردەم بەرپرســـە ســـەربازییەکان و کادرانی حیـــزبی، هەروەهـــا بەرێژەیـــەکی زۆریـــش مامۆســـتایانی ئاینـــی کێشـــەی هاووڵاتیـــان لەبـــوارە جۆراوجۆرەکانـــدا بەپێـــی شـــەریعەتی پیـــرۆزی ئیـــسلام چارەســـەر دەکـــرد.

ئـــەوەی شـــایانی ئامـــاژە پێکردنـــە لـــەو کات کەســـانی ئەکادیمـــی لەبـــواری دادگەریـــدا زۆر کـــەم بـــوون، هەرچەنـــدە هەندێـــك لەدەرچـــووانی کۆلێـــژی مـــاف، پەیوەندییـــان بـــە شۆڕشـــەوە دەکـــرد، بـــەڵام ژمارەیـــان زۆر کـــەم بـــوون، واتـــە ئـــەم ڕێـــژە کەمـــە بەشـــی ئـــەوەی نەدەکـــرد بۆئـــەوەی بتوانرێـــت لەهەمـــوو ناوچـــەکانی کوردســـتان دادگایـــەکی ســـەربەخۆ هەبێـــت، بـــەڵام بـــە بڕیـــاری ســـەرکردایەتی شـــۆڕش و بەڕەزامەنـــدی ســـەرکردەی نەتـــەوەی کـــورد مـــەلا مســـتەفا بـــارزانی، بـــۆ دامەزرانـــدنی دادگاکانی کوردســـتان ســـوودیان لـــەو دەرچووانـــە وەردەگـــرت کـــە پێـــشتر لـــەدەزگاکانی دادوەری

لەکوردستان یان لەعێراق، کاریان کردبوو و دواتریش پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو. کەواتە نەبوونی پیاوانی یاسا، واتە دەرچووانی کۆلێژەکانی ماف نەبوویە کۆسپ لەڕێی پێکەوەنانی دەزگایەکی باشی دادوەری، هەروەها لەلایەکیترەوە سوود لەپیاوانی ئاینی وەرگیرا بۆ پێکهێنانی لێژنەی فەتوا و سولح، بۆیە هەر لەسەر ئەم بنەمایە ناوچە ئازاد کراوەکان بۆ چەند ناوچەیەکی دادوەری دابەش کرا، لەهەر ناوچەیەك دادگایەکی شارستانی و دادگایەکی شەرعی پێکهێنرا و لەلایەن شۆڕشەوە قازی شەرعییان بۆ دادەنا. هەروەها دادگای پێداچوونەوە( محكمە تمیز) پێداچوونەوەی لەبڕیارەکانی ئەم دادگایانە دەکرد و لەلایەکی ترەوە لێکوڵینەوە و وردبینیش لەلایەن دادگای باڵای کوردستان ئەنجام دەدرا کە بارەگاکەی لەناوپردان بوو، بڕیارەکانی ئەم دادگایە بڕیاری کۆتایی بوون، چونکە هەر حوکمێکی تری شارستانی یان شەرعی پێویستی بە لێکوڵینەوە هەبا دەینارده بەرامبەر ئەم دادگایە[١]

بەپێی ئەو دەستوورەی کە لەم کۆبوونەوە ١٩٦٤/١٠/١٠ بڕیاری لەسەر درابوو، بڕیاریاندا کاروبارەکانی پێکهێنانی دامەزراوەیەکی دادوەری بە چەند بڕگە و مادەیەکی یاسایی دارشتووە و دواتریش بە گوێرەی ئەو یاسایانە، دەسەڵاتەکان و پێکهاتەی ئەم دامەزراوەیەی دیاریکرد[٢]. ئەم لێژنەیە لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاریاندا هەموو

(١) مەسعود بارزانی. بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بەرگی سێیەم. بەشی دووەم. شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ – ١٩٧٥. چاپی یەکەم. ٢٠٠٤. لا (٢٢٣- ٢٢٤).
(٢) ئاری فاروق نانەکەلی. دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی

ئـەو پێکهاتـە دادوەریانـە واتـە هەمـوو دادگا و ئـەو لێژنانـەی پێشـتر دامەزرابـوون، هەموویـان هەڵوەشـێنەوە.

هەروەهـا لـەم دەسـتوورەدا هاتـووە کـە دادوەری لەکوردسـتان لەهەمـوو کارەکانیـدا سـەربەخۆییەکی تـەواوی هەیـە و نابێـت هیـچ لایەنـێکی کارگێـڕی یـان سـەربازی یـان حیزبـی بـە هیـچ شـێوەیەك دەسـتوەردان لەکاروبـاری دادوەریـدا بـکات، لەهەمـان کاتـدا هۆشـداری ئەوەشـی داوە کـە هـەر کـەس یـان لایەنێـك دەسـت لەکاروبـاری دادوەری وەردات، ڕێوشـوێنی یاسـایی لەبەرامبەریـدا دەگیرێتەبـەر و ڕاپێچـی دادگا دەکرێـت[1]. بـەم شـێوەیە بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـە دادگاکانی شـۆڕش وێـرای ناسـەقامگیری بارودۆخـی ناوچـە ئـازاد کـراوەکانی کوردسـتان، دەتوانیـن بڵێیـن تاڕادەیـەک بارودۆخـی دادوەری لەکوردسـتان سـەقامگیر بـوو و دادگاکان سـەربەخۆییەکی باشـیان هەبـوو، لەبڕیـاردان بەپێـی یاسـا کار پـێ کـراوەکان، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ پشـتگیری و پشـتیوانی حەکیمانـەی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕشی کوردسـتان. ئـەم بڕیـارەی لێژنـە لەلایـەن نووسـینگەی ڕاپەڕاندنـەوە گشـتاندنی بـۆ کـرا، بـۆ هەمـوو هێـزەکانی لەشـکری شۆڕشـگێری کوردسـتانی نـارد بـۆ جێبەجێکـردن. بەڵگـەی ئـەم ڕاسـتیەش نموونـەی ڕەشـید سـندی فەرماندەی هێـزی دووی لەشـکری کوردسـتان دێنینـەوە کـە دەڵێـت: (بڕیـار لـە نووسـینگەی

ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ - ١٩٧٥ چاپی یەکەم. لا١٠٢.

(١) عصمـت شریـف وانلـی. کردسـتان العراقیـة، (هویـة وطنیـە) دراسـە فـی ثـورە ایلـول. ترجمـە د. سـعاد محمـد خضر. مطبعـة شـفان السـلیمانیة. ٢٠١٢. ص٣٢٠. بـە پشـت بـەستن بـە مـادەی یـەکی یاسـای دادوەری.

ڕاپەڕاندنـەوە بۆمـان هاتـووە سـەبارەت بـەوەی دەسـتوەردان بـە هەمـوو شـێوەیەك لەكاروبـاری دادوەرییـەوە قەدەغەیـە و هەركەسـێك سـەرپێچی بـكات ڕووبـەڕووی دادگا دەبێتـەوە)[1]. هـەر سـەبارەت بـە سـەربەخۆیی دەسـەڵاتی دادوەری لەشۆڕشـی ئەیلـوول تەنانـەت سـەركردەی نەتـەوەی كـورد مـەلا مستەفا بـارزانی لەبـەر ڕۆشـنایی مـادەی پـازدەی دەسـتووری ئەنجومـەنی سـەركردایەتی شۆڕشـی كوردسـتان، نەیتوانیـوە دەسـت لەكاروبـاری دادگاكان وەردات، ئـەو هەمیشـە هەوڵـی داوە بـە هەمـوو توانـای خـۆی پشـتگیری لەبڕیـارەكانی دادگا بـكات، ئەمەیـش یەكێكـە لـەو خەسـڵەتە دیـار و جوانـەكانی ئـەم سـەركردەیە كـە ئامانجـی سـەرەكی ئـەو بەدیهێنـانی سـەروەری یاسـا بـوو[2].

هەروەهـا لەگـەڵ بەهێـز بـوون و پێشـكەوتنی دەسـەڵاتی دادوەری لەكوردستانی ئازاد كراودا و دامەزراندنی دادگایەكی بەرایی و دادگایەكی شەرعی لەسـنووری هـەر هێزێـك، بـووە ئەگـەری ئـەوەی كـە ئـەركی فەرمانـدەكانی سـەربازی و كادیـرانی حزبیـش سـوكتر بێـت، چونكـە پێشـتر هاووڵاتیـان بـۆ چارەسـەر كـردنی كێشـەكانیان ڕوویـان لەفەرمانـدەكانی سـەربازی و كادیـر و بەرپرسـانی حزبـی دەكـرد بـۆ یەكلایكردنـەوەی كێشـەكانیان، بـەڵام لـەدوای دامەزرانـدنی دادگاكان ئـەوان تەنیا ئەركی سـەربازی و حزبـی خۆیان جێبەجێ دەكـرد هەریەكـە و بەپێـی پسـپۆری خـۆی.

(١) د. شێرزاد زەكەریا. سەچاوەی پێشوو. لا ١٩٥.

(٢) ئاری فاروق نانەكەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا ١١١.

## دادگاکان و جۆرەکانیان:

بـۆ ئاشـنا بـوون لـەڕەوشی دادوەری لەناوچـە ئـازاد کـراوەکانی کوردسـتانی باشـوور، بەکـورتی جـۆری دادگاکان و مێـژووی دامەزرانـدن و کاروبارەکانیـان لەخــوارەوە دەخەینەڕوو:

## یەکەم: دادگای باڵای شۆڕشی کوردستان:

ئـەم دادگایـە لـە١٢/ ٧/ ١٩٦٣ لەمـاوەت بـە سـەرۆکایەتی خوالێخوشـبوو دادوەر (عومــەر حەبیــب عەبــدوڵا) دامــەزرا، ئــەرکی ئــەم دادگایــە دادگایکـردنی ئـەو کەسـانەبوو کـە تـاوانی گـەورە و ناپـاکی بەرامبـەر شـۆڕش ئەنجــام دەدەن و پێداچوونــەوە و وردبینــی لــەو بڕیارانــە دەکات کــە لەدادگاکانیـتری کوردسـتان دەردەچـن، واتـە ئـەم دادگایـە هاوتایـە لەگـەڵ دادگای پێداچوونەوە(تمیـز)، (بابـەتی ئـەم دادگایـە پێشـتر لەباسـێکی تایبەتـدا بـە درێـژی باسـمان کـردووە).

## دووەم: دادگای سەربازی:

ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕشی کوردسـتان دەیویسـت دادگاکان هـەر یەکـە و پسـپۆری و تایبەتمەنـدی خـۆی هەبێت دادگاکانی شۆڕشـی کوردسـتان جیـاواز نەبێـت لـەدادگاکانی عێـراق، چونکـە هەمـان یاسـاکانی عێـراق لـەدادگاکانی شـۆڕش جێبەجـێ دەکرێـن. هەروەها دۆسـیە شارسـتانی (مدنی) یـەکان لەگـەڵ دۆسـیە سـەربازییەکان تێکـەڵ بەیەکـتر نەکرێن، بۆ چارەسـەر کـردنی ئـەم کێشـانە بەشـێوەیەکی یاسـایی بڕیاریانـدا بـە دامەزرانـدنی دادگای سـەربازی، بۆئـەوەی ئەوانـەی سـەربازن یـان ئەندامی لەشـکری شۆڕشـگێری کوردسـتانن، لـەم دادگایـە دادگایی بکرێن تا دۆسـییەکانیان تێکەڵ بە دۆسـیە

شارستانیەکان نەکرێن و لێکۆڵینەوە و دادگایکردنیان لەدادگای سەربازی ئەنجام بدرێت و بڕیاریان لەسەر بدرێت.

هەروەها لەمادەی بیستوپێنجی دەستووری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستاندا ئاماژە بەوە کراوە کە دەبێت بەشی سەربازی لەنووسینگەی ڕاپەڕاندن و سەرکردایەتی شۆڕش بکرێتەوە و ئەرکەکەی بریتی دەبێت لەڕێکخستنی کاروبارەکانی پێشمەرگەی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان و پێشخستنی ئەم دەزگایە لەهەموو ڕوویەکەوە، کەواتە ئەم بەشە بە ڕاوێژ لەگەڵ نووسینگەی ڕاپەڕاندن و سەرکردایەتی گشتی شۆڕش، هەموو ڕێکارەکانی گرتەبەر و بەپێی ڕێنماییەکان بڕیاری پێویست بۆی درا.

بەپێی ئەم مادەی دەستوور یاسا سەربازییەکان لەدادگاکانی کوردستان ڕێکخراوە و تایبەتمەندی خۆی هەبوو، بەڵام ئەگەر یەکێك لەدوو لایەنی ناکۆك سڤیل بێت دەبێت کێشەکەیان بگوازرێتەوە بۆ دادگای شارستانی شۆڕش و لەدادگای شارستانی کێشەکەیان یەکلای بکرێتەوە.

نووسینگەی ڕاپەڕاندن بەشێکی تایبەتی کردەوە بۆ بەشی سەربازی، پێنج ئەفسەری پلە باڵا ئەندام بوون لەم بەشەدا، ئەم پێنج ئەفسەرە لێژنەی سەربازییان لەنووسینگەی ڕاپەڕاندن پێکهێنا کە ئەمانە بوون: (عەقید نوری مەعروف. عەبدولڕەحمان قازی. موقەدەم نافز جەلال. ئەفسەری پۆلیس شێخ ڕەزا. نەقیب یوسف کە ئەندازیاری سەربازی بوو مەشقی پێویستی لەوڵاتە یەکگرتووەکان ئەنجام دابوو)[1].

(١) عصمت شریف وانلی. سەرچاوەی پێشوو. ٣٢٦.

ســەبارەت بەدەســەڵاتی دادوەری و دامەزرانــدنی دادگاکانی ســەربازی، لەهــەر هێزێــك (کەتیبە)یــەکی ســەربازی، دادوەرێــک هەبــوو بــە پلــەی ئەفســەر و هەندێــك جاریــش پلەکــەی پێشــمەرگە بــوو، دەکــرا لەناحیــەکان دادوەری شارســتانی دابنێــن، بــەڵام پێویســت بــوو گرنگــی بــە کاروبــاری ســەربازی بدرێــت. هەروەهــا عصمــەت شــەریف وانــلی (نووســەر) باســی ســەرەتای دامەزرانــدنی ئــەم دادگایــە دەکات و دەڵێــت: دادگایــەکی ســەربازی بــاڵا هەبــوو کــە بارەگاکــەی لەمــاوەت بــوو، پێکدەهــات لەســێ دادوەر، بــە ســەرۆکایەتی دادوەر (عەقیــد بەهجــەت عــەونی) و دوو دادوەری شارســتانی یەکێکیــان بــە نــاوی (موحمــەد ســەلیم قەرەداغــی) کــە بەکالۆریۆســی لەمــاف هەبــوو و خوێنــدنی لەبەغــدا و بەریتانیــا و پاریــس تــەواو کردبــوو)[1].

دواتـر بـارەگای ئـەم دادگایـە گواسترایەوە چۆمان تا نسـکۆی سـاڵی١٩٧٥ لەچۆمـان مایـەوە کـە بێجگـە لەسـەرۆکی دادگا و دادوەرەکان و ئەندامـانی داواکاری گشـتی و نووسـەرانی دادگاش هەبـوو. لـەم بارەیـەوە کەریـم حەمـەد حوسـێن گـەردی دەڵێـت[2]: (لـەدوای دامەزراندنی دادگای سـەربازی لەلایـەن ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـەوە، بەڕێـز عەبدولـڕەحمان قـازی بـوو بەسـەرۆکی ئـەم دادگایە، ئـەم پیاوە پێشتر بالیـۆزی عێراق بـوو لەدەرەوە و گەڕابـووە و پەیوەنـدی بەشۆڕشـەوە کردبـوو، دواتـر بـوو بەسـەرۆکی ئـەم

(١) عصمت شريف وانلى. المصدر السابق. ص٣٤٠.

(٢) ڕێبـاز دلاوەر عومـەر. پێگـەی باڵەکایەتـی لەشـۆڕشی ئەیلوولـدا. ١٩٦١- ١٩٧٥. چاپـی یەکـەم. دهـۆك. ٢٠٢١. لا ١٠٨. وە موقـەدەم روکـن سـەنگەر ئیبراهیـم خـدر خوشـناو. ڕووداوە سـەربازییەکانی شۆڕشـی ئەیلـوول. لا(١٠٥-١٠٧).

دادگایـە. هەروەهـا عەقید جـەلال حەمەدەمین و دادوەر کەمـال و موقەدەم عەبـدوڵا زەهـاوی بە ئەندامـانی دادگا دانران. مولازمی یەکـەم عەلی مەحمود سـەید بـەداواکاری گشـتی دانرا. هەروەهـا دەڵێت: (من و مەحمود حەسـەن و ئیسماعیـل ئیبراهیـم) بەنووسـەری دادگای بـاڵای سـەربازی دامەزرایـن لەچۆمان و لەسـەر کاری خۆمان بەردەوام بووین تا نسـکۆی سـاڵی ١٩٧٥)[١]

## سێیەم: دادگا شارستانیەکان:

بە پێی مادەی هەڤدەیەمی دەسـتووری ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش دادگا شارسـتانییەکانی شـۆڕشی کوردسـتان دابەش دەکرێن بۆ سـێ جۆر:

١. **دادگا بچووکەکان (دادگاکانی یەك دادوەر):**

ئـەم دادگایانـە تەنهـا یـەك دادوەر بەڕێوەیـان دەبـات و چەنـد فەرمانبەرێکیـش کاروبـارەکانی کارگێـڕی دادگا بەڕێوەدەبـات. ئـەم داگایـە تەماشـای ئـەو کێشـانە دەکات ئەوانـەی سـزاکەیان لەدووسـاڵ زیندانیکـردن کەمتربێـت. ئـەم دادگایـە لێکۆڵینـەوە لەسـەر کێشـە شارسـتانییەکان و شـەرعیەکان و تـاوان و بـاری کەسـی و چەندیـن بابەتیـتر دەکات هاوشـێوەی دادگا بەراییـەکان، واتـە لەهەمـان کاتـدا دادوەر دەبێتـە خـاوەنی دەسـەڵاتی دادوەری سـزایی پلـە یـەك و دادوەری داواکاری گشـتی و دادوەری لێکۆڵینـەوە و دادوەری بـاری کەسـی[٢]. لەکێشـە شـەرعییەکانیش ڕاوێـژ بـە مامۆسـتایانی ئاینـی دەکرێـت بۆئـەوەی کێشـەکە بەپێـی شـەریعەتی پیـرۆزی ئیسـلام یـەکلای

(١) کەریم حەمەد حوسێن گەردی. پەیامی ئەیلوول (گۆڤار). ژمارە ١٤. لا٦٨.
(٢) ئاری فاروق نانەکەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا ١٠٦.

بکرێتـــەوە، بەتایبـــەتی لـــەو کێشـــانەی کەیاســـا باســـیان لێـــوە نەکردبێـــت، چونکـــە لەعێـــراق و کوردســـتان شـــەریعەتی پیـــرۆزی ئیســـلام ســـەرچاوەیەکی ســـەرەکی یاســـادانانە. هەروەهـــا لـــەم جـــۆرەی دادگاکان هەمـــان دادوەر ڕۆڵێـــکی باشـــی لەلێکوڵینـــەوە دەبینـــی. دکتـــۆر شـــێرزاد زەکەریـــا دەڵێـــت: لەهەمـــوو قـــەزاکان ئـــەم دادگایـــە هەبـــوو، دەکرێـــت لەناحیەکانیـــش بکرێنـــەوە. لەلێکۆڵینـــەوەی دۆســـییەکان بەشـــێوەیەکی یاســـایی، ســـەبارەت بـــە دادگـــەری شارســـتانی (قضـــاء مدنـــی) زۆربـــەی قـــەزا یـــان ناحیـــە ڕزگارکـــراوەکانی کوردســـتان دادگایـــەکی یـــەك دادوەری لـــێ بـــوو، ســـەبارەت بـــەم بابەتـــە بەڕێـــز عســـمەت شـــەریف وانـــلی دەڵێـــت: دەتوانیـــن نـــاوی بیســـت دادوەر بێنیـــن لـــەم جـــۆرەی دادگاکان، بـــەڵام لەناحیەکانیـــتر کـــە دادوەریـــان کـــەم بـــوو، واتـــە بەهـــۆی کەمـــی دادوەر بۆپـــڕ کردنـــەوەی ئەلتەرناتیفـــی دادگاکان، نووســـینگەی ڕاپەڕانـــدن هەســـتا بـــە دروســـتکردنی (لێژنـــەکانی ســـولح) کـــە ئـــەم لێژنانـــە پێکدەهـــات لـــە: (پیاوێـــکی بەتەمـــەن و پیاوێـــکی ئایینـــی و ئەندامێـــکی حزبـــی لەپـــارتی دیموکـــراتی کوردســـتان یـــان پێشـــمەرگەیەك)، ئـــەم لێژنانـــە تاڕادەیـــەك ڕۆڵـــی دادگاکانی دەدیـــت لەیەکلایکردنـــەوەی کێشـــەکان و پێکهێنانـــەوەی هاووڵاتیـــان لەبـــوارە جۆراوجۆرەکانـــدا و ڕۆڵێـــکی کاریگەریـــان هەبـــوو. پارێـــزەر موحســـین دزەیـــی کـــە ئەندامـــی نووســـینگەی ڕاپەڕانـــدن و بەرپرســـی ســـەرەکی بـــوو لەدامەزرانـــدنی سیســـتەمی دادوەری شارســـتانی بەگشـــتی[1].

---

(١) عصمت شريف وانلي. المصدر السابق. ص٣٤٠.

### ٢. دادگا گەورەکان (محاكمات الكبرى):

ئـەم دادگایانـە بـە هـۆی سـێ دادوەرەوە بەڕێـوە دەبرێـن، یەکێـك لـەم سـێ دادوەرە سـەرۆکی دادگا دەبێـت و دوویەکـەی دیکـەش ئەندامـی دادگا دەبـن، بـەڵام دەبـوو دوو لـەم سـێ دادوەرانـە، واتـە سـەرۆکی دادگا و یەکێك لەئەندامـەکان دەرچـووی کۆلێـژی مـاف بـن. ئەندامـانی ئەم دادگایـە لەلایەن نووسـینگەی ڕاپەڕاندنـەوە دادەمەزرێـن، ئـەم دادگایە تەماشـای ئەو کێشـانە دەکات کە سـزاکەیان لەدوو ساڵ زیندانیکردن زیاترە. ئەم دادگایە هاوشێوەی دادگای پێداچوونـەوە، دەسـەڵاتی چاوخشـاندنی هەیـە بەو بڕیارانـەی لەدادگا بچوکـەکان دەردەچـن. دوو لـەم دادگایانـە دامەزرابـوون، یەکەمیـان تایبـەت بـوو بـە پارێـزگاکانی هەولێر و مووسـل، ئەویتریـان تایبەت بوو بـە پارێزگاکانی سـلێمانی و کەرکووک. لەهەریەك لەم دوو دادگایە ئەندامانی داواکاری گشـتی هەبـوو. لـەکاتی پێویسـت و بـوونی دادوەری پێویسـت دەکـرێ دادگایتری گـەورەی لەناوچـەی دیکـەدا دامەزرێت[1].

### ٣. دادگای پێداچوونەوە (محكمة التميز):

لــە نێــو دادگاکانی شــۆڕش لەناوچــە ئــازاد کــراوەکانی کوردســتانی باشــوور دادگایــەك هەبــوو بەنــاوی دادگای پێداچوونەوە(تمیــز)، هاوشـێوەی دادگاکانی عێـراق ئـەرکی ئـەم دادگایـە پێداچوونـەوە بـوو بـەو بڕیارانــەی لەدادگاکانــیتر دەردەچــوون. هەمیشــە کۆبوونــەوەکانی ئــەم دادگایـە بەئامـادە بـوونی سـێ دادوەر بەڕێـوە دەچـوو کـە فەرمانبـەران و ئەندامـانی ئـەم دادگایـە هەمیشـە لەلایـەن نووسـینگەی ڕاپەڕاندنـەوە

(١) د. شێرزاد زەکەریا. سەچاوەی پێشوو. ل١٩٦.

دادەمـــەزران، هـــەر کاتێکیـــش کێشـــەیەکی شـــەرعی دەهاتـــە بـــەردەم ئـــەم دادگایـــە دەبـــوو، یەکێـــك لەزانایـــانی ئاینـــی پیـــرۆزی ئیـــسلام لەگـــەڵ ئەندامـــانی دادگا بەشـــداربێت و لەدانیشـــتنەکانی دادگا ئامـــادە بێـــت تـــا بڕیـــاری دروســـت لەســـەر کێشـــەکە بدرێـــت و ســـتەم لەهیـــچ لایەنێـــك نەکرێـــت[1]

بـــارەگای دادگای پێداچوونـــەوە لەســـەربازگەی نووســـینگەی ڕاپەڕانـــدن (مکتـــب تنفیـــذی) بـــوو، ئـــەم دادگایـــە پێکدەهـــات لەســـێ دادوەر، تـــا ســـاڵی ١٩٦٦ پارێـــزەر (عـــەونی یوســـف)[2] ســـەرۆکایەتی دەکـــرد. لـــەدوای ســـاڵی ١٩٦٦ پارێـــزەر (عیرفـــان تاڵەبانـــی) ســـەرۆکایەتی ئـــەم دادگایـــەی دەکـــرد و بـــە شـــێوەیەکی کاتی کاروبـــارەکانی بەڕێـــوە دەبـــرد[3].

(١) ئاری فاروق نانەکەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا ١٠٧.

(٢) عـەونی یوسـف: لەسـاڵی ١٩٠٨ لەهەولێـر لەدایـك بـووە. لەسـاڵی ١٩٣٩ کۆلێـژی مـافی لـە زانکـۆی بەغـدای تـەواو کـردووە. لەسـاڵی ١٩٤٠ لـە سـلێمانی دەسـتی بەپیشـەی پارێزەرایـەتی کـردووە، لـەوکات تەنهـا ٣ پارێـزەر لـە سـلێمانی هەبـوون. دواتـر هـەر لەسـاڵی ١٩٤٠ بوویـە قـازی لـە دادگای زاخـۆ، دوای شـەش مانـگ گواسترایـەوە بـۆ مووسـڵ . چەندیـن جـار زینـدانی دەکرێـت، جارێکیـان ٣ سـاڵ لەزینـدانی عەمـارە دەبێـت، لـە سـاڵی ١٩٤٦ ئـازاد دەکرێـت. لـەو کاتـەی لەزینـدان دەبێـت لەبەرامبـەر لێژنەیـەکی دادوەران سـکاڵایەکی یاسـایی لەسـەر وەزیـری داد تۆمـار دەکات، لەئەنجامـدا لـەو ڕۆژەی لەسـەر کار لادراوە هەمـوو مووچەکـەی وەردەگرێتـەوە. لـەدوای شـۆڕشی ١٤ی تەمـوزی ١٩٥٨ دەبێتـە سـەرۆکی دادگای تێهەڵچوونـەوە (اسـتئناف)ی کەرکـووک. لەسـاڵی ١٩٥٩ عەبدەلکەریـم قاسـم دەیکاتـە وەزیـری ئیشـغال و نیشـتەجێ کـردن، تـا سـاڵی ١٩٦٠ لەپۆسـتەکەی دەمێنێتـەوە. عـەونی یوسـف بـە بیروبـاوەڕ مارکسـی بـوو، بـەڵام لەهەمـان کاتـدا ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی بـوو. سـەرچاوە: (https://ar.m.wikipedia.org).

(٣) عصمت شریف وانلی. المصدر السابق. ص٣٤٠.

ئـەرکی ئـەم دادگایـە چاوخشـاندن بـوو بـە بڕیـارەکانی دادگاکانـیتر، واتـە هەمـوو دادگاکانـیتر دەگرتـەوە، وەك دادگاکانی شارسـتانی و شـەرعی، چونکـە ئـەوکات لەهـەر ناوچەیـەك دادگایـەکی شارسـتانی و دادگایـەکی شـەرعی هەبـوو[1]. دادگای بـاڵای شۆڕشـیش وردبینـی لـەو دۆسـیانە دەکـرد کـە لەلایـەن دادگاکانـیترەوە حوکمیـان لەسـەر درابـوو. هەروەهـا ئـەو تۆمەتبارانەشـی دادگایـی دەکـرد کـە تاوانـی ناپاکیـان بەرانبـەر شـۆڕش ئەنجـام دەدا. شـایانی باسـە لـە دوای دامەزراندنـی بەشـی دادوەری سـەر بـە (مەکتەبـی تەنفیـزی) بـە سـەرۆکایەتی دادوەر موحسـین دەزەیـی، دادگای بـاڵای شـۆڕش هەڵوەشـایەوە، بەشـی دادوەری شـوێنی ئـەوی گرتـەوە، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٦٥ دادگای پێداچوونـەوە دامـەزرا[2]

حامیـد گەوهـەری لەکتێبەکـەی خۆیـدا (مسـتەفا بـارزانی پێشـمەرگە و سـەرۆك) لـەزاری موحسـین دزەیـی دەگێڕێتـەوە دەڵێـت: (لەسـاڵی ١٩٦٧ یـان ١٩٦٨ (جەرجیـس فەتحوڵـڵا)[3] سـەرۆکی دادگای تەمیـز بـوو،

---

(١) د. شێرزاد زەکەریا موحمەد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ١٩٧.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین دزەیی لە ٢٠٢٣/١١/٢٧ لە ماڵی خۆی لە شاری هەولێر

(٣) جەرجیس فەتحوڵڵا: لەساڵی ١٩٢١ لەشاری مووسڵ لەدایك بووە. لەساڵی ١٩٣٩ کۆلێژی مافی لەبەغدا تەواو کردووە. لەدوای دەرچوونی لە مووسڵ دەستی بە پیشەی پارێزەرایەتی کردووە، لەبواری دادوەریدا کەسێکی چالاك بووە لەسەردەمی پاشایەتی بەوە ناوبانگی دەرکردووە کەهەمیشە لەدادگا بەرگری لەو تۆمەتبارانەی کردووە کەکێشەی سیاسییان هەبووە، لای ئەو گرنگ نەبووە لەهەر بیر و بۆچوونێك بێت. یەکەم جار بەشداری لە پارتی (گەل)دا کردووە کە عەزیز شەریف سەرۆکایەتی دەکرد. پاشان پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە و لەم حزبەدا ماوەتەوە و چەندین کتێبی لەسەر کێشەی کورد نووسیوە. لەڕووی ڕۆشنبیری و سیاسییەوە خەباتێکی زۆری لە دامەزراوەکانی حزبدا کردووە، سەرپەرشتی بەرنامەکانی ڕۆشنبیری و خوێندن و بابەتەکانی پەیمانگای کادرانی

ماوەیەکیـش (هـادی چاوشـلی)[1] کـە یەکێـك بـوو لەبنەماڵـە نـاودارەکانی

کردووە. ماوەیەك لەمووسڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الروافد) بوو، پاشان ڕۆژنامەی (الرائد)ی دەرکرد. لەدوای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ڕۆژنامەی (الحقيقة. راستی) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرکرد. سەرپەرشتی بەشی کوردی شەهید ئەنوەر مائی کردووە. ئەم نووسەرە سەکۆیەك بوو بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی گەلی کورد. لەدوای کودەتای ساڵی ١٩٦٣ زیندانی کرا، سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەدرێژایی ماوەی ٥ ساڵ چاوەڕوانی لەسێدارەدان بوو. لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد فشاری زۆری بۆ حکومەت دەهێنا، بۆیە هەموو جارێ جێبەجی کردنی حوکمەکەی دوادەخرا. لەساڵی ١٩٦٨ ئازاد کرا. ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد و لەبەغدا لە ڕۆژنامەی برایەتی کاری دەکرد. دوو کتابی گرنگی وەرگێرا: ١- (مهد البشريه). ٢- (رحلة الى رجال الشجعان فى كوردسان...). لەساڵی ١٩٧٠ بەشداری لەکۆنگرەی پارتیدا کرد و بەئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. لە ساڵی ١٩٧٤ پرۆژە یاسای فیدراڵی ئامادە کرد بۆئەوەی پێشکەش بەحکومەتی عێراق بکرێت، بەڵام لەبەر هەڵگیرسانی شەڕ سوودی نەبوو. لەدوای نسکۆی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران دەبێت و دواتر دەچێتە سوێد. لە ٢٣ی تەموزی ٢٠٠٦ لە هەولێر کۆچی دوایی دەکات و ڕێوڕەسمێکی شکۆدار لە کەنیسەی عینکاوە بۆی رێك دەخرێت و هەر لەگۆرستانی عینکاوە بەخاك دەسپێرێت. سەرچاوە: (https://m.fecebook.com).

(١) هـادی چاوشـلی: لەسـاڵی ١٩٢٠ لەشـاری هەولێـر لەدایـك بـووە. کەسـایەتییەکی بەناوبانگـی کـورد بـوو. لەسـاڵی ١٩٤٣ کۆلێـژی مـافی لەزانکـۆی بەغـدا تـەواو کـردووە. یەکـەم جـار بوویتـە بەرێوەبـەری ناحیـە لەچەندیـن ناحیـەی سـلێمانی. دواتـر بوویتـە قایمقامـی قـەزاکانی: (زێبـار. قـەڵادزێ. کۆیـە). لـەدوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـوزی ١٩٥٨ دەبێتـە سـەرۆکی شـارەوانی هەولێـر. دواتـر دەبێتـە پارێـزگاری سـلێمانی. لەسـەردەمی عەبدولکەریـم قاسـم دەبێتـە بریـکاری وەزارەتی ناوخـۆ لەبەغـدا، ئەمـە یەکـەم جـار بـوو کوردێـك ئـەم پۆسـتە وەگرێـت. چاوپێکەوتـن و تێکـەڵاوی لەگـەڵ هەمـوو سـەرۆك کۆمـارەکانی هەبـوو تـا دەگاتـە ئەحمـەد حسـەن بەکـر. چـاوشلی لەدیسـمبەری ١٩٥٨ لەوکاتـەی پارێـزگاری سـلیمانی بـوو لەبەغـدا چـاوی بەسـەرکردەی نەتـەوەی کـورد مـەلا مسـتەفا بـارزانی دەکەوێـت. کاتـێ کـە شـۆڕشی ئەیلـوول لـە ١٩٦١ بەسـەرۆکایەتی بـارزانی دەسـتی پێکـرد، بەشـداری لەکۆتایـی هێنـان بـە ڕژێمـی عەبدولکەریـم قاسـم دەکات، دواتـر سـاڵێك زینـدانی دەکرێـت. لەسـەرەتای ١٩٦٤ ئـازاد دەکرێـت. دەسـت بـەکاری پارێزەرایـەتی دەکات دواتـر لـە سـاڵی ١٩٦٥ لەرێگـەی سـاڵح یوسـفی پەیوەنـدی بـە

هەولێـر و لەسـەردەمی عەبدولکەریـم قاسـمدا بریـکاری وەزیـری ناوخـۆی عێـراق بـوو، ناوبـراو بـە سـەرۆکی دادگای تەمیـز دانـرا )[1]. هەروەهـا حامیـد گەوهـەری دەڵێـت: لەبەرئـەوەی لەهەمـوو ناوچـە ئـازاد کـراوەکانی کوردسـتان دادگا هەبـوون و هیـچ کەسـێك بەبـێ دادگایکـردن سـزا نـەدەدرا، بۆیـە ڕێـژەی ئەنجامـدانی تـاوان زۆر کـەم بـوو و بەهیـچ شـێوەیەك سـتەم لـە خەڵـك و نەدەکـرا تاکـەکان زیاتـر پارێـزراو بـوون و دادپـەروەری بەتـەواوەتی باڵـی بەسـەر ناوچەکـەدا کێشـابوو.

پارتییەوە دەکات. سەرچاوە: (https.//archive.aawsat.com).

(١) حامیـد گەوهـەری. مسـتەفا بـارزانی پێشـمەرگە و سـەرۆك. چاپـی یەکـەم سـتوکهوڵم سـوێد. ٢٠١٧. شـوێنی چـاپ چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات هەولێـر. ل٤٧٧

# دروستکردنی دادگاکان و مەرجی دامەزراندنیان

لەبەرئـــەوەی گـــەلی کوردســـتان لەپێنـــاو ئـــازادی و دادپـــەروەری و دەســـتەبەرکردنی مافـــە نەتەوایەتیـــەکانی خـــۆی تێدەکۆشـــێت، پێویســـتە هەمـــوو ئـــەو پێکهاتـــە جیاوازانـــەی لەکوردســـتان دەژیـــن، لەژێـــر یـــەك پلاتفۆرمـــدا کۆببنـــەوە و لەهەمـــوو مـــاف و ئەرکەکانیانـــدا یەکســـان بـــن بەبـــێ جیـــاوازی. دامەزرانـــدنی دادگاکانی شـــۆڕش هەریەکێکیـــان بـــە پێـــی تایبەتمەنـــدی خـــۆی و بەگوێـــرەی ناوچـــە ئازادکـــراوەکانی کوردســـتان دامـــەزراون و لەهەمـــان کاتـــدا هـــەر دادگایەکیـــش خـــاوەن تایبەتمەنـــدی خـــۆی بـــوو. هەروەهـــا ســـەبارەت بـــە دامەزرانـــدنی دادوەرەکانیـــش تـــا ئاستێك هەندێـك پێـوەری تایبـەت و مەرجـی دیاریکـراوی خۆیـان هەبـوو کـــە فەرمـــانی دامەزراندنیـــان لەنووســـینگەی ڕاپەڕاندنـــەوە دەردەچـــوون.

### دامەزراندنی دادگاکان:

هەندێـــك قـــەزاکانی ناوچـــە ئـــازاد کـــراوەکانی کوردســـتانی باشـــوور بـــۆ چەنـــد ناوچەیـــەکی دارایـــی جیـــاواز دابـــەش کرابـــوون، هەریەکـــە دادگایـــەك یـــان چەنـــد دادگایـــەکی جیـــاواز هەبـــوون لەشـــێوەی دادگا گـــەورەکان یـــان دادگا بچووکـــەکان[١]. بـــۆ نموونـــە لەســـنووری ناوچـــە ئازادکـــراوەکانی هـــەردوو پارێـــزگاکانی هەولێـــر و مووســـڵ دادگایـــەکی گـــەورە هەبـــوو، هەروەهـــا لەســـنووری هـــەردوو پارێـــزگاکانی کەرکـــووک و ســـلێمانیش بەهەمـــان شـــێوە دادگایـــەکی گـــەورە هاوشـــێوەی دادگای

(١) د. شێرزاد زەکەریا موحمەد. سەرچاوەی پێشوو. لا ١٩٧.

یەکەم هەبوو. ئەم دادگایانە لەلایەن دادگای پێداچوونەوە (محكمە التمیز)ەوە سەرپەرشتی دەکران. هەروەها دادوەرەکان و هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کاروبارەکانی کارگێڕی ئەم دادگایانەیان بەڕێوە دەبرد، لەلایەن نووسینگەی ڕاپەڕاندنەوە دادەمەزران[1].

لەساڵی ١٩٦٨ پێش بەقەزابوونی چۆمان دادگایەك لەچۆمان دامەزرا بە سەرۆکایەتی دادوەر حەسەن پشدەری کە بارەگاکەی لەخانووی سەید عەلی دابوو لەسەر ڕێگای گشتی و لەنزیك ڕووبار[2].

لەدوای هەموار کردنی دەستووری ١٩٦٤ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، بەپشت بەستن بە مادەی ١٦ی دەستوور، بڕیاریاندا بەدامەزراندنی بەشی دادوەری لەنووسینگەی ڕاپەڕاندن.

لەساڵی ١٩٦٤ دەزگایەکی دادوەری لەگەڵاڵە دامەزرا، بریتی بوو لەدادگایەکی بەرایی کە لەلایەن دادوەر (حوسێن عەولا بەگ) و (عەلائەدین ئاکرەیی) بەڕێوەدەبرد، لەهەمان کاتدا دادوەر حسێن بەڕێوەبەری ناحیەی دیاناش بوو

هەروەها لەساڵی ١٩٦٥ دادگایەکی دیکە لەناوپردان دامەزراند کە لەلایەن هەردوو دادوەر (حەسەن پشدەری)[3] و دادوەر (سەدیق

(١) ئاری فاروق نانەکەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا١٠٨.

(٢) ئیسماعیل گوندەژووری. ئەو بارەگایانەی دابەش بوون بەسەر ناوچەکانی باڵەکایەتی. پەیامی ئەیلوول. (گۆڤار). ژمارە ١٠. لا٤٦

(٣) دادوەر حەسەن ئیسماعیل ڕەسول پشدەری. لەساڵی ١٩٣٨ لەگوندی سەرسیانی ناوچەی ڕانیە لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٦٣ بەشی یاسای لەزانکۆی بەغدا تەواو کردووە، لەچەندین دادگاکانی شۆڕش دادەور و سەرۆکی دادگا بووە.

عـوسمان حەسـەن )[1] بەڕێـوە دەبـرا[2]

دادوەر حەسـەن ئیسماعیـل پشـدەری دەڵێـت: (بـە فەرمـانی موحسـین دزەیـی کـە وەزیـری دادوەری بـوو لەشـۆڕش، چـووم بـۆ گەڵاڵـە و بـووم بـە سـەرۆکی دادگای تاوانـەکانی شـۆڕشی ئەیلـوول: هاوکارەکانـم بریتـی بـوون لـەدادوەر حەسـەن سـەید ئەحمـەد و دادوەر ئالبرێـت خـوری کـە کریسـتان بـوو، زۆر جاریـش بـە فەرمـانی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بۆئـەوەی دادگاکەمان بـە شـێوەیەکی یاسـایی و شـەرعی بەڕێـوە بچێـت پـرسمان بـە زانایـانی ئایینـی دەکـرد وەك: مـەلا وەیسـی گرتـك و مـەلا قـادر سـکتانی و مـەلا عـوسمان

(١) سـەدیق عـوسمان حەسـەن خۆشـناو: نـاسراو بـە حاکـم سـەدیق، لەبنـاری چیـای سـەفین لەگونـدی قەلاسـنج لەسـاڵی ١٩٤٧ لەدایـك بـووە، لەسـاڵی ١٩٦٣ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە کـردووە و بوویتـە پێشـمەرگەی بزوتنـەوەی رزگاریخـوازی کوردسـتان، لەسـاڵی ١٩٦٥ بـە بڕیـاری سـەرکردەی نەتـەوەی کـورد مـەلا مسـتەفا بـارزانی بـوو بـە دادوەری شـۆڕش لەناوچـەی گەڵاڵـە وەك جێگـری دادوەر حسـین عـەولا بـەگ کاری کـردووە. لەبـەر زیـرەکی و لێهاتـووی ئـەو لەسـاڵی ١٩٦٧ لەسـەر داوای جەنابـی بـارزانی لەسـنووری برادۆسـت (سـیدەکان) کـراوە دادوەر وەك دادوەر لەسـیدەکان کاری کـردووە. لـەدوای کۆنگـرەی ٧ی پارتـی کـە لەناوپـردان ئەنجامـدرا، بڕیاریانـدا بـە هەڵوەشـاندنەوەی دادگای سـیدەکان، دواتـر حاکـم سـەدیق بووبـە بەرێوەبـەری کارگێـری و دارایـی هێـزی باڵـەک، وەك یاریـدەدەری ئیـدارەی ئامـر هێـز کاری دەکـرد تـا نسـکۆی سـاڵ ١٩٧٥ لـەم ئەرکـەدا بـەردەوام بـوو. لەسـاڵی ١٩٧٩ لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە بەنـد دەکرێـت. لەسـاڵی ١٩٨٦ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی پارتـی لەبالیسـان دەکات. لـەدوای سـاڵی ١٩٩١ هـاوکاری جەنـابی سـەرۆك دەبێـت و دواتـر حاکـم سـەدیق دەکرێتـە بەرێوەبـەری ئیـدارەی مەکتـەب سیاسـی. لـە ٢٥/ ٧/ ١٩٩٩ بـە کارەسـاتێکی دڵتەزێـن لەگـەڵ دوو کـوڕی کۆچـی دوای دەکات. (سـەرچاوە: کازم خوشـناو. جەردێـك لەخەبـات و یادەوەریـەکانی سـدیق عـوسمان حەسـەن نـاسراو بـە حاکـم سـەدیق خوشـناو. پەیامـی ئەیلـوول (گۆڤـار). ژمـارە ٢٠. لا ٦٣-٦٤)

(٢) ئاری فاروق نانەکەلی. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ١١٠.

یەکدەست (مـەلا عـوسمان کۆلـە). هەرچەنـدە ئـەم دادگایـە دادگای تـاوان بـوو، بـەڵام کێشـەکانی زەویـوزار و بـاری کەسـیش یـەکلای دەکـردەوە. هەروەهـا دەڵێـت: هەندێـك جـار مـەلا مسـتەفا خـۆی سـەردانی دادگای دەکـرد و دەچـوو بەبـێ دەنگـی لەسـەر کورسـی میوانـان دادەنیشـت و گوێـی ڕادەگـرت و تەنانـەت ئیـزنی بـە ئێمـە نـەدەدا لەبـەری هەسـتینەوە دەیگـوت ئێـوە کاری خۆتـان بکـەن)[1].

## دامەزراندنی دادوەرەکان:

سـەرەتای مانگـی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٣ بەبڕیـاری مەکتەبـی سیاسـی بـۆ یەکـەم جـار موحسـین دزەیـی بـوو بـەدادوەر لـەدادگای قـەڵادزێ، بـۆ چارەسـەر کـردنی کێشـەی هاووڵاتیـان و سـولح. کـە لـەوکات زۆربـەی کێشـەکان کێشـەی موڵـك و زەوی و زار بـوون. لـەوکات ئـەم دادوەرە دوو کەسـی تـری لەگەڵـدا بـوون، یەکەمیـان بـە نـاوی مـەلا حسـەن نووسـەری دادگا بـوو، لەگـەڵ پیاویکیـتری پیـر بەنـاوی مـام رەزا، ئـەم دوو کەسـە لـەلای موحسـین دزەیـی دوو پیـاوی بـاش و خۆشەویسـت بـوون.

موحسـین دزەیـی لەیادداشـتەکانیدا بەنـاوی وێسـتگەکانی ژیانـم دەڵێـت: سـەرەتا دەمویسـت کارەکانی دادگا ئـسولی و یاسـایی بـن و دەمویسـت دادگا بـە شـێوەیەکی سیسـتماتیك و بەگوێـرەی یاسـای پەیڕەوکـراو کاروبـارەکانی بەڕێـوە ببـەم. کـە لـەوکات زۆربەی کێشـەکانیان لەنێـوان جوتیـاران و خاوەن

---

(١) حامیـد گەوهـەری. مـەلا مسـتەفا پێشـمەرگە و سـەرۆك. سـەرچاوەی پێشـوو. لا ٤٧٧.

زەوییەکان بوو، لەوکاتیش بارودۆخی شۆڕش وای دەخواست کە چاودێری لەهەردوو لایەن بکرێت بۆئەوەی لەهەموو کێشەکان یاسا بچەسپێت، ئەمەیش تارادەیەك زۆر سەخت بوو. دەڵێت کاتێ دەمویست بەتەواوەتی یاسا جێبەجێ بکەم، رووبەرووی موڵکدارەکان و سەرۆك هۆزەکان دەبوومەوە، چونکە موڵکدارەکان دەیانویست حیسابیك بۆیان بکرێت و هەڵسوکەوتی جیاوازیان لەگەڵدا بکرێت، منیش بەپێچەوانەی ئەوانەوە دەمویست یاسا بەدادپەروەری بەسەر هەردوو لایەنی ناکۆك بەبێ جیاوازی جێبەجێ بکەم و بەبێ لەبەر چاوگرتنی ناسنامەی هیچ یەکێکیان و یاسا سەروەر بێت. هەروەها دەڵێت لەوکاتەی لەدادگا بووم کاری وام کرد کە یاسا هەیبەتی خۆی هەبێت و هاوولاتیانیش هەست بەوە بکەن کە بەیاسا کێشەکانیان چارەسەر دەبێت و متمانەیان بە دادگا هەبێت[1]

بەڵام ماوەی مانەوی دادوەر موحسین دزەیی لەدادگای قەڵادزێ ماوەیەکی درێژی نەخایاند، بەڵکو تەنیا لەدوای سێ هەفتە بڕیاری مەکتەبی سیاسی هات کە بکرێتە ئەندامی دادگای باڵای شۆڕش لەماوەت، لەئەنجامدا دەرکەوت کە ئەم بریارەی مەکتەبی سیاسی لەسەر داواکاری سەرۆکی دادگای باڵا خوالێخۆشبوو دادوەر عومەر حەبیب عەبدوڵا بوو، چونکە موحسین دزەیی یەکێك بوو لەو سێ مافناسە کۆنانەی کە لەمێژ بوو هاتبوونە ناو شۆڕش. هەروەها لەهەمان ئەو ڕۆژەی کە بڕیاری مەکتەبی سیاسی هات لەهەمان ڕۆژدا موحسین دزەیی دادگای قەڵادزێ تەسلیم بە مافناس (بابەکر

---

(١) موحسین دزەیی وێستگەکانی ژیانم. وەرگێڕانی ئیسماعیل بەرزنجی. بەشی دووەم. چاپی یەکەم. ٢٠٠٩. لا(٥٩- ٦٠).

مەحمـود پشـدەری) کـرد. کـە لـەم هەوڵـەی مەکتەبـی سیاسـی دوو ئامانـج پێـکان، یەکەمیـان دادوەری دادگای قـەڵادزێ لەخەڵکـی ناوچـەی خۆیـان بـوو، ئەویتریـش ئەندامێکـی تـری مافنـاس بـۆ دادگای بـاڵای شـۆڕش زیـاد بـوو.

لـە دوای شەشـەم کۆنگـرەی پـارتی کاروبـارەکانی شـۆڕش بەسـەر چەنـد بـەش و نووسـینگەیەکدا دابـەش کـران، موحسـین دزەیـی دەبێتـە بەرپـرسی بەشـی دادگـەری لەنووسـینگەی ڕاپەڕانـدن، بـە گوێـرەی بڕیـاری سـەرکردایەتی شـۆڕش پێویسـتە هـەر بـەش یـان نووسـینگەیەك ئەندامێکـی مەکتەبـی سیاسـی یـان ئەندامـێکی نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن بەڕێـوەی ببـات، بۆیـە موحسـین دزەیـی لەیاداشـتەکانی خۆیـدا بەنـاوی (وێسـتگەکانی ژیانـم)دا دەڵێـت[1]: لەبەغـدا چـاوم بـە حەبیـب محەمـەد کەریـم و یـەدوڵلا کەریـم کـەوت، کـە یەکەمیـان ئەندامـی لیژنـەی چاودێـری و پشـکنین بـوو، لەکۆنگـرەی شەشـەمدا بـە سـکرتیری حـزب هەڵبژێـردرا، و دووەمیـان بەرپرسـی لقـی پێنجـی حـزب بـوو لەبەغـدا. ئیمـەش دەربـارەی بارودۆخـی تـازە قسـەمان کـرد و لەوانـم بیسـت کـە لەکارگێـڕی تـازەی حیزبـدا منیـان بـۆ سـەرۆکایەتی بەشـی دادوەری لەنووسـینگەی ڕاپەڕانـدن دانـاوە، ئیمـە هەموومـان لەسـەر ئـەوە کـۆك بوویـن کـە لـە ریـزەکانی حـزب و شۆڕشـدا بـەردەوام بیـن، سـەرەڕای ئەمـەش بـۆ ئـەو کەرتبوونـەی لەنێـوان ریـزەکانی حـزب و شـۆڕش داخـی خۆمـان دەربـڕی. هەروەهـا موحسـین دزەیـی دەڵێـت: لـە دوای کۆنگـرەی شەشـەم بوومـە لێپـرسراوی بەشـی دادوەری لەنووسـینگەی ڕاپەڕانـدن و

---

(١) موحسین دزەیی وێستگەکانی ژیانم. سەرچاوەی پێشوو. لا(٩٠ -٩٣).

دەسـت بـەکار بـووم، بەگوێـرەی بنەمـا ئسـولی و یاسـاییەکان و بەپێـی توانـاو هەبـوونی کادری یاسـایی و نیمچـە یاسـایی، دادگاکانـم ڕێـك خسـتەوە، هـەر بـۆ راسـتیش بـارزانی باشتریـن پاڵپشـت بـوو بـۆ ئـەم کارە، ئـەو دەیویسـت دادپـەروەری بڵاو ببێتـەوە و یاسـا سـەروەر بێـت و تـاوان قەڵاچـوو بکرێـت. هەروەهـا برایانـی تریـش لەمەکتەبـی سیاسـی و مەکتەبـی تەنفیـزی و ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕشی کـورد، پاڵپشـتی بەشـی دادوەرییـان کردبـوو. زۆر جاریـش ڕۆڵـی دادوەرم دەبینـی بەتایبـەتی لـە هەندێـک کێشـەی تایبەتـدا ئەگـەر پێویسـتی بکردایـە، بـۆ بەجێهینـانی کاری تایبـەت لەناوچـەی هەولێـر و چارەسـەر کـردنی گیـرو گرفتـی نێـوان کارگێـڕی و سـوپا لەلایـەك و لەنێـوان پێشـمەرگەدا ڕادەسـپێردرام، ئـەو کارانـە بـە سـەرکەوتووی ئەنجـام دەدران و گیـرو گرفتـەکان چارەسـەر دەکـران. عەمیـد روکـن عەبدولمنعـم مـەصرەف وەك موتەسـەریفی هەولێـر و عەمیـد روکـن کەمـال مسـتەفا وەك گـەورە بەرپرسـی یەکـەکانی سـوپا لـە هەولێـر هەردووکیـان بـۆ چارەسـەر کـردنی کێشـەکان زۆر هاوکارییـان دەکـردم، لـەکاری تونـد و تیـژی و رەسـمیات بـە دوور بـوون، ئـەو کاروبارانـەی بـۆ بەرژەوەنـدی هەمـوو لایـەك و دەسـتەبەر کـردنی هێمنـی و ئاسـایش لەناوچەکـەدا کۆتاییـان دەهـات.

هـەروەك پێشتریـش باسمان کـرد ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕشی کوردسـتان بـۆ دامەزرانـدنی دەسـەڵاتی دادوەری و دامەزرانـدنی دادوەر و دادگاکان سـوودیان لـەو دەرچووانـەی کۆلێـژی مـاف وەردەگـرت ئەوانـەی دەهاتنـە نـاو ڕیـزەکانی شـۆڕش، هەرچەنـدە ئـەو کات ژمارەیـان زۆر کـەم بـوون، بـەڵام هـاوکات لەگـەڵ زانایـانی ئاینـی ئیسلام و لێژنـەکانی فەتـوا لـەم

زانا بەڕێزانە بەهاوبەشی پێکەوە لەگەڵ یەکتر کاریان دەکرد و توانییان دەسەڵاتی دادوەری و کاروباری دادگاکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەڕێوە ببەن[1]. هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کارگێڕی دادگاکانیش، بەزۆری سوودیان لەو فەرمانبەرانە وەردەگرت کە پێشتر لەدەسەڵاتی دادوەری عێراق و دادگاکان کاریان کردبوو و دواتر هاتبوونە ناو ڕیزەکانی شۆڕش. ئەرکی دامەزراندنی دادوەر و ئەندامانی دادگا و کارمەندانی دادگاکان لەلایەن ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن (مکتب تنفیذی)یەوە جێبەجێ دەکران، واتە ئەرکی دامەزراندن و سەرپەرشتی کردنی دادگاکان لەئەستۆی بەشی دادوەری لەئەنجومەنی ڕاپەڕاندندا بوو.

ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە دادگاکانی شۆڕش و دامەزراوە سیاسییەکانیتری ناوچەکە بەتایبەتی هێزی پێشمەرگە هاوکاری و هەماهەنگییەکی باشیان لەگەڵ یەکتر هەبوو لەڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان، واتە دادگاکانی شۆڕش هەر کاتێك پێویستی بە هێزی چەکداری هەبا بۆ ڕاپێچ کردنی تاوانباران بۆ دادگا، یاخود بۆ ڕاپەڕاندنی هەر کاروبارێکی تایبەت و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دادگا، پشتیان بە هێزی پێشمەرگەی لەشکری کوردستان و کادیرانی حیزبی لەهەمان ناوچە دەبەست، واتە ئەمانە تا ڕادەیەک ئەرکی پۆلیسیان دەبینی لە دەستگیر کردنی تاوانباران، یاخود ئاگادار کردنەوەی تۆمەتباران و گەیاندنی بڕیارەکانی دادگاکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار و جێبەجێ کردنی هەر ڕێکارێکی تری یاسایی.

---

(١) ئاری فاروق نانەکەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا ١٠٨.

هەروەها شۆڕش زۆر کەڵکی لە لێهاتوویی و کارامەیی پیاوانی ئاینی وەرگرت و کار و پیشەی دادوەری بەزۆرێک لەزانایانی ئایینی سپارد و کردنی بە (قازی شەرع) لە سەرکردایەتییە ناوخۆییەکاندا، ئەمانە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لەنەهێشتن و چارەسەر کردنی ناکۆکییەکانی هاووڵاتیان[1]. چونکە ئەوکات چەندین دادگای شەرعی پێکهێنرابوون، لەلایەن مامۆستایانی ئایینی (دادوەرانی شەرعی )یەوە بەڕێوە دەبران و تایبەت بوون بە دۆسیە شەرعییەکان، لەهەمان کاتدا ئەمانەش هەر سەربە دەسەڵاتی دادوەری بوون و هەموو دادوەرەکانیشیان پیاوانی ئایینی بوون.

یەکێکیتر لە دادوەرەکان بریتی بوو لەبەڕێز قەشە (خوری پۆلس بێداری) کە زانایەکی ئاینی کریستیان بوو، خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بوو، ئەرکی ئەو بریتی بوو لە چاوخشاندن و یەکلای کردنەوەی ئەو دۆسیانەی لەڕووی ئاینییەوە پەیوەست بوون بە کریستیانەکانی دانیشتووی ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان[2]. هەروەها بەم شێوەیە لە هەر ناوچەیەك لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی باشوور، دادگایەکی شارستانی و دادگایەکی شەرعی دامەزرابوون، بۆ چارەسەر کردنی هەموو کێشەکانی شارستانی و شەرعی بەگشتی و هەروەها بۆ یەکلایکردنەوەی دۆسییەکانی باری کەسی (احوال شخصی) بۆ موسڵمانان وەك کێشەی خێزانی و تەڵاق و میرات و کێشەکانی تری تایبەت بە هاوسەران. هەروەها یەکلایکردنەوەی دۆسیەکانی (مواد شخصی) بۆ ناموسڵمانان

---

(١) مسعود بارزانی. بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلوول. ١٩٦١-١٩٧٥ . بەرگی سێیەم بەشی دووەم. چاپی یەکەم ٢٠٠٤. لا ٢٢٦.
(٢) د. شێرزاد زەکەریا موحمەد. سەرچاوەی پێشوو. لا (١٩٦ – ١٩٧).

بـە هەمـان شـێوەی دۆسـیەکانی بـاری کەسـی مووسـڵمانان لەلایـەن قەشـەی کریسـتیانەکانەوە بەڕێـوە دەچـوو کـە هەمـوو ئـەم دادگا و لیژنانـە لەلایـەن دادگای پێداچوونەوەی ناوچەکە چاو بە بڕیارەکانیدا دەخشـاندەوە و دادگای بـاڵای شۆڕشـیش وردبینـی بـۆ بڕیـارەکانی ئـەم دادگایانـە دەکـرد، ئـەوکات بـارەگای دادگای بـاڵای شـۆڕش لەناوپـردان بوو. (د. شـێرزاد زەکەریـا دەڵێت: پێدەچێـت لـەدوای جیابوونەوە(انشـقاق)ی حـزب لەسـاڵی ١٩٦٤، بـارەگای دادگای بـاڵای شـۆڕش لەماوەتـەوە گواسترابێتـەوە بـۆ ناوپردان). وێڕای کێشـە شارسـتانیەکان هەموو ئەو حوکمە سـزاییانەی ئاراسـتەی ئەم دادگایە دەکران کـە پێویسـتی بەوردبینـی هەبوو، لـەدوای وردبینـی کردنیان حوکمـەکانی ئەم دادگایـە کۆتایـی و یـەکلای کـەرەوە بوون، کەس بـۆی نەبوو تانەیـان لێبدات

وەک لـە پێـشتر ئاماژەمـان پێـداوە، دوای ئـەوەی دادگای بـاڵای شـۆڕش هەڵوەشـــایەوە و دادگای پێداچوونـــەوە شـــوێنی گرتـــەوە و بڕیارەکانـــی یەکلاکـەرەوە بـوون، کـەس بـۆی نەبـوو تانـەی لـێ بـدات

هەروەها لیژنەی دادوەری لەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا کە دەبێت دامەزراندنی کارمەندانی دادگاکان بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن بێت. لەهەمان کاتدا ڕایگەیاند کە هەموو دادوەرەکان جگە لەدادوەرە شەرعییەکان لەمافپەروەرانبن و خاوەنی ناوبانگێکی باش بن کاتێکیش ژمارەی پێویستی مافپەروەران بەدەست نەکەوت، دەکرێت پشت بە پیاوانی ئایینی و ئەو کەسانە ببەسترێت کە شارەزاییان لەبواری دادوەریدا هەیە، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە کە لەلایەن نووسینگەی ڕاپەڕاندنەوە دادەمەزرێن[1].

(١) د. شێرزاد زەکەریا موحمەد. هەمان سەرچاوەی سەرەوە. لا١٩٧.

هەروەها خاڵێکیتری زۆر گرنگ کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، نووسینگەی ڕاپەڕاندن ڕێنمایی تایبەتی دەرکرد سەبارەت قەدەغەکردنی هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدان لەهەموو بەندیخانەکانی شۆڕش، ئەمە بنەمایەکی زۆر گرنگ و دادپەروەرانەیە لەجێبەجێ کردنی یاساکان و پاراستنی بنەماکانی یاسای مافی مرۆڤ لەگرتووخانەکاندا[١].

## پشکنین و وردبینی دادگاکانی شۆڕش:

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان ئەرکی وردبینی و پشکنینی دادگاکانی شۆڕشی خستبوویە ئەستۆی دادگای پێداچوونەوە( تمیز). ئەم دادگایەش ماوە ماوە یەکێك لەئەندامەکانی خۆی بەم ئەرکە ڕادەسپارد کە بریتی بوو لەبەدوادا گەڕان و پشکنینی دادگاکانی شۆڕش لەناوچە جیاوازەکان، لەڕووی کارگێڕی و داراییەوە. دواتر ئەو ئەندامەی دادگای پێداچوونەوە کە سەردان و گەڕان و پشکنین و ورد بینیکردنی دادگاکانی شۆڕشی دەکرد، بەهۆی ڕاپۆرتێك کە تەواوی وردەکارییەکانی پشکنیین و وردبینی کردنی دادگاکانی تێدا تۆمار دەکرا و دەیدایە دادگای تەمیز، بۆئەوەی لە ڕێگەی پشکنینەوە ئاگادار بێت لەهەموو وردەکاییەکان و کێشە و گیروگرفتەکان. دادگای تەمیزیش لەڕێگەی خۆیەوە نووسینگەی ڕاپەڕاندنی لەکۆی ئەنجامی پشکنین و وردبینی کردنی دادگاکانی ئاگادار دەکردەوە[٢].

(١) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ ڕەشید حاجی بەدری (ڕەشید سندی). لە١١ی ئاداری ٢٠٠٨

(٢) ئاری فاروق نانەکەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا ١٠٩.

# گیروگرفتەکانی بەردەم دادگاکان

زۆر جـــار دادگاکانی شـــۆڕش لـــەکاتی ئەنجامـــدانی کارە فەرمییـــەکانی خۆیـــان تووشـــی گیروگرفتـــی جۆراوجـــۆر دەبوونـــەوە، هەروەهـــا زۆر جاریـش چارەسـەرکردنی ئـەم گیروگرفتانـە لەتوانـای ئـەم دادگایانـە بـەدەر بـووە، بـۆ نموونـە هەندێـك جـار تاوانبـار تـاوانی لەنـاو شـۆڕش، واتـە لەیەکێـك لەناوچـە ئازادکـراوەکانی کوردسـتان ئەنجـام داوە و لەدەسـت یاسـا هەڵاتـووە بۆئـەوەی سـزا نەدرێـت، شـوێنی نیشـتەجێ بـوونی خـۆی گواسـتووتەوە ژێـر دەسـەڵاتی حکومـەتی عێـراق. لـەم حاڵەتانـەدا دادگاکانی کوردسـتان ناچـار بـوون دۆسـیەکانی هەریـەك لـەم تاوانبـار یـان تۆمەتبارانــە بــە هەڵپەســێردراوی بهێڵنــەوە تــا ئەوکاتــەی تۆمەتبارەکــە کەوتووتــە دەســت هێــزەکانی پێشــمەرگە، هــەر کاتێــك تۆمەتبارەکــە ڕادەســتی دادگاکانی شــۆڕش دەبوویــەوە، ســزاکەی بەپێــی تاوانەکــەی بەســەریدا دەســەپێنرا.

هەروەهـــا لـــەدادگاکانی شـــۆڕش زۆر جـــار حاڵـــەتی پێچەوانـــەش ڕوویـداوە، بـۆ نموونـە کەسـێك لەژێـر دەسـەڵاتی حکومـەتی عێـراق تـاوانی ئەنجـام داوە و لەدەسـت یاسـا هەڵاتـووە بـۆ ناوچـە ئازادکـراوەکانی کوردســتان، بــەڵام لــەم حاڵەتانــەدا لەبــەر بەرژەوەنــدی گشــتی و چەسـپاندنی دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی، شـۆڕش ئـەم تاوانبارانەیـان داڵـدە نـەدەدا، بەڵکـو بەبڕیـاری دادگا ئـەم تاوانبارانـە دەسـتگیر دەکـران تـا ئەوکاتــەی ئاگربەســت یــان دانوســتاندن لەنێــوان حکومــەتی عێــراق و شۆڕشـدا دەسـتی پێدەکـرد، واتـە لـەکاتی ئاشـتیدا لەبـەر (اختصـاص

مـكانی) ئـەم تاوانبارانـەی ڕادەسـتی دادگاكانی ژێـر دەسـەڵاتی حكومـەتی عێـراق دەكـردەوە، بۆئـەوەی بەسـزای یاسـایی خۆیـان بگـەن[1].

نموونەیەكیـتر: هـەروەک پێشـتریش باسـمان كـردووە، زۆر جـار كاتێـك كێشـە لەنێـوان جوتیـاران و خـاوەن موڵـک و ئاغـا و سـەرمایەدارەكان ڕووی دەدا، هەمیشـە ئاغـا و سـەرمایەدەرەكان دەیانویسـت و هەوڵیـان دەدا لەلایـەن دادگاكانـەوە حیسـابی زیاتریـان بـۆ بكرێـت، بـەڵام دادگاكان گوێیـان نەدایتـە ئـەم حاڵەتانـە و جیاوازییـان لەنێـوان ناسـنامەی هیـچ لایەنێـكی دۆسـیەكان نەكـردووە، بەڵكـو یاسـایان بـە یەكسـانی و دادپـەروەری بەسـەر هـەردوو لایـەنی ناكـۆك جێبەجـێ دەكـرد، بەبـێ لەبەرچـاو گرتنـی ناسـنامەی هیـچ كامێكیـان. چونكـە ئەمـە بنەمایـەكی گشـتی و دادپەروەرانەیـە، لەهـەر شـوێنێك یـان هـەر وڵاتێك دادپـەروەری ڕاسـتەقینە بەرقـەرار بێـت، دەبێـت هەمـوو كەسـێك لەبەرامبـەر یاسـادا یەكسـانبن، بۆئـەوەی یاسـا نەبێتـە تـەونی جاڵجاڵۆكـە، واتـە یاسـا بەسـەر هـەژار و بـێ دەسـەڵاتەكاندا جێبەجـێ بكرێـت و دەسـەڵاتدار و بەهێزەكانیـش لێـی دەربازبـن. چونكـە بـە پێچەوانـەوە دەبێتـە هـۆی لەناوچـوونی كۆمەڵـگا، بـۆ ئـەم مەبەسـتە فەرمودەیـەكی پێشـەوا و پێغمبەرمـان موحەمـەد (د. خ) هەیـە دەفەرموێـت: (إنمـا أهلـك الذيـن مـن قبلكـم، إنهـم كانـوا إذا سرق فيهـم الشـريف تركـوه وإذا سرق فيهـم الضعيـف أقامـوا عليـه الحـد...). واتە (ئـەو گەلانـەی پێـش ئێـوە لەبەرئـەوە لەناوچـوون لەبـەر ئـەوەی كاتێـك دەسـەڵاتدار و بەهێـزەكان دزییـان دەكـرد لێبوراوبـوون و كاتێكیـش هـەژار و بـێ دەسـەڵاتەكان دزییـان دەكـرد سـزا دەدران...).

(١) ئاری فاروق نانەكەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا ١١٠.

## کاروباری دارایی دادگاکان:

هـەر وڵاتێـکی جیهـان یاسـایەکی تایبـەتی دارایـی خـۆی هەیـە کـە کاروبـاری دارایـی لەلایـەن دەسـتەیەکی تایبەتـەوە بەڕێـوە دەبرێـت. ئابـووری شـادەماری بەڕێوەبـردنی هـەر وڵاتێکـە و هیـچ وڵاتێـك بەبـێ بوونی داهـات و ئابوورییـەکی سـەربەخۆ بەڕێوەناچێـت. بۆیـە کوردسـتانی ئـازاد کراویـش، هاوشـێوەی هـەر وڵاتێـك، یاسـایەکی ئابووریـی تایبەتییـان دانـاوە و لەئەنجامـدا لیژنەیەکیـان پێکهێنـاوە بـۆ بەڕێوەبـردنی کاروبـاری دارایـی شـۆڕش کـە یەکێـك لەئەندامـانی نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن سەرپەرشـتی ئـەم لیژنەیـە دەکات و بەرپـرسی سـەرەکی داراییـە[1].

لـە دوای دامەزرانـدنی دادگاکان لەناوچـە جیـاوازەکانی کوردسـتانی ئازادکـراو، دەسـەڵاتی دادوەری پێویسـتییان بـە سـەرچاوەی دارایـی هەبـوو، بـۆ پڕکردنـەوەی پێداویسـتی مووچەکانیـان و دابیـن کـردنی کەلوپـەل و هەمـوو ئـەو پێداویسـتیانەی پێویسـتی بـە تێچـووی دارایـی هەیـە بـۆ دەسـەڵاتی دادوەری. یەکێـك لەسـەرچاوەکانی داهـات بریتـی بـوو لەدەسـت بەسـەرداگرتنی ئـەو موڵـک و ماڵانـەی کـە لـەدوای دەرچـوونی بڕیـاری دادگا دەبوویـە موڵکـی گشـتی، داهاتەکانیـان بـۆ دادگاکان دەگـەڕاوە. هەروەهـا یەکێکـیتر لەداهاتـەکان بریتـی بـوو لەکۆکردنـەوەی ئـەو پێبژاردنانـەی لەئەنجامـی سـەرپێچی کـردنی هاووڵاتیـان لەیاسـا لێیـان وەردەگیـرا. سـەرچاوەیەکیتری دارایـی بریتـی بـوو لەسـوود وەرگرتـن لەپـارەی ئـەو پولانـەی لەدۆسـیە و داواکاری هاووڵاتیـان دەدا لـەدادگاکان کـە هەمـوو ئـەم

(١) عصمت شريف وانلی. المصدر السابق. ص٣٢١.

داهاتانـە لەڕێگـەی چەنـد پسـولەیەکی تایبەتـەوە لـەدادگاکان ڕێـک دەخـرا و تۆمـار دەکـرا و دەگەڕانـدەوە بـۆ گەنجینـەی دارایـی شـۆڕش کـە لەژێـر سەرپەرشـتی نووسـینگەی ڕاپەڕاندنـدا کۆیـان دەکـردەوە و ڕێـک دەخـرا، ئەوانیـش وەکـو نەریتـێکی کارگێـڕی هەمـوو کۆتـای مانگێـك بـۆ مووچـە و پێداویسـتییەکانی دادگاکان خەرجـی دەکـرد[1].

ئـەوکات شـۆڕش پێویسـتی بـە خەرجییـەکی زۆری دارایـی هەبـوو، بـۆ پڕکردنـەوەی پێداویسـتی نزیکـەی پـازدە هـەزار پێشـمەرگە، بۆیـە هەر سـێ مانـگ جارێـک یەکێـك لەئەندامـانی نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن یـان دوو یـان سـێ ئەنـدام گەشـتێکی مەیدانییـان بـۆ هەمـوو ناوچـەکان ئەنجام دەدا، بـۆ دابـەش کـردنی مووچـەی پێشـمەرگەکان کـە مووچـەی هـەر پێشـمەرگەیەك بـە تێکڕایـی پێنـج دینـار بـوو، لەگـەڵ خەرجیـاتی شـوێنی مانـەوە و خـواردن و جلوبـەرگ و هەندێـك پێداویسـتییەکانیتر بـۆ پێشـمەرگە دابیـن دەکـرا. هیـچ کەسـێك بـۆی نەبـوو هیـچ پارەیـەك خـەرج بـکات بەبـێ ئیمـزای بەرپرسـی دارایـی نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن[2].

(١) ئاری فاروق نانەکەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا ١٠٩.

(٢) عصمت شریف وانلی. المصدر السابق. ص ٣٤١.

# چاكسازییە كۆمەڵایەتییەكانی شۆڕشی ئەیلوول

لــە ســەرەتای دەســت پێكــردنی شۆڕشــی ئەیلــوول و لــەدوای ڕزگاركــردنی چەندیــن ناوچــەی كوردســتان لەدەســت ڕژێمــی عێــراق لەنێــوان ســاڵانی ١٩٦١ -١٩٦٤، دواتــر ســەركردایەتی شــۆڕشی كوردســتان بیریــان لــە چاكســازی كۆمەڵایەتــی كــردەوە لــە ناوچــە ئــازاد كــراوەكانی كوردســتان، چونكــە پێــشتر كۆمەڵــگای كــوردەواری لەدەســت زۆر لەنەریتــی كــۆن و دواكەوتــوو دەناڵانــد و لــە هەمــووی گرنــگتر ئافــرەت دەبوویــە قوربــانی ئــەم نەریتــە دواكەوتووانــە وەك: ژن بــەژن و گــەورە بەگچكــە و قــورس كــردنی بــاری دارایــی گەنجــان، لەئەنجامــی داواكــردنی نەختــێكی زۆر لەلایــەن بنەماڵــەی كچــەكان، بۆیــە بۆیــان ســەخت بــوو بتوانــن بەئاســانی پرۆســەی هاوســەرگیری ئەنجــام بــدەن. لەلایەكــیترەوە ئــەم جــۆرە هاوســەرگیرییانە لــەدوای ماوەیــەك ناكــۆكی و شــەڕ و ئــاژاوەی لــێ دەكەوتــەوە، بۆنموونــە ئەگــەر كــچ بەمنداڵــی بەشــوو بدرێــت، كاتــێ ئــەم كچــە گــەورە دەبێــت دەبێتــە خــاوەن بیــروڕا و كەســایەتی تایبەتــی خــۆی و دەزانێــت ئــەو بــۆ ئــەم كــوڕە نابێــت یاخــود گونجــاو نییــە، واتــە ئــەوەی دایــك و بــاوك لەمنداڵــی بڕیاریــان لەســەر داوە بۆئــەم كاتــە ناگونجێــت، بۆیــە بەهــۆی ئــەم نەریتــە دواكەوتووانــە هەمیشــە ئافــرەت دەبوویــە قوربــانی زۆر جاریــش ئــەم كارە دەبوویــە هــۆی دروســت بــوونی شــەڕ و ناكــۆكی خێــزانی تــا ئــەو ئاســتەی شــەڕ و كــوشتن بــەدوای خۆیــەوە دەهێنــا و خوێنــداری دروســت دەبــوو، جــاری وا هەبــوو ئــەم دۆخــە چەندیــن ســاڵی دەخایانــد.

سـەرکردایەتی شـۆڕشی کوردسـتان لـەدوای سـاڵی ١٩٦٤ زۆر بڕیـاری گرنگـی دەرکـرد و سـزای بـۆ هـەر یـەك لـەم کەسـانە دیاریکـرد کـە سـەرپێچی ئـەم بڕیارانـە دەکات، بۆنموونـە وەك

١. قەدەغـە کـردنی بەشـودانی کـچ بەبـێ ڕەزامەنـدی خـۆی کـە ئـەم رەفتـارە پێچەوانـەی بنەماکانی یاسـای مـافی مرۆڤە، هەروەهـا پێچەوانەی بنەماکانی شـەریعەتی پیرۆزی ئیسـلامە.

٢. قەدەغە کردنی بەشوودانی کچی گەورە بەگچکە.

٣. قەدەغە کردنی ژن بەژن لەتەمەنی منداڵی، چونکە لەکاتی گەورە بوونیان ئەستەمە ئەم پرۆسەیە پێکەوە ڕەزامەندی چوار کەسی لەسەربێت.

٤. قەدەغـە کـردنی بەشـوودانی کـچ لەجیـاتی تۆڵەکردنـەوە یـان خوێنـداری. لێـرەدا ئەم پرسـیارەمان بۆ دروسـت دەبێـت، ئایا بۆچی کـچ ببێتە قوربانی کەللـە ڕەقـی و تـاوانی خەڵکانیتر.

٥. قەدەغە کردنی فرۆشتنی کچ بەهەموو جۆرەکانییەوە، ئەم نەریتە لە کۆمەڵگای کوردەواری زۆر باو بوو، خێزانی کچ لەکاتی بەشوودانی کچەکەیان داوای پارەیەکی خەیاڵییان دەکرد، ئەمەش دەبوویە بارگرانی مادی گەورە بۆ کوڕ، لەبەر ئەم هۆکارە زۆر گەنج نەیان دەتوانی پرۆسەی هاوسەرگیری پێکبێنێت لەبەر نەبوونی باری دارایی. یاخود ئەگەر باوکی کچەکە کۆچی دوایی کردبا، مام یان برای کچەکە، ئەم کچەی بەپارەیەکی زۆر دەفرۆشت. ئەمەش ستەمێکی زۆر گەورە بوو لەئافرەتان دەکرا و کارێکی پێچەوانەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام و هەموو بنەماکانی یاسای مافی مرۆڤ بوو.

شۆڕشـی ئەیلـوول هەمـوو ئـەم نەریتـە دواکەوتووانـەی قەدەغـە کـرد،

هەروەها بڕیاریشیاندا ئەگەر باوك داوای پارەش بكات لە خێزانی كوڕ، یەكەم: نابێت ئەم پارەیە لە سەد دینار زیاتر بێت. دووەم: دەبێت ئەم پارەیە بۆ خودی كچەكە خەرج بكرێت لەكاتی بەشوودانی، نەك بۆ خۆی هەڵگرێت[1]. بەڵام شۆڕش هیچ ڕادەیەک بۆ ئەو پارەیە دیاری نەكرد كەباوك لە گیرفانی خۆی هەرچەندی بۆ كچەكەی خەرج بكات.

لەناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی شێخانی بارزان كە پێكهاتبوو لە حەوت عەشیرەت[2] هەموو ئەم نەریتە كۆن و دواكەوتووانە قەدەغە كراو بوون، ئەنجامدانی هاوسەرگیری بەپێی بنەماكانی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام و ڕەزامەندی هەردوو لایەن بوو، هاوتا بوو لەگەڵ بنەماكانی مافی مرۆڤ.

٦. ئەگەر كچ و كوڕ یەكتریان بیویستبا، بەڵام دایك یان باوكی كچەكە بۆ پێكهێنانی ئەم پرۆسەیە ڕازی نەبان، پێویست بوو یەكەمجار ڕەزامەندی دایك و باوك وەربگیرێت، بەڵام ئەگەر هەر سوور بوون لەدژایەتیكردنی ئەم هاوسەرگیرییە، ئەوكات یەكەم جار باوكی كوڕەكە لەگەڵ ڕیشسپیانی گوند دەچوونە داخوازی كچەكە، ئەگەر ڕازی نەبا جاری دووەمیش دەچوون، بەڵام ئەم جارەیان ئەگەر باوكی كچەكە هەر سووربوو كە كچەكەی بەم كوڕە نادات، ئەوكات ئەگەر ئەم كچ و كوڕە بیانەوێت پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، هەردووكیان بۆیان هەبوو پێكەوە

---

(١) مەسعود بارزانی. بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد. بەرگی سێیەم. بەشی دووەم. ١٩٦١-١٩٧٥. شۆڕشی ئەیلوول. دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژهەڵات. ٢٠٢٠. ل٢٢٥.

(٢) بارزانی پێكدێن لەم عەشیرەتانەی خوارەوە: (مزووری، شێروانی، دۆڵەمەری، گەردی، هەركی بنەجێ، بەڕۆژی ، نزاری).

بچنە نزیکترین بارەگای حزب یان سەرۆکی عەشیرەت بەئاشکرا بڵێن ئێمە دەمانەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتر ئەنجام بدەین، ئەوکات لێك مارە دەکران و ڕێوڕەسمی پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجام دەدا.

## دادگا شەرعییەکان:

لە ساڵی ١٩٧٠ دادگای ناوپردان بە شێوەیەکی فەرمی کرایەوە، هەر کێشەیەك کە ڕووی دەدا، دادوەرەکان لەم دادگایە بڕیاریان لەسەر دەدا و بە نووسراوێکی فەرمی بەرز دەکرایەوە بۆ لێژنەی باڵای دادوەری لەناوپردان یان گەلاڵە لەوێ بە بڕیاری سەرۆك بارزانی کە سەرۆکی لێژنە بوو، بڕیاری کۆتایی لەسەر بابەتەکە دەدرا[(١)].

هاوکات لەگەڵ داگاکان بارزانی هەوڵی دەدا، لەڕێگەی زانایانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە پارێزگاری لەماف و ئازادییەکانی گشت چینەکانی کۆمەڵگا بکات کە بەهیچ شێوەیەك ستەم لەچینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا نەکرێت لەناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان، هەر بۆیە لەبەرواری ١٢/ ١٠/ ١٩٧٠ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دامەزراند و چەندەها لێژنەی فەتوا پێکهێنرا کە لەهەر هێزێك لێژنەیەکی فەتوا هەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی هاوولاتییان. هەروەها یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان، هەندێك بڕیاریان دەرکرد بۆئەوەی هەندێك لەنەریتە کۆن و نەگونجاوەکانی کۆمەڵگای کوردەواری قەدەغە بکرێن وەك: ژن بەژن و شیربایی و گەورە بەگچکە و ژن لەبەرامبەر پارە و ژن لەبەرامبەر خوێنداری و ...تاد. ئەمە گرنگترین هەنگاو بوو بۆ بەرگریکردن لەماف و ئازادییەکان

---

(١) ئاری فاروق نانەکەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا ١١٢.

بەتایبەتی بەرگری کردن لەمافی ئافرەتان، لە ڕێگەی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستانەوە، چونکە ئەم نەریتە نەگونجاوانەی کۆمەڵگا کێشەی زۆر گەورەی لێدەکەوتنەوە و زۆر جاریش دەبوویە هۆی دروستبوونی دوژمنداری و خوێنڕشتن[1]. ئەم نەریتە نەگونجاوانەی باسمان کرد هەر لەکۆنەوە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شێخەکانی بارزان قەدەغە کراو بوون و تائێستاش خەڵکی ئەم ناوچەیە پێوەی پابەندە.

سەبارەت بە ڕووداوی کوشتن، کێشە دادوەرییە گەورەکان بەبڕیاری دادگا، لێژنەی لێکۆڵینەوەیان پێکدەهێنا و ئەم لێژنەیە لێکوڵینەوەی وردی لەسەر دۆسییەی تۆمەتبارەکان دەکرد و لەدوای تەواو بوونی لێکوڵینەوەکان و دڵنیا بوون لەڕاستی و دروستی ڕووداوەکان، ئەم لێژنەیە ڕاپۆرتەکانی خۆی لەگەڵ ئەم دۆسیانە بۆ دادگا بەرز دەکردەوە، بۆ نموونە بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکان و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و بارودۆخ و داب و نەریتەکانی ناوچەکە، بڕیاریان لەبارەیەوە دەدا، بەڵام لەهەمان کاتدا بۆ ڕووداوەکانی کوشتن و کێشە کۆمەڵایەتییە زۆر ئالۆزەکان، یان کێشە خێلەکی و کۆنەکانیش بەر لەدەرکردنی بڕیارەکان، بۆ دوورکەوتنەوە لەهەڵە و گومان، ڕاوێژ بە فەرماندە سەربازی و حزبییەکانی ناوچەکەش دەکرا. هەروەها بۆ ڕووداوە گەورە و هەستیارەکانیش دادگایەکی باڵای شۆڕش لەسەر ئاستێکی باڵا لەبەرپرسانی حزبی و سەربازی پێکدەهێنا و سیفەتی دادگای باڵای وەردەگرت،[2]، کەبەزاراوەی یاسایی پێی دەڵێن دادگای دادکاری باڵا (محکمە التحکیم العلیا).

---

(١) فوئاد حەمەلاو. ئەیلوول بەناو شۆڕش، بەڵام لەناوەڕۆکدا حکومەت. پەیامی ئەیلوول.(گۆڤار). ژمارە٢ لا ١٦.

(٢) د. شێرزاد زەکەریا موحمەد. سەرچاوەی پێشوو. لا ١٩٧.

## لێژنەکانی سولح:

لەبەر کەمی و نەبوونی دادوەر و دەرچوانی کۆلێژی ماف، بۆئەوەی بتوانرێت لەهەموو قەزا و ناحیەکان دادگایەکی یەك دادوەر دامەزرێنن، نووسینگەی ڕاپەڕاندن لەهەندێك ناحیە (لێژنەکانی سولح) کردنی دامەزراند، بۆئەوەی ئەم لێژنانە کێشە دادوەرییەکان چارەسەر بکەن و گیروگرفت و ناکۆکی هاووڵاتیان یەکلایی بکەنەوە و تەشەنە نەکەن. ئەم لێژنانە پێکدەهاتن لە(زانایەکی ئایینی و پیاوێکی بەتەمەن و ئەندامێکی پارتی و هەندێك جاریش پێشمەرگەیەك تێدا ئەندام بوو)[1]. بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی هاووڵاتییان ئەم لێژنانە شوێنی دادگاکانی پڕ دەکردەوە. ئەرکی سەرەکی ئەم لێژنانە پێکهێنانەوە و ئاشت کردنەوەی خەڵک بوو لەهەر دەڤەرێک لەدەڤەرە ئازادکراوەکانی کوردستان، بۆ چارەسەر کردنی زۆرێک لەکێشە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان هاووڵاتیاندا، بەتایبەتی لەناو چینی کاسبکار و جوتیارەکان، وەك کێشەکانی ڕەز و پوش و پاوان و ڕێگە و ڕێچکەی هاتووچووی مەڕ و ماڵات لەگوندەکان و...تاد، واتە هەموو ئەم کێشانە بەپێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام یاخود نەریتی کۆمەڵایەتی کۆن و ئێستای ناوچەکە یەکلایی دەکرانەوە و هەریەکەیان یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەبوو[2].

---

(١) عصمت شریف وانلی. المصدر السابق. ص٣٤٠. و د. شێرزاد زەکەریا موحەمەد. سەرچاوەی سەرەوە. لا ١٩٨.

(٢) فوئاد حەمەلاو. ئەیلوول بەناو شۆڕش، بەڵام لەناوەڕۆکدا حکومەت. پەیامی ئەیلوول.(گۆڤار). ژمارە ٢ ساڵی ٢٠٠٨. لا ١٦. و نەجمەدین یوسفی. شۆڕشا ئەیلوولێ دیتن و بوچوون، وەرگێران مووسڵ ح حەمزە، چاپ زانکۆیا دهۆك سەنتەرێ بێشکچی. بۆ ڤەکولینێت مرۆڤایەتی. ٢٠١٦. لا١٢٤

# هەندێك لەدادوەرەكانی شۆڕشی ئەیلوول

## دادوەر عومەر حەبیب عەبدوڵا (سەرۆكی دادگا):

ساڵی ١٩٢٥لە شاری كۆیە هاتووتە دنیا، ساڵی ١٩٤٨ كۆلێژی مافی زانكۆی بەغدای تەواوكردووە، ساڵی ١٩٤٦ بوویتە ئەندامی پارتی دیموكراتی كوردستان. لە سەرەتای پەنجاكان چەندجارێک لەلایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە دەستگیركراوە و چەندجارێكیش ناچاربووە خۆی بشارێتەوە ساڵی ١٩٥٧ بوویتە دادوەر لە دادگای قەزای پێنجوین، دواتر بوویتە دادوەر لەدادگاكانی سلێمانی. لەشوباتی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە كردووە و لە تەموزی هەمان ساڵ بوویتە یەكەم سەرۆكی دادگای باڵای شۆڕشی كوردستان، لە ٤/ ١٩٧٦/٩ لەتەمەنی ٥١ ساڵیدا كۆچی دوای كردووە، ئەوكات جێگری سەرۆكی دادگای گەورە (محكمە الكبری)ی هەولێر بوو

## دادوەر موحسین دزەیی (موحسین محمد امین ئاغا دزەیی)[1]:

دادوەری یەكەم بوو لەیەكەم دادگای باڵای شۆڕش، لەدایك بووی ١٩٣٢ گوندی دووگرتكانی دەشتی دزەییە، ساڵی ١٩٥٠ لەكۆلێژی یاسای زانكۆی بەغدا وەردەگیرێت و لەساڵی ١٩٥٥ ئەم كۆلێژە تەواو دەكات، لەدوای گەڕانەوەی بارزانی لەیەكێتی سۆڤیەت، موحسین دزەیی زیاتر تێكەڵی شۆڕش دەبێت و پەیوەندییەكی باشی لەگەڵ سەركردەی نەتەوەی

(١) ماڵپەری: https:\\kurdipedia.oeg و فرهاد عونی. ذاكرة الايام. سەرچاوەی پێشوو لا٤٢.

کـورد مەلامسـتەفا بـارزانی دەبێـت. لـەدوای چـوونی دزەیـی بـۆ نـاو شـۆڕش لەسـاڵی ١٩٦٣ و لـەدوای دەسـت پێکـردنی شـەڕ لەگـەڵ ڕژێمـی عێـراق، ئـەو لەقـەڵادزێ نیشـتەجێ دەبێـت و دەکرێتـە دادوەر لەنـاو شـۆڕش و لـەدادگای قـەڵادزێ دادەمەزرێـت، هـەر لەهەمـان سـاڵ دەبێتـە دادوەری یەکـەم لـەدادگای بـاڵای شـۆڕش لەمـاوەت.

لـــەدوای دامەزرانـــدنی ئەنجومـــەنی ســـەرکردایەتی شـــۆڕشی کوردســـتان دەبێتـــە ئەندامـــی ئەنجومـــەن و دەکرێتـــە ســـەرۆکی بـــەشی دادوەری لەئەنجومـــەن. لـــە ٢٩/ ٦/ ١٩٦٦ لەســـەردەمی حکومـــەتی عەبدولـــرحمان عـــارف، بـــارزانی موحســـین دزەیـــی بـــۆ وەزیـــری کاروبـــاری باکـــوور دەستنیشـــان دەکات و دەبێتـــە وەزیـــر لەحکومـــەتی عێـــراق. لـــەدوای ڕێککەوتنامـــەی ١١ی ئـــاداری ١٩٧٠ دەبێتـــە بالیـــۆزی عێـــراق لەچیکوســـلوڤاکیا و دوو ســـاڵ و نیـــو لـــەوێ دەمێنێتـــەوە و پاشـــان ئـــەرکی بالیـــۆزی عێـــراق لەکەنـــەدا پـــێ دەســـپێرێت.

ســـەرەتای مانگـــی تشرینـــی یەکەمـــی ســـاڵی ١٩٦٣ بەبڕیـــاری مەکتەبـــی سیاســـی بـــۆ یەکـــەم جـــار موحســـین دزەیـــی بـــوو بـــەدادوەر لـــەدادگای قـــەڵادزێ، بـــۆ چارەســـەر کـــردنی کێشـــەی هاولاتیـــان و ســـولح کـــە لـــەوکات زۆربـــەی کێشـــەکان کێشـــەی مولـك و زەویـوزار بـوون. لـەوکات ئـەم دادوەرە دوو کەســـی تـــری لەگەڵـــدا بـــوون، یەکەمیـــان بـــە نـــاوی مـــەلا حســـەن نووســـەری دادگا بـوو، لەگـەڵ پیاویکـیتری پیـر بەنـاوی مـام ڕەزا، ئـەم دوو کەســـە لـەلای موحســـین دزەیـی دوو پیـاوی بـاش و خۆشەویسـت بـوون.

موحسـین دزەیـی لەیادداشـتەکانیدا بەنـاوی ویسـتگەکانی ژیانـم دەڵێـت:

سەرەتا دەمویست کارەکانی دادگا ئسولی و یاسایی بن و دەمویست دادگا بە شیوەیەکی سیستماتیك و بەگوێرەی یاسای پەیڕەوکراو کاروبارەکانی بەڕێوە ببەم کە لەوکات زۆربەی کێشەکانیان لەنێوان جوتیاران و خاوەن زەوییەکان بوو، لەوکاتیش بارودۆخی شۆڕش وای دەخواست کە چاودێری لەهەردوو لایەن بکرێت بۆئەوەی لەهەموو کێشەکان یاسا بچەسپێت، ئەمەیش تاڕادەیەك زۆر سەخت بوو. دەڵیت کاتێ دەمویست بەتەواوەتی یاسا جێبەجێ بکەم، ڕووبەڕووی مولکدارەکان و سەرۆك هۆزەکان دەبوومەوە، چونکە مولکدارەکان دەیانویست حیسابێکیان بۆ بکرێت و هەڵسوکەوتی جیاوازیان لەگەڵدا بکرێت، منیش بەپێچەوانەی ئەوانەوە دەمویست یاسا بەدادپەروەری بەسەر هەردوو لایەنی ناکۆك بەبێ جیاوازی جێبەجێ بکەم و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامەی هیچ یەکێکیان و یاسا سەروەر بێت. هەروەها دەڵێت لەوکاتەی لەدادگا بووم کاری وام کرد کە یاسا هەیبەتی خۆی هەبێت و هاووڵاتیانیش هەست بەوە بکەن کە بەیاسا کێشەکانیان چارەسەر دەبێت و متمانەیان بە دادگا هەبێت[1]

بەڵام ماوەی مانەوی دادوەر موحسین دزەیی لەدادگای قەڵادزێ ماوەیەکی درێژی نەخایاند، بەڵکو تەنیا لەدوای سێ هەفتە بڕیاری مەکتەبی سیاسی هات کە بکرێتە ئەندامی دادگای باڵای شۆڕش لەماوەت، لەئەنجامدا دەرکەوت کە ئەم بڕیارەی مەکتەبی سیاسی لەسەر داواکاری سەرۆکی دادگای باڵا خوالیخوشبوو دادوەر عومەر حەبیب

(١) موحسین دزەیی ویێستگەکانی ژیانم. وەرگێڕانی ئیسماعیل بەرزنجی. بەشی دووەم. چاپی یەکەم. ٢٠٠٩. لا(٥٩- ٦٠).

عەبدوڵلا بوو، چونکە موحسین دزەیی یەکێك بوو لەو سێ مافناسە کۆنانەی کە لەمێژ بوو هاتبوونە ناو شۆڕش. هەروەها هەر لەهەمان ئەو رۆژەی کە بڕیاری مەکتەبی سیاسی هات لەهەمان رۆژدا موحسین دزەیی دادگای قەڵادزێ تەسلیم بە مافناس (بابەکر مەحمود پشدەری) کرد. کە لەم هەوڵەی مەکتەبی سیاسی دوو ئامانج پێکان یەکەمیان دادوەری دادگای قەڵادزێ لەخەڵکی ناوچەی خۆیان بوو، ئەویتریش ئەندامیکی تری مافناس بۆ دادگای باڵای شۆڕش زیاد بوو.

لە دوای شەشەم کۆنگرەی پارتی کاروبارەکانی شۆڕش بەسەر چەند بەش و نووسینگەیەکدا دابەش کران، موحسین دزەیی دەبیتە بەرپرسی بەشی دادگەری لەنووسینگەی ڕاپەراندن، بە گوێرەی بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش پێویستە هەر بەش یان نووسینگەیەك ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یان ئەندامێکی نووسینگەی ڕاپەراندن بەڕێوەی ببات، موحسین دزەیی لەیاداشتەکانی خۆیدا بەناوی (ویستگەکانی ژیانم)دا دەڵیت[1]: لەدوای کۆنگرەی شەشەم بوومە لیپرسراوی بەشی دادوەری لەنووسینگەی ڕاپەڕاندن و دەست بەکار بووم، بەگوێرەی بنەما ئسولی و یاساییەکان و بەپێی تواناو هەبوونی کادری یاسایی و نیمچە یاسایی، دادگاکانم ڕێکخستەوە، هەر بۆ ڕاستیش بارزانی باشترین پاڵپشت بوو بۆ ئەم کارە، ئەو دەیویست دادپەروەری بلاو ببێتەوە و یاسا سەروەر بێت و تاوان قەلاچوو بکرێت. هەروەها زۆر جاریش ڕۆڵی دادوەرم دەبینی بەتایبەتی لەهەندێك کێشەی تایبەتدا ئەگەر پێویستی بکردایە، بۆ بەجێهێنانی

(١) موحسین دزەیی ویێستگەکانی ژیانم. سەرچاوەی پێشوو. لا(٩٠ -٩٣).

کاری تایبـەت لەناوچـەی هەولێـر و چارەسـەر کـردنی گیروگرفتـی نێـوان کارگێــڕی و ســوپا لەلایــەك و لەنێــوان پێشــمەرگەدا ڕادەســپێردرام. عەمیـد روکـن عەبدولمنعـم مـەصرەف وەك موتەسـەریفی هەولێـر و عەمیـد روکـن کەمـال مستەفا وەك گـەورە بەرپرسـی یەکـەکانی سـوپا لەهەولێـر هەردووکیـان بـۆ چارەسـەر کـردنی کێشـەکان زۆر هاوکارییـان دەکــردم، لــەکاری توندوتیــژی و رەســمیات بــە دوور بــوون، ئــەو کاروبارانــەی بــۆ بەرژەوەنــدی هەمــوو لایــەك و دەســتەبەر کــردنی هێمنـی و ئاسـایش لەناوچەکـەدا کۆتاییـان دەهـات.

## ساڵح یوسفی:

ســاڵح یوســفی لەســاڵی ١٩١٨ لەناحیــەی بامەڕنــێ ســەربە قــەزای ئامێـدی لەدایـك بـووە. خوێنـدنی دواناوەنـدی لەسـاڵی ١٩٣٨ لـە بەغـدا تــەواو کــردووە، لەســاڵی ١٩٤٢ (دار علــوم الشــريعة) لەبەغــدا بەپلــەی نایـاب تـەواو کـردووە. دواتـر لەزانکـۆی ئەزهـەر وەرگیراوە بـۆ خوێنـدنی بڕوانامـەی بـاڵا لـەدادوەری (القضـاء )، بـەڵام لەبـەر سـەختی بـاری ژیـان تـەواوی نەکـردووە. دواتـر دەبێتـە دادنووسـی یەکـەم لـەدادگای شـاری مووســڵ.

لەسـەرەتای گەنجێتیـدا سـاڵح یوسـفی شـەیدای نووسـینی شـیعر بـوو، کـە شـیعرەکانی بـاس لەنەهامـەتی و چەوسـاندنەوەی گەلەکـەی و مافـەکانی گـەلی کـورد دەکات. سـاڵح یوسـفی کەسـێکی چـالاك بـوو لـەکاری سیاسـیدا، لەسـاڵی ١٩٣٦ ئـەو لەگـەڵ هاوڕێـکانی یەکـەم کۆمەڵـەی سیاسـی کـوردی لەبادینـان بەنـاوی (بروسـك) دامەزرانـد. لەسـاڵی ١٩٣٨ یوسـفی یەکێـك

بـوو لەدامەزرێنـەرانی حیـزبی (هیـوا) بەسـەرۆکایەتی رەفیـق حلمـی. بـەڵام زۆر بەداخـەوە لەبـەر ناکـۆکی هـەردوو باڵـی چەپـڕەو راسـتڕەو، هەروەهـا جیابوونـەوەی چەپـەکان، ئـەم حزبـە لەساڵی ١٩٤٤ هەڵوەشـایەوە. لـەدوای هەڵوەشـانەوەی حـزبی هیـوا لەپێینـاو بـەردەوام بـوونی خەبـاتی سیاسـی بـۆ خزمـەتی وڵاتەکـەی، سـاڵح یوسـفی لەگـەڵ هەڤـاڵانی کۆمەڵەیەکـیتر بەنـاوی (خورتێـن وڵاتی) دامەزرانـد. دواتـر لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٤٥ حـزبی (ڕزگاری کـورد)ی دامەزرانـد. سـاڵح یوسـفی ڕۆڵـێکی کاریگـەری هەبـوو لـە بڵاوکردنـەوەی بیری کوردایـەتی و هاوکاریکـردنی شۆڕشـی بـارزان لەسـاڵی ١٩٤٥، بەتایبـەتی هاوکاریکـردنی شـۆڕش بەچـەك. لـەم سـەردەمەدا ڕژێـم (ویسـام الرافدیـن)ی دەدا بـە ئاغـا و دەرەبەگـەکان، بـۆ ئـەوەی شۆڕشـی کـورد قەلاچـۆ بکـەن، بـەڵام سـاڵح یوسـفی شـیعرێکی چوارینـەی لـەدژی ئەمانـە نـووسي بەنـاوی (ویسـامی شـەرمەزاری).

لـە شـۆڕشی ئەیلوولـدا سـاڵح یوسـفی چـالاکی سـیاسي جـۆراو جـۆری ئەنجـام دەدات و زۆر پۆسـتی حـزبی و حکومـی وەردەگرێـت. لـە١٦ی ئـابی ١٩٤٦ یوسـفی یەکێـك بـوو لەدامەزرێنـەرانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان و بەئەندامـی لێژنـەی ناوەنـدی حـزب هەڵبژێـردرا و دواتـر بـوو بـە بەرپـرسی بادینـانی حـزب، واتـە بەرپرسـی (دهـۆك و مووسـڵ). سـاڵح یوسـفی چـالاکی جۆراوجـۆر ئەنجـام دەدات و تووشـی نەهامـەتی زۆریـش دەبێـت[1] .

(١) لەسـاڵی ١٩٤٨ یوسـفی لەلایـەن ڕژێمـی عێراقـەوە زیندانـی دەکرێـت و لـەدوای ئـازاد کـردنی نـەفی دەکرێـت بـۆ شـنگال لەسـاڵی ١٩٤٩ تـا ١٩٥٥ لەشـنگال دەمێنێتـەوە. لەسـاڵی ١٩٥٦ دەگەڕێتـەوە زاخـۆ لـەدادگای زاخـۆ بەفەرمـی دادەمەزرێـت. لـەدوای کودەتـای عەبدولکەریـم قاسـم لەساڵی ١٩٥٨ و گەڕانـەوەی بارزانی لەیەکێتی سۆڤیەت، سـاڵح یوسـفی لـە ٩ی کانـوونی دووەمـی ١٩٦٠ داواکارییـەك پێشـکەش بـە حکومـەتی

لەسـاڵانی ناوەڕاسـتی شەسـتەکاندا لـەو کاتـەی یوسـفی ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی دەبێـت، لـەکاتی دروسـتبوونی ناکـۆکی لەنێـوان باڵـی مەکتـەب سـیاسي لەگـەڵ سـەرکردایەتی، سـاڵح یوسـفي هەوڵـی زۆری

عێراق دەکات داوای وەرگرتنـی مۆڵـەتی فەرمـی حـزب دەکات کـە بەئـازادی چالاکیەکانی خـۆی لەعێـراق ئەنجـام بـدات، حکومـەت ڕەزامەنـدی لەسـەر داواکارییەکەیـدا. یوسـفی دەبێتـە بەرپرسـی لقـی یـەکی پـارتی لـە مووسـڵ. لـە ١٥/ ١٠/ ١٩٦٠ یوسـفی لـە مووسـڵ دەگیرێـت و دەیبەنـە بەغـدا، دوای ئـازاد کـردنی نـەفی دەکرێـت بـۆ ناسریـە. لەسـاڵی ١٩٦٢ ئـازاد دەکرێـت و دەبێتـە بەرپرسـی لقـی پێنجـی پـارتی لەبەغـدا. دوای مانگێـك لەئـازاد کـردنی یوسـفی جارێکـیتر فەرمـانی دەسـتگیر کـردنی دەدرێـت لەلایـەن ڕژێمـەوە، ئـەم جـارە خـۆی بەدەسـتەوە نـادات و خـۆی لەبەغـدا دەشـارێتەوە تـا سـاڵی ١٩٦٣. هەروەهـا لەسـەردەمی عەبدولسـەلام عـارف حکومـەت چەنـد ئەندامێکی شـاندی دانوسـتانکاری کـورد دەسـتگیر دەکات، سـاڵح یوسـفی یەکێـك دەبێـت لەمانـە، لەهەمـان کاتـدا ڕژێـم بەتوندتریـن شـێوە ئەشـکەنجەیان دەدات. لـەدوای ئـازاد بـوونی لەبەهـاری ١٩٦٤ جارێکـیتر دانوسـتان دەسـت پێدەکاتـەوە، بـەڵام دانوسـتانەکان سـەرکەوتوو نابێـت. ئـەم جـارە یوسـفی پەیوەنـدی بەسـەرکردایەتی شۆڕشـەوە دەکات و دەبێتـە بەرپـرسی ڕاگەیانـدن و ئیزگـەی کـوردی، خێزانەکەیشـی نـەفی دەکرێـت بـۆ شرگات. لـەدوای دەسـەڵاتی عەبدولـڕەحمان عارفیـش لەسـاڵی ١٩٦٦ دوبـارە دانوسـتاندن دەسـت پـێ دەکاتـەوە، بـەڵام ئـەم جـارە دانوسـتاندنەکان سـەرکرەوتوو دەبێـت. کەواتـە سـاڵح یوسـفی لـەدوای کۆنگـرەی شەشـەم و حەوتەمـی پـارتی هـەر بەرپـرسی ڕاگەیانـدنی پـارتی بـوو، لـە کۆنگـرەی حەوتـەم بـە ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی هەڵبژێـردرا و هـەر بەرپرسـی ڕاگەیانـدنی پـارتی و ئیزگـەی کـوردی لەبەغـدا بـوو. لەسـاڵی ١٩٦٦-١٩٦٧ کـە مۆڵـەت بـە ڕۆژنامـەی (التاخـی)درا لەبەغـدا ئـەو دەبێتـە سـەرۆکی دەرکـردنی ڕۆژنامـەی برایـەتی (رئیـس تحریـر جریـده التأخـی). لـەم قوناغـەدا ڕۆژنامـەی برایـەتی لەنـاو هەمـوو گـەلانی عێراقـدا دەنـگ دەداتـەوە. هەروەهـا لەگـەڵ ئەمـەش بـە نهێنـی سەرپەرشـتی ڕێکخسـتنەکانی پارتیـش دەکـرد لەبەغـدا. بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٦٨ کاتـێ شـەڕِ لەگـەڵ شـۆڕش دەسـتی پێکـرد و بەعسـیەکان کودەتایـان بەسـەر عەبدولـڕەحمان عـارف کـرد، سـاڵح یوسـفی بەغـدای بەجـێ هێشـت و هاتـەوە سـەرکردایەتی.

[٢] - محمەدی مەلا قادر. سەربوردەی نەمران. چاپی یەکەم. ٢٠١٤. هەولێر. لا(٢٦٩-٢٧٠).

ناوەنــدگیری دەدات کــە ناکــۆکی لەنــاو حزبــدا دروســت نەبێــت، بــەڵام بەداخــەوە دواتــر کار لــەکار تــرازا و هەوڵــەکان ســەرنەگرت

لــە دانوســتاندنەکانی ڕێکەوتنامــەی ١١ی ئــاداری ١٩٧٠، ســاڵح یوســفی ســەرۆکی شــاندی دانوســتانکار دەبێــت و ســەرکەوتن بەدەســت دەهێنێــت. لەمــاوەی چــوار ســاڵی ئاگربەســتی ١٩٧٠ تــا ١٩٧٤ ســاڵح یوســفی وەزیــری دەوڵــەت دەبێــت لەبەغــدا و چەندیــن جاریــش دەبێتــە جێگــری وەزیــر لەهەندێــك لەوەزارەتەکانــیتری عێــراق.

ســاڵح یوســفی ســەرۆکایەتی دانوســتاندنەکانی ســاڵی ١٩٧٤ کــرد و هەمــوو هەوڵــی خۆیــدا بۆسەرخســتنی دانوســتانەکان لەپێنــاو ئاشــتەوایي نیشــتمانی، بــەڵام بەداخــەوە دانوســتانەکان ســەرکەوتوو نەبــوون و لەســەرەتای نیســانی ١٩٧٤ شــەڕ دەســتی پێکــردەوە. دواتــر پەیوەنــدی بــە شۆڕشــەوە کــرد، یوســفی بەرپرســیاریەتی زۆر لەشۆڕشــدا وەردەگرێــت. لەوانــە پۆســتی ئەمینــداری گشــتی عــەدل و ئەوقــاف، بــۆ بەڕێوەبــردنی ناوچــە ئــازاد کــراوەکانی کوردســتانی باشــوور و ســەرۆکایەتی یەکێتــی ئەدیــب و نووســەرانی کــورد لەســاڵی (١٩٧١-١٩٧٤)[١]. لەهەمــان کاتــدا ئەندامــی

(١) **مامۆســتا مســتەفا ســاڵح دەڵێــت:** لەســەرەتای پەیوەندیکــردنی زۆر لەئەدیــب و نووســەران بــە شــۆڕشی ئەیلولــەوە کۆبوونەوەیەکــی فراوانیــان لەکــۆشکی ئاشــتی لەچۆمــان بەسەرۆکایەتی ساڵح یوسفی ئەنجامدا، لـەم کۆبوونەوەیـەدا بڕیاریـدا دەبێت یەکێتـي ئەدیـب و نووسـەرانی کـورد لەنـاو شـۆڕش لـەکارو چالاکییـە ڕۆشـنبیرییەکانیان بـەردەوام بێـت. ئەندامـانی کارگێـري کـە لەکۆنگـرەی چـوارەم هەڵبژێردرابوون، لەشـوێنی خۆیـان بـەردەوام دەبـن و کەلێنـی ئـەو چالاکـوان و ڕۆشـنبیرانەی نەیـان توانیـوە پەیوەنـدی بەشۆڕشـەوە بکـەن، بەکەسـانی بەتوانـا و ڕۆشـنبیر پڕبکەنـەوە. هەروەهـا لـەم کۆنگرەیـەدا بڕیاریانـدا یاداشـتنامەیەك بـۆ هەمـوو ئـەو نووسـەر و چالاکوانـە

مەکتـەب سـیاسي پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـوو. هەروەهـا دەبێتـە جێگـری سـەرۆکی کۆمەڵـەی دۆسـتایەتی و هـاوکاری (عێـراق و سـۆڤیەت). لەسـاڵی ١٩٧٠ بەنوێنەرایـەتی بـارزانی و شۆڕشـی ئەیلـوول لەگـەڵ شـاندی عێراقـی بەشـداری لـە ڕێوڕەسـمی بەخـاك سـپاردنی جەمـال عەبدولنـاسر دەکات لەمیسـر. لـەدوای نسـکۆی ١٩٧٥ سـاڵح یوسـفی لـە عێـراق دەمێنێتـەوە. بـەڵام زۆر بەداخـەوە لـە ٢٥ی حوزەیـرانی ١٩٨١ لەلایـەن ڕژێمـی بەعـس بەنـاردنی نامەیـەکی بۆمبرێژکـراوەوە شـەهید دەکرێـت

---

عەرەبانـەش بنێـرن، ئەوانـەی هەوڵـی بەسـەر خسـتنی کێشـەی گـەلی کوردیـان دەدا و بەرگرییـان لەمافـەکانی کـورد دەکـرد، کـە زۆرێـك لـەم کەسایەتییانە لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە شـەهید کـران.

لەلایەکـیترەوە دەسـتەی کارگێـری ئەدیـب و نووسـەران بڕیاریانـدا بەشـێك بۆیـان لەبـارەگای ئەمینداریێتـی گشـتی عـەدل و ئەوقـاف بکەنـەوە، لەگونـدی بابەکـراوەی سـەربە قـەزای چۆمـان، کـە لـەو کات سـاڵح یوسـفی ئەمنیـداری گشـتي بـوو

هەروەهـا بڕیاریانـدا هەریـەك لەشـاعیر ئەحمـەد هـەردی و ئەدیـب سـەعید نـاکام و ڕۆماننـووس حسـێن عـارف هەمـوو کارەکانی خۆیـان تەرخـان بکـەن بـۆ کاروبـارەکانی یەکێتـی نووسـەران و لەبـارەگا بمێننـەوە. لـەم سـاڵەدا یەکێتـی نووسـەران چەندیـن چـالاکی ئـەدەبي و ڕوشـنبیری جۆراوجۆریـان ئەنجامـدا و لەهەمـان کاتـدا ژمـارە ١٢ی گۆظـاری (نووسـەري کورد)یان لەناو شـۆڕش دەرکرد. هەروەها زۆر یاداشـتیان پێشـکەش بەیەکێتـی نووسـەر و ڕوشـنبیران لـەدەرەوەی ولآت کـرا، باسـیان لەنەهامەتییـەکانی گەلی کوردیـان کـرد، لەقەلاچۆکـردنی گەلەکەمـان. هەروەهـا لەلایەکـیترەوە زۆر وتـاری سـیاسي و بیرەوەري بـۆ ئیزگـەی دەنگـی کوردسـتانیان دەنـووسي و بەرنامەیـەکی هەفتانـەی ئـەدەبي بەنـاوی (ئەدەبـی شۆڕشـگێری)یان پێشـکەش دەکـرد و یاداشـتێکی ئیمـزا کراویـان دەخوێنـدەوە کـە لەلایـەن ئەدیـب و نووسـەرانەوە پێشـکەش دەکـرد بەنـاوی (ئێـوە لەگـەڵ کێـن ئـەی بەرێـزان - مـع مـن انتـم ایهـا السـادە..؟!)

## دادوەر ڕۆبیتان ئەمین عەلی جاف:

ئەندامـی دووەمـی دادگای بـاڵای شـۆڕش، لەدایـك بـووی ١٩٢٧ شـاری کفـری و لەهـۆزی جافـە، دەرچـووی کۆلێـژی مافـە لەزانکـۆی بەغـدا لـە سـاڵی ١٩٥١، کاری دادوەری لەشـارە جیـاوازەکانی عێراقـی کـردووە، لەسـاڵی ١٩٦٣ پەیوەنـدی بــە شــۆڕشی کوردســتانەوە کــردووە و لەســاڵی ١٩٧٦، بوویتـە ئەمینـداری گشـتی بەڕێوەبـردنی کاروبـاری کۆمەلایـەتی

## حسەن سەید ئەحمەد:

ئەندامـی سـێیەمی کارگێـڕی دادگای بـاڵای شـۆڕش بـوو، پێـشتر لـەدادگا و فەرمانگــەکانی تەســویەی زەویــوزار و یــەکلای کردنــەوەی کێشــەکان کاری کردبــوو، پاشــان لەســلێمانی گواسترایــەوە هەولێــر و دواتریــش بــوو بەئەندامـی دادگای بـاڵای شـۆڕش[1]. لەدایـك بـووی سـاڵی ١٩٢٢ لەشـاری سـلێمانی، خوێنـدنی سـەرەتایی و ئامادەیـی لەشـاری خـۆی تـەواو کـردووە، بەفەرمانبـەر لـەدادگای ئاشـتبوونەوە (محکمـە الصلـح) دامـەزراوە، پاشـان بوویتــە ســکرتێری ئەنجومــەنی بەڕێوەبــردنی کارگــەی جگــەرەی ســلێمانی، دواتـر بوویتـە جێگـری بەڕێوەبـەر لەهەمـان کارگـە، سـاڵی ١٩٤٨ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی پارتییـەوە کـردووە و لەسـاڵی ١٩٦٣ چوویتـە نـاو شـۆڕش. لــەدوای ڕاپەڕیــن بوویتــە نوێنــەری پــارتی لەلێژنــەی ســلێمانی بــەرەی کوردســتانی، دواتــر بوویتــە بەڕێوەبــەری گشــتی لــەوەزارەتی پیشەســازی حکومـەتی هەرێـم، دوا پۆسـت کـە وەری گرتـووە ڕاوێـژکاری وەزارەتی دارایی هەرێـم بـوو و لەبـەرواری ٢٢/ ١٢/ ١٩٩٦ کۆچـی دوای کـردووە.

(١) موحسین دزەیی. وێستگەکانی ژیانم. سەرچاوەی پێشوو. ل٦٤.

## مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی[١]:

مێژوونـووس و وەرگێـر و نووسـەر و لێکۆڵـەر و ڕۆژنامـەوان و ئیمامـی مزگـەوت بـووە. مـەلا جەمیـل کـوڕی مـەلا ئەحمـەدی ڕۆژبەیانییـە لەساڵی ١٩١٣ لەگونـدی فورقـان لەناوچـەی قەرەحەسـەن سـەربە شـاری کەرکـووک لەدایـك بــووە. دەرچــووی هیــچ زانکــۆ و ئەکادیمیایــەك نەبــوو تەنهــا ئیجـازەی مەلایـەتی لـە قوتابخانـەی بـاوکی وەرگرتـووە کـە بـاوکی یەکێـك بـووە لەزانـا ئایینیـە بەناوبانگـەکانی شـاری کەرکـووک. مـەلا جەمیـل زۆر بەباشـی شـارەزای زمانـەکانی فارسـی و عەرەبـی و تـورکی بـوو

مـەلا جەمیـل لەسـاڵی ١٩٤٨ بـە هـۆی بەشـداریکردنی لەڕاپەڕینـە فراوانەکـەی عێـراق دەخرێتە زیندانـەوە. هەژار موکریانی لەچێشـتی مجێوردا دەڵێـت: لەسـەردەمی هیتلەر لەعێـراق هەزاران کەس لەسـەر نازییەت خرانە زیندانـەوە، یەکێـك لەوانـە مـەلا جەمیـل ڕۆژبەیـانی سـاڵێك لەعەمارە لەسـەر نازیـەت زیندانیکـرا. لەمـاوەی ئـەم سـاڵەدا تـوانی لەزینداندا شـەڕەفنامەی بەتلیسی وەرگێڕێتـە سـەر زمـانی عەرەبـی. هەروەهـا لەسـەرچاوەیەکیتردا هاتـووە: مـەلا جەمیـل لەسـاڵی ١٩٤١ تـا ١٩٤٤ لەبەندیخانـەی عەمـارە دەمێنێتـەوە و توانیویـەتی لـەم ماوەیـەدا شـەرەفنامەی بەتلیسـی و دوازدە سـواری مەریـوان و تاریخـی سـلێمانی وڵاتی ئەمیـن زەکی بەگ وەرگێڕێتە سـەر زمـانی عەرەبـی[٢]

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لەگەڵ زۆربەی حزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی ئەم

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بگەڕێـوە ئـەم دوو لینکـە: detail, httpsi\\www.peyserpress. com وە https:\\www.khaktv.net

(٢) https:\\www.khaktv.net

سەردەمەدا پەیوەندی و دۆستایەتی هەبوو. هەژار موکریانی لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێت مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیم لەماڵی مەلا مستەفا بارزانی لەبەغدا بینی. هەروەها دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت شانازی بەو ڕۆژەوە دەکەم کە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی منی بردە خزمەت ئیحسان نوری پاشا.

مەلا جەمیل لەساڵی ١٩٤٨ بابەتێك لەگۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا سەبارەت بەنەورۆز بڵاو دەکاتەوە، لەژێر ناونیشانی ( عید نوروز لایتنافی الدین الاسلامی) ئەم وتارە لەوەڵامی ژمارەیەك لەو شێخ و مەلایانەی بڵاو کردەوە کە دژایەتی نەورۆز دەکەن و نەورۆز بەلادان لەئاینی پیرۆزی ئیسلام ناودەبەن، بەڵام لەسەر داوای ئەم شێخ و مەلایانە ڕژێمی عێراق مەلا جەمیل نەفی دەکات بۆ پارێزگای ناسریە.

مەلا جەمیل لەسەرەتای پەنجاکاندا کتێبی (مێژووی سوفیگەرێتی لەکوردستان) دەنووسێت و زۆر بەشی ئەم کتێبە لەڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاو دەکاتەوە، بەڵام دەڵێت موتەسەریفی سلێمانی لەسەر داوای چەند کەسێك بڵاو کردنەوەی ئەم کتێبەی قەدەغە کرد.

لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٤ و ١٩٥٥ وەڵامی (جەلال بایراك)ی سەرۆك کۆماری تورکیا دەداتەوە، سەرۆك کۆماری تورکیا لەگەشتێکیدا لەئەمریکا دەڵێت: (لە تورکیا هیچ شتێك نییە بەناوی کورد، ئەوەی هەیە تەنیا هەندێك تورکی شاخاوی هەن بە کورد ناودەبرێن). مەلا جەمیل لەڕۆژنامەی (الاهالی) وتارێک لەسەر بەتورك کردنی کورد دەنووسێت و بڵاو دەکاتەوە بەناونیشانی (التتریك لایزید الشعب الکردی إلا تمسکا بقومیتە و ثورە علی المستعمر)، واتە: (بەتورك کردن هیچ لە کورد ناکات، تەنیا وادەکات کە کورد زیاتر دەست بە نەتەوەکەیەوە بگرێت

و شـــۆڕش لـــەدژی داگیرکـــەر بـــکات). وەزارەتی دەرەوەی تورکیـــا لەڕێـــی ســـەفارەتی تورکیـــا لەبەغـــدا مەســـەلەکە دەوروژێنێـــت و کێشـــەکە دەگاتـــە وەزارەتی ناوخـــۆی عێـــراق، لەئەنجامـــدا دەســـتەی ڕۆژنامەکـــە دەدرێتـــە دادگا و ڕۆژنامەکـــە لەلایـــەن حکومـــەتی عێراقـــەوە دادەخرێـــت

لـــە دوای کودەتـــای ١٤ی تەمـــوزی ١٩٥٨ مـــەلا جەمیـــل ڕۆژبەیـــانی لەگـــەڵ شـــاندێك دەچێتـــە لای ســـەرۆکی یەکێتـــی ســـۆڤیەتی جـــاران و داوای مـــافی گـــەلی کـــورد دەکات. ئـــەم بەڕێزانـــەش لەگـــەڵ شـــاندەکەدا بـــوون: ( گـــۆرانی شـــاعیر. لەتیـــف حەفیـــد زادە. لـــوقمان بـــارزانی. کاکـــە زیـــاد)، مـــەلا جەمیـــل لەبـــارەی چارەنـــووسی گـــەلی کـــورد داوای هـــاوکاری لەگۆرباچـــۆف دەکات، بەتایبـــەتی لـــەو وڵاتانـــەی قســـە کـــردن بـــە زمـــانی کـــوردی قەدەغەیـــە. گفتوگـــۆ لەنێوانیـــان دروســـت دەبێـــت. لەبـــەر ئـــەوەی پێـــشتر ســـەرۆکی شـــاند پێیـــان ڕاگەیاندبـــوو کـــە دەبێـــت تەنهـــا هەندێـــك پرســـیاری دیاریکـــراو بکـــەن، بـــەڵام مـــەلا جەمیـــل هەلەکـــەی قوســـتبووە، بۆیـــە ئـــەم هەڵوێســـتەی مـــەلا جەمیـــل شـــوعیەکانی تـــوڕە کـــرد.

لـــە ســـاڵی ١٩٥٩ کاتـــێ مەلاجەمیـــل لەکەرکـــووک ئیمامـــی مزگـــەوتی (نائیـــب) دەبێـــت، لەوتـــارەکانی ڕۆژانی هەینـــی باســـی مافی کـــورد و مەزلومیەتی گـــەلی کـــورد دەکات و مامۆســـتایەکی حەقبێـــژ دەبێـــت. جارێکیـــان وتارێـــك لەڕۆژنامـــەی (صـــوت الاحـــرار) لەبەغـــدا بڵاودەکاتـــەوە، لەوتارەکەیـــدا ڕەخنـــە لەعەبدولکەریـــم قاســـم دەگرێـــت و دەڵێـــت: (ســـیدی الزعیـــم لَقَـــد حَسَـــبْتُكَ ســـاهِرًا، فَنمـــتْ) واتـــە: جەنابی زەعیـــم وامـــان زانی بەئاگای کەچی نوســـتوویت. دواتـــر بەهـــۆی ئـــەم وتـــارەوە ڕۆژنامەکـــە دادەخرێـــت و بەڕێوەربـــەری ڕۆژنامەکـــەش دەگیرێـــت و بـــە فەرمـــانی زەعیـــم، مەلاجەمیـــل لەســـەر ئـــەم

وتـارە دەسـتگیر دەکرێـت و لەئیمامـەتی مزگـەوت دوور دەخرێتـەوە و نـەفی دەکرێـت بـۆ ناسریـە، بـۆ مـاوەی ١٥ مانـگ.

لـە سـاڵی ١٩٦١ لـەدوای هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئەیلـوول مـەلا جەمیـل لەچەمـێ ڕێـزان پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە دەکات و لەگـەڵ پێشـمەرگەکان دەمێنێتـەوە تـا لەسـاڵی ١٩٦٣ دەبێتـە ئەندامـی دەسـتەی دادگای بـاڵای شـۆڕش لەمـاوەت، دەبێتـە دادوەر بـۆ کاروبـاری شـەرعی (١).

سـاڵی ١٩٦٤ لـەکاتی دروسـتبوونی ناکـۆکی لەنێـوان سـەرکردایەتی پارتـی، ئـەو لەگـەڵ گرووپـی مەکتەبـی سیاسـی دەچێتـە هەمـەدان و دواتریـش دەچێتـە تـاران تـا سـاڵی ١٩٧٩ لەتـاران دەمێنێتـەوە، لەڕادیـۆی کـوردی تـاران وەك بێـژەر و نووسـەر و وەرگێـر کار دەکات.

لــە دوای ســەرکەوتنی شــۆڕشی ئێــران و لــەدوای فەتــوای ئــیمام خومەینـی بـۆ هێـرش کردنـە سـەر کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات، مـەلا جەمیـل وتارێکــی تونــد لــەدژی ئــیمام خومەینــی دەنووســێت، لەئەنجامــدا دەســتگیر دەکرێــت بۆئــەوەی دادگایــی بکرێــت، لــەڕووداوێکی ســەیردا هەڵدێــت و دەچێتــە باڵیۆزخانــەی عێــراق لەتــاران، دواتــر باڵیۆزخانــە هەمــوو ئامادەکارییــەکانی پاســپۆرت و ڕێکارەکانــیتر دەگرێتەبــەر و دەگەڕێتــەوە بەغــدا.

لــەدوای گەڕانــەوەی لەســاڵی ١٩٧٩ بــۆ بەغــدا، دەبێتــە ئەندامــی کارای کـۆڕی زانیـاری کـورد، چەندیـن لێکۆڵینـەوەی زانسـتی و مێـژووی و ئەدەبـی بڵاودەکاتـەوە و پەیوەندییـەکی پتـەوی لەگـەڵ مێژوونووسـانی

---

(١) کەریم شارەزا. ڕۆژنامەی خەبات. (وتار). ژمارە(٢٠٩٣). ئادار ٢٠٠٦. لا١١.

کــورد و عــەرەب هەبــوو.

لەبــەر کارامەیــی و لێهاتــووی و هەڵوێســتی کوردایــەتی لەدرەنگانــێکی شــەوی ٢٦/ ٣/ ٢٠٠١ لەماڵەکــەی خــۆی لەبەغــدا بــە شــێوەیەکی دڕندانــە تیــرۆر دەکرێــت، ڕۆژێــك پێــش تیــرۆر کــردنی لەماڵــی فوئــاد عــارف بــووە و گوتوویــەتی دوێنــێ گورگــەکان هاتــن لێکوڵینەوەیــان لەگــەڵ کــرد، دەزانــم بەیانیــش دێنــەوە، مەبەســتی ئەمنــی ڕژێــم بــوو، لەئەنجامــدا تابەیــانی تیــرۆر کــرا.

## کەمال ئەحمەد بەرقی:

لەدایکبــووی ســاڵی ١٩٣٠ شــاری ســلێمانی بــوو، خوێنــدنی ســەرەتایی و ئامادەیــی لەشــاری خــۆی تــەواو کــردووە، لەکۆلێــژی پۆلیــس لەزانکــۆی بەغــدا وەرگیــراوە، لەســاڵی ١٩٥٧ بەپلــەی مولازمــی دووەم دەرچــوو. دواتــر لــەزۆر لەدامــودەزگاکانی میــری لەبەغــدا دەســت بــەکار دەبێــت و لەســاڵی ١٩٦٣ لەگــەڵ کۆمەڵێــك ئەفســەریتر لــە کار دەردەکرێــن، بۆیــە دەگەڕێتــەوە هەولێــر و دواتــر بــۆ سلێمانی لەساڵی ١٩٦٣ لەگــەڵ کۆمەڵــێکی زۆری کەســوکار و نزیکــەکانی چوونــە نــاو شــۆڕشی کوردســتان. شــەوکەت ئیسماعیــل حەســەن لەکتێبەکــەی خۆیــدا باســی کەمــال ئەحمــەد بەرقــی دەکات و دەڵێــت: حەفتــەی یــەك جــار واتــە لــەڕۆژانی پێنجشــەم وانــەی بێتەلــی پــێ دەگووتیــن و لەهەمــان کاتــدا فێــری هاژووتنــی ئوتومبێلیشــی دەکردیــن، دەڵێــت ئــەو زۆر بــە پرۆفیشــناڵانە ئــەم دوو مــادەی دەگوتــەوە[١]

---

(١) شــەوکەت مــەلا ئیسماعیــل حەســەن. نووســین و شــیکردنەوەی جفــرە. چاپــی یەکــەم. ٢٠٢٠. لا ١١٠.

لـە کاتی دامەزرانـدنی دادگای بـاڵای شـۆڕش دەبێتـە لێکۆڵـەری دادی لـەم دادگایـە و لێکوڵینـەوەی لەگـەڵ هەمـوو جـۆرە تۆمەتبارێـك کـردووە لەهـەر کێشـەیەك کە پێشـکەش بـەم دادگایە دەکـرا، گەنجێکی ورەبـەرز و بەهیمەت بـوو، بەشـەو و ڕۆژ کارەکانی خـۆی ئەنجـام دەدا. شـەوکەت مـەلا ئیسماعیـل دەڵێـت: لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٦٧ بـۆ مـاوەی حـەوت مانـگ بەڕێوەبـەری دەزگای موخابـەرەی گشـتی شـۆڕش بـوو. لەبـەرواری ١١/ ١٠/ ١٩٦٧ بە هۆی ڕووداوی ئوتومبێـل لەڕێـگای نێـوان کەرکووک و سـلێمانی کۆچـی دوای کرد[1].

## تاهیر ساڵح فەتاح:

لەدایکبووی سـاڵی ١٩٢٨ بوو لە شـاری سـلێمانی، گەنجێکی زۆر لەسـەرخۆ و هێمـن بـوو، ئـەو ئەفسـەری پۆلیـس بـوو بەپلـەی مولازمـی یەکـەم، باسـی هیـچ شـتێك لـەدەرەوەی ئەرکی خـۆی نەدەکرد، هەمیشـە رادیۆیـەکی پێ بوو، گـوێ لەدەنگوبـاس دەگـرت، لەسـاڵی ١٩٦٣ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە کـرد، بەرەبەیـانی ٩/ ٦/ ١٩٦٩ لەپێـش دەرگای ماڵـی خـۆی بـە نـاڕەوا تیـرۆر کـرا.

## هەردوو نووسەری دادگا:

### ١. سەباح جەلال غەریب:

لەدایکبـووی ١٩٤٤ سـلێمانی، هێشـتا منـداڵ بـوو کـە لەکۆتایـی پەنجاکان پەیوەندی بە ڕێکخسـتنەکانی پارتییەوە کرد و لەسـاڵی ١٩٦٣ هاتە ناو شـۆڕش، لـەدوای کارەسـاتی ٩ی حوزەیرانی شـاری سـلێمانی، هەمان سـاڵ قوتـابی کۆلێژی ئەندازیـاری بـوو، بـەڵام بەجێی هێشـت و دواتـر لەکۆلێژی پۆلیـس وەرگیرا و

(١) فرهاد عونی. ذاکرة الایام. سەرچاوەی پێشوو. ل٤٣.

بووبـە مولازمـی پۆلیـس، لەسـاڵی ١٩٧٥ خانەنشـین کـرا و گواسترایـەوە سـەر میلاکی شارسـتانی.

٢. **فەرهاد عەونی:**

لەدایکبووی ١٩٤٦ شاری کۆیە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەم شارە تەواو کردووە دەرچووی کۆلێژی ئابووری و زانستی سیاسییە لەبەشی ئابووری زانکۆی بەغدا لەساڵی ١٩٧٠، کاتێ کە چووە ناو شۆڕش قوتابی پۆلی چوارەمی ئامادەیی بوو، بوو بەنووسەر لەدادگای باڵای شۆڕش.

## هەردوو پاسەوانی دادگا:

١. **بەکر حاج فەرەج:** لەدایکبووی ١٩٣٦ سلێمانی.

٢. **لوتفـــی مەحمـــود موحەمـــەد:** لەدایکبـــووی ١٩٣٥، بـــرای شـــەهید محەمـــەد مەحمـــود قودســـی، لـــە ١٤/ ١١/ ١٩٦٩ بەنـــاڕەوا لەشـــاری ســـلێمانی تیـــرۆر کـــرا.

## دادوەر سەگڤان هروری (سەرۆکی دادگای باتیفا لە ١٩٧٤):

ناوی تەواوی (سەعید محمەد سدیق هروری)یە[١] لەساڵی ١٩٤٣ لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر و ئایین پەروەر لەگوندی (هرورێ)ی ناوچەی بەرواری باڵا لەدایك بووە، ناسراوە بە (سەگڤان هروری). هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە(هرور، ئامێدی، دهۆك، دیوانیە، تا لەساڵی ١٩٦٩ کۆلێژی مافی لەزانکۆی بەغدا تەواو کردووە). لەکاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لەگوندی

(١) بـۆ وەرگرتنـی ئـەم زانیارییانـە چاوپێکەوتنـم لەگـەڵ بەرێـز دادوەر سـەگڤان هروری کـرد، لـە ماڵـی خـۆی لەشـاری دهـۆك، لەبـەرواری ٢٨/ ٩/ ٢٠٢٢

هرور قوتابی بوو، باوکیشی مامۆستا بوو، لەساڵی ١٩٦٢ باوکی نەفی دەکرێت بۆ قەزای (علی غربی) لەپارێزگای عمارە، دواتر بەلێبوردنی گشی دەگەڕێتەوە ناحیەی (مانگێشك) لەدهۆك، لەدوای دوو مانگ جارێکیتر نەفی دەکرێت بۆ دیوانییە، دواتر سەگڤان هروری بەخێزانەوە ناچار بوون بچنە دیوانییە.

لـەدوای تەواکـردنی کۆلێـژی مـاف، بـۆ مـاوەی ٢٢ سـاڵ دەبێتـە فەرمانبەر لەدائیـرەی تاپـۆ بـۆ تۆمارکـردنی خانووبـەرە لەدهـۆك، لـەم ماوەیـەدا ١٥ سـاڵ بەڕێوەبـەری تاپـۆ دەبێـت. لەسـاڵی ١٩٧٣ تێبینـەری دائیـرەی تاپـۆ دەبێـت لەئامێـدی. لەکۆتایـی مانگـی ئـاداری ١٩٧٤ کاتـێ شـەڕ لەنێـوان شـۆڕش و ڕژێمـی عێـراق دەسـت پێـدەکات، پەیونـدی بـە شۆڕشـەوە دەکات، لەبـارەگای لقـی یـەك لەسەرسـنگ. دواتـر یەکێـك لەهاوڕێیـانی بـە نـاوی زوهێـر یەحیـا شـنگاری دەستنیشـان دەکرێـت وەك دادوەر لە(باتیفـا) لەقـەزای زاخـۆ، بـەڵام دواتـر پەیوەنـدی بەڕژێمـەوە دەکات و شـوێنی ئـەو بەتـاڵ دەبێـت. بۆیـە لەسـەر داوای لقـی یـەك و بەفەرمـانی مەکتـەب سیاسـی سـەگڤان دەبێتـە دادوەر لە(باتیفـا)، ئـەوکات بـارەگای قایمقامـی زاخـۆش هـەر لەباتیفـا بـوو

لـەدوای دەسـتبەکار بـوونی وەك دادوەر سـتافێکی دادوەرییـان پێکهێنـا کـە خـۆی سـەرۆکی دادگا بـوو بـە ئەندامێتـی دوو دادوەریتر کـە هەردوکیـان قـازی شـەرعی بـوون بـە نـاوەکانی (مـەلا نورەدیـن سـندی) و (مـەلا عەبـدوڵا) کـە بـە ئەسـل خەڵکـی ڕۆژئـاوا بـوو، هەمـوو سـتافی دادگای باتیفـا پێکهاتبـوون لـە١٥ فەرمانبـەر و پاسـەوان

حاکـم سـەگڤان دەڵێـت: ڕەحمـەتی شـەهید عیسـا سـوار کـە ئـەوکات فەرماندەی هێـزی زاخـۆ بـوو سـەردانی کردیـن و گـوتی: مـن بـە

هیــچ شــێوەیەك دەســتوەردان لەكاروبــاری دادگاكان و دادوەری وەرنــادەم و تەنانــەت جارێكیــش هیــچ نامەیەكــت بــۆ نانێــرم، ئێــوە كاری خۆتــان بەدادپــەروەری بكــەن و مــن بەهەمــوو شــێوەیەك پشــتیوانتان دەبــم. لەبەرامبــەر ئەمــە منیــش بەڵێنمــدا بەپێــی یاســا بەدادپــەروەری كارەكانــم بەڕێوەببــەم. دەڵێــت مــن بــۆ مــاوەی ســاڵێك لەســەر كاری خــۆم بــەردەوام بــووم و زۆر كێشــەی جۆراوجــۆری هاووڵاتیانمــان بەپێــی یاســا چارەســەر دەكــرد كــە بــە زۆری كێشــەكانی ئــەوكات كێشــەی شارســتانی (مــدنی) بــوون كێشــەی موڵــك و زەویــوزار و ڕێگاوبــان و...تــاد. كــە ئــەوكات هەمــووی یاســاكانی عێــراقمان لــەدادگاكانی شۆڕشــدا جێبەجــێ دەكــرد، بــە شــێوەیەك شــۆڕشی كوردســتان ئەلتەرناتیڤــی حكومــەتی عێــراق بێــت كــە ئــەوكات پێــی دەگوتــرا (قانــون البغــدادی). هەروەهــا دەڵێــت: جارێكیــان كێشــەیەك لەنێــوان دوو لایــەنی بــەرواری و ســندیان هەبــوو كێشــەی بازرگانــی بــوو، دەڵێــت ئێمــە شــەو تابەیــانی خەریــك بوویــن، لەئەنجامــدا توانــیمان بــە ســولح هــەردوو لایــەن ڕازی بكەیــن و زۆر بەســەركەوتووی چارەســەرمان كــرد.

دواتــر لــەدوای نسـكۆی ١٩٧٥ هاوشــێوەی خەڵكانیــتر گــەڕاوە نــاو ڕژێــم. لەیەكــەم خــولی پەرلەمــانی كوردســتان بووبــە ئەندامــی پەرلەمــانی كوردســتان بــۆ مــاوەی ١٣ ســاڵ ئەندامــی پەرلەمــان بــوو. ئێســتاش لەژیانــدا مــاوە لەدهــۆك نیشــتەجێیە.

دادوەر ســەگڤان دەڵێــت: ئــەوكات دادگای باڵا(محكمە الكبری) لەسـێلاف هەبــوو بــە ســەرۆكایەتی دادوەر جــەلال ئەمیــن شــنگاری و مــن و دادوەر مەحمــود كــە خەڵكی ئێســفنێ بــوو ئەندامانی ئــەم دادگایە بوویــن، لەهەمان

کاتـدا هەرسـێکمان دەرچـووی یاسـا بووین.

دادوەر سـەگڤان دەڵێـت: جارێکیـان ئەسـعەد خۆشـەڤی بانگـی کـردم و گــوتی کێشــەیەکی گــەورە هەیــە کــە چەنــد کەســێك هەوڵــی تیــرۆر کـردنی فەرمانـدە عیسـا سـوار فەرمانـدەی هێـزی ناوچـەی زاخۆیـان دابـوو و پلانەکەیـان پوچـەڵ کرابـووە و دەسـتگیر کرابـوون کـە خەڵکـی ناوچـەی سـلێڤانا بـوون، لەئەنجامــی لێکۆڵینــەوەدا دانیــان بــە تاوانەکەیانــدا هێنـا و تەنانـەت دانیـان بـەوەش دانـا کـە لەپێـشتر دوو پێشـمەرگەی تریشـی کوشـتووە. دەڵێـت: ئێمـەش دادگایـەکی سـەربازیمان پێکهێنـا بـە سـەرۆکایەتی مـن و ئەندامـێکی لقـی یـەکی پـارتی و ئەندامـێکی حکومـەتی خۆجێیـی، لـەدوای پێکهێنـانی ئـەم دادگایـەی سـەربازی لەبـارەگای لقـی یـەکی پـارتی لەسەرسـنگ کـە ئـەوکات نەجمەدیـن یوسـفی بەرپرسـی لـق بـوو. ئێمـەش بـە پێـی یاسـا دادگایـیمان کـرد و بڕیـاری کۆتایـیمان لەسـەر کەیسـەکەدا، دواتـر دانەیـەك لەبڕیارەکەمـان نـارد بـۆ ئەسـعەد خۆشـەڤی بـۆ جێبەجـێ کـردنی بڕیـاری دادگا کـە ئەسـعەد خۆشـەوی فەرمانـدەی لەشـکری یـەکی کوردسـتان بـوو لەهەمـوو ناوچـەکانی بادینـان، ئـەم لەشـکرە لەچەنـد هێزێـك پێکدەهـات.

## دادوەر جەلال شنگاری:

ناوی تەواوی (جەلال ئەمین عەبدولرحمان)[1]ە، بەحاکم جەلال ناسراوە، لەساڵی ١٩٣٨ لەشەنگار لەدایك بووە، خێزانەکەیان سەرۆکی هۆزی (الدقوریە)

(١) بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتـە لەبـەرواری ٢٠٢٢/١٢/٢٩ ڕاسـتەوخۆ ئـەم زانیارییانـەم لـە ئەمیـن جـەلال شـەنگاری وەرگرتـووە

یە لەساڵی ١٩٤٥ چویتە قوتابخانەی (الراهبات) لە شەنگار لەساڵی ١٩٥٨ خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە. دوو ساڵ لەکۆلێژی ئەندازیاری تەلارسازی لە زانکۆی بەغدا خوێندووە، دواتر بەفەرمانی باوکی کۆلێژی ئەندازیاری بەجێ هێشتووە و کۆلێژی مافی تەواو کردووە، باوکی لەو بڕوایەدابوو کە لەکۆلێژی ماف زیاتر دەتوانێت خزمەت بەگەلەکەی بکات، چونکە ئەوکات کورد زۆر پێویستی بە دەرچوانی یاسا هەبوو. لەساڵی ١٩٦٤ بویتە ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی مووسڵ. دواتر لەشەنگار و مووسڵ دەستی بە پیشەی پارێزەرایەتی کردووە. دادوەر جەلال هەمیشە لەبەرژەوەندی گەلی کورد کاری کردووە و هەوڵی داوە زۆرترین زەوی بەسەر جوتیارانی کورددا دابەش بکرێت. بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا لەساڵی ١٩٦٩ دوور دەخرێتەوە بۆ پارێزگای ڕومادی و ساڵێك لەوێ مایەوە. هەروەها لەو کاتەی لە بەغدا بوو ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە ڕزگار کردنی سیاسەتمەداری کورد سامی عەبدولرحمان لە ژێر سێدارە و توانی بینێرێتەوە کوردستان.

لە ساڵی ١٩٧٠ بوو بە دادوەری شۆڕش لەئامێدی و بەردەوام بوو لەسەر کاری دادوەری تا ساڵی ١٩٧٥. بۆ ماوەیەکیش سەرۆکی دادگای گەورەی سویلاڤ بوو. باوکی زۆرترین زەویوزاری هەبوو[1]. هەروەها دادوەر

(١) لەدوای ساڵی ١٩٧٥ لەبەر ئەوەی هاوکاری شۆڕشی کردبوو حکومەت هەموو زەوی و زاری لەباوکی وەرگرتەوە. ئەویشی لەوەزیفە دەرکرا. لەدوای ئەوەی بە لێبوردنی گشتی لەئێران گەڕایەوە، لەساڵی ١٩٧٩ دووبارە گەڕایەوە سەر وەزیفە لەدوای گەڕانەوەی لە ئێران، گواسترایەوە بۆ رومادی تا ساڵی ١٩٧٧ پاشان بۆ ناسریە تا ساڵی ١٩٧٩، دواتر گواسترایەوە بۆ سێمێل. ئەو بۆ یەکەم جار دادگای سێمێلی کردەوە، دواتر گواسترایەوە بۆ دهۆك تا ساڵی ١٩٩١، پاشان لەساڵی ١٩٩٢گواسترایەوە بۆ هەولێر. لەساڵی ١٩٩٣ گواسترایەوە بو تلکێف، پاشان بۆ

جـەلال ڕۆڵـێکی کاریگـەری هەبـوو لـە ئاشـت کردنـەوەی لایەنـە ناکۆکـەکان، بەشـێوەیەك قەناعـەت بەهـەردوو لایـەنی ناکـۆك بێنێـت. هەروەهـا ئـەو کێشـانەی لـەدادگا یەکلایـی دەکردنـەوە ڕوحـی یاسـاکانی بەسـەردا جێبەجـێ دەکـرد. ئەوکاتـەی لەئامێـدی دادوەر بـوو، شـۆڕش زۆر ڕاویـژی پێدەکـرد بەتایبـەتی لەبـارەی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار، دواتر لەدوای نسـکۆی ١٩٧٥ دەچێتـە ئێـران و لەیەکێـك لـە ئـوردوگاکانی پارێـزگای ڕەزائیە دەبێتـە دادوەر. دادوەر جـەلال خـاوەن کەسـایەتییەکی بـاش بـوو و کەسـێکی دڵسـۆز بـوو بـۆ دۆزی گەلەکـەی. زمانـەکانی کـوردی و عەرەبـی و ئینگلیـزی و فارسـی دەزانی. لەبـەرواری ٢٠٠٧/١١/١ لەدهـۆك کۆچـی دوایـی کـرد.

دادوەر جـەلال شـنگاری یاسـازانێکی زیـرەك و بوێر بوو ڕۆڵـێکی کاریگەری هەبـوو لە(تکییـف القانـونی) بەسـەر کێشـەکاندا، بەتایبـەتی لـەو کاتـەی کـە لەئامێـدی بوو هەوڵیـدا هەموو هاووڵاتیانی ئامێدی و گونـدەکانی دەوروبەری لەفەرمانگـەی باری کەسـی تۆمار بکرێن، چونکە ئـەوکات زۆربەی هاووڵاتیان تۆمـار نەکرابوون.

## دادوەر محمەد ساڵح ئاکرەیی:

نـاوی تـەواوی (محمـەد سـاڵح مەحمـود خاڵـد)[1]ە، لەسـاڵی ١٩٤١ لـە شـاری ئاکـرێ لەدایـك بـووە. هـەردوو کۆلێـژی (پۆلیـس و مـاف)ی لـە زانکـۆی بەغـدا تـەواو کـردووە. لەسـاڵی ١٩٥٥ پەیوەنـدی بـە یەکێتـی

مووسڵ تا گەیشتە تەمەنی خانەنشین و دواتر خانەنشین دەبێت.

(١) ئـەم زانیاریانـەم لەبـەرواری ٢٨/ ١٢/ ٢٠٢٢ ڕاسـتەوخۆ لەبەرێـز (عەمیـد بەختیـار محمـد سـاڵح ئاکـری) وەرگرتـووە

قوتابیـــانی کوردســـتانەوە کـــردووە و لەگـــەڵ هاوڕێـــکانی لقـــی یەکێتـــی قوتابیانـــی ئاکرێـــی دامەزرانـــدووە کـــە ئـــەوکات تەنهـــا شـــەش قوتابـــی بـــوون. لەسـاڵی ١٩٥٦ پەیوەنـدی بەپـارتی دیموکـراتی کوردسـتانەوە کـردووە. یەکـەم جـار لـە ١٩٦١/٥/١ لەلایـەن ڕژێمـەوە گیـراوە، تـا لەبـەرواری ٣٠/ ٨/ ١٩٦١ ئـازاد کـراوە، واتـە چـوار مانـگ لەگرتووخانەیـەکی شـاری بەغـدا لەنزیـك بەنـداوی بەغـدا مایتـەوە.

لەســەرەتای ســەرهەڵدانی شــۆڕشی ئەیلــوول لــە١٩٦١/٩/١٣ بەتۆمــەتی بەشــداریکرنی لەشــۆڕشی کوردســتان لەگــەڵ ســێ لەبرایــەکانی بــۆ جــاری دووەم لەلایــەن ڕژێمــەوە دەگیرێــن و چەنــد مانگێــگ لەبەندیخانــەی تاکەکەســـی لەســـەربازگەی (الرشـــید) لەبەغـــدا دەمێنێتـــەوە، لەبـــەر ئـــەم تۆمەتبـــار کردنـــە لـــە ١٩٦١/٩/٢٠ لـــە کۆلێـــژی پۆلیـــس دەر(فصـــل) دەکرێـــت. لـــەدوای کودەتـــای ســـاڵی ١٩٦٣ لەبەندیخانـــە ئـــازاد دەکرێـــت و لـــە ١٩٦٣/٣/١٩ پەیوەنـــدی بـــە شـــۆڕشی گەلـــی کوردســـتانەوە دەکات. لـەدوای دەسـت پێکـردنی شـەڕ لەنێـوان شـۆڕشی کـورد و ڕژێمـی عێـراق لـــە ١٩٦٣/٦/١٠ بەشـــداری لـــە زۆر شـــەڕدا دەکات وەك شـــەڕی ســـپیلك و مێرگەســۆر و لــە ئەنجامــدا لــەڕۆژی ١٩٦٣/٩/١ لەشــەڕی (گەریــا بنــێ بیـــا) لەناوچـــەی مێرگەســـوور برینـــدار دەبێـــت. دواتـــر لـــە ١٩٦٣/١٢/٢ دەبێتــە دادوەری شــۆڕش لــە ناوچــەی باڵەکایــەتی

لــەکاتی دەســت پێکردنــەوەی شــەڕ لەبەهــاری ١٩٦٥ لەنێــوان شــۆڕش و حکومــەتی عێــراق بــوو بەجێگــری فەرمانــدەی هێــزی کاوە لەناوچــەی سەنگەسـەر. زۆر شـەڕیان ئەنجامـدا. بەڵام لەبـەر کەمـی کادر و ڕاگەیاندکار، دواتـر لـە ئایـاری ١٩٦٥ گـۆاستراوە بـۆ ئیزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق،

وەکـو پێشکەشـکار و وەرگێـر و نووسـەر ئیشـیکرد

لـە شـوباتی ١٩٦٩ لەلایـەن حکومـەتی عێراقـەوە گیـرا و گـواستراوە بـۆ گرتوخانـەی (قصر النهایـە) لەبەغـدا و تیـدا مایـەوە تـا لـە١٩٦٩/٧/٣ ئـازاد کـرا (هەمـوو ئـەم گرتوخانـەکانی عێراقـی بینیـوە لـە ئاکـرێ و مووسـڵ و کەرکـووک وبەغـداد و بـەسرا).

لەپـاش ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ لەسـەر داوای سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتان دەگەڕێتـەوە سـلکی پۆلـیسی عێـراق بـە پلـەی مـولازم

لـە ئایـاری ١٩٧٥ لەلایـەن وەزیـری ناوخـۆی عێراقـەوە بـۆ مـاوەی ٢٥ ڕۆژ گیـرا کـە لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتی ئەمنـی هەولێـرەوە تۆمەتبـار کرابـوو

لەئایـاری ١٩٧٨ لەلایـەن دادگای پۆلـیسی باکـور داوا دەکرێـت بەتۆمـەتی جوێنـدان بـە سـەرکردایەتی بەعـس، بـەڵام بـە هـاوکاری کەسـانی خێرخـواز و تێگەیانـدنی دادگا بەفـێلی خیانەتـکاران بـەو تۆمەتانـەی هەڵبەسترابـوون، کەواتـە ئـەم جـارە بـە معجـزە لـەدادگا ڕزگار دەبێـت. بـەڵام نەفـی دەکرێت بـۆ ناحیـەی (فهـود) لەناسریـە و دواتـر بـۆ ناحیـەی (البطحـاء) لەدیوانییـە لـەم ماوەیـەدا لەژێـر چاودێـری چـڕی ئەمنـی ڕژێمـدا دەبێـت

لەسـاڵی ١٩٧٨ کۆلێـژی یاسـا و سیاسـەت لەزانکـۆی بەغـدا تـەواو دەکات و بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس لـە یاسـا وەردەگرێت.

لەبــەر گوشــارە بەردەوامــەکانی حــزبی بەعــس لەســەر داوای خــۆی بەپلـەی (رائیـد) خانەنشـین دەکرێـت[1]. لـە ڕۆژی ٢٢/ ١٢/ ٢٠٠٧ لـەوڵاتی

---

(١) دادوەر محمــەد ســاڵح ئاکرەیــی لەشــوباتی ١٩٨٦ لەشــاری هەولێــری دەســت

ئـوردن کۆچـی دوایـی کـرد و لەشـاری هەولێـر بەخـاك سـپارد

## دادوەر بەهجەت ئامێدی:

نـاوی تـەواوی (بەهجـەت موسـا ئەحمـەد)[1]، نـاسراو بەحاکـم بەهجـەت ئامێـدی، لەسـاڵی ١٩٢٥ لەشـاری ئامێـدی لەدایـك بـووە. لەساڵانی پەنجاکانـدا پەیوەنـدی بـە ڕیـزەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانەوە دەکات

بەپیشـەی پارێزەرایـەتی دەکات. لـەدوای ڕاپەڕینـی ١٩٩١ دەبێتـە ئەندامـی دەسـتەی بـاڵای کارگێـری یەکێتـی مافپـەروەرانی کوردسـتان، بەپێـی هەڵبژاردنـێکی ئـازاد و دیموکـراتی کـە لەشـوباتی ١٩٩٢ لەهەولێـر ئەنجـام درابـوو، بـەردەوام دەبێـت تـا سـاڵی ٢٠٠٠. لەهەمـان کاتـدا ئەندامـی دەسـتەی دەرکـردنی گۆڤـاری (تـەرازو) بـوو، کەیەکێتـی مافپـەروەرانی کوردسـتان، لقـی هەولێـر دەری دەکـرد.

لـەدوای دامەزرانـدنی یەکـەم حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان گەڕایـەوە سـەر ئـەرکی حکومـی، لەتەمـوزی ١٩٩٦ بـوو بەراوێـژکاری سـەربازی لـە وەزارەتی ناوخـۆی حکومـەتی هەرێمـی کووردسـتان.

لـە ١٩٩٧/٨/٤ بـوو بەیەکـەم سـەرۆکی دادگای هێـزی ناوخـۆی ئاسـایش لەحکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان، بـەردەوام بـوو تـا ٢٠٠٤/١١/١. زۆر نوسـین و بابـەتی لەگۆڤـار و ڕوژنامـەکان کـە لەحکومـەتی هەرێـم دەردەچـن، بەهـەردوو زمـانی کـوردی عەرەبـی بڵاو کراونەتـەوە.

ئـەم بەرهەمانـەی هەیە: - پولیس و کۆمەڵگای کوردی (بە زمانی کوردی). - شۆڕشـی ١١ی ئەیلـول لـە ١٩٦١ لەنووسـینی عەبـدوڵلا ئەحمـەد پشـدەری. لەزمـانی کـوردی وەرگێرایـە سـەر زمـانی عەرەبـی. - کورد و دەوڵەتی سـەربەخۆ بەپێـی بەڵگەنامـە نێودەولەییەکان. بە هـەردوو زمانی و کـوردی عەرەبی چـاپ کراوە

بەشـداری لـەزۆر کۆنگـرەی مـافی مرۆڤـی کـردووە، بەتایبـەتی ئەوانـەی بەرهەڵسـتکارانی عێـراق بـەر لـە ڕوخـانی ڕژێمـی سـەدام لـە کوردسـتان ئەنجامیـان دەدا. لەسـاڵی ١٩٩٧ وانەبێـژ بـووە لەکۆلێـژی پۆلیـس لەهەولێـر.

(١) بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتـە لەبـەرواری ٢٥/ ١٢/ ٢٠٢٢ ئـەم زانیارییانـەم ڕاسـتەوخۆ لەبەرێـز (بـژار بەهجـەت ئامێـدی) وەرگرتـووە

و شــەرەڤی ئەندامێتــی پــارتی وەردەگرێــت. لەســەر خەبــاتی کوردایــەتی چەندیــن جــار لەلایــەن ڕژێمــە یــەك لــەدوای یەکــەکانی عێراقــەوە گیــراوە و ئەشــکەنجەدراوە. لەســەرەتای هەڵگیرســانی شۆڕشــی ئەیلــوول، بــە خــۆی و خانەوادەکەیــەوە چــەکی شۆڕشــیان هەڵگرتــووە و لەڕیــزەکانی پێشــمەرگەی لەشــکری شۆڕشــگێری کوردســتان خەبــاتی کــردووە. لەئەنجامــدا چەندیــن پلــە و پۆســتی جۆراوجــۆری حــزبی و دادوەری و لەشــکری پێــدراوە وەك

- هــەر لەســەرەتای هەڵگیرســانی شــۆڕشی ئەیلــوول کادرێکــی چــالاکی لێژنــەی ناوچــەی ئامێــدی بــووە.
- لــە ساڵی ١٩٦٤ بوویــە ئەندامــی لێژنــەی ناوچــەی ئامێــدی و بەرپرســی ڕێکخســتنی ڕۆژهــەڵاتی بــەرواری بــاڵا.
- لەســاڵی ١٩٦٦ بوویــە بەرپرســی لێژنــەی لێکۆڵینــەوە لەســنووری لەشــکری یــەك.
- لــە ساڵی ١٩٦٨ بوویــە دادوەری شــۆڕش لــە سنووری ناوچــەی زاخــۆ تــا ساڵی ١٩٧٠.
- لــە ساڵی ١٩٧٠ لــەدوای ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــادار بوویــە یاریدەدەری ئامــر فەوجــی پاســەوانی سنوور، واتــە جێگــری فەرمانــدە (شــەهید عیسی ســوار) کــە لەهەمــان کاتــدا عیــسی ســوار ئامــر هێــز و ئامــر فەوجــی پاســەوانی سنوور بــوو لەزاخــو.
- لەساڵی ١٩٧٤ لــەدوای دەستپێکردنی شــەڕ لــە نێوان شــۆڕش و حکومەتی عێــراق بوویــە جێگــری ئامــر هێــزی زاخــۆ بۆکاروبــاری کارگێــڕی تــا نســکۆی شــۆڕش.

لـەدوای نسـکۆی شـۆڕش حاکـم بەهجـەت ناچـار بـوو دەسـت لەشـۆڕش بـەردات و لەشـارۆچکەی ئامێـدی نیشـتەجێ دەبێت. لەسـاڵی ١٩٧٦ لەلایەن ڕژێمـی بەعسـەوە بـۆ مـاوەی هەشـت مانـگ دەگیرێـت و لـەم ماوەیـەدا چارەنـووسی نادیـار دەبێـت. دواتریـش چەندیـن جـار لەلایـەن ڕژێمـەوە بانــگ دەکرێــت و گوشــاری زۆری دەخرێتــە ســەر بەتایبــەتی گوشــاری دەروونی بۆئـەوەی هەڵوێسـتی کوردانـەی ئـەو بگـۆڕن و بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیــان بــەکار بێنــن، بــەڵام هیچیــان پــێ ناکرێــت و حاکــم بەهجــەت خۆراگـر دەبێـت و لەسـەر هەڵوێسـتی کوردانـەی خـۆی بـەردەوام دەبێـت. تـا سـاڵی ١٩٩١ یـش لـەڕووی تەمەنـەوە بـێ هێـز دەبێـت، بـەڵام لـەڕووی مەعنەوییـەوە ڕۆڵـێکی بـاش و کاریگـەری دەبێـت لەهانـدانی هاووڵاتییـان بۆڕاپەڕینــە گەورەکــەی ســاڵی ١٩٩١. بــەڵام بەداخــەوە لەســاڵی ١٩٩٥ لەتەمـەنی ٧٠ سـاڵیدا لەشـاری دهـۆك کۆچـی دوایـی دەکات.

## قەشە خوری پۆلس بێداری (١٨٨٧-١٩٧٤):

قەشە خوری پۆلس بێداری[١]، لەساڵی ١٨٨٧ لەگوندی (بێدارێ)ی قەزای زاخۆ لەدایك بووە. نموونەیەك بوو لەهاووڵاتیە کریستیان نشینە ڕۆشنبیرەکانی دەڤەری سندی لەزاخۆ، نیشمانپەروەر و بەرگریکارێکی باشی گەلی کورد و کریستیانەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. هەر لە منداڵییەوە گرنگی بە پەروەردە و خوێندن دەدا و بەدوای خوێندندا گەڕاوە[٢].

(١) بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتـە سـوود لـەم سـەرچاوانە وەرگیـراوە: ١- دیـروك (گۆڤـارەکا مێژوویـی دانسـاڵ)ە، ژمـارە ١. هاڤینـا ٢٠١٣. ٢- عـەلی تەتـەر. پسـپۆری دیروکـێ . پەیجـا ئەلیکترونی

(٢) لــە ســاڵی ١٩٠٠ دەچێتــە پەیمانــگای (مــار یوحەنــا الحبیــب)ی دومینانیکانــا

لەدوای دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧ کە مەڵبەندی سەرەکی لەڕۆژئاوای کوردستان بوو. خوری پۆلس پەیوەندییەکی باشی دۆستایەتی لەگەڵیاندا هەبوو. هەروەها ئەو خۆی پردی پەیوەندی بوو لەنێوان کۆمەڵەی خۆیبوون و شێخ ئەحمەد بارزانی، بۆ دەرباز کردنی ئەندامانی کۆمەڵەی خۆیبوون بۆ ناو شۆڕشی ئاگری.

بەپێی بەڵگەنامەکانی عێراق لەساڵی ١٩٢٤ خوری پۆلس لەڕۆژئاوای کوردستان داوای موڵەت و ئیمتیازی ڕۆژنامەیەك لەحکومەت دەکات بەناوی (صوت الشعب الكوردي) بۆئەوەی لەم ڕۆژنامەیەدا بەرگری لەماف و ئازادییەکانی کورد و تیاریان بکات، لەپێناو هەڵگرتنی ئەو زوڵم و ستەمەی کە لەلایەن هەردوو ڕژێمی تورکیا و عێراق بەسەر کورد و تیاریان دەهێنا.

لەدوای شۆڕشی ١٩٥٨ تا ١٩٥٩ خوری پۆلس چەند ساڵێك لەبەغدا دەژیت و زۆر جاریش سەردانی بارزانی دەکات. لەساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات. لەساڵی ١٩٦٤ تا ساڵی ١٩٧٠ دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزی شۆڕش. لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ لە زاخۆ

---

لەمووسڵ بۆ ماوەی ١١ ساڵ لەوێ دەخوێنێت. لە ساڵی ١٩١٢ دەبێتە قەشە و لەزاخۆ دادەمەزرێت. لە ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٢٣ وەك کاهن لە کەنیسەی فیشخابوور دەستبەکار دەبێت. لە کۆتای ساڵی بیستەکان، لەکاتی داگیرکاری فەرەنسا، روو دەکاتە سوریا و لبنان و لەساڵانی سی و چلەکاندا لە قامیشلو نیشتەجێ دەبێت. هەروەها چەند ساڵێك لەپەنجاکان لە حەلەب نیشەجێ دەبێت. لە ساڵی ١٩٣٠ بەشداری لە کۆنگرەی (کوردی- ئاسوری) لەحەلەب دەکات، بە ئامادەبوونی میر جەلادەت بەدرخا ن و رەوشەن بەدرخان و ئوسمان سەبری حەسەن حاجۆ و یوسف ماڵك و.... زۆریتریش.

نیشتەجێ دەبێت. لەهاوینی ١٩٧٤ خانەنشین دەبێت. لەبەرواری ٧/ ٩/ ١٩٧٤ لەنەخۆشخانەیەکی شاری مووسڵ کۆچی دوایی دەکات.

## کوێخا عەزیز ئەمین سماقولی:

کوێخا عەزیز ئەمین کە کەسایەتی و ڕیشپی و پیاوماقوڵی دەڤەری سماقولی و دەوروبەری بوو[(١)]، هەرچەندە خوێندەوارییەکی کەمی هەبوو، بەڵام بە حاکم عەزیز ناسراوە، حاکم عەزیز لەساڵی ١٩١١ لەگوندی سماقولی سەروچاوە لەدایك بووە. کە لەبنەڕەتەوە لە(عەشیرەتی جاف) بوون، بەڵام دواتر هاتووە دوکان و لە دوکانیشەوە هاتووە ئەم ناوچەیە. مام عەزیز کەسایەتییەکی دیار و کاریگەری ناوچەی دۆڵی سماقولی بوو، کەس لە قسەی ئەو دەرنەدەچوو، بۆیە هەردەم خەریکی کاری ئاشتەوایی و سوڵح و پێکهێنانەوەی خەڵك بوو لەم ناوچەیە و کەسێکی زۆر لێهاتوو بوو لە چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم ناوچەیە، چونکە بیر و هزرێکی باش و پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی باشی هەبوو، بۆیە توانی بەدەیان کێشەی کۆمەلایەتی لەم دەڤەرە یەکلایی بکاتەوە.

مام عەزیز ئەزموونی تایبەتی خۆی هەبوو لە شاخ بۆیە توانی خەڵکانێکی زۆر لەخۆی کۆ بکاتەوە و هێزێك لە سەفین پێك بێنێت کە ئەوکات هیچ هێزێك لەم ناوچەیە نەبوو، بەڵام ئەو بەکەسێکی دیاری ناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی

---

(١) بۆ وەرگرتنی ئەم زانیارییانە لەڕۆژی ١/١٨/ ٢٠٢٣ پەیوەندیم کرد بە بەڕێز ئاسۆ کاکەشین عەزیز کە دەکاتە نەوەی کوێخا عەزیز سماقولی ئەویش ڕاستەوخۆ ئەم زانیاریانەی بۆ منی نارد، ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە ئەم بابەتە خاتوونی ئەندازیار (روناك فازل کۆیی) نووسیوە و ڕێکی خستووە، کە دەکاتە نەوەی کوێخا عەزیز، بە هاوکاری موقەدم ئاسۆ کاکەشین کوێخا عەزیز.

کورد هەژمار دەکرێت، تەنانەت ئەزموون و شارەزاییەکی باشی لە شەڕی پارتیزانیش هەبوو کە زۆر جار دەیگوت (پلانی عەزیز).

مام عەزیز لەساڵی ١٩٦٢ بۆ ماوەی ساڵێك لە هەولێر بەند دەکرێت، تا لەساڵی ١٩٦٣ لەدوای ئەوەی دانوستاندن لە نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق دەست پێدەکات، لەسەر داوای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی حکومەتی عێراق لێبوردنی گشتی دەردەکات و مام عەزیز ئازاد دەبێت دواتر مام عەزیز لەگەڵ چەند کەسێکیتر پەیوەندی بە شۆڕشەوە داکات.

لە ساڵی ١٩٦٤ لەسەر فەرمانی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی، مام عەزیز و برایم مەلا سەمەد و عەلی بیریژی وەکو حاکمی شۆڕش لە دادگای هیران دادەمەزرێن، هەر بەم بۆنەیەوە بارزانی خەڵاتیان دەکات و هەر یەکەیان یەك تفەنگی برنۆیان پێشکەش دەکات.

لەمیانی کاری دادوەریدا مام عەزیز سەلماندی کە بە زیرەکانە و دادپەروەری بڕیاری لەسەر کێشەکانی هاووڵاتیانی داوە و کێشە ئالۆزەکانی یەکلای کردیتەوە، بۆنموونە: جارێک دوو جەلەبکر دەچنە دادگای هیران سکاڵا لەدژی دوو کەس تۆمار دەکەن بە ناوی (ب. ز) و (ع. س) لەسەر ئەوەی کە گوایا لە دیگەڵە لەکاتی هێنانی جەلەب بۆ (حەمە لاڵ) لەهەولێر هەرچی پارە و پولیان پێ بوو لێیان سەندووە. بۆیە لەلایەن دادگاوە فەرمانی لەسێدارەدان بۆ ئەم دوو کەسە دەردەچوو، ئەگەر لەسەریان ساخ ببایەوە، چونکە لەسەر بنەمای دادوەری شۆڕش هەر کەسێك تۆمەتی ڕێگری لەسەر ساغ ببێتەوە سزاکەی لە سێدارەدانە. لەکاتی دەرچوونی ئەم بڕیارە مام عەزیز لەدادگا نابێت، چونکە بەئەرکێکیتر دەرچووبوو کە ئەوکات جێگری موقەدەم عەزیز ئاکرەی کە فەرماندەی هێزی سەفین بوو، کاتێ کە داوا لە مام عەزیز دەکرێ کەیسەکە ئیمزا بکات، ئەو

ئیمزای نەکرد و گوتی دەبێت دوبارە دادگایی بکرێنەوە، چونکە گومانم لەم کەیسە هەیە، دواتر دەستەی دادگا ڕەزامەندیدا کە دووبارە دادگایی بکرێنەوە. کاتێ مام عەزیز هەریەکە بە جیا لێکوڵینەوەی لەگەڵیاندا دەکات، ئیفادەکانی ئەم دوو سکاڵاکەرە وەکو یەك دەرناچن، (بۆنموونە یەکێك لەو پرسیارانەی مام عەزیز لە جەلەبکرەکان ئەوە بوو بەتەنیا لە یەکێکیان دەپرسێت ئەو پارەیە لەلای کامەتان بوو کەلێتانی ستاند دەڵێت لەلای من بوو، هەمان پرسیار لەوی دیکە دەکات ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت لەلای من بوو، بۆیە مام عەزیز دەزانێت کە ئەمانە فێڵبازن)، بۆیە مام عەزیز بانگی حەمە دەلال دەکات بۆ دادگا بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکان حەمە دەڵال دەڵێت: ئەم دوو کەسە جەلەبکرنین و فێڵبازن، بەڵکو تەنها شوانن، من پارەی شوانیم پێداوە تا ماڵاتەکەم بێننە هەولێر. لەئەنجامدا مام عەزیز فەرمانی ئازاد کردن بۆ ئەو دووکەسە دەر دەکات کە بڕیاربوو فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەربچێت، لەڕاستیدا بێ تاوان دەرچوون. مام عەزیز فەرمانی گرتن دوو شوانەکە دەدات.

مام عەزیز لەماوەی حەوت ساڵی کارکردنیدا چەندین کەیسی تری هاوشێوەی ئەمەی یەکلایی کردەوە و ڕۆڵێکی کاریگەری لە ئاشتەواییدا هەبوو. بۆیە ڕێبەری نەتەوەی کورد بارزانی پێی دەڵێت مام عەزیز ئەگەر دە حاکمی وەك ئێوەمان هەبا بارودۆخەکە لە ڕووی دادوەرییەوە لە قوناغێکی زۆر باشتردا دەبوو.

مام عەزیز لەدوای تەواو بوونی ئەرکی دادوەرییەتی لەسەر کاری باش هەر بەردەوام بووە، کەسێکی بێ تەماع و دەست کراوە بوو، دیوەخانێکی گەورەی هەبوو و هەموو کەس ڕووی تێدەکرد و جێگای متمانی خەڵکی دۆڵی سماقولی و ناوچەکە بوو، وەك پیاوماقوڵێك خەڵکی زۆر لە قسەی

دەرنەدەچوون. ئەو هەوڵیدا هاوکاری پێشمەرگە بکات و سەرچاوەیەکی سەربەخۆی بژێوی بۆ پێشمەرگە دابین بکات[1]. کوێخا عەزیز لەساڵی ١٩٩٦ لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

(١) بۆ ئەوەی کاتی پێشمەرگە ڕوو لەم ناوچەیە دەکات بەسەر ماڵە هەژارەکاندا دابەش نەبن، بەڵکو مام عەزیز ئاشێکی ئاوی دامەزراند هەر بەناوی ئاشی مام عەزیز و ئاشەوانێکی لەسەر دانابوو بەناوی حاجی ڕەسول، بە فەرماندەکانی پێشمەرگە دەڵێت دەکرێت فڕنێك دروست بکرێت و نان و ئازوقە هەر لەوێ ئامادە بکرێت. ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە دەزگای ئامادەکردنی ئازوقە و دابەش کردنی بەسەر پێشمەرگەکاندا لەلایەن فازل مام ڕەزای کۆیی ئەنجام دەدرا کە دەکاتە زاوای کوێخا عەزیز. دواتریش مام عەزیز هەر لەسەر هەڵوێستی مرۆڤ دۆستی بەردەوام بوو تاپێش و پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١

# بەشی دووەم
# هەندێک لە دەزگا و دامەزراوەکانی شۆڕشی ئەیلوول

# ئەمینداریەتی گشتی عەدل و ئەوقاف

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لەساڵی ١٩٧٤ ئەمیندارێتی گشتی (عەدل و ئەوقاف)ی لەشارۆچکەی چۆمان دامەزراند، دواتر بارەگاکەی گواستراوە بۆ گوندی (بابەکراوە) لەسەر ڕێگای ناوپردان حاجی ئومەران، پێکهاتەی ئەم دامەزراوەیە بەم شێوەیە بوو[١]:

١. سەیدا ساڵح یوسفی _ ئەمینداری گشتی عەدل و ئەوقاف.

٢. شێخ مەحمود قەرەداغی _ بریکاری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری ئەوقاف.

٣. عومەر دەبابە _ بریکاری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری عەدل.

٤. شاسوار جەلال _ بەڕێوەبەری دارایی دیوان.

٥. زێوەر موحەمەد سەدیق _ بەڕێوەبەری کارگێڕی و کادیری ڕێکخستن و بەرپرسی کۆگای چەك.

٦. عەبدولخاڵق حەوێزی _ بەڕێوەبەری تۆماری عەقاری.

**ئەم دامەزراوانەی هەبوو:**

١. دادگای پێداچوونەوە (دادگای تەمیز).

٢. دادگای تێهەڵچوونەوە (استئناف) لەپارێزگاکان.

---

(١) ئاری فاروق نانەکەلی. دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ – ١٩٧٥ چاپی یەکەم ٢٠١٦. لا( ١١١-١١٢). وە زێوەر موحەمەد سدیق. پەیامی ئەیلوول (گۆڤار). ژمارە ٤. لا٨٨

٣. دادگای بەرایی لەگشت قەزاکان.

٤. دادگای تاوان (جنح).

٥. دادگای باری کەسی (الاحوال الشخصية).

٦. دادگای چۆمان

**دادوەرەکان:**

١. دادوەر موحەمەد سدیق شەڕەفانی. سەرۆکی دادگای تەنفیزی کوردستان.

٢. دادوەر جەلال زێوەر.

٣. دادوەر فاروق جەمیل.

٤. دادوەر بەختیار حەیدەر.

٥. دادوەر جەمال.

ئەمیندارێتی گشتی عەدل و ئەوقاف کۆمەڵێك پێشمەرگەی تایبەتی هەبوون کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئەمیندارێتی عەدلەوە هەبوو، بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دادگاکان و بەدواداچوونی کاروباری دادوەری. هەموو کاروبارەکانی یاسایی و دادوەری لەکوردستانی ئازاد کراودا، لەژێر کۆنترۆڵی ئەم ئەمیندارەتییەدا بوو، بەشەو ڕۆژ کاروبارەکانی خۆیان زۆر بەجدی ئەنجامیان دەدا، چونکە ئەوکات زۆربەی ئەم ناوچانە لەژێر بۆردومانی تۆپ و فڕۆکەکانی دوژمندا بوو، بۆیە زۆر لەکاروبارەکانیان بە شەو ئەنجامیان دەدا، ئەم ئەمیندارەتییە تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ لەسەر کاروبارەکانی خۆی بەردەوام بوو و هەمیشە کاروبارەکانی بەسەرکەوتووی ئەنجام دەدا.

## نووسینگەی ڕاپەڕاندن (مکتب التنفیذی):

ئـەم نووسـینگەیە لەسـاڵی ١٩٦٤ دامـەزرا[١]، سـەرەتا لەیـازدە ئەنـدام پێکدەهـات کـە بریتـی بـوون لەپێنـج ئەندامـی حـزب و سـێ فەرمانـدەی سـەربازی و سـێ ئەنـدام لەهـۆزە نیشـتمان پـەروەرەکان و یـەك ئەنـدام لەپێکهاتـەی کریسـتیانەکانی کوردسـتانی باشـوور[٢]. ئـەرکی ئـەم نووسـینگەیە سەرپەرشـتی کـردن و چاودێـری کـردنی هەمـوو دەزگاکانـی تـری شـۆڕش بـوو، ئـەم نووسـینگەیە هەمـوو بەشـەکانی لەخـۆ دەگـرت، وەك بەشـی سـەربازی و دادوەری و ئازوقـە و تەندروسـتی و پـەروەردە و دارایـی و ڕاگەیانـدن و نووسـینگەکانی خزمەتگـوزاری و..تـاد، بـۆ بەڕێوەبـردنی کاروبـارەکانی شـۆڕش، بۆیـە ئـەم نوسـینگەیە هاوشـێوەی ئەنجومـەنی وەزیـران بـوو لەهـەر حکومەتێکـدا، ئـەم نوسـینگەیە دواتـر بـوو بـە حەڤـدە ئەنـدام، لـەڕووی کردەییـەوە لەژێـر سەرپەرشـتی مەکتەبـی سیاسـی (پ د ك)دا بـوو، ئـەم نووسـینگەیە لەلایـەن ئەندامـانی مەکتەبـی سیاسـی و ئەندامـانی لێژنـەی مەرکەزییـەوە بەڕێـوە دەچـوو[٣]. بـو نموونـە حەبیـب موحەمـەد کەریـم کـە سـکرتێری مەکتەبـی سیاسـی بـوو، تـا سـاڵی ١٩٦٨ سـکرتێری ئـەم نووسـینگەیەش بـوو، دواتریـش هەمـوو بەرپرسـیاریەتییەکانی ئـەم نووسـینگەیە لەئەسـتوی مەحمـود

---

(١) ڕێبـاز دلاوەر عومـەر. پێگـەی باڵەکایەتـی لەشـۆڕشی ئەیلوولـدا. ١٩٦١-١٩٧٥. چاپـی یەکـەم. ٢٠٢١. زانکـۆی دهـۆك و ئینسـکلوپیدیای (پ د ك) لا١٠٨

(٢) ئاری فاروق نانەکەلی. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٩٧.

(٣) بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتـە سـوود لەعصمـت شریـف وانلـی. کردسـتان العراقیـة، (هویـة وطنیـة) دراسـه فـی ثـورة ایلـول. ترجمـه د. سـعاد محمـد خضر. مطبعـة شـفان السـلیمانیة. ٢٠١٢. لا(٣٢٦-٣٢٨) وەرگیـراوە.

عوسـماندا بـوو کـە لەهەمـان کاتـدا ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیش بـوو، دواتــر حەبیــب موحەمــەد کەریــم هــەر ســکرتێری حــزب بــوو، بــەڵام لەهەمــان کاتــدا ئەندامــی نووســینگەی ڕاپەڕاندنیــش بــوو. هەروەهــا سـامی عەبدولرحـمان کـە ئەندازیـار و کەسـێکی ڕۆشـنبیر بـوو لەتشـرینی دووەمـی ١٩٦٦ بـە ئەندامـی لێژنـەی مەرکـەزی هەڵبژێـردرا و بـوو بـە ئەندامـی نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن[1]. هەروەهـا هـەر لەتشـرینی دووەمـی ١٩٦٦ نـوری شـاوەیس و عـەلی عەبـدوڵا کـە پێـشتر ئەندامـانی مەکتەبـی سیاسـی بـوون، بـەڵام لەسـاڵی ١٩٦٤ لەگـەڵ گرووپـی مەکتەبـی سیاسـی جیـا ببوونـەوە، ئەوانیـش گەڕانـەوە و لەکۆنگـرەی گەلاڵـە بـە ئەندامـی مەکتەبــی سیاســی و دواتریــش بــە ئەندامــی نووســینگەی ڕاپەڕانــدن هەڵبژێــردران. هەروەهــا ئــەم بەڕێزانــەش کــە ئەندامــانی لێژنــەی مەرکــەزی حــزب بــوون: حیکمــەت حەکیــم (گــەورە پزیــشکی شــۆڕش)، موحســین دزەیــی (پارێــزەر)، ئەندازیــار حەمــە موحەمــەد ئەمیــن بــەگ (خەڵکــی ســلێمانی بــوو و لەوڵاتــە یەکگرتــووەکان دەرچووبــوو)، عــەلی شـنگاری و شـێخ موحەمـەد، هەموویـان بـوون بـە ئەندامـی نووسـینگەی

---

(١) سـامی عەبدولـرحمان. نـاوی تـەواوی (محمـەد مەحمـود عەبدولرحمانـە بـە سـامی عەبدولـرحمان نـاسراوە، لـە سـاڵی ١٩٣٢ لـە شـەنگار لەدایـك بـووە. سیاسـییەکی کـوردە وەکـو ئەندازیارێــك لــە کومپانیــای نــەوتی عێراقــی ئــیشی کــردووە. لەســاڵی ١٩٦٣ پەیوەنـدی بـە شـۆڕشی ئەیلوولـەوە کـردووە. لەسـاڵی ١٩٦٦ پلاتی هێـرش کردنـە سـەر نــەوتی کەرکــووک داڕشــتووە. ڕاوێــژکاری ســەرۆك بــارزانی بــوو، ئامانــج لــەم هێرشــە وەسـتاندنی بەعـەرەب کـردن بـوو. دواتـر بـوو بـە وەزیـری کاروبـاری باکـوور لەحکومەتی عێـراق، لـەدوای نسـکۆی سـاڵی ١٩٧٥ چـووە بەریتانیـا. دواتـر پارتـی گـەلی دیمکـوراتی دامەزرانـد، لـەدوای سـاڵی ١٩٩١ گەڕایـەوە نـاو پارتـی، لەکارەسـاتی یـەکی شـوباتی ٢٠٠٤ لەبـارەگای لقـی دووی پارتـی لـە هەولێـر شـەهید کـرا

ڕاپەڕانــدن. هەروەهــا پێنــج ئەفســەریش بــە پلــەی بــاڵا بــوون بــە ئەندامـانی نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن لەلێژنـەی سـەربازی کـە ئەمانـە بـوون: (عەقیـد نـووری مـەلا مەعـروف و قـازی و موقـەدەم نافیـز جـەلال و ئەفسـەری پۆلیـس شـێخ ڕەزا و نەقیـب یوسـف کـە ئەندازیـاری سـەربازی بـوو). وەهـاب ئاغـا جوندیانیـش وەك نوێنـەری خەڵکـی ئاسـایی هـەر لەسـەرەتاوە ئەندامـی نووسـینگە بـوو، هەروەهـا حاجـی مەحمـود ئاغـا ئەنـدام بـوو، نوێنـەری کریسـتیانەکانیش قەشـە خـۆری پۆلـس بێـداری بـوو. هەمـوو ئـەم ئەندامانـە بەرپرسـیاریەتییەکانی نووسـینگەیان لەنێـوان خۆیانــدا دابــەش کردبــوو، زۆر کــەم هەمــوو ئەندامــەکان پێکــەوە کــۆ دەبوونـەوە، چونکـە هـەر یەکەیـان بەرپرسـیاریەتی تریـان لەسەرانسـەری ناوچـە ئـازاد کـراوەکانی کوردسـتانیان لەئەسـتۆدا بـوو.

بـەڵام لـەدوای هەمواری مادەی ٦ی دەسـتووری ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شۆڕشــی کوردســتان لــە٢٣ی ئەیلوولــی ١٩٦٨ ژمــارەی ئەندامــەکانی کــەم کرانـەوە بـۆ نـۆ ئەنـدام، هەمـوو ئەندامەکانیش جگـە لەسـەرۆك، هەموویان لەلایـەن ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـەوە دەستنیشـان دەکـران، هـەر بەپێــی ئــەم دەســتوورە ئەندامــانی نووســینگە ناچــار بــوون تەنهــا کاری نووسـینگە ئەنجـام بـدەن. بـە گوێـرەی بڕگـەی ٣ مـادەی ٦ ی دەسـتوور، سـکرتێر لەلایـەن ئەندامـانی نووسـینگەوە هـەڵ دەبژێردرێـت.

مەحمـود عـوسمان سـەرەڕای ئـەوەی بەرپرسـێکی بـاڵای حـزب بـوو، بــەڵام لــە٢٠ی ئەیلــوولی ١٩٦٨ بــوو بەســکرتێری ئــەم نووســینگەیە، هاوشـێوەی سـەرۆك وەزیـران دەسـەڵاتی بـاڵای هەبـوو بەسـەر هەمـوو بەشـەکانەوە. چەنـد نموونەیـەك دێنینـەوە لەدابـەش کـردنی دەسـەڵاتەکانی

ئــەم نووســینگەیە بەســەر ئەندامەکانیــدا وەك: موحســین دزەیــی بــۆ ســەرۆکی بەشــی دادوەری و موحەمــەد ئەمیــن بــەگ بــۆ بەشــی کارگێــڕی و دارایــی و هاشــم ئاکرەیــی بــۆ بەشــی کارگێــڕی و خۆیــەتی و...تــاد.

له سـەربازگەی نووسـینگەی ڕاپەڕاندن لەناوپردان لەسـاڵی ١٩٦٦ بارەگای ئـەم دەسـتە و ئەم بەشـانەی لێبوو:

١. دادگای پێدا چوونەوە (تمیز).

٢. دائیرەی مالیە و ژمێریاری.

٣. دائیرەی پرسگە، کەسانی شارستانی و سەربازی تێدا کاریان دەکرد.

٤. دەستەی پزیشکی.

٥. لێژنەی سەربازی.

٦. دەستەیەك لەگەڵ هەموو دەزگا و کەلوپەلی پێویست.

٧. بریکارێکــی ڕێپێــدراو، هەنــدێ جــار دەچــووە دەرەوە بــۆ هێنــانی کەلوپــەلی پێویســت.

٨. پاســەوانی ســەربازی نزیکــەی (١٥٠) کــەس دەبــوون چــەکی دژە فڕۆکەشــیان پــێ بــوو.

٩. لـە پایزی ١٩٦٦ پۆلیسـی سـەربازی دامـەزران کە بەوە لەپێشـمەرگەکانیتر جیـا دەکرانـەوە شریتێـکی سـووریان بـە شـانەوە بـوو ئەمانـە ڕۆڵـی پۆلیسـی هاتووچۆیـان دەبینـی لەڕێـگای ڕوانـدز تـا حاجـی ئومـەران.

١٠.دەستەی کارگێڕی بارەگای نووسینگە.

١١.شــوێنی بــەرگ دووریــن بــۆ دورینــی جلوبەرگــی پێشــمەرگەکان، هەروەهــا چێشــتخانە و شــوێنێکی بچــوکی وەســتانی ئوتومبێــل، هەروەهــا شــوێنی وێنــە گرتنیــش کــە تایبــەت بــوو بــە نووســینگە.

١٢.پاشــکۆیەکی ئەرشــیف و تۆمــارەکان، هەرشــتێك ڕووی دەدا تۆماریــان دەکــرد، هــەر ئەندامێــکی نووســینگە پێشــمەرگەیەکی وەك پەیامنێــر لــەم شــوێنە هەبــوو.

# ئەنجومەنی باڵای کارگێڕیی لیواکانی کوردستان

لــە کۆتاییــەکانی ســەدەی هەڤدەیــەم دەوڵــەتی عــوسمانی زاراوەی (ویلایــەتی کوردســتان)ی بــۆ ســنووری جوگــرافی هەرســێ پارێــزگاکانی (مــوش و دیاربەکــر و دەرســیم) بــەکار هێنــا[1]. لــەدوای دانــانی دەســتووری ئەنجومــەنی ســەرکردایەتی شــۆڕشی کوردســتان لەســاڵی ١٩٦٤، بــۆ بەڕێوەبــردنی کاروبــارەکانی (کارگێــڕی و سیاســی و ئابــووری و کۆمەڵایــەتی) ناوچــە ئــازاد کــراوەکانی کوردســتانی باشــوور، لــە(١٩٦٤ -١٩٧٥) هەمــان زاراوەی (ویلایــەتی کوردســتان)، بەکارهێنــا، بەپێــی ئــەم دابەشــکارییە ســنووری کارگێــڕی پێنــج لیــوا لەخــۆ دەگــرت لیــواکانی: (هەولێــر . مووســڵ. کەرکــووک. ســلێمانی . خانەقیــن)، بــۆ بەڕێوەبــردنی کاروبــاری کارگێــڕی ئــەم لیوایانــە بــە پێــی یاســا سیســتەمێکی کارگێرییــان ڕێــک خســتبوو کــە هەریــەك لــەم لیوایانــە لەچەندیــن قــەزا و ناحیــە و گونــد پێکدەهــات. هەروەهــا دواتــر (ئەنجومــەنی بــاڵای کارگێــڕی لیــواکانی کوردســتان)ی دامەزرانــد. ئەندامــانی ئــەم ئەنجومەنــە لەحــەوت ئەنــدام پێکدەهــات کــە بریتــی بــوون لەلێپــرسراوی لیــواکان (موتەســەرف) و ئەندامــانی کارگێــڕی ویلایــەتی کوردســتان و پشــکێنەری گشــتی، ئەمانــە لەلایــەن نووســینگەی ڕاپەڕاندنــەوە دادەمــەزران[2]. هەریــەك لەلیــواکان سەرپەرشــتی چەندیــن قــەزا و ناحیــە و گونــدی دەکــرد، لەهــەر قــەزا و ناحیــە و گوندێــك ئەنجومەنــێکی تایبــەت بەخــۆی هەبــوو. ئــەوەی شــایانی

---

(١) جەلال تالەبانی. بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد. وەرگێرانی: ح. ا. (ب. ش. ٢٠١١). ل١١.
(٢) ئاری فاروق نانەکەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا ١٠٠.

ئامــاژە پێکردنــە موتەســەریف و قائمقامــەکان لەلایــەن نووســینگەی ڕاپەڕاندنــەوە دادەمــەزران، بــەڵام موتەســەریفەکان ســەربە نووســینگەی ڕاپەڕانــدن بــوون و قائمقامــەکان ســەربە ئەنجومــەنی بــاڵای کارگێــڕی لیــواکان بــوون. هەروەهــا بەڕێوەبــەری ناحیەکانیــش لەلایــەن ئەنجومــەنی بــاڵای کارگێــڕی لیــواکان دەســت نیشــان دەکــران کــە بەڕێوەبــەری هــەر ناحیــەك سەرپەرشــتی چەنــد گوندێکــی دەکــرد، زۆربــەی بەڕێوەبــەری ناحیــەکان ئەندامــی لێژنــەی ناوچــەکانی حــزب بــوون. هــەر لیوایــەك پێنــج پشــکێنەری هەبــوو کــە چاودێــری کاروبــاری کارگێــڕی لیــواکانی دەکــرد، ئــەم پشــکێنەرانە بــە پشــکێنەری گشــتی بەسترابوونــەوە.

# یەکێتی زانایی ئیسلامی کوردستان

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کە لە٢١/ ٩/ ١٩٧٠ بە فەرمی دامەزرا، کۆنگرەی خۆیان لە مزگەوتی گەلاڵە بە ئامادە بوونی بارزانی و نزیکەی ٤٠٠ تا ٥٠٠ زانای ئایینی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و شێخ و پیاو ماقول و ریشسپی کوردستانی باشوور، ئەنجامدا، کۆنگرەکە بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز دەست پێ کرا و سەرەتا بارزانی وتارێکی کورتی پێشکەش کرد[1]. بارزانی پاڵپشتی خۆی بۆ سەرکەوتنی کۆنگرە و زاناینی ئایینی دەربری، فەرمووی: (من شانازی دەکەم کە لەناوتانم و یەکێك بم لەئێوە)، هەروەها لەوتارەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە دەبێت

(١) دەقی وتاری مەلا مستەفا بارزانی لەکۆنگرەی یەکەمی یەکێتی زانایان: (بەناوی خوای بەخشەندەی میهرەبانەوە سڵاوی خواتان لەسەربێ و رەحمەت و پیت و بەرەکەتتان بەسەرا ببارێ. من شانازی ئەکەم بەوەوە کە لەناوتانابم و یەکێك بم لێتان، هەموومان ئەرکی سەر شانی خۆمان جێبەجێ بکەین و تەقەلا بدەین بۆ بلاوکردنەوەی ئایینی پاکی ئیسلام، چونکە هەموومان فەرمانمان پێ دراوە بەمە و پێغمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمویەتی: هەمووتان سەرپەرشتیکەری یەکترن و هەمووتان لێپرسراون دەربارەی ئەو خەڵکەی سەرپەرشتییان ئەکەن. کەواتە ئەبێ ئەو ئەمانەتەی لەئەستۆماندایە جێبەجێ بکەین بەو پەڕی توندی و دڵسۆزییەوە و دووبەرەکی نەکەوێتە نێوانمان، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: هەمووتان دەست بگرن بە ئایینی ئیسلامەوە و پارچە پارچە مەبن.
ئەبێ ئەوەش بزانین جگە لەکرداری خۆمان هیچ سوودی نییە بۆمان، چونکە خوا فەرموویەتی: بەنیئادەم جگە لەبەرهەمی تەقەلای خۆی هیچی دەسگیر نابێ. لەدوایی وتەکەمدا هیوام وایە کۆنگرەکەتان سەرکەوتووبێ بۆ خزمەتی گەلی عێراق و تێکڕای جیهانی ئیسلامەتی و ئایینی پیرۆزی ئیسلام. سڵاوی خواتان لێ بێ).
(سەرچاوە: ٥٠ ساڵ تەمەن یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان. ل.٤.

هەموومـان لەخزمـەت بڵاوكردنـەوەی ئایینـی پیـرۆزی ئیسلامدابیـن و ئـەركی سـەر شـانی خۆمـان جێبەجـێ بكەیـن و یەكگرتووبیـن، ناكـۆكی هێـز و توانامـان لەناودەبـات.

لـەم مـاوەی تەمەنیـدا، یەكێتـی زانایانـدا خزمەتێـكی زۆری بـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی كـورد و بـە ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام و و خەڵكـی كودسـتان گەیانـد لەبـوارە جـۆراو جۆرەكانـدا. بۆیـە هەندێـك لەدەسـتكەوتە گرنگـەكانی یەكێتـی زانایـانی ئیسـلام دەخەینـەڕوو[1]:

**یەكـەم**: دامەزرانـدنی لێژنـە بـاڵای فەتـوا بـۆ چارەسـەر كـردنی كێشـە و ناكۆكییـەكانی هاووڵاتیـان كەلـەم ئەندامانـە پێكدەهـات[2]:

١. مامۆستا مەلا وەیسی گرتكی.

٢. مامۆستا مەلا عەبدولقادر گەڵاڵی.

٣. مامۆستا مەلا عوسمان ئەحمەد وەلزی.

٤. مامۆستا مەلا مستەفا دارولسەلام.

٥. مامۆستا مەلا ساڵح ئەختەتەری.

٦. مامۆستا مەلا عەبدوڵا قەڵاتی.

**دووەم:** دامەزرانـدنی دادگاكانی شـەرعی بـۆ چارەسـەر كـردنی كێشـە و ناكۆكییـەكانی هاووڵاتیـان.

(١) فەتحی ئەلمودەریس. حوجرەنامە. چاپی یەكەم. هەولێر. ٢٠١٧. لا(١٨٨- ١٨٩).
(٢) مـەلا عەبـدوڵا شـێركاوەیی. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا٥٦. وە فاخـر عـالی خـان ئـاودەلی. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا ٢٠٥

**سـێیەم:** بڵاوکردنـەوەی پەیامـە بـەرز و بەنرخـەکانی ئاییـن و دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی و چەسـپاندنی بەهـا بـەرز و ڕەسـەنەکانی کوردایـەتی.

**چـوارەم:** کۆکردنــەوەی مامۆســتایانی ئایینــی لەژێــر چەتــری کوردایــەتی و ئاییــن پــەروەری و بــرەودان بــە برایــەتی و یەکســانی و پێکــەوە ژیــانی ئایینــی و نەتەوایــەتی و ئاشــتەوایی نیشــتمانی.

لەسـایەی ئـەم یەکێتییـەدا بـە دەیـان لێژنـەی فەتـوا و قـازی شـەرعی لەئەندامــانی پێکهێــنران و لەناوچــە جیــاوازەکانی کوردســتانی ڕزگارکــراو، ڕۆڵـی دادوەری خۆیـان دەبینـی وەك قـازی شـەرعی و ئەکتەرێـکی کاریگـەر بــوون لەئەنجامـدانی سـولح و ئاشـتکردنەوەی چەندەهـا لایـەنی ناکـۆك و یەکلایکردنــەوەی کێشــە جۆراوجــۆرەکانی هاووڵاتیــان، بــە دادپــەروەری و بەپێــی یاسـا و شـەریعەتی پیـرۆزی ئیسـلام.

زۆربــەی زانـا بەناوبانگـەکان کرانـە قـازی شـەرعی لەسـەرکردایەتییە ناوخۆییەکانـدا و پیشـەی دادوەرییـان پـێ سـپارد بـو نەهێـشتن و چارەسـەر کــردنی ناکۆکییــەکانی هاووڵاتیــان لەناوچــە جیــاوازەکانی کوردســتانی ڕزگار کــراو[١]. هەروەهــا دەرفــەتی خزمەتکــردنی زیاتــر بۆیــان ڕەخســاند، کــە خزمەتــێکی گــەورە بــە گــەل و نەتــەوە و شــۆڕش بگەینــن، بەتایبــەتی لەهۆشــیار کردنــەوەی هاووڵاتیــان بــۆ بڵاو کردنــەوەی دادپــەروەری و یەکســانی لەنــاو چینــە جیــاوازەکانی کوردســتاندا.

لەبــەر ڕۆڵــی گرنگــی مامۆســتایانی ئایینــی لەشۆڕشــدا لــەرووی

(١) مەسـعود بـارزانی. بـارزانی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد. بەرگـی سـێیەم بەشـی دووەم شـۆڕشی ئەیلـوول ١٩٦١ -١٩٧٥. لا٢٢٦

دادپەروەرییــەوە، زۆر جــار دادوەرەکانیــش پرســیان بــە مامۆســتایانی ئایینــی دەکــرد بەتایبــەتی لەیەکلایکردنــەوەی زۆر کێشــەی کۆمەڵایــەتی و زەویـوزار و بـاری کەسـی وەك: (جیاکردنـەوەی میـرات و تـەلاق و ژنهێنـان و ژنخــوازی) و لــەزۆر بواریتریشــدا. بۆنموونــە لەســەر داوای ســەرۆك بـارزانی دادوەر حەسـەن پشـدەری هاتـە گەلاڵـە، بۆئـەوەی بـە هـاوکاری و هەماهەنگــی لەگــەڵ زانایــانی ئاینــی کــە قــازی شــەرعی بــوون، تــا گیروگرفتــەکانی دانیشــتوانی ئــەم ناوچەیــە بــە تێکــەڵاو کــردنی یاســای شارســتانی لەگــەڵ بنەمــاکانی شــەریعەتی پیــرۆزی ئیــسلام، زۆر بەجــوانی و رێــك وپــێکی کێشــەکان چارەســەر بکــەن[١].

ســەرەڕای ئەمانــەش جێبەجــێ کــردنی دادوەریــش کارێکی ئاســان نییــە، بەڵکــو لێهاتــووی و نیازپــاکی و بوێــری دەوێــت، چونکــە هەندێــك لەمامۆســتا بەرێــزەکانی ئایینــی ســەرەڕای ئــەوەی شــارەزاییەکی باشــیان لەزانســتی شــەرعی هەبــوو و زۆر زانــا و نیــاز پــاك و لێهاتــوو بــوون، بــەڵام ئامـادە نەبـوون ببن بـە قـازی شـەرعی، بـۆ نموونـە یەکێـك لەمانـە: مامۆسـتا (مـەلا قـادر ئۆمەرئـاوە)[٢]، کـە زانایـەکی زۆر شـارەزا و زانـا بـوو

(١) ئیسماعیل گوندەژووری. شۆڕشی ئەیلوول لەباڵەکایەتی. سەرچاوەی پێشوو. ل٣٨.

(٢) مامۆسـتا مـەلا قـادر ئۆمەرئـاوە نـاوی تـەواوی (مـەلا قـادر حاجـی حەمەشـەریف حەمـە زێریـن) بـوو، لەسـاڵی ١٩٢٧ لەگونـدی ئۆمەرئـاوەی سـەربە شـارۆچکەی پـردێ لەدایـك بـووە، ئـەم گونـدە لەکۆنـەوە شـوێنی پێگەیانـدنی مامۆسـتایانی ئایینـی بـوو، سـەرەتا لەمزگـەوتی گونـدی گردەسـوور دەسـتی بـە خوێندن کـرد و لەزۆر شـوێن بەدوای فێربـوونی زانسـتی شـەرعی دا گـەڕاوە، تـا لەناوەڕاسـتی پەنجاکانـدا لە(خانەقـای سـەید ئەحمـەد) لەکەرکـووك ئیجـازەی مەلایـەتی وەرگـرت. ئیمامـەتی لـەزۆر مزگـەوت کـردووە و هەمیشــە وانــەی بــە فەقێیانــداوە. لەســاڵانی کۆتایــی شەســتەکاندا هاتــە هەولێــر، لەمزگـەوتی گـەرەکی سـەیداوە بـوو بەئـیمام و وتاربێـژ. لەبـەر ئـەوەی عەبـدوڵای کـوڕی

لەبــواری زانســتی شــەرعی دا، بــەڵام لەســاڵی ١٩٧٠ خوالێخۆشــبوو مــەلا مســتەفا بــارزانی داوای لێکــرد کــە ببێتــە قــازی شــەرعی لەناوچــەی نێــوان پــردێ و قوشــتەپە، بــەڵام مامۆســتای بەرێــز داوای لێبــوردنی لەجەنــابی بــارزانی کــرد و شــانی خــۆی نــەدا بــەر ئــەم بەرپرســیارەتییە[١].

---

ببــوو پێشــمەرگە، دەزگاکانی میــری زوو زوو بانگیــان دەکــرد و پرســیاریان لــێ دەکــرد. مامۆســتا لــە١٠/ ٣/ ١٩٩٦ بــە هــۆی نەخۆشــییەوە کۆچــی دوای کــرد و لەگونــدی گردەرەشــە بــە خــاك ســپارد.

(١) شێخ عومەر لەتیف بەرزنجی. سەرچاوەی پێشوو. لا ٤٧٠.

# بەشی سێیەم

# دەنگدانەوەی دادپەروەری شۆڕشی ئەیلوول

# ڕۆڵی دادگاکان لە یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا

دادگاکانی شۆڕش لە یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو. لە بارەی ڕۆڵەکەیان مامۆستا مەلا مستەفای دارولسەلام دەڵێت: لەپایزی ١٩٦٢بارزانی ڕیش سپی و پیاوماقوڵ و مامۆستایانی ئایینی ئەم ناوچەیە لەمزگەوتی گەلاڵە کۆکردنەوە و کۆبوونەوەیان لەگەل کردن، لەکۆبوونەوەکەدا فەرمووی: تازە ئەم ناوچەیە ئازاد کرا و لەوانەیە ئێرە بەجێبێڵم و بچمە شوێنێکی دیکە لەپێناو شۆڕشدا، بەڵام ئەوەی من لەئێوەم دەمەوێ، دەبێت ئێوە نیزامێك دابنێن، بتوانن کاروباری خەڵک و شۆڕش بەڕێوە ببەن[1]، هەروەها بەردەوامی بە قسەکانی خۆیدا و گوتی: پێویستە هەندێکتان کاروباری سەربازی و پێشمەرگایەتی بگرنە ئەستۆ، هەندێکیتر کاروباری دادوەری و دادگاکان بگرنە ئەستۆ و هەموو کێشە و گیروگرفتەکانی هاووڵاتیان چارەسەر کەن، بەدرێژی لەسەر بابەتی دادوەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی قسەی کرد.

دەڵێت: بارزانی لەماوەی هەفتەیەك فەرماندەیەکی سەربازی بۆ ئەم ناوچەیە دانا کە (موقەدەم عەزیز ئاکرەیی) بوو، کرایە فەرماندەی هێز، بۆ ناوچەی باڵەکایەتی. لەدوای ئەمە بارزانی باڵەکایەتی بەجێهێشت بەرەو ناوچەی سلێمانی ڕۆیشت، دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەك بەسەر دەستبەکار بوونی موقەدەم عەزیز وەك فەرماندەی هێز، بەخۆی هاتە ماڵی ئێمە لەگوندی دارولسەلام، وا ڕێکەوت لەکاتی هاتنی ئەو، لەهەمان

(١) جەعفەر گوانی، چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا مستەفا دارولسەلام، گۆڤاری خۆری ئیسلام، ژمارە ١٠، ل ١٤-١٧.

شـەودا چەنـد مامۆسـتایەکی ئایینـی تەشریفیـان هێنابـوو میـوانی ئێمـە بـوون لەدارولسـەلام لەوانـە (مـەلا وەیسی گرتـك و مـەلا مەحمـودی ڕۆسـتایی و مـەلا ئەحمـەدی رایـاتی). موقـەدەم عەزیـز گـوتی بـارزانی فەرمویـەتی کـە دەبێـت هەندێـك لەئێـوەی مامۆسـتایانی ئایینـی کاروباری دادگای شـەرعی بۆ ئـەم دەڤـەرە بەدەسـتەوە بگـرن و ببنـە قـازی شـەرعی بـۆ چارەسـەر کـردنی کێشـە و گیروگرفتـەکانی هاووڵاتیـان. گـوتی جا ئێوە شـارەزان ئەم مامۆسـتایانە دیـاری بکـەن، هەرچەنـدە بـارزانی لـەوێ نەبـوو، بـەڵام لەمزگـەوتی گەلاڵـە ئامـاژەی بەمـە کردبـوو. دوای بیرکردنەوەیـەك لەگەڵ موقـەدەم عەزیز، ئێمە ڕێککەوتیـن کـە مامۆسـتا مـەلا وەیسی کاروبـاری دۆڵـی ڕۆسـتێ بەدەسـتەوە بگرێـت. هەروەهـا لەناوچـەی دارولسـەلام و دەوروبـەری تـا دەگاتـە گەلاڵە بـۆ یـەکلای کردنـەوەی هـەر کێشـەیەك بێنە لای مـن لەدارولسـەلام. ناوچەی چۆمـان و سـەرۆی چۆمـان درایـە دەسـت مامۆسـتا مـەلا قـادری سـکتانی بـۆ کاروبـاری شـەرعی، چونکـە ئـەوکات مـەلا قـادرماڵـی لەناوەنـد بـوو. سـەرکردایەتیش درا دەسـت مامۆسـتا مـەلا عـوسمانی یەك دەسـت کەبە مەلا گوجـە نـاسراو بـوو. چونکـە ئـەو لە(مـەران -مـەلان) دادەنیشـت. ئـیتر لـەم ڕۆژەوە ئـەم چوار کەسـە بـوون بە قازی شـەرعی لەباڵەکایەتـی، دەڵێت ئێمە گـوێمان لەبـارزانی نەبوو، بـەڵام موقەدەم عەزیـز دەیگوت بارزانیـش ئاماژەی بەم چـوار کەسـە کـردووە.

مــەلا مســـتەفا دارولســـەلام دەڵێــت: هەرکەسـێك بویســتایە ســکاڵا بەرزبکاتــەوە دەبــوو شــکایەتەکەی بیداتــە هێــز یــان ناوچــەی حیــزب، بۆئــەوەی ئەوانیــش ئــاگاداری بابەتەکەبــن، ئەوانیــش لــەلای خۆیانــەوە ســکاڵاکەیان بــۆ ئــەو مامۆســتایە ڕەوانــە دەکــرد کــە کابــرای خــاوەن

سـکاڵا خـەڵکی سـنووری ئـەم بوایـە، لەگـەڵ ڕەوانـە کـردنی دەعواکـە داوای وەڵامیشـیان لێدەکـرد بۆئـەوەی (بڕیارەکـە) جێبەجـێ بکـەن. مامۆسـتا دەڵێـت ئێمـە شـەرعەکەمان دەکـرد و بڕیـاری کۆتایـیمان لەسـەر دەدا و جێبەجـێ کردنـیشی عایـدی هێـز یـان ناوچـەی باڵـەك بـوو.

یەکلایکردنـەوەی هـەر کێشـەیەکی کۆمەڵایـەتی تـا سـاڵی ١٩٧٠ بـەم شـێوەیە بـوو. لـەدوای دامەزرانـدنی یەکێتـی زانایـان، هاووڵاتیـان هـەر کێشـەیەکیان هەبـا سـکاڵاکەیان دەیبردە ئەنجومـەنی تەنفیـزی یەکێتـی زانایـان، یەکێتـی زانایانیـش بـۆ لای چـوار مامۆسـتایە دیاریکراوەکانیـان ڕەوانـە دەکـرد. کـە ئـەوکات مامۆسـتا مـەلا عـەلی مـەلا عەبـدولای موفتـی سـەرۆکی یەکێتـی زانایـان بـوو.

دواتـر دادگای عـەدل لەچۆمـان دامـەزرا، کاتـێ کـە دادوەریـان بـۆ ئـەم دادگایـە دانـا، گوتیـان دەبێـت قازییـەکی شـەرعیش لەگەڵیـان ئەنـدام بێـت تـا کاروبـاری شـەرعی بەڕێـوە ببـات. ئەوانیـش منیـان بـۆ ئـەم بەشـە هەڵبـژارد و گوتیـان دەبێـت بێیتـە چۆمـان و لـەوێ کاروبـاری شـەرعی بەڕێـوە ببەیـت، چونکـە لەپێـشتر هیـچ بارەگایـەکمان نەبـوو، بەڵکـو لەماڵـی خۆمـان یـان لەبـارەگای هێـز یـان لەبـارەگای ناوچـە دەعواکانمـان دەبینـی و بڕیارمـان لەسـەردەدا. بـەڵام کـە بەشـی عـەدلی لەچۆمـان کرایـەوە، بووبـە ڕەسـمی و مـن بـووم بـە قـازی شـەرعی و لەچۆمـان دانیشـتم. ئـەوکات بـە دواوە هەرچـی دادگا و شـەرعی کـە کەوتـە لای ئێمـە لەچۆمـان، قەڵەبالغییـەکی زێـدەم لەسـەر دروسـت بـوو، بـە هـۆی ئـەوەی کـە هەمـوو دەعواکانـم دەنـاردە چۆمـان، مـەلا وەیسی گـرتکی کـرا بـە یاریـدەدەری مـن، دواتـر مامۆسـتا مـەلا عەبـدولای قەڵاتیـش

کــرا بــە یاریــدەدەر (معــاون)ی مــن. لەگەڵاڵــەش لەبــارەگای یەکێتــی زانایـان حوکـم دەکـران و بڕیاریشـیان لەسـەر دەدان و دواتریـش ڕەوانـەی لای ئێمـە دەکـران. پاشـان مـەلا عـەلی سـەرۆکی یەکێتـی زانایـان کـرا بـە ئەندامـی بەشـی عـەدل لەچۆمـان. هـەر شـوێنێکیش دەعـوای بـۆ ئێمـە ڕەوانـە دەکـرد، داوای وەڵامـی دەکـرد و ئێمـەش وەڵامـی ئـەم شـوێنەمان دەدایـەوە. لـەدوای گەڕانـەوەی بـارزانی زۆر لەدەعـواکان دەچوونـە لای ئـەو، بـەڵام بارزانیـش هـەر بـۆ لای ئێمـەی ڕەوانەدەکـرد و بـارزانی زۆر لەئـەدای کاری ئێمـە ڕازی بـوو.

# پشتگیری شۆڕش لە بڕیارەکانی قازی شەرعی

**ماملۆستا مەلا مستەفا دارولسەلام** سەبارەت بەجێبەجێکردنی بڕیارەکانی لێژنەی فەتوا، دەڵێت: ئێمە لەلایەن شۆڕشەوە دەسەڵاتی تەواومان هەبوو، بەتەواوەتی بڕیار لەدەست ئێمەدابوو، کەس نەیدەتوانی لەڕووی شەرعییەوە دەست لەکاروباری زانایانی ئایینی وەردات، بەڵام جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی ئێمە دەماندا لەدەست ئێمەدا نەبوو، بەڵکو لەدەست شۆڕشدا بوو، هەر بڕیارێک وەکو خۆی جێبەجێ دەکرا. بەتایبەتی بارزانی هەر دەعوایەك حەوالەی لای هەر قازییەکی شەرعی کردبا، بڕیاری شەرعی ئیسلام چی بوو ڕاستەوخۆ بەسەریدا جێبەجێ دەکرد. هەروەها شۆڕش پشتگیرییەکی تەواوی لەقازییەکانی شەرعی دەکرد و دەیویست هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام جێبەجێ بکرێت و دەبوو هەر بڕیارێک کە قازی شەرعی دەری دەکرد، وەك خۆی جێبەجێ بکرێت

مامۆستا مەلا مستەفای دارولسەلام باس لە جۆری داواکان دەکات و دەڵێت: ئەو داوایانەی تایبەت بوون بە موڵکداری و عەقار و پاوان و سنوور و مافی کەسی و باری کەسی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانە ئێمە یەکلاییمان دەکردنەوە، بەڵام ئەو داوایانەی تایبەت بوون بە ئەنجامدانی تاوان و تاوانکاری ئەوە لەلای دادگاکان یەکلایی دەکرانەوە و هیچ پەیوەندییان بە قازی شەرعییەوە نەبوو. ئەو کێشانەی ئێمە یەکلاییمان دەکردەوە بەتەواوتی بنبڕمان دەکرد و شۆڕشیش بەجدی جێبەجێی دەکرد. بۆ نموونە وەك کێشەی نێوان بولێ و ناوچەی باڵەکیان کێشەی سنووری

سەرسـولێیان هەبـوو کە کوێسـتان بـوو، لەماوەی نێوان سـاڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٧٠ ئـەم کێشـەیە بـەردەوام بـوو، ئێمـە کێشـەکەمان یـەکلای کـردەوە و بڕیـاری کۆتاییمان لەسـەردا و بەتەواوەتی بنبڕ بوو. لێژنەکانی فەتوا و قازیەکانی شـەرع کێشـەی زۆری لـەم شـێوەیە یەکلایـی دەکـردەوە و ڕۆڵـێکی زۆر کاریگـەری لەئاشـتەوای کۆمەلایـەتی لەناوچەکـە هەبوو. هـەر کێشـەیەکیش تەنها بەپێی شـەریعەتی ئیـسلام و رای فوقەهـاکانی ئیسلامـی بەتایبـەتی فوقەهـای سـەر بەمەزهەبـی شـافعی یەکلایـی دەکردینـەوە، چونکـە خەڵکـی ئێمـە پەیڕەوی ئیمامـی شـافعی بوون.

مامۆسـتا چەنـد نموونەیـەک دەهێنێتـەوە و دەڵێت: جارێکیان کێشـەیەکی گـەورە لەنێـوان ئێنەیـی و باڵەکیـان هەبـوو، لەسـەر چەنـد عەقاڕێـک کـە موڵکـی کابرایـەکی سـەید بـوو. یەکـەو نیـوەی عەقارەکـە بـە ڕەهـن دابوویـەوە، دواتـر کێشـە لەنێـوان ئـەم دوو گونـدە سـەرهەڵدەدات، بـارزانی لێیـان دەپرسـێت چییـە؟ هەریەکەیـان دەڵێـت پارەمـان بەڕەهـن داوە. لێیـان دەپرسـێت موڵکـی ئێوەیـە دەڵێـن بـە ئەسـل هـی هیـچ کامێکـمان نییـە، بـەڵام ٥٠٠ دینارمـان بەڕەهـن داوە. بـارزانی هەریەکەیـان ٥٠٠ دینـاری دەداتـێ و بڕیـار دەدات: دەبێـت موڵکەکـە ببێتـە موڵکـی گشـتی و عەقـاری هەموویـان بێـت بـێ جیـاوازی کـە بـۆ ئـەوکات ١٠٠٠ دینـار پارەیـەکی گەلێـك زۆر بـوو، بـەڵام ئەمـە لەپێنـاو بەرژەوەنـدی گشـتیدابوو.

**مامۆسـتا مـەلا عەبدولقـادر سـکتانی**[١]، دەڵێـت: لەکۆتـای سـاڵی ١٩٦١، لـەو کاتـەی مـن لەناوەنـد بـووم، بـارزانی لەدوامـی نـارد و منیـش

(١) جەعفـەر گـوانی. چاوپێکەوتـن لەگـەڵ مامۆسـتا مـەلا عەبدولقـادر سـکانی. خـۆری ئیـسلام. (گۆڤـار). ژمـارە ١٤. لا (٣٧- ٤٣).

چوومــە خزمــەت جەنابیــان. لەبــارەی ئاییــن، زۆر پرســیاری لێکــردم و منیــش وەڵامــم دایــەوە، دواتــر بەمنــی گــوت وەرە گەڵاڵــە، کاتــێ مــن چوومــە گەڵاڵــە لــەدوای عیشــایێ خەڵکــی گەڵاڵــەی کۆکــردەوە و پێــی گوتــن: مــن دەمەوێــت مــەلا عەبدولقــادر بێنمــە گەڵاڵــە و بیکەمــە قــازی شــەرعی . ئەگــەر پێتــان خۆشــە بــا ئیمامەتیتــان بــۆ بــکات ئەگەرنــا ئیمامێــك بــۆ خۆتــان دەستنیشــان بکــەن بۆتــان دێنــم. ئەوانیــش گوتیــان قوربــان زۆرمــان پێخۆشــە، هــەر نیازمــان بــوو لــەدووی بنێریــن.

ســەبارەت ئەنجامــدانی کاری قازییایــەتی دەڵێــت: ئــەو کات مــن قــازی شــەرعی تێکرایــی شــۆڕش بــووم نــەك تەنهــا هــی یــەك ناوچــە، بەڵکــو دواتــر بــارزانی لەهــەر ناوچەیــەك قازییــەکی تایبــەتی دانــا. بــۆ نموونــە مــەلا ئەحمــەدی ســکتان لــە ڕانیــەی دانــا و مــەلا مســتەفای بێلینگەیــی لەبێلینگــە دانــا و...تــاد، بــەڵام شــەرعی ســەرەکی لەگەڵاڵــە بــوو، چونکــە گەڵاڵــە وەك پایتەخــت بــوو. هــەر شــوێنێکیش چووبایــا قازییــەکی شــەرعی لــێ دادەنــا، بــۆ چارەســەر کــردنی کێشــە کۆمەڵایەتییــەکان. دەڵێــت: بــەڵام بــۆ فەتــوای ســەرەکی ئێمــە لێژنەیــەك بوویــن کــە لەچــوار کــەس پێکهاتبوویــن:

١. عەبدولقادری سکتانی. سەرۆك.

٢. مەلا وەیسی گرتکی. ئەندام.

٣. مەلا عوسمان ڕۆستایی. ئەندام.

٤. مەلا مستەفا دارولسەلام. ئەندام.

**مەلا حەمەدەمین چەمچەماڵی** دەڵێت[١]: ئێمە لەلقی پێنجی کەرکووکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام ئەندامی لێژنەی فەتوا بووین، لەو کات لێژنەی فەتوا ڕۆڵێکی کاریگەری لەیەکلایی کردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبوو کە لەلایەن پارتییەوە پشتگیرییەکی باشی لێ دەکرا. دەمەوێت ڕووداوێکی مێژوویی بگێڕمەوە کە لەکاتی خۆی بەکردار ڕوویداوە: مامی کچێك دەیویست برازاکەی بە زۆری لەکوڕەکەی مارە بکات، لەکاتێکدا کوڕەکەی دوو ژنیتری هەبوو، چونکە کچەکە ماڵ و موڵکێکی زۆری بەمیرات بۆ مابوویەوە، بۆئەوەی ئەم ماڵ و سەروەتە لەدەستیان نەچێت. مامەکە هەندێك کەسی ناردە لای کچەکە بۆئەوەی ڕازی بکات، بەڵام کچەکە ڕازی نەبوو، مامۆستا دەڵێت ئەوە یەکەم جارە دەبینم کچێك ئەوەندە بوێرانە ڕازی نەبێت بەزۆری بەمێرد بدرێت. دەڵێت ئەم کچە هاتە لای ئێمە و گوتی ئەوان مەبەستیان زەواج نییە، بەڵکو مەبەستیان موڵک و ماڵی منە، بۆیە داواتان لێ دەکەم کێشەکەی من بەپێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام چارەسەر بکەن. دەڵێت بابەتەکەمان لەگەڵ مامی کچەکە باس کرد و داوامان لێکرد کە واز لێ بێنێت، بەڵام مامەکەی ڕازی نەبوو، چونکە هەر خۆی وەلی ئەمری کچەکە بوو. ئەگەر وەلی ئەمریش ڕازی نەبێت دەبێتە کێشە، کەواتە ئەمە کێشەیەکی شەرعییە، هەروەك پێغمبەرمان (د.خ) لەم فەرمودەیەدا

(١) عباس علی سلیمان. التجدید. (مجلة فكرية فصلية). العدد ٢. السنه الاولی صیف ٢٠٠٩ ص (١٢٣- ١٢٥).

دەفەرمویّـت: (إذا زوج ابنتـه وهـی کارهـه فنکاحـه مـردود)[١]، مامۆسـتا دەڵێـت ئـەم کێشـەیە لـەلای ئێمـە گـەورە بـوو، دەڵێـت لەلایەکـیترەوە زۆر ڕاپـۆرت لـەلای سیاسـیەکانەوە بۆمـان هاتـن، هەڕەشـەیان دەکـرد ئەگـەر ئێـوە شـتێکی وابکـەن لێتـان قبـوڵ ناکەیـن، پاشـان کێشـەکەمان گەیانـدە بـارزانی، دەڵێـت: ئێمـە دەقـی فەتواکەمـان بـۆ بـارزانی نـارد و نوسـخەیەکیش بـۆ مەکتەبـی تەنفیـزی یەکێتـی زانایـان و یەکێکیـش بـۆ بـارەگای بـارزانی و یەکێکیـش بـۆ دادگای پێـدا چوونـەوە (محکمـە تمیـز). ئەوانـەی نـاڕازی بـوون و کێشـەکە خـاڵ بەخـاڵ بـۆ بارزانییـان باسـکردبوو، دوای ئـەوەی بـارزانی کێشـەکەی خوێندبـووە و زانـی بـوو کـە ئـەم فەتوایـە بەپێـی شـەریعەتی پیـرۆزی ئیـسلام دراوە.

مامۆسـتا چەمچەماڵـی دەڵێت: بارزانی زۆر پشـتگیری ئێمـەی دەکرد، بۆیە ئـەو بڕبڕەی پشـتی یەکێتی زانایان بوو. تا کار گەیشـتە ئـەو ڕادەیەی زۆربەی کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان لەلایـەن ئـەم دەزگایـەوە یەکلایـی دەکرانـەوە. بـۆ نموونـە ئـەو حاڵەتانەی هـەر مارەییەك بەگچکەیی ئەنجام دەدرا کە کێشـەکە دەگەیشـتە ئێمـە، عەقدەکەمـان هەڵدەوەشـاندەوە بەتایبـەتی لـەو کاتـەی کچەکـە ڕازی نەبـا، چونکـە مەرجـەکانی گرێبەسـتی دروسـت نەدەهاتـەدی، یاخـود مەرجێك لەمەرجـەکانی نیکاحـی درووسـت کـەم بـوو. دواتـر ئێمـە گشـتاندنمان بـۆ هەمـوو لـق و ناوچەکانمـان نـارد کـە تێیـدا هاتبـوو: (ئێمـە بەهیـچ شـێوەیەك ڕازی نابیـن هاوسـەرگیری بـەزۆری ئەنجـام بدرێـت). ئـەم بڕیـارە لەهەمـوو ناوچە و گونـدەکان جێبەجێ کرا، چونکە پێـشتر ئەم نەریتە

---

(١) صحیـح بخـاری ٣٤/٤ (بـاب اذا زوج ابنتـه وهـی کارهـه فنکاحـه مـردود) رقـم الحدیـث ٧١. سـنن النسـائی ٦/ ٨٧ ( بـاب البکـر یزوجهـا ابوهـا وهـی کارهـه).

هەڵـە و دواکەوتووانـە بەدرێژایـی مێژوو لەنـاو کۆمەڵگاکەمانـدا هەبوو، ئەم نەریتـە لەناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی حوکمـی بـارزان بـوونی نەبـوو، چونکە ئەم کارە تـەواو پێچەوانـەی شـەریعەتی پیـرۆزی ئیسلامـە و هەروەهـا پێچەوانەی بنەمـاکانی یاسـاکانی مـافی مرۆڤـە، لەڕێککەوتنامـە جیهـانی و هەرێمییەکاندا.

بـۆ نموونـە باسـی هەندێـك لـەو یاسـا نێودەوڵەتییانـە دەکەیـن کـە بـاس لـە فرۆشـتن و بەشـودانی بـەزۆری ئافرەتـان دەکـەن:

- لەجاڕنامــەی جیهــانی مــافی مرۆڤــی ســەربەنەتەوە یەکگرتــووەکانی ســاڵی ١٩٤٨، لەمــادەی ٤دا هاتــووە کــە دەقەکــەی بــەم شــێوەیە: (نابێـت کـەس بەکۆیلـە بکرێـت یـان بکرێتـە بەنـدە، بەکۆیلـە کـردن قەدەغەیـە و قەدەغەشـی کـردووە بـازرگانی بـە کۆیلـە بکرێـت بـە هەمـوو شـێوەکانییەوە)[1]. کەواتـە بەپێـی ئـەم دەقـە ئەگـەر ئافـرەت بەرەئـی خـۆی نەتوانێـت هاوسـەرگیری بـکات، لەبـەر ئـەوەی وەلی ئەمـری دەڵێـت مـن بەبـێ نەخـت یـان بـەلاش نادەمـە کـەس، بـەم شـێوەیە وەك کۆیلـە لـێ دێـت و ئـەم دەقـە دەیگرێتـەوە.
- هەروەهــا لەڕێککەوتنامــەی ئەوروپــی بــۆ مــافی مــرۆڤ، لەمــادەی ١٢دا هاتــووە: (پیــاو ئافــرەت لەتەمــەنی هاوســەرگیریدا مافــی پێکهێنـانی خێزانیـان هەیـە، بەپێـی یاسـاکانی نیشـتمانی کـە دەسـەڵاتی پیادەکـردنی ئـەم مافەیـان هەیـە)[2].

---

(١) لینـا طبـال، الاتفاقیـات الدولیـة واللاقلیمیـة لحقـوق الانسـان. الطبعـة ٢٠١٠. مؤسسـە الحدیثـة للکتـاب. طرابلـس- لبنـان. ص ١٢٦

(٢) لینا طبال. سەرچاوەی پێشوو. لا ٦٢٠

- هەروەهـــا لەڕێککەوتننامـــەی ئەمریـــکی لەبڕگـــە ٢ مـــادەی ١٧دا دەقەکـەی بـە هەمـان شـێوەی سـەرەوە هاتـووە کـە لەڕێککەوتنامـەی ئەوروپیـــدا هاتـــووە. هەروەهـــا بڕگـــەی یـــەك مـــادەی شەشـــی ڕێککەوتنامـــەی ئەمریکیـــدا جەخـــت لەقەدەغـــە کـــردنی کۆیلایـــەتی و بازرگانیکــردن بــە ئافرەتــەوە دەکات کــە دەقەکــەی بــەم شــێوەیە: (نابێـت هیـچ کەسـێك ناچـار بکرێـت بـە بەنـدە و کۆیلایـەتی نابـەدڵ، ئەمانـە بـە هەمـوو شـێوەیەك قەدەغەیـە، لەگـەڵ بازرگانیکـردن بـە کۆیلــە و ئافرەتانیــش)[١].
- هەروەهـــا لەڕێککەوتننامـــەی عەرەبـــی بـــۆ مـــافی مـــرۆڤ لەبڕگـــە ١ی مـــادەی١٠دا دەقەکـــەی بـــەم شـــێوەیە: (نابێـــت بەندایـــەتی و بازرگانیکـــردن بـــە تاکەکانـــەوە بکرێـــت بـــە هەمـــوو شـــێوەیەك قەدەغەیـە، ئـەوەی ئـەم کارە بـکات دەبێـت سـزا بدرێـت، هەروەهـا بــە هیــچ شــێوەیەك نابێــت کۆیلەیــی و بەندایــەتی هەبێــت)[٢].

کەواتە هەموو ئەم ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتی و هەرێمیانەی باسمان کرد قەدەغەیان کردووە مرۆڤ وەك کۆیلە بەکار بهێنرێت یان بازرگانی پێوە بکرێت، هەروەك ئەو شێوەیەی کچان بەبێ نەخت بەمێرد نەدەدران یاخود کێ نەختی زیاتری پێدەدا دەیدایە ئەو، بەبێ ڕەچاو کردنی باری کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و ئایین و ڕەفتار کە ئەم حاڵەتانە لەزۆر شوێنی کوردستان بوونیان هەبوو، بەڵام یەکێتی زانایان و سەرکردایەتی شۆڕش بەسەرۆکایەتی بارزانی هەموو ئەمانەی قەدەغە کرد.

(١) لینا طبال. سەرچاوەی پێشوو. ل٦٩٢.
(٢) لینا طبال. سەرچاوەی سەرەوە. ل٧٥٤

# چەند نموونەیەك لە دادپەروەری سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی

**نەجمەدیـن یوسـفی** لەدیمانەیـەکی تایبەتـدا لـە١٠ی نیسـانی ٢٠٠٧ کـە لـەکاتی ئـەم ڕووداوەدا قائیمقامـی قـەزای ئامێـدی بـوو بـاس لـەڕووداوێکی سـەیر دەکات و دوپـاتی دەکاتـەوە کـە زۆر شـتی لـەم جـۆرە لەناوچـەکانی کوردسـتان بـەدی دەکـران کـە پوختەکـەی بـەم شـێوەیە بـوو: ( کەسـێك لەسـاڵی ١٩٦٥ بەتۆمـەتی ئەنجامـدانی سـەرپێچی یاسـایی دەسـتگیر کـرا و خرایـە بەندیخانـەی سـەربە قایمقامیـەتی قەزای ئامێـدی، کاتێکیش لەنیسـانی ساڵی ١٩٦٥ شـەڕ دەسـتی پێکـرد، بـە مەبەسـتی ئەنجامـدانی کۆبوونەوەیەکی بەپەلـە، بانگهێشـتی ئەسـعەد خۆشـەڤی فەرمانـدەی لەشـکری بادینـان کـرا، بۆیـە ئـەو ناچـار بوو لەگـەڵ پاسـەوانەکانی خـۆی پاسـەوانەکانی بەندیخانەش ببیـات و بەندیخانـە بەبـێ پاسـەوان بەجێهێشـت، بۆئـەوەی ڕوو بکەنـە شـوێنی کۆبوونەوەکـە، بەنـد کراوەکـە بەتەنیـا لەبارەگاکـە بەجـێ هێلـرا و تـا کاتی گەڕانـەوەی پاسـەوانەکان، بەندکراوەکـە خـۆی پاسـەوانی شـوێنەکەی دەکـرد و هەوڵـی ڕاکـردنی نـەدا، چونکـە دڵنیـا بـوو لـەوەی بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە حوکـم دراوە)(١)

بـۆ نموونـە: ( لەسـاڵی ١٩٦٤ کاتێك بارزانی سـەردانی ناوچەکانی کوردسـتانی دەکـرد، جارێکیـان لەشارۆچکەی چوارتـا کـە میـوانی خانەوادەیـەك بـوو، کەسـێك هـات بـە سـەبەتەیەك هێلکـەوە، سـوور بـوو کـە چـاوی بـە بـارزانی

(١) شـێرزاد زکریـا محمـد. ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕشی ئەیلـوول لەکوردسـتانی عێـراق. ١٩٦٤-١٩٧٠. چاپـی ئیسـکلوپیدیای پارتـی ٢٠٢١ دهـوك. ل١٩٩

بکەوێت کە چوویە ژوورەوە گوتی قوربان ئەم سەبتە هێلکەیەم بۆ جەنابت هێناوە، بارزانی پێی وت من پێویستیم بە هێلکە نییە، بەڵام زانی ئەو مەبەستێکیتری هەیە، بارزانی لێی پرسی فەرموو چ مەبەستێکت هەیە، گوتی خۆم و خانەوادەکەم ماوەیەکە هێلکە کۆدەکەینەوە، ئەمڕۆ ویستم بیبەمە سلێمانی بە مەبەستی فرۆشتنیان، بەڵام لەچوارتا دەرچووم نیو دینارم دا بە گومرگی ئێوە، لەبەرامبەردا پسولەیەکیان پێدام، کاتێ کە گەیشتمە چیای ئەزمڕ گوتیان دان بەم پسولەیەدا نانێین و مامەڵەی لەگەڵدا ناکەین، پێویستە نیو دینار بدەی و بەناچاری ئەویشم دا، لەوێ زانیم لەدەباشانی سلێمانی بە دینارێک ڕزگارم نابێ، بۆیە بە باشم زانی بە سەبەتە هێلکەکەمەوە بگەڕێمەوە بۆ چوارتا و وەك سەرۆکی ئەم شۆڕشە پێشکەشت بکەم. بە بیستنی ئەمە بارزانی لەلایەک زۆر دڵتەنگ بوو، لەلایەکیترەوە هەستی بە ئاسوودەی کرد، چونکە ڕاستەوخۆ ئاگاداری بابەتەکە بوو، لەبەرئەوە بارزانی فەرمانی بە هەموو بنکەکانی سوپای شۆڕشگێری کوردستان و بارەگاکانی پارتی کرد کە لەئەمڕۆ بەدواوە نابێت هیچ گومرگ و باج و ڕسوماتێك لەهاووڵاتیان وەربگیرێ، جگە لەباجی ئەو توتنە نەبێت کە ڕەوانەی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت دەکرێ )[1].

**بارزانی مەلا خالید** کە تەمەنێکی زۆری لەناو شۆڕشدا بردووە دەڵێت[2]: ( بارزانی سەرکردەیەکی توند و بەدیسپلین بوو، ئەگەر لەم کوردستانەدا باری زێرت پێبایە پیاو نەبوو دزیت لێ بکات، چونکە

---

(١) شێرزاد زکریا محمد. سەچاوەی پێشوو. لا (١٩٣-١٩٤).

(٢) حامید گەوهەری. مەلا مستەفا پێشمەرگە و سەرۆك. چاپی یەکەم. ستۆکهوڵم سوێد. ٢٠١٧. لا(٤٧٩ – ٤٨٠).

ئەگـەر ئاشـکرا بووایـە بـارزانی چاوپۆشـی لەتاوانبـار نەدەکـرد. کوردسـتان زۆر ئەمیــن بــوو، نموونەیــەك دێنیتــەوە کــە بەســەر خــۆی هاتــووە، دەڵێـت: لە(پیـرە) پێشـمەرگە بـووم، گەنـج بـووم ئەوکاتـە تەلەفزیـون نەبـوو ڕادیـۆش کـەم بـوو، بڕیـارەکانی شـۆڕش لەڕادیـۆ دەرنەدەچـوون و بــە بێتــەل (لاســلکی) ڕادەگەیەنــرا، گوتیــان بــە ئەمــری بــارزانی ڕاوە کـەو قەدەغـە بـوو، ڕۆژێـك دەسـتم دایـە تفەنگەکـەم و چوومـە گەلـی مـەلارێ کـە باریکـە جۆگەیـەکی پێـدا دەچـوو و ئێـواران کـەو دەهاتـن ئاویـان لـێ دەخـواردەوە، چـووم کەوێـك و دوو سوێسـکەم دی، ویسـتم سـێرەیان لـێ بگـرم، جوتیارێـک لـە بەرزاییەکـە دەهاتـە خـوارەوە کـە منـی بینـی، هـاواری کـرد گـوتی کاك بـارزان تـۆ نـازانی بـە ئەمـری مـەلا مسـتەفا کـەو کـوشتن قەدەغەیـە! مـن بـە بیسـتنی ئـەم قسـەیە دەسـتم شـل بویـەوە. لێـرەدا گەورەیـی بـارزانی بومـان ڕوون دەبێتـەوە کـە بـارزانی چــۆن کاریگــەری ڕاســتەوخۆی هەبــوو بەســەر فیکــر و هەڵســوکەوتی هاووڵاتیـان، خـەڵکی کوردسـتان خـۆی پارێـزەری ئـەو بڕیارانـە بـوو کـە لەسـەرکردایەتی شـۆڕش دەردەچـوون).

**زەکی ئاکرەیـی** کەسـێکی نزیـك لەبـارزانی بـوو دەڵێـت[1]: کاتێـك لەگـەڵ بـارزانی دەچووینـە گوندێـك بەتایبـەتی کاتـێ کـە بـە شـەو دەماینـەوە ئـەو هەمیشـە هەوڵـی دەدا مـەلا و ڕیشسـپی و خەڵکـی گونـد لـەدەوری کۆبنــەوە و قســەو بــاس لەگەڵیانــدا بــکات، لەبــەر دادپــەروەری و

(١) گـۆران ئەحمـەد ئیسماعیـل. دیـدارێکی تایبـەت لەگـەڵ زەکی ئاکرەییـدا. بەناونیشـانی (کولمێـك لەشـاکار و ڕەفتـار و دادپـەروەری بـارزانی نەمـر). پەیامـی ئەیلـوول. گۆڤـار. ژمـارە ٢٥ لا ١١

سـەلماندنی ئـەوەی کـە ئەنجامـدانی شـۆڕش کار و ڕێبـازێکی ڕەوایـە، ئـەو هەمیشـە جەختـی لەسـێ خاڵـی زۆر گرنـگ و سـەرەکی دەکـردەوە دەیگـوت

**یەکەمیان:** ئێمە مووسڵمانین.

**دووەمیان:** ئێمە کوردین.

**سێیەمیان:** ئێمە بن دەست و ستەم لێکراوین.

ئـەم هەنـگاوەی بـارزانی دەبووە هـۆی ئـەوەی قەناعەت بـۆ ئامادەبووان دروسـت بێـت کـە ئێمـە لەسـەر حەقیـن و بەرگری کـردن لەخاك و نیشـتمان مافـێکی ڕەوا و پیـرۆزی خۆمانـە، دەیگـوت ئێمـە نـەك تەنیـا بەرگـری لەمـافی گـەلی کـورد دەکەیـن، بەڵکـو بەرگـری لەمـافی هەموو ئـەو نەتـەوە و ئاینانەی لەکوردسـتان دەژیـن دەکەیـن. بەهـۆی ئـەم وتانـەوە گۆڕانـکاری لـەڕای ئامادەبووان درووسـت دەبوو قەناعەتیان بۆ دروسـت دەبوو کە بەرگریکردن لەگـەل و نەتـەوە ئەرکـێکی پیـرۆز و نیشـتمانییە.

سـەرۆک مـەلا مستەفا بارزانی بـە هەموو شـێوەیەك هەوڵی دەدا ئاشـتی و دادپـەروەری بەرقـەرار بـکات، بەتایبـەتی لـەو کاتـەی دوو لایـەن کێشـە و ناکۆکییـان لەنێوانیانـدا هەیـە، هەمیشـە ئـەو هەوڵـی دەدا بـە حیکمەتـەوە کێشـەکانیان چارەسـەر بـکات و ئاشـتیان بکاتـەوە. زەکی ئاکرەیـی دەڵێـت[1]: بـارزانی زۆر جـار بـۆ ئاشـت کردنـەوەی دوو لایـەنی بەگژیەکدا چـوو و ناکۆك بیرۆکـەی زانسـتیانەی بـەکار دەهێنـا، ئـیتر لەسـەر هـەر کێشـەیەك بوایـە، بـۆ نموونـە یـەك لـەو کێشـانە کـە زۆر جـار لەدانیشـتنەکانیدا باسـی دەکـرد

(١) گۆران ئەحمەد ئیسماعیل. پەیامی ئەیلوول. ( گۆڤار). ژمارە ٢٥. لا(١٣-١٤).

دەیگـوت: ( وەختـی خـۆی دوو دراوسـێ هەبـوون یەکێکیـان دەوڵەمەنـد و ئەویتریـان هــەژار بــوو، دیواریــان لەنێوانیانــدا دەبــێ، بــەڵام خانــووی دەوڵەمەندەکـە بچـووك بـووە و خانـووی هەژارەکـەش وەك حەسـار بـوو و ڕووبەڕێکـی فـراوانی هەبـوو، پیـاوە دەوڵەمەندەکـە خاوەنی سـێ چـوار کوڕی بـە ژن و خێزانـدار بـوو و دیوەخانەیـەکی گـەرم و بەهاتوچـۆی هەبـوو، هـی پیـاوە هەژارەکـەش بـە پێچەوانـەوە بـوو. پیـاوە دەوڵەمەندەکـە لەبـێ جێـی هـەر لـەو خەیاڵەدابـوو چـۆن خانووەکـەی تێکبـدات و خانوویـەکی گەورەتـر دروســت بــکات کــە شــوێنی هەمــوو کــوڕەکانی ببێتــەوە و زەوییەکــەی بـەشی نەدەکـرد کـە تەماشـای خانـووی هەژارەکـە دەکات زەوییـەکی فـراوان و خانوویـەکی بچـووك و بـی سـەروبەری هەیـە، ئـەم شـوێنە شـیاوترە کـە خانوویـەکی گـەورە لەسـەری دروسـت بـکات و خانـووی خۆیشـی بداتـە جیرانەکـەی، ڕۆژێکیـان دەچێتـە لای دراوسـێکەی و خەمـی خـۆی بـۆ بـاس دەکات و پێـی دەڵێـت دراوسـێ ئـەوە ماوەیـەکی زۆرە ئێمـە دراوسـێ یەکیـن و لەدەسـت بـێ جێییـەوە دەناڵـم، حەزدەکـەم هــەردووکمان خانــووەکانی خۆمـان لەگـەڵ یـەکتر بگۆڕینـەوە، بۆئـەوەی بتوانـم خانوویـەکی گەورەتـر دروسـت بکـەم، هەرچەنـدە خانـووی مـن لەهـی تـۆ خـۆشترە، بـەڵام زەوی خانوویەکـەت فـراوانترە و زۆر بەکەڵکـم دێـت، کابـرای دراوسـێ ڕازی دەبێت و دەڵێـت: مـادەم تـۆ هێنـدە لەبـێ جێییـەوە دەناڵێنـی مـن باکـم نییـە. ئـیتر پیـاوی دەوڵەمەنـد زۆر خۆشـحال دەبێـت و خانووەکانیـان دەگۆڕنـەوە و پیـاوی دەوڵەمەنـد خانووەکـەی تێکـدەدات بۆئـەوەی خانویەکـیتر دروسـت بـکات، بـەڵام لـەکاتی تێکـدانی خانووەکـەی، واتـە خانـووی کەپێـشتر هـی دراوسـێیەکەی بـوو گۆزەیـەك لیـرەی زێـڕ دەدۆزێتـەوە، ئـەو بـە کـوڕەکانی

دەڵێـت دەسـت لێنـەدەن تـا پـرس بـە دراوسـێکەمان دەکـەم، چونکـە ماوەیـەکی درێـژە ئێمـە دراوسـێی یەکتریـن و ئـەو چاکـەی لەگـەڵ ئێمـە کـردووە، دەچێتـە لای دراوسـێکەی پێـی دەڵێـت ئێمـە گۆزەیـەك زێڕمـان لەژێـر دیـواری خانوویەکەتـدا دۆزیوەتـەوە لەوانەیـە لەبـاب و باپیرانتـەوە بـۆت مابێـت، پیـاوە هەژارەکـە دەڵێـت ئێسـتا ئـەم خانـووە هـی مـن نییـە هـی تۆیـە، کەواتـە زێڕەکانیـش هـەر هـی تۆیـە، پیـاوە دەوڵەمەندەکـەش دەڵێـت نـە هـی تۆیـە.

بـارزانی لەنموونـەی ئـەم چیرۆکـە بـەردەوام دەبێـت و دەڵێـت: پیـاوە هەژارەکـە کچـێکی جاحـێلی دەبێـت و پیـاوە دەوڵەمەندەکـەش کوڕێکـیتری گەنجـی دەبێـت کـە هێشـتا ژنی نەهێناوە، پیـاوە دەوڵەمەندەکـەش بۆئەوەی وێـژدانی ئاسـوودە و ئـارام بێـت و تـا مـردنی ئـەم بـارە قورسـەی لەسـەر شـانی نەبێـت، دەچێتـە داخـوازی کچـی هەژارەکـە بـۆ کوڕەکەی خۆی تا ئـەو زێڕ و لیـرەی کـە دۆزیوەتەوە بیکاتە خەرجی هەردووکیـان و ئەویتریش هەر بۆ کچ و کوڕەکـەی بمێنێتـەوە تـا هـەردوو لایـەن سـوودمەندبن، لێـرەدا هـەم دەبنە خزمـی یـەکتر و تێکەڵاویان زیاتـر دەبێت و هەم لەم بـارە ویژدانییە ڕزگاریان دەبێـت. هەروەهـا زەکی ئاکرەیـی دەڵێت لـەزۆر کۆڕ و دانیشـتنەکاندا بارزانی نموونـەی لەم شـێوەیەی گێڕاوەتـەوە بۆئەوەی هەمولایەك لەچارەسـەر کردنی کێشـەکاندا ڕۆڵـی چاکـەکار ببینێت، ئـەم جـۆرە چیرۆکانە لـەڕووی مرۆڤیەوە ڕۆڵـی پـەرەوردەی کۆمەڵایـەتی و دادپـەروەری دەبینن.

هەروەهــا زەکی ئاکرەیــی دەڵێــت: بــارزانی زۆر جــار بــە ئامادەبــوانی دەیگــوت هــەر کاتێــك بینیتــان یەکێــك ســتەم لەیەکــیتر دەکات، قــەت خۆتـان نەکەنـە لایـەن لەگـەڵ سـتەمکار، بەڵکـو هـەوڵ بـدەن بەنـەرم و

نیـانی قەناعـەت بـە سـتەمکار بێنـن کـە سـتەم نـەکات، لـەم نێوەنـدەدا هـەم سـتەم لێکـراو ڕزگار دەبێـت لەسـتەم و هـەم سـتەمکار تـووشی گوناحـی دواڕۆژ نابێـت و هـەم ئێـوەش نابنـە هاوبەشـی سـتەمکار، بەڵکـو ڕۆڵـی چاکـەکار دەبینـن. هـەر لەسـەر ئـەم بابەتـە ئامـاژە بـە فەرموودەیـەکی پێغمبەرمـان موحەمـەد (د.خ) دەکـەم کـە دەفەرموێـت: (هـاوکاری سـتەمکار و سـتەم لێکـراو بکـەن) هـاوەڵان دەپرسـن ئێمـە دەزانیـن هـاوکاری سـتەم لێکـراو چۆنـە، بـەڵام نازانیـن چـۆن هـاوکاری سـتەمکار بکەیـن؟ ئـەو دەفەرموێـت مەهێڵـن سـتەمکار سـتەم بـکات ئـەوە ئێـوە هـاوکاری سـتەمکارتان کـرد، لەسـتەم کـردن دوورتانخسـەوە و ڕزگارتـان کـرد

## چەند نموونەیەکی دیکەی پەیڕەوکراوی ناو شۆڕش:

**یەکـــەم:** لەســاڵی ١٩٦٧ دوو کــەس یەکێکیــان لەهــۆزی خــەیلانی و ئەویتریـش لەهـۆزی مەنتـك، چوونـە ناوچـەی باڵەکایـەتی کـە ناکۆکییـەکی خێڵـەکی کـۆن لەنێوانیانـدا هەبـوو، ئـەم دوو کەسـە لەگونـدی (دەربەنـد) ڕووبـەڕووی یـەکتر بوونـەوە یەکێکیـان ئـەویتری کوشـت[١]. بـارزانی بڕیاریـدا بـە پێـی شـەریعەتی پیـرۆزی ئیـسلام ئەویتریـش لەتۆڵـەی کوژراوەکـە لـەم شـوێنە بکوژرێتـەوە، بڕیارەکـە بـە پشـتبەستن بـەم ئایەتـە پیـرۆزە: (ولکـم فـی القصـاص حیـاة یـا اولی الالبـاب)[٢] لـەم شـوێنە جێبەجـێ کـرا.

---

(١) عباس علی سلێمان. (التجدید). المصدر السابق. ص١٢٥.
(٢) البقرة. الایة ١٧٩.

**دووەم:** کەسـێك ژنی کەسـێك هەڵدەگرێـت و دەیباتـە مووسـڵ. مێـردی ئافرەتەکـە سـکالای خـۆی دەباتـە لای بـارزانی و بڕیاریـدا دەبێـت ئەم کەسـە بیدۆزرێتـەوە و دەسـتگیر بکرێـت، بەهـەر بەهایـەك بێـت، لـەدوای دوو مانـگ ئـەم کەسـە بـە نهێنـی لەمووسـڵ دەسـتگیر کـرا و هێنایانـە ناوچـەی باڵەکایـەتی. ئـەو بەپێـی شـەریعەتی پیـرۆزی ئیسـلام سـزای خـۆی وەرگـرت. بۆئـەوەی ببێتـە پەنـد بـۆ هەموویـان. بـە هەمـان شـێوە ئافرەتەکـەش لەمووسـڵ بەسـزای خـۆی گەیەنـرا[1].

**سێیەم:** ڕۆژێـك بـارزانی لە(بێتواتە) دەچێتە (سـەروچاوە)، بۆئەوەی سـەردانی بـارەگاکانی حـزب و شـۆڕش بـکات و لەنزیکـەوە ئاگاداریـان بێـت. ئافرەتێـك ڕێـگای لێدەگرێـت و دەڵێـت کامەتـان (مـەلا مسـتەفایە)؟ بارزانیـش پێـی دەڵێـت بەڵـێ منـم چ خزمەتێکـت هەیـە کچـی خـۆم؟ چیـت لـێ قەومـاوە؟ ئەویـش سـکاڵای خـۆی بەم شـێوەیە پـێ ڕاگەیانـد: (مـن ئافرەتێکی بـە مێردم و پیاوەکـەم ئەندامـی پارتییـە، زۆر دڵسـۆز و گوێڕایەڵـە بـۆ حـزب، پابەنـدە بـە هەمـوو ئـەرك و فەرمانـەکانی پـارتی، بـەڵام بەرپرسـەکەی بەنـاوی(....) ڕۆژانـە بـۆ جێبەجـێ کـردنی ئەرکەکانـی حـزب دەینێرێتـە لایـەک، جارێکیـان مـن بەتەنیـا لەمـاڵ بـووم، هاتـە مـاڵمان و ویسـتی دەسـت درێـژی بکاتـە سـەرم و داوای کارێکـی ناشـەرعی لەمـن کـرد، زلەکـم لێدا و پێم گوت شـەرم ناکـەی؟ عەیـب ناکـەی داوای ئەو شـتەم لێبکـەی، تۆ کادری حزبی، پێویسـتە تـۆ بەرگـری لەئابـڕوی خەڵکـی هەمـوو کوردسـتان بکـەی. دواتـر پاڵـی بـە منـەوە نـا و ویسـتی بەهێـز دەسـت درێـژی بکاتە سـەر مـن، لەئەنجامدا من

(١) عبـاس علی سـليمان. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا ١٢٥. ئەویـش سـوودی لـە (المؤتمـر الذكـرى المئويـة لمـيلاد البارزانـی الخالـد. ١٠٤٨/٢). وەرگرتـووە

برینـدار بـووم و جلەکانـم دڕان، هـا ئەمەیـە جلـە دڕاوەکانـم تەماشـا بکـە و ئەمـە بەڵگەیە لەسـەر ئـەم ڕووداوە. لەهەمـان کاتدا ئەوەش بێنـە بەر چاوی خـۆت کـە کوردسـتان ڕزگاربێـت دەبێـت چـۆن بێت؟

لەم بارەیەوە جەنابی مەسعود بارزانی دەڵێت: بەدرێژایی ژیانم نەمبینیوە بارزانی ئەوەندە عاجز بێت و چاوەکانی پڕ فرمێسك بوون، پاشان کە بەهۆش هاتەوە لەماوەیەکی کەمدا فەرمانیدا دەبێت بە زووترین کات دەستگیر بکرێت و بنێردرێتە بێتواتە، بەند بکرێت تا بە سزای خۆی دەگات. پاشان ڕووی کردە ئافرەتەکە و پێی گوت دڵنیابە کچەکەم ئەو کەسەی ویستی ئابڕووی تۆببات بەسزای خۆی دەگات. بارزانی گوتی ئەمەی بووە ڕوویداوە و ناگەڕێتەوە، بەڵام برۆ سێلێك (ساج)ێك بێنە و دەستت بەتەنیە ڕەشەکەی بەسەروچاومدا بێنە، چونکە من شایستەی ئەم سزایەم، ئەگەر من بەرپرسی ئەو نەبام، ئەو نەیدەتوانی و جورئەتی ئەوەشی نەبوو دەست بۆ تاوانێکی بەم شێوەیە ببات. لەم ڕووداوەدا دادپەروەری و بێ تەکەبری بارزانی دەردەکەوێت[1].

**چوارەم**: لە٢ی ئایاری ١٩٦٣ خوالێخوشبوو مەلا مستەفا بارزانی گەیشتە گوندی (بناڤی) جەنابی مەسعود بارزانیش لەگەڵیدا بوو، ئەو خۆی دەگێڕێتەوە[2]: کچێك کە تەمەنی نەدەگەیشتە بیست ساڵ ڕێی لێگرتین، دەگریا و گوتی: بارزانیم پیشان بدەن، ئێمە لێی نزیك بووینەوە و باوکم لێی پرسی فەرموو چی بووە؟ کچەکە گوتی: (باوکم منی لەپیرە پیاوێکی تەمەن حەفتا ساڵی مارە کردووە بۆئەوەی من بە ژنێکیتر بیگۆڕێتەوە، من داوات لێدەکەم ڕزگارم کەی لەم هاوسەرگیرییە، دواتر ئاشکرا بوو کە کچەکە پەیوەندی بە یەکێکیترەوە

(١) عباس علی سلیمان. سەرچاوەی سەرەوە لا(١٢٥-١٢٦).

(٢) عباس علی سلیمان. سەرچاوەی سەرەوە لا ١٢٦.

هەبوو لەتەمەنی خۆیدابوو. باوکم بانگی باوکی کچەکە کرد و ئاموژگاریکرد و پێی گوت: (ئەو کارەی تۆ کردیت پێچەوانەی شەرع و یاسایە، نابێت ئەم ستەمە لەم کچە بکرێت و ئەم کێشەیەی کردە عایدی مەلا عەبدولباقی، بۆئەوەی چارەسەر بکات. لەئەنجامدا پیاوە پیرەکە بەسولح ڕازی بوو، ئەم هاوسەرگیرییە بەرامبەر گوژمەیەك پارە هەڵوەشێنێتەوە، کچەکەش لەو کەسە مارەی کرد کە خۆی هەڵیبژاردبوو).

هەر لەبارەی پێشکەوتنەکانی شۆڕش کریس کوچێرا (ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی) دەڵێت: لە کۆتایی شەستەکاندا لەدووەم سەردانمدا بۆ لای ڕێبەری نەتەوەیی کورد بەڕێز مەلا مستەفا بارزانی، پرسیاری گەشەسەندن و پێشڤەچوونی شۆڕشم لەجەنابیان کرد، بە خۆشحاڵی و پێکەنینەوە وڵامی دامەوە و فەرمووی: ئێستا لەسایەی خودا و هەوڵ و کۆششی پێشمەرگە و هەڤاڵانی پارتی و جەماوەری دڵسۆزی گەلەکەمان، ئێستا خاوەنی چەندین قوتابخانە و نەخۆشخانە و دادگا و لیژنەکانی ئاشتبوونەوە (مصالحە) بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەکانی فەتواین، دەتوانی بەخۆت سەردانی هەندێك شوێن بکەی تا لەنزیکەوە پێشکەوتنەکان ببینی. بۆیە کریس کوچێرا دەڵێت لەسەر فەرمانی ئەو سەردانی هەندێك لەم شوێنانەم کرد و بەچاوی خۆم ئەم پرۆژە پێشکەوتووانەم بینی و گەڕامەوە بۆ لای بارزانی و گوتم گەورەم زۆر خۆشحاڵ بووم بە بینینی ئەم دەستکەوتانە، دەتوانم بڵێم ئێستا جەنابت سەرۆکایەتی حکومەتێك دەکەی نەك شۆڕش، چونکە ئەوەی بەرچاوم کەوت هەر ئەمانە لەحکومەتیشدا بەدی دەکرێن و هەردووکمان زۆر خۆشحاڵ بووین[1].

---

(١) فوئاد حەمەلاو. ئەیلوول بەناو شۆڕش، بەڵام لە ناوەڕۆکدا حکومەت. پەیامی

# هەڵسوکەوتی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بەرامبەر دیلەکانی شەڕ

لــە شۆڕشــی ڕزگاریخــوازی کــورد مامەڵــە کــردن لەگــەڵ دیلــەکانی جەنــگ تــەواو پێچەوانــەی ڕژێمــی عێــراق بــوو، لەنــاو شــۆڕش هەمــوو مــافی دیلــەکان پارێــزراو بــوون، بــەڵام ڕژێمــە یــەك لــەدوای یەکــەکانی عێــراق هیــچ گوێیــان بــە یاســا و ڕێســا نێودەوڵەتییــەکان و پەیماننامــە نێــو دەوڵەتیــەکان نــەدەدا. یەکێــك لەفەرمانــەکانی بــارزانی بــۆ هەمــوو لەشــکری شۆڕشــگێری کوردســتان ئــەوە بــوو قەدەغــە کــردنی کوشــتن و ئــازاردان و ســوکایەتیکردن بــە دیلــەکان بــە هەرشــێوەیەك. و هەمــوو هیــزەکانی لەشــکری کوردســتان پابەنــدی ئــەم بڕیــارە بــوون.

هەروەهــا لەســەرەتای دەســت پێکــردنی شۆڕشــی ئەیلــوول، دیلــەکان بەنــد نەدەکــران و بــە ئــارەزووی خۆیــان بــوون چ لەنــاو شــۆڕش بمێننــەوە یاخــود بگەڕێنــەوە نــاو حکومــەت یاخــود بــۆ نــاو کەســوکارەکانیان. واتــە لــەوکات دیلــەکانی شــۆڕش تەنهــا پلــەدارەکان بــوون، چونکــە ئــازاد کــردنی دیلــەکان دەبــووە هاندەرێــك بــۆ ئــەوەی ســوپای عێــراق لەشــەڕەکاندا بەئاســانی خۆیــان بەدەســتەوە بــدەن[1].

شۆڕشــی ئەیلــوول هەمیشــە مــافی دیلــەکانی پاراســتووە بــۆ نموونــە لــەکاتی نەخــۆش کەوتــن یاخــود بریندارەکانــی شــەڕ دەنــاردە نەخۆشــخانەکان

ئەیلوول.(گۆڤار). ژمارە ٢. لا ١٧.

(١) دانــا ادمــز شــمدت. رحلــة الى رجــال الشــجعان في كوردســتان. ترجمــة وتعليــق جرجيــس فتــح اللــه. ط. ٢ . اربيــل. ١٩٩٩. ص ٣١٤.

بەمەبەستی چارەسەرکردنیان، هەروەها زۆر ماف و خزمەتگوزاریتر بۆیانی فەراهەم دەکرد، بونموونە بۆ پەیوەندیکردنی دیلەکان بە خانەوادەکانیان، دانانی سندوقێکی پۆستی تایبەت بۆ نامەی دیلەکان، بۆ هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و مووسل و هەندێك جاریش بۆ بەغدا، بۆئەوەی خانەوادەکانیان ئاگاداریانبن کە نەکوژراون و لەژیاندا ماون، بێجگە لەمەش ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق هەمیشە ناوی دیلەکانی دەخوێندەوە، بۆدڵنیا بوونی خانەوادەکانیان.

ئامانج لەشۆڕشی ئەیلوول ئەوەبوو هەموو گەل و نەتەوەکانی جیهان تێبگەن کە ئێمەی کورد میللەتێکی بەش خوراوین و بەهۆی رەگەز و نەتەوەوە دەمانچەوسێننەوە، لەهەمان کاتدا شەڕی کورد لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراق هیچ کاتێك شەڕی کورد و عەرەب نەبوو، هەر لەسەرەتاوە دروشمی شۆڕشی کورد دیموکراتی بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان بوو. بەڵام هەمیشە ڕژێمەکانی عێراق شەڕێکی بەربەری لەدژی شۆڕشی کورد و خەڵکی سڤیلی کوردستان ئەنجام دەدا، کە دەستی لەکوشتنی دیل و بریندار و خەڵکی سڤیل نەدەپاراست، کە هەموو ئەمانە پێچەوانەی بەڵێننامەکانی مافی مرۆڤ و بەڵێننامەی جنێف و یاسا نێودەوڵەتییەکان و یاساکانی جەنگ بوون، بەڵام سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەمیشە پابەندی هەموو یاسا و ڕێسا نیودەوڵەتییەکان و یاساکانی جەنگ بووە. دیلەکانی لەهەموو ڕوویەکەوە پاراستووە و تەنانەت چەند خواردنی بۆ پێشمەرگەکان تەرخان دەکرد، ئەوەندەش بۆ دیلەکان، زۆر جاریش ڕۆژنامەنووس و پەیامنێرە بیانیەکان ئەم ڕاستییەیان پشت ڕاست کردووتەوە و ئاماژەیان بەوە کردووە کە لەکوردستان مافەکانی

دیـل و برینـدارەکان و کەسـانیتر پارێـزراو بـووە. هەمیشـە شـۆڕش یاسـاکانی جەنـگ و یاسـاکانی مـافی مـرۆڤ، بەتـەواوەتی پەیـڕەو کـردووە. هەروەهـا هەمیشـە هەوڵـی داوە پریشـکەکانی شـەڕ بـەر خەڵکـی سـڤیل و شارسـتانی نەکەوێـت و مافەکانیـان پارێـزراو بێـت[1]. هەروەهـا شۆڕشـی کوردسـتان هیـچ کاتێـك بیـری لـە تۆڵـە کردنـەوە نەکردووتـەوە، بەڵکو هەمیشـە شـەڕی لەپێنـاو ڕزگار کـردنی گەلەکـەی کـردووە. بـەڵام ڕژێمـەکانی عێـراق هەمیشـە بەمەبەسـتی تۆڵــە کردنــەوە خەڵکــی ســڤیل وگونــد نشــینەکان و رەز و پاوانــەکانی کوردســتانی کردووتــە ئامانــج ، بەتــۆپ و ناپاڵــم بۆمبــا بارانیــان کـردووەو و خەڵکـی سـڤیلی کوشـتووە و رەزو پاوانەکانیـان سـوتاندووە.

شـۆڕشی کـورد زۆر جـار داوای لەخاچـی سـووری نێودەوڵـەتی دەکـرد کـە بێـن لێکوڵینـەوە لەکـردەوەکانی ڕژێمـی عێـراق بکـەن لەکوشـتنی خەڵکـی سـڤیل و دیـل و خاپـوور کـردنی شـار و دێهاتـەکان و هەمـوو ئـەو تاوانانـەی دژی مرۆڤایـەتی ئەنجـام دراون، بـەڵام ڕژێمـی عێـراق ڕێگایـان پـێ نـەدەدا لـە ڕێگـەی عێراقـەوە سـەردانی کوردسـتان بکـەن.

(١) مەسـعود بـارزانی. بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد. بەرگـی سـێیەم. بەشـی یەکـەم. ١٩٦١ – ١٩٧٥. دەزگای چـاپ بڵاوکردنـەوەی ڕۆژهـەڵات. ٢٠٢٠. لا١٨٧.

# بەشی چوارەم
# هەندێک لە زانایانی ئایینی ناو شۆڕش

# ئەو مەلایانەی ئەرکی قازی شەرعییان پێ سپێردرابوو

## مەلا مەعسومی کۆیە (١٩٠٠ -١٩٦٤):

نـاوی تـەواوی (مەعسـوم مـەلا خـدر مـەلا حەسـەن مـەلا حسـێن خرپانــی)ی ناوچــەی هەورامانــە لەســاڵی ١٩٠٠ لەکەرکــووک لەدایــك بــووە[1]. ســەرەتای خوێنــدنی لــە(دار الخلافــە)ی کەرکــووک دەســت پێکـردووە، دواتـر لەگـەڵ خانەوادەکـەی چوویتـە کۆیـە، هاوشـێوەی هەموو فەقێیـەکانی کوردسـتان لـەزۆر شـوێن بـەدوای فێربـوونی زانسـتی شـەرعی گـەڕاوە، لەئەنجامـدا ئیجـازەی مەلایـەتی لـەلای (مـەلا عەبـدوڵا جەلیـزادە) مـەلای گـەورەی کۆیـە وەریگرتـووە. لـەدوای ئـەوەی (مـەلا نورەدینـی) بـرای مـەلای گـەورە لەسـاڵی ١٩٥٢ کۆچـی دوای دەکات، مـەلا مەعسـوم دەبێتـە وتارخوێنـی مزگـەوتی گـەورەی کۆیـە، لـەم مزگەوتـە وانـەی شـەرعی بەفەقێیـان دەڵێتـەوە. لەبـەر ئـەوەی زۆر گرنگـی بـە خوێندنـداوە، زمانەکانی (عەرەبـی و فارسـی و تـورکی و ئینگلیـزی و هەندێـك فەرنسـی)شی دەزانی. زۆر جـار حکومـەت دەیویسـت پۆسـتی حکومـی پێبـدات، هەمـوو جارێـک ڕەتی دەکـردەوە پۆسـتی حکومـی وەرگرێـت و ببێتـە بەشـێك لەحکومـەتی عێـراق

ســەرەڕای ئــەوەی مــەلا مەعســوم هیــچ پەیوەنــدی بــە کاری حزبییـەوە نەبـوو، بـەڵام بیـری کوردایـەتی ئـەو لەوپـەڕی بەرزیـدا بـوو. لەسـاڵی ١٩٦٣ لـەدوای ئـەوەی لەئەشـکەنجە و زینـدانی حکومـەت ئـازاد

---

(١) مـەلا تاهیـر بەحرکەیـی. سـاڵ و شـوێنی لەدایـك بـوونی (١٩١٢) شـاری کۆیـەی نووسـیوە. س. پ. ب٣. ل٣٣٥. فاخـر عالـی خـان ئـاودەڵی. سـەرچاوەی پێشـوو. ل٢٣٩.

دەبێــت، لەجیــاتی ئــەوەی پشــووێك وەرگرێــت، ڕاســتەوخۆ پەیوەنــدی بــە شــۆڕشی ئەیلوولــەوە دەكات و لەنــاو شــۆڕش دەبێتــە قــازی شــەرعی شـۆڕش. پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی لەگـەڵ بارزانیـدا هەبـوو. هەروەهـا وەك زانایــەكی ئایینــی بەشــداری لەبۆنــەی نــەورۆزدا كــردووە. مامۆســتا مــەلا مەعســوم لــە١٨/ ١٢/ ١٩٦٤ كۆچــی دوایــی كــردووە

## مەلا یەحیا دەریاسوری:

نـاوی تـەواوی (مـەلا یەحیـا مـەلا عەبدولرحـمان مـەلا محمـەد سـەلیم گەردی)[1]یـە. لـە سـاڵی ١٩٠٦ لـە گوندی (گرانـە)ی هۆزی گەردی كوردسـتانی باكـور نزیـك سـنووری عێراق لەدایـك بووە. بەر لە لەدایك بـوونی باوكی كۆچی دوایـی كـردووە، دایكی و بـراكانی بەخێویان كردووە، مامۆسـتا لـە تەمەنی (دە) سـاڵیدا هـەر لەگونـدی خۆیـان قورئـانی پیـرۆزی خوێنـدووە. دواتـر لـە زۆر شـوێن بـە دوای خوێنـدنی زانسـی شـەرعی دا گـەڕاوە[2]. تـا خوێنـدن لـەلای

(١) ئــەم زانیارییانــەم ڕاســتەوخۆ لە(بەرێــز حەكیــم كــوڕی مامۆســتا مــەلا یەحیــا دەریاســوری) وەرگرتــووە، لــە ڕۆژی ٢٦/ ١/ ٢٠٢٣

(٢) مــەلا یەحیــا لــەم شــوێنانە خوێندوویــەتی وەك: لــەلای مــەلا ســەعید ئاكرەیــی لەگونـدی بـارزان و حوجـرەی ئاكـرێ و ئامێـدی و ئەتـروش لـەلای شـێخ عەبدولـرحمان ئەتروشــی، كــە هاورێــكانی بریتــی بــوون لەمــەلا عــوسمان پێنــدروی و مــەلا قاســم و مـەلا حەبیـب و مـەلا محمـد شـنگێلی هەمـوو ئەمانـە لەگەڵیـدا وانەیـان خوێنـدووە. دواتـر هەمـوو ئەمانـە پێكـەوە دەچنـە ناوچـەی باڵەكایـەتی لـەلای شـێخی ماویلیـان و وەرتـێ و دواتـر مـەلا یەحیـا بەتەنیـا دەچێتـە ڕوانـدز لـەلای مـەلا ئەفەنـدی خـەیلانی لـە ڕوانـدز دەخوێنێـت. دواتـر لـەلای مـەلا فەتحـولا هەرتـەلی و دەچێتـە گونـدی خەتـێ و هیـران و نازەنیـن و ڕۆسـتێ لـەلای مـەلای گـەورە و گونـدی گرتـك و توتمـە و وەلاش و ناوەنـد و هـەوێلان لـەلای مـەلا محمـەدی یـەك دەسـت و دواتـر دەچێتـە كوردسـتانی ڕۆژهـەڵات لـەزۆر شـوێن وانـە دەخوێنێـت. لەكۆتاییـدا دەچێتـە خزمـەت مـەلا سـاڵحی

مـەلا سـاڵح جولەمێرگی لەکوردسـتانی ڕۆژهـەڵات تـەواو دەکات و هەر لەلای ئـەو ئیجـازەی مەلایـەتی وەردەگرێـت. ئـەم ماوەیە حـەوت سـاڵ دەخایەنێت لـە هەمـوو ئـەم ماوەیـەدا هیـچ خەبـەری ماڵیـان نابێـت و خزمەکانیشـیان نازانـن لـە کوێیـە، لـەدوای گەڕانـەوەی دەزانێت کـە برای گەورەیـان (محمەد عـەلی) ئەمـری خـوای کـردووە کـە دەگەڕێتـەوە دەچێتـە گوندی دەریاسـوور ژیـانی هاوژینـی پێـك دێنێـت. دواتـر لەگـەڵ حاجـی محمـەد دەریاسـووری دەچێتـە بـارزان لەخزمـەت شـێخ ئەحمـەد بـارزانی، کاتێـك خـۆی بـە شـێخ ئەحمـەد دەناسـێنێت، جەنـابی شـێخ پێـی دەڵێـت: دەبێـت لەبـارزان وانـە بە فەقێیـان بڵێیـەوە، نزیکـەی دوو سـاڵ لەبـارزان دەمێنێتەوە، هەر لـەو کاتەوە شـێخ ئەحمـەد ئـەرکی قـازی شـەرعی پێدەسـپێرێت. دواتـر هـەر کێشـەیەکی کۆمەڵایـەتی یـان شـەرعی ناوچەی بـارزان هەبا دەینارده لای ئـەو بۆ بڕیاردان لـە سـەری و یەکلایـی کردنەوەیـان، چونکـە ئـەو شـەرع زانـێکی زۆر لێهاتـوو و دانـا بـوو، بۆیـە ڕۆڵـێکی کاریگـەری هەبـوو لەیـەکلای کردنـەوەی کێشـەی هاووڵاتیـان لـە هەمـو ناوچـەی بـارزان. لـەو کاتـەی مـەلا یەحیـا لەبـارزان بـوو پەیوەندییـەکی پتـەوی لەگـەڵ شـێخ بابـۆ هەبـوو، جەنابی شـێخ بابۆ زۆر خۆشـی دەویست.

لەبـەر ئـەوەی مـەلا یەحیـا شـەرع زانـێکی زیـرەك و بەتوانـا بـوو، بۆیـە بـە فەرمـانی جەنابـی بـارزانی دەبێتـە قـازی شـەرعی و هەرلەبـەر ئەمـە بەقـازی یەحیـا نـاسراو بـوو.

---

جۆلەمێرگـی لەگونـدی کلیـچ، پاشـان لەگـەڵ مـەلا سـاڵح دەچێتـە گونـدی پەسـۆی درێـژە بـە خوێنـدن دەدات، تـا خوێنـدن تـەواو دەکات و هـەر لـەلای مـەلا سـاڵح جۆلەمێرگـی ئیجـازەی مەلایـەتی وەردەگرێـت.

مامۆستا مەلا یەحیا لە ١٢/ ١٢/ ١٩٦٩ بە هۆی نەخۆشییەوە لەنەخۆشخانەیەکی شاری هەولێر کۆچی دوایی دەکات و لەگۆڕستانی باداوە بەخاك دەسپێرێت.

## مەلا تاهیر شێخ نەجیب خۆشناو (مەلا تاهیر سەرانی):

ناوی تەواوی (مەلا تاهیر شێخ نەجیبی کوری شێخ کاك ئەمینی سەرانی) یە لەساڵی ١٩٢٢ لە(بلەی ژێری) ناحیەی خەلیفان لەدایك بووە، لەبنەماڵەی (شێخەکانی سەرانی یان سالانی)یە. قۆناغەکانی خوێندنی زانستەکانی شەرعی لەچەندین ناوچەی جیاواز بڕیوە، تا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە[1]. لەبەر ئەوەی مەلا تاهیر یەکێك بووە لەمەلا بەتوانا و باشەکانی ناوچەی خۆشناوەتی، بووبە قازی شەرعی شۆڕشی ئەیلوول، لەساڵی ١٩٧٠ -١٩٧٤ سەرۆکی لێژنەی فەتوای ناوچەکە بوو[2]، لەکۆنگرەی یەکەمی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە ئەندامی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی یەکێتی زانایان هەڵبژێردرا و ئەندامی ناوچەی بێتواتەی یەکێتی زانایان بوو.

---

(١) مەلا تاهیر سەرانی خوێندنی مەلایەتی لەم شوێنانە تەواو کردووە: هەرتەل لەلای مەلا فەتحوڵڵا. لەخەتێ لەلای مەلا ئیبراهیم. لەسەران لەلای مەلا محمەد عەبدوڵلا. لەڕواندز لەلای مەلا ئەسعەد ئەفەندی خەیلانی. لەکۆیە لەلای مەلا محمەد جەلی زادە. هەروەها لەدوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی بوەتە مەلا لەگوندی بلەی ژێری، لەگەڵ ئیمامەتی کاری رەز و باغ و کشتوکاڵی ئەنجام دەدا، لەهەمان کاتدا نووسەر و شاعیریش بووە و زۆر شیعری نووسیوە بە(ناسناوی زوهدی). (سەرچاوە: مەلا تاهیری بەحرکەیی. مێژووی زانایانی کورد. بەرگی دووە. چاپی ٢٠١٠. لا(٤٤-٤٥).

(٢) تارق جامباز. لەناودارانی دەڤەری سوران. شێخ کاك ئەمینی سەران (١٨٧٤-١٩٤٠). چ١. چاپخانەی شەهاب. هەولێر. ٢٠٠٩. لا٤٥-٤٨

## مەلا تەیب دووشیوانی (١٨٩٨- ١٩٧٨):

ناوی تەواوی (مەلا تەیب مەلا ئەحمەد مەلا محەمەد)ە، بە ڕەچەڵەك لەخێلی جافە. مەلا محەمەدی باپیری لەبەر چەند کێشەیەکی کۆمەلایەتی، دەڤەری جافایەتی جێهێشتووە و هاتووە ناو عەشیرەتی مەنتك و هەر لەوێ دەبێتە مەلا و ژیانی هاوسەرگیری پێکدێنێت، ئیتر کوڕێکی دەبێت بە ناوی ئەحمەد ئەویش هەر مەلا بوو، لەساڵی ١٨٩٨ لەگوندی (عەتیرە)ی مەخمور مەلا تەیب لەدایك دەبێت. مەلا تەیب تەمەنی شەش ساڵان دەبێت کە مەلا ئەحمەدی باوکی کۆچی دوایی دەکات[1]. لەلای مەلا شەریفی برای دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە، ئەم خێزانە لەگوندی دووشیوانی مەنتك ژیاوە، لەئەنجامدا مەلا تەیب لەزۆر شوێنی کوردستان بەدوای فێربوونی زانستی شەرعی دا دەگەڕێت[2]

(١) ئەم زانیارییانەم ڕاستەوخۆ لەبەرێز (تاهیر)ی کوری مامۆستا مەلا تەیب دووشیوانی وەرگرتووە لە ڕۆژی ٣٠/ ١/ ٢٠٢٣. کە ئەو کتێبێکی لەسەر ژیان و ڕەچەلەکی باب و باپیرانی نووسیوە بەناوی(سەربردەی جوامێرێکی نەترس. حەمەی پاژنەبڕاو)

(٢) مامۆستا مەلا تەیب دووشیوانی لەزۆر شوێن بەدوای فێبوونی زانستی شەرعی دا گەڕاوە وەك: چووە (دێمەکار) لای مەلا سەعیدی برای، پاشان چووە (دیبەگە) لای مەلا عەبدولفەتاحی خەتێ، دواتر چووە (عەللا) لای مەلا ئەمینی هەولێری، ماوەیەکیش لای مەلا عەلی ڕواندزی بووە، دواتر چووە لای مەلا تەها لە شەقڵاوە بۆ خوێندنی گەردووناسی و بیرکاری (فلکیات و ریاضیات)، لەوێ لەساڵی ١٩٢٣ حاشیەی (منهوات)ی سەر تەشریعی نووسیوە، پاشان چووە هەولێر لەمزگەوتی قەلات ماوەی چوار ساڵ دەرسەکانی کۆتایی لەلای مەلا فەندی خوێندووە و هەرلەوێ لەساڵی ١٩٢٥ شەرحی مەلا شێخی کوردی لەسەر (زەورا) و (حەورا)ی جەلالەدینی دەوانی نووسیوە، مامۆستا لەلای مەلا ئەفەندی ماوەتەوە تا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە

ئـەم مامۆسـتایە شـارەزاییەکی باشـی لەهـەردوو زانسـتی گـەردوون ناسـی و بیـرکاری هەبـوو، هەروەهـا زۆر حـەزی لەئەدەبیـات و شـیعر دەکـرد و دەسـتی نووسـینی شـیعری هەبـوو[1].

مامۆسـتا مـەلا تەیـب ٢٦ جـوزئی قورئـانی پیـرۆزی تەفسـیر کـردووە و کتێبێـکی لەبـارەی زانسـتی فەلـەك ناسـی چـاپ کـردووە و بـڵاوی کردووتەوە.

لە دوای ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ مەلا تەیب پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول دەکات و لەساڵی ١٩٧١ بەبڕیاری جەنابی بارزانی بەقازی شەرعی شۆڕشی ئەیلوول، لەناوچەی مەنتك دامەزراوە[2] و لەکاری خۆی بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٧٤ و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەچارەسەر کردنی

**مـەلا تەیـب لـەم شـوێنانە مەلایـەتی کـردووە:** قەپـران، گردمـەلا، گردەسـۆر، بشـیریان، دێمـەکار، قـوش قایـە، دواتـر چـووە هەولێـر لەمزگـەوتی ئەسـعەد ئاغـا لەقـەڵات ێ بـوو بـە پێشـنوێژ وتارخوێـن. دەرسـی داوەتـە ژمارەیـەکی زۆری فەقـێ هەندێکیـان وەك: مـەلا تاهیـری بەحرکەیـی، مـەلا سـادقی فەرهـادی، مـەلا سـەعیدی فەرهـادی، مـەلا عەبـدوڵلآی فەرهـادی، مـەلا محمـەد قـادر ئازیانەیـی، مـەلا سـاڵح خـدر دیلان، دکتـور محمـەد شـەریفی برازایـی، مـەلا عـوسمانی حاجـی مـەلای بەحرکەیـی، مـەلا تەلحـەی مەنتـك، مـەلا عەبـدوڵلای پەرپیتـانی، مـەلا ئیسماعیـل مەحمـود زراری. بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتـە سـوود لە(مـەلا تاهیـر مـەلا عەبـدوڵلا بەحرکـەی مێـژووی زانایـانی کـورد. بەرگـی دووەم. چاپـی یەکـەم. ٢٠١٠.) لا(٤٥-٤٦) وەرگیـراوە کـە بـاس لـە ژیاننامـەی مـەلا تەیـب دووشـیوانی دەکات

(١) شـێخ عومـەر لەتیـف بەرزنجی. کورتەیـەك لەژیاننامـەی زانا ئایینیـە کۆچکردووەکانی سـەدەی بیسـتەم لەشـاری هەولێر. چاپـی یەکەم. هەولێـر. ٢٠٠٤. لا١٢٩

(٢) عبـاس علی سـلیمان. اسـهام علـماء الدیـن الکـورد فـی کوردسـتان العـراق فـی توجیـە الحرکـە التحرریـة الکوردیـة بیـن عامیـن (١٩٦١- ١٩٧٥). الطبعـة الاولی. ٢٠٠٩. لا٥٥. فاخـر عالـی خـان ئاودەلی.رۆڵـی زانایـانی ئاینـی لەژیـانی سیاسـی هەولێـردا (١٩٦١-١٩٧٥). چاپـی یەکـەم. ٢٠٠٩.. لا٢٤٦

کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان لەم ناوچەیە. مامۆستا مەلا تەیب لە٢١/ ١١/ ١٩٧٨ کۆچی دوایی کردوو و لەگوندی گردەسوور بە خاك سپاردووە.

## مەلا مستەفا حاجی عەلی هیرانی. (١٩٠٦- ١٩٩٣):

ناوی تەواوی (مەلا مستەفا کوڕی عەلی کوڕی باوەکر)ە، لەعەشیرەتی (بلباس)، بەڵام لەزووەوە هاتوونەتە خۆشناوەتی و لەهیران نیشتەجێ بووینە، مامۆستا لەساڵی ١٩٠٦ لە(هیران) لەدایك بووە[١]. مەلا مستەفا قۆناغەکانی خوێندنی فەقێیاتی لەلای مەلا عەلی هیرانی دەستپێ دەکات و دواتریش لەچەندین شوێنی کوردستان بەدوای زانستی شەرعی دا دەگەڕێت[٢]. تا

(١) بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە مەلا تاهیر بەحرکەیی. مێژووی زانایانی کورد. بەرگی سێیەم. چاپی یەکەم. ٢٠١٠. لا(٣٢١-٣٢٢)

(٢) مامۆستا مەلا مستەفا هیرانی سەرەتا لەلای مەلا عەلی هیرانی دەستی بە خوێندن دەکات و دواتر بۆ خوێندنی زانستی شەرعی لەلای زۆر مەلای بەناوبانگ دەگەڕێت وەك لەم شوێنانە: مەلا تەیبی کۆیی لەهیران. مەلا عەبدوڵلا لەسکتان و سەران و زێوە. مەلا فەتحوڵڵا لەهەرتەل. ڕواندز. مەلا ئەحمەدی (رەش) لەگوندی دێمەکار لەدەشتی هەولێر. دواتر لەلای مەلا عەبدوڵلآی بورهانی لەپەسۆی ئێران. دواجار دەگەڕێتەوە عێراق لەشەقڵاوە لەلای مەلا تەها لەساڵی ١٩٣٦ ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت.

لەچەندین شوێنی کوردستان کاری مەلایەتی دەکات وەك: هیران. بیرۆکان. پونگینە. فریز. زیارەت. سماقولی. سوسێ. بێلینگە. لەساڵی ١٩٥٨ باریکرد چووە (ناوداروکان). لەساڵی ١٩٦١ هاتە هەولێر بوویە مەلای مزگەوتی حاجی حەسەن بەزاز، دواتر چووە مزگەوتی گەورەی قەڵات ، پاشان چووە مزگەوتی خانەقای شێخ مەزهەر لەناو بازاڕ. (سەرچاوەکان بو نووسینی ژیاننامەی مامۆستا بەگشتی: ١- محمەدی مەلا مستەفای هیرانی. دیوانی سافی هیرانی. ٢- محمد ملا مصطفی هیرانی. جریدە خبات. العدد ٨٥٣. الجمعە. ٥/ ١٢/ ١٩٩٧. ٣- بیتوشی محمەد. پەیام. (گۆڤار) ژمارە ٢١. لە٢٠/١٠/٢٠٠٥. ٤- زبیر بیلال اسماعیل. مجلە الحکم الذاتی . العدد ٢. تموز

لەساڵی ١٩٣٦ لەشەقڵاوە ئیجازەی مەلایەتی لەلای مەلاتەها وەردەگرێت. مەلا مستەفای هیرانی کە بە(مەلا مستەفای مەنتقزان) ناسراو بوو، جگە لەزانستی عەقلی و نەقلی لەزمان و ئەدەبیاتیشدا شارەزا بوو، زیاتر لە١٥٠ پارچە شیعری جۆراوجۆری بەزمانی کوردی و عەرەبی و فارسی نووسیوە کە گوزارشت لەخۆشەویستی ئایین و نیشتمان دەکات و ڕەنگدانەوەی شەکوا و فەلسەفەش لەخۆ دەگرێت.

مەلا مستەفای هیرانی هەر لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣ -١٩٧٥ قازی شەرعی دەبێت لەسنووری هێزی سەفین، لەم ماوەیەدا شۆڕش ئەرکی جیاوازی پێدەسپێرێت، بۆ نموونە جگە لەئەرکی قازی شەرعی، بۆماوەی چەند ساڵێك سەرۆکی لقی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی بووە لەم ناوچەیە، سەرەڕای ئەوەش ئەندامی دادگای هیرانی هێزی سەفین بووە. کە سنووری دادگای هیران ڕووبەرێکی فراوانی لەخۆ دەگرت وەك: (ناوچەی شەقڵاوە و خۆشناوەتی و بەڕانەتی و دەشتی هەولێر و وڵاتی کۆیە) هەمووی دەگرتەوە، هەر کێشە و گیروگرفتێکی یاسایی یان شەرعی لەم شوێنانە ڕوویدەدا دەینارده دادگای هیران بۆیەکلای کردنەوەیان. مامۆستا ئەندامێکی کارابوو لەدادگای هیران، ئەو لەگەڵ ئەندامانیتری دادگا، سەرەڕای کێشەکانی شەرعی، کێشەکانی تاوانکاری و شارستانیش یەکلایی دەکردنەوە و دادوەرەکان پرس و ڕای ئەو بەهەند وەردەگرت و بەشدار بوو لەبڕیاردانـدا. مامۆستا لە٢٥/ ٩/ ١٩٩٢ لەهەولێر کۆچی دوایی کرد و لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاك سپارد.

---

١٩٨٦. ص(٢٨-٣٠). ٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. تاهیر مستەفای کوڕی مەلا مستەفا، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین، لەرێکەوتی ١٠/ ٨/ ٢٠٢٢)

## مەلا ئەحمەد دووتازەیی:

نـاوی تـەواوی مـەلا ئەحمـەد ئیسـلام نێروەییـە[(١)]، لەدایـك بـووی سـاڵی ١٩٢٢ لەگونـدی دووتـازەی دەڤـەری نێروەیـی سـەربە قـەزای ئامێـدی. لەسـاڵی ١٩٢٣ بـاوکی کۆچـی دوای کـردووە، دایـکی بـە خێـوی کـردووە، دواتـر لەسـاڵی ١٩٣٣ دایکیـشی کۆچـی دوایـی دەکات، مامەکـی بەنـاوی (عەبـدوڵا زەینـەل) بەخێـوی دەکات و لەبـەر خوێنـدنی ئایینـی دادەنێـت لەچەندیـن شـوێن بـە دوای خوێنـدنی شـەرعی دا دەگەڕێـت[(٢)]. مـەلا ئەحمـەد سـەرەڕای جێبەجـێ کـردنی ئـەرکی ئایینـی کـە لەسـاڵی ١٩٤٣ و ١٩٤٤ ئیمامـی مزگـەوتی گونـدی دووتـازە دەبێـت، لەهەمـان کاتـدا ئەندامـی حـزبی هیـوا بـوو، کادرێکـی ئـەم حزبـە بـوو لەناوچـەکانی نێـروە و ڕێـکان.

لـە سـاڵی ١٩٥٨ کاتـێ بـارزانی لەیەکێتـی سـۆڤیەتی جـاران دەگەڕێتـەوە مـەلا ئەحمـەد لەگـەڵ سـاڵح یوسـفی دەچێتـە بەغـدا بـۆ پێشـوازی کـردنی بـارزانی. لەسـاڵی ١٩٦١ لـەدوای دەسـت پێکـردنی شۆڕشـی ئەیلـوول

(١) بـۆ وەرگرتنـی ئـەم زانیارییانـە سـوود لـەم سـەرچاوەیە وەرگیـراوە: (شـواهد مـن ثـورات بـارزان و ثـورة ایلـول الخالـده بقیـاده الملا مصطفـی البارزانـی). بقلـم المرحـوم ملا احمـد اسلام نیـروی.

(٢) لەسـاڵی ١٩٣٥ بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵێك مـەلا ئەحەمـەد بـە دوای خوێنـدنی ئایینییـدا دەگەرێـت لەدەڤـەری بـەرواری بـاڵا و ئامێـدی و گەلیـێ رومـان و ئاکـری و بریفـکا. بـەڵام لەسـاڵی ١٩٤٠ مامیشـی کۆچـی دوایـی دەکات. لـەدوای جەنگـی جیهـانی دووەم و لەبـەر بـاری قورسـی ژیـان و کەمـی خـوراك، لەسـاڵی ١٩٤٢ دەسـت لەخوێندن بـەردەدات. لەسـاڵی ١٩٤٣ خـەلکی گونـدی دووتـازە لەسـەر حیسـابی خۆیـان مزگەوتێـك لەگونـدی دوتـازە دروسـت دەکـەن، چونکـە ئـەم گونـدە هەموویـان لەیـەك بەرەبـاب پێکهاتـوون، واتـە یـەك بنەماڵـەن و ئـەو دەبێتـە ئیمامـی ئـەم مزگەوتـە.

مـەلا ئەحمـەد پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە دەکات و بەشـدارییەکی کارای لەشۆڕشـدا دەبێـت. هـەر لەسـاڵی ١٩٦١ کاتـێ بـارزانی دەچێتـە دەڤـەری بادینـان، لەدەڤـەری نێـروە مـەلا ئەحمـەد و هەڤاڵـەکانی پەیوەنـدی پێـوە دەکـەن و بەڵێنـی هەتـا هەتایـی بـۆ بـارزانی دەدەن و لەگەڵـی بـەرەو دەڤــەری بــەرواری بــاڵا بەڕێدەکــەون، دواتــر بەشــداری لەچەندیــن داســتانی قارەمانانــە دەکــەن لەبادینــان وەك: (شــەڕی دووتــازە، شــەڕی کانیماســێ و دیرگژنیکــێ و زاویتــە لومانــا و دۆڵــی نەهلــێ و پیــرس و چەندیــن شــەڕیتر...

مــەلا ئەحمــەد دوتازەیــی و هەڤاڵــەکانی لەســاڵی ١٩٦٢ لەگــەڵ هێـزی بـارزانی بـەرەو دەڤـەری باڵەکایـەتی بـەڕێ دەکەوێـت و بەشـداری لەچەندیــن داســتاندا دەکات، وەك شــەڕی ســەرێ بــەری و ســەرێ حســەنبەگ و ڕەوانــدز و زۆر شــەڕیتریش. مــەلا ئەحمــەد لەگــەڵ پێشــمەرگەکانی دەچێتــە دەڤــەری خۆشــناوەتی و لەهێــزی ســەفین برینـدار دەبێـت. هـەر لـەو سـاڵەدا لەگـەڵ بـارزانی دەچێتـە دەڤـەری ڕانیــە و قــەڵادزێ. لەکۆتاییــەکانی ســاڵی ١٩٦٤ لــەدوای ســەرکەوتنی بـارزانی لەزۆربـەی ناوچـەکان، هێزەکـەی مـەلا ئەحمـەد دەگەڕێتـەوە دەڤـەری بادینـان. لەبـەر لێهاتوویـی مـەلا ئەحمـەد دەبێتـە یاریـدەدەری ئەسـعەد خۆشـەڤی فەرمانـدەی لەشـکری یـەکی بادینـان. هـەر لـەم سـاڵەدا مـەلا ئەحمـەد دەبێتـە دادوەری شـەرعی شـۆڕش لـەم دەڤـەرە و چەندیـن کێشـەی کۆمەلایـەتی چارەسـەر دەکات. لەشۆڕشـی ئەیلوولـدا مـەلا ئەحمـەد لەبـەر لێهاتـووی و هەڵگـری زانسـت و زانیاریـەکی بـاش، چەندیـن پلـە و پۆسـت لەئاسـتی سـەربازی و شارسـتانیدا وەردەگرێـت

وەك: یەکـەم بەڕێوەبـەری ناحیـە لەکانیماسـێ و دادوەری شـەرعی شـۆڕش لـەم دەڤـەرە و کارگێـڕی لێژنـەی ناوچـەی ئامێـدی. لەناوچـەی ئامێـدی و بـەرواری بـاڵا و سەرپەرشـتیاری هێـزی پێشـمەرگە لـەم ناوچەیـە.

لــەدوای نســکۆی ســاڵی ١٩٧٥ هەندێــك خەڵــک لــە دهــۆك داوایــان لەڕژێمــی بەعــس کــرد کــە لەســەردەمی شــۆڕش ئێمەیــان بــە نادادپــەروەری دادگایــی کــردووە و ســتەمیان لــە ئێمــە کــردووە و ئێمــە داوای مــافی خۆمــان دەکەیــن. لــەو کات لــە ســاڵی ١٩٧٦ دادوەر جــەلال عەبدولــرەحمان شــنگاری دادوەر دەبێــت لــەدادگای دهــۆك. ئــەوەی شــایانی ئامــاژە پێکردنــە ئــەوکات دۆســیەکانی دادگاکانی شــۆڕش هەموویــان کەوتبوونــە دەســت ڕژێمــی بەعــس. بۆیــە لەســەر داواکاری ئــەم هاووڵاتیانــە دادگای دهــۆك هەمــوو ئــەم دۆسـیانەی بــەرز دەکاتــەوە بــۆ دادگای پێداچوونــەوە (محکمــە التمیــز) لەبەغــدا. دادوەر جــەلال شــنگاری بەخــۆی هەمــوو ئــەم دۆســیانە دەباتــە دادگای پێداچوونــەوە لــە بەغــدا، لــەدوای پێداچوونــەوەی دادگای پێداچوونــەوەی بەغــدا لەدۆســیەکان، بۆیــان دەردەکەوێــت کــە کێشــەکانی هەمــوو ئــەم دۆســیانە بەیاســایی و بەپێــی یاســا یەکلایــی کراونەتــەوە و بڕیــاری هیــچ دۆســیەیەك ڕەت ناکرێتــەوە. لەئەنجامــدا هەمــوو دۆســیەکان پەســەند دەکرێــن و بەپەســەند کــراوی دەنێردرێنــەوە دادگای دهــۆك

## مەلا سەلیم ئاکرەیی:

ناوی تەواوی (مەلا سەلیم مەلا سەعید مەلا سەلیم مەلا عەلی مەلا عەبدولرەحمان ئاکرەیی)یە[1]، ناسراوە بە مەلا سەلیمی دووەم، لەساڵی ١٩٢٦ لەشاری ئاکرێ لەبنەماڵەیەکی ئایینپەروەر و مەلازادە لەدایك دەبێت، لەدوای خەتم کردنی قورئانی پیرۆز لەلای مەلا محمەد شەریف خوێندنی سەرەتاییش هەر لەئاکرێ تەواو دەکات، دواتر لەزۆر شوێن بەدوای خوێندنی شەرعی دا دەگەڕێت[2]. تا لەساڵی ٢٧/ ١٢/ ١٩٥٨ لەلای مەلا عەبدولای مودەریس لەهەولێر ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت. دواتر لەمزگەوتی قازی لەئاکرێ دەبێتە ئیمام و وتارخوێن و لەهەمان کاتدا بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ وانە بەفەقێیان دەڵێتەوە، لەئەنجامدا زۆر لەم فەقێیانە لەبەر دەستی ئەو ئیجازەی مەلایەتییان وەرگرتووە.

---

(١) بۆ وەرگرتنی ئەم زانیاریانە چاوپێکەوتنم لەگەڵ بەرێز (ئدریس)ی کوری ماموستا (مەلا سەلیم) کرد لە ٢٧/ ٩/ ٢٠٢٢ لەشاری ئاکرێ. هەروەها سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە: مەلا تاهیر بەحرکەی. مێژووی زانایانی کورد. بەرگی یەکەم. لا٤١٢. وە عومەر شێخ لەتیف بەرزنجی. کورتەیەك لەژیاننامەی زانایانی ئاینی کۆچ کردووەکانی سەدەی بیستەم لەشاری هەولێر. چاپی یەکەم. ٢٠٠٤. هەولێر. لا(٢٩٨ - ٣٠٤)

(٢) مەلا سەلیم لەلای مامۆستا بەناوبانگەکانی کوردستان خوێندووە وەك: (بەهائەدین نەقشەبەندی و مەلا قاسم پێندروی مزوری و مەلا محمەد عەبدولخالق و مەلا سەدیق حاجی ئیبراهیم و مەلا عەبدولرحمانی مامی و لەساڵی ١٩٤٥ چوویتە شاری هەولێر لەمزگەوتی قادر دەباغ. دواتر لە١٠/ ١٢/ ١٩٤٧ گەڕایتەوە ئاکرێ لەمزگەوتی قازی بووەتە ئیمام و لەهەمان کاتدا لەلای زاناکانی ئاکرێ بەردەوامی بە خوێندنی ئایینی داوە وەك:(مەلا هەیبەتوللا موفتی و مەلا خالد ئەفەندی قازی و مەلا پیر زێباری).

لەسـەرەتای سـاڵانی چلەکانـدا ژیـانی سیاسـی مـەلا سـەلیم دەسـت پـێ دەکات، ئـەوکات پەیوەنـدی بـە حـزبی هیوا دەکات و کەسێکی نزیك لەسـاڵح یوسـفی دەبێـت. دواتریـش کە پارتی دیموکراتی کوردسـتان دامـەزرا پەیوەندی بەپارتییـەوە دەکات و ڕۆڵـێکی کاریگەری لەبواری سیاسـیدا دەبێت، هەروەها پەیوەندییـەکی بـاشی لەگـەڵ شـێخانی بـارزان دەبێـت، بۆنموونـە لـەو کاتـەی شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی لەخـوارووی عێـراق لەزینداندا دەبێت، مەلا سـەلیم لەگـەڵ مامـی خـۆی مـەلا عەبدولـڕەحمان و مـەلا جبرائیـل و چەندیـن ریـش سپی و پیـاو ماقـوڵانی ئاکـرێ داواکارییـەك پێشـکەش بەحکومـەتی عێـراق دەکـەن، لـەم داواکارییـەدا داوا لەحکومـەتی عێـراق دەکەن کە شـێخ ئەحمەد بـارزانی ئـازاد بکرێت.

لـە ڕێکەوتـی ١٧/ ٢/ ١٩٦١ مـەلا سـەلیم لێژنـەی ناوچـەی ئاکرێـی پـارتی دامەزراند و وەکو بەرپرسـی لێژنەی ناوچە دەسـت نیشـان کرا. کاتێ لەسـاڵی ١٩٦١ شۆڕشـی ئەیلـوول دەسـت پـێ دەکات، مـەلا سـەلیم لەناوچـەی ئاکرێ ڕۆڵـێکی کاریگـەری دەبێـت، بە نهێنی چالاکییـەکان ئەنجـام دەدات، بەتایبەتی لەنـاردنی کەلوپـەلی خـواردن و پێداویسـتییەکانی لەشـکر بـۆ هێزی پێشـمەرگە لەچیـای سـەرێ ئاکـرێ کـە ئـەوکات فەرمانـدەی هێـز (حسـو میرخـان) بـوو. زۆر جـار بـارزانی لەگـەڵ حسـو میرخـان نامـەی بۆ مەلا سـەلیم دەنـارد. هەر لەبـەر ئـەم هۆکارانـە مەلا سـەلیم لەلایـەن ڕژێمی عێراقەوە دەسـت بەسـەر دەکرێـت و لەپارێـزگای ناسریـە زینـدانی دەکرێـت، تـا سـاڵی ١٩٦٣ لـەدوای ئەنجامـدانی کودەتـا بەسـەر عەبدولکەریـم قاسـمدا بڕیـاری لێبـوردنی گشـتی دەیگرێتـەوە و ئـازاد دەکرێـت. لـەدوای ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، دەبێتـە بەرپـرسی لێژنـەی ناوچـەی ئاکرێ.

مـەلا سـەلیم لەسـاڵی ١٩٧٠ بەشـداری لەدامەزرانـدنی یەکێتـی زانایـانی ئاینـی ئیسـلامی کوردسـتان دەکات، لەئەنجامـدا دەبێتـە بەرپرسـی لقـی هەشتی یەکێتـی زانیـانی کوردسـتان لەئاکـرێ تـا سـاڵی ١٩٧٣. لەسـاڵی ١٩٧٣ بـەدواوە دەبێتـە جێگـری سـەرۆکی لێژنـەی جێبەجێـکاری یەکێتـی زانایـانی ئیسـلامی لەگەڵاڵـە[1]. لەسـاڵی ١٩٧٤ دەبێتـە ئەندامـی دادگای تەمیـز بـۆ کاروبـاری شـەرعی، هەروەهـا هـەر لەسـاڵی ١٩٧٤ بـارزانی شـاندێکی زانایـانی ئایینـی بەسـەرۆکایەتی مـەلا عـەلی بێتواتەیـی لەڕێگـەی ئێرانـەوە دەنێرێتـە وڵاتی سـعودیە و لەلایـەن شا(فەیسـەل عەبدولعەزیـز)ەوە پێشـوازی لـێ دەکرێـت، ئـەوکات مـەلا سـەلیم ئەندامـی ئـەم شـاندە دەبێـت.

دواجـار لەسـاڵی ١٩٨٨ زینـدانی دەکرێـت و لـەدوای مانگێـك لەزینـدانـدا تووشــی نەخۆشـییەکی کوشــندە دەبێــت. لــەڕۆژی ٦/ ٩/ ١٩٩١ لەشــاری ئاکــرێ کۆچــی دوای دەکات.

## مەلا ئیبراهیم حاجی تەها (١٩٣٩- ١٩٨٢):

ئــەم زانایــە لەســاڵی ١٩٣٩ لەگونــدی (ســبیکر)ی ســەربە ناحیــەی هیــران لەدایــك بــووە. هەرلــە ســەرەتای پێگەیشــتنیەوە چوویتــە نــاو خوێنـدنی ئایینـی، لەشـوێنە جیـاوازەکانی کوردسـتان، تـا ئیجـازەی مەلایـەتی وەرگرتـــووە. لەســـاڵی ١٩٨٣ لەلایـــەن کۆمەڵـــە چەکدارێکـــەوە تیـــرۆر دەکــرێ[2]. ئــەم زانایــە لەگــەل ئــەوەی کادیــری ناوچــەی شــەقڵاوەی

(١) مـەلا تاهیـر بەحرکەیـی. مێـژووی زانایـانی کـورد. بەرگـی یەکـەم. هەمان سـەرچاوەی پێشوو. لا ٤١٢

(٢) عباس علی سلێمان. سەرچاوەی پێشوو. لا٥٦.

(پ. د. ك.) بــوو، وەك قــازی هێــزەکانی پێشــمەرگەش لەســنووری هێــزی ســەفین دامــەزراوە و زانایــەکی چــاکی بــواری کۆمەڵایەتــی ناوچەکــە بــوو، لــەم ڕوویــەوە بەدەیــان کێشــەی کۆمەڵایــەتی چارەســەر کــردووە[1].

## مەلا محمەد شێخ تەها بالیسانی (١٩١٨- ١٩٩٧):

نــاوی تــەواوی (محمــەد تەهــا عــەلی عیســا محمــەد)ە لەســاڵی ١٩١٨ لەگونــدی بالیســانی باکــوری ڕۆژهــەڵاتی شــەقڵاوە لەدایــك بــووە. ئەویــش هاوشــێوەی مەلاکانیــتر لەچەندیــن شــوێنی کوردســتان لــەلای مــەلا بەناوبانگــەکان بــەدوای خوێنــدنی زانســتی شــەرعی دا گــەڕاوە[2]. مامۆســتا تێکەڵــی کاروبــاری سیاســی بــووە، لەوتەیەکــدا دەڵێــت: ( تــا مــرۆڤ لەسیاســەتدا کار نــەکات نازانــێ ئاییــن چییــە و لەئیســلام نــاگات)[3].

دوای ئەوەی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم یاسای باری کەسی هەموار دەکات کە گونجاو نییە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام. مامۆستا مەلا محمەد لەوتاری هەینیدا زۆر بەتوندی وەڵامی دەداتەوە، دەیەوێت ئەم وتارە لەڕۆژنامە بڵاو بکاتەوە بەڵام خەبەری لەسەر لێدەدرێت، حکومەت هەوڵی گرتنی دەدات،

---

(١) فاخر عالی خان ئاودەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا٢٤٧.

(٢) ســەرەتا لــەلای بــاوکی دەســتی بــە خوێنــدنی شــەرعی کــردووە و دواتــر لــەلای مامۆســتا عومــەری کاکی ئیجــازەی مەلایــەتی وەرگرتــووە. دواتــر لەچەندیــن مزگــەوتی ناوچــە جیــاوازەکانی کوردســتان بوویتــە ئــیمام و وتــار خوێــن، لــەزۆر حوجــرەکان وانــەی ئایینــی بــە فەقێیــان داوە و چەندیــن فەقێــی پێگەیانــدووە. ئــەو مامۆســتایانەی لەبــەر دەســتی خوێنــدووە وەك: مــەلا عەبدولــرحمان شەمشــولەیی، مــەلا بەهائەدینــی خەتــێ، مــەلا عەبدولکەریــم خورشــید جانەیــی، مــەلا ئیسماعیــل مــەلا قەرەیــی.

(٣) فاخــر عالــی خــان. رۆڵــی زانایــانی ئایینــی لــە ژیــانی سیاســی هەولێــردا. هەمــان ســەرچاوەی پێشــوو. لا ٢٣٢.

بەڵام خۆی دەرباز دەکات و پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکات، بۆ ماوەی سێ ساڵ لەناو شۆڕش دەمێنێتەوە و دەبێتە قازی شەرعی شۆڕش و ئەندامی دادگای شەرعی [١]. لەکۆنگرەی شەشی پارتی دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش[٢]. لەساڵی ١٩٦٥ دەبێتە ئیمام و وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی کۆیە، پاشان دەبێتە مودەریس لە(کوبیسە)ی سەربە پارێزگای رومادی. لەساڵی ١٩٧٠ دەبێتە ئیمامی مزگەوتی (مصرف) لەبەغدا. دواتر دەچێتە مزگەوتی (حاجی حسن بارح) لەگەڕەکی (سبع ابکار). لەڕۆژی ٢٥/ ٤/ ١٩٩٥ لەبەغدا کۆچی دوایی دەکات. مامۆستا دەستی نووسینی هەبوو زیاتر لەپازدە بەرهەمی بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی هەیە [٣].

## مەلا حەسەن حەمەد مرۆ[٤] (١٩٣٥- ٢٠٠١):

لە ساڵی ١٩٣٥ لەخێزانێکی کوردپەروەر لەگوندی (هەرتەل) لەدایك بووە، دواتر نەفی کراوە بۆ شارۆچکەی زوبێر لەبەسرا، لەناوچەی خۆشناوەتی دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە، لەزۆر شوێن بە دوای خوێندندا گەڕاوە، تا لەساڵی ١٩٦١ لەگوندی هەرتەل لەلای مەلا مەجید ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە یەکێك بووە لەزانا دیار و ناسراوەکانی خۆشناوەتی، هەر لەبەر لێهاتووی بە فەرمانی بارزانی بە قازی شەرعی لەناوچەی خۆشناوەتی دامەزراوە. چارەسەری

(١) عباس علی سلێمان. المصدر السابق. ص٥٠.

(٢) فاخر عالی خان . سەرچاوەی پێشوو. لا ٢٣٣.

(٣) مەلا تاهیر بەحرکەیی. مێژووی زانایانی کورد. بەرگی سێیەم. سەرچاوەی پێشوو. لا(١٣٣-١٣٥).

(٤) وشەی (مرۆ) بۆ ئەو خانەوادانە بەکار هاتووە کە میوان ڕاگر و نان دەر و خاوەن قۆناغ بوون.

زۆر کێشە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی کردووە. هەر لەسەر فەرمان و ڕاسپاردەی جەنابی بارزانی لەساڵی ١٩٧٠ لەشاری کۆیە دامەزرا[١]. هەروەها مامۆستا حەسەن حەمەد مرۆ دەڵێت: لەدوای ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، ئێمە کۆمەڵێك مامۆستا لەخزمەت بارزانی بووین، فەرمووی پێویستە بچنەکۆیە و هەر لەو ڕۆژە بارزانی نامەیەکی بۆ نوسیم بۆ ساڵح یوسفی کە ئەوکات بەرپرسی لقی پێنج بوو لەبەغدا، بۆئەوەی بەفەرمی لەکۆیە بە ئیمام و وتار بێژ دامەزرێم[٢]. مامۆستا لەسەر کاری ئیمامەتی و وتاربێژی خۆی بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٩٢، هەروەها سەرۆکی لێژنەی ناوچەی زانایانی ئایینی ئیسلامی کۆیە بوو، دواتر لەساڵی ١٩٩٦ لەمزگەوتی ڕەشاد موفتی بوو بەئیمام و وتار خوێن، لەهەمان کاتدا ئەندامی لێژنەی فەتواش بوو لەهەولێر. لەڕۆژی ٢٦/ ٥/ ٢٠٠١ لەهەولێر کۆچی دوایی کرد.

---

(١) عباس علی سلێمان. اسهام علماء الدين الكورد فی كوردستان العراق فی توجيه الحركه التحررية الكوردية بين عامين (١٩٦١- ١٩٧٥). الطبعة الاولی. ٢٠٠٩. ص (٥٠-٥١).

(٢) بارزانی لەنامەکەیدا کە بە زمانی عەرەبی نووسیبوو فەرمانی بە ساڵح یوسفی کردبوو کە هەوڵ بدرێت مامۆستا بە فەرمی لەکۆیە دامەزرێت و هاوکاری بکرێت، هەروەها کەسێکی حزبیش لەگەڵ بخرێت بۆ ئەوەی بەدواداچوون لەرێکاری دامەزراندنیدا بکات، چونکە مامۆستا لەبەغدا غەریبە و کەسێکی زۆر دڵسوز و کوردپەروەرە. هەروەها دکتۆر عومەر حەسەن مرۆ کە کوڕی مامۆستایە دەڵێت: ئێمە لەدوای مردنی باوکم چوینە خزمەت جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی، ئەو فەرمووی: (ئەوەی رۆژێك کوردایەتی کردبێت، مامۆستا حەسەن حەمەد مرۆ دەناسێت). هەروەها دکتۆر عومەر کە دکتۆرای لە(فقه المقارن) هەیە لەدوای وەفاتی باوکی دەبێتە ئیمام و وتار بێژی مزگەوتی ڕەشاد موفتی، هەروەها ئەو لەزاری باوکی دەگێڕاوە دەیگوت هەمیشە بارزانی ئەمری بە ئێمە دەگوت کوردایەتی بکەن نەك حزبایەتی، کە ئەمە هەڵوێستێکی کورد پەروەرانەی جوانی جەنابی بارزانی بوو. (چاوپێکەوتن لەگەڵ د. عومەر حسن مرۆ کوڕی مامۆستا لە٢٠٢٢/٧/٣ هەولێر)

## مەلا ئەحمەد ئەمین فەیلەسوف (١٩١٢-٢٠٠٤):

ناوی تەواوی (ئەحمەد سەید ئەمین سەید محمد سەید ئەمین)ە، لەساڵی ١٩١٢ لەناوچەی جەباری سەربە کەرکووک لەدایك دەبێت[1]. هەر لەمنداڵییەوە باوکی بار دەکات و دەچێتە بەغدا، لەبەغدا و لەشارە جیاوازەکانی کوردستان خوێندنی مەلایەتی دەخوێنێت تا لەساڵی ١٩٣٩ لەلای (مەلا عومەر ئومەرگومەتی) ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت. لەساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکات و لەسەردەمی مەلا هەمزە بە فەرمانی سەرۆك بارزانی وەکو قازی شەرعی دەبێتە ئەندامی دادگای تەمیزی کوردستان لەچۆمان[2]، پاشان ئاوارەی ئێران دەبێت و دواتر دەگەڕێتەوە لەچەمچەماڵ دەبێتە ئیمام و وتاربێژ. دواتر دەبێتە مامۆستا لەکوبێسەی نزیك رومادی. لەڕۆژی ١٤/ ٤/ ٢٠٠٤ لەنەخۆشخانەی کۆماری شاری هەولێر کۆچی دوایی دەکات و تەرمی لەگۆڕستانی رەحیماوەی شاری کەرکووک بە خاك دەسپێرێت.

مامۆستا هەندێك دەستنووسی هەیە لەبواری (علم الحدیث. علم الفقه. علم اصول الفقه.). مامۆستا لەکۆتایی ساڵانی حەفتاکان بەشداری ئەزموونێکی کرد کە لەلایەن وەزارەتی ئەوقافی کەرکووک ڕێکخرابوو، لەئەنجامدا بە پلەی یەکەم دەرچوو، بڕیارێک دەرچوو کە

(١) مەلا تاهیر بەحرکەیی. مێژووی زانایانی کورد. بەرگی یەکەم. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا (٨٠-٨١)

(٢) عباس علی سلێمان. اسهام علماء الدین الکورد... المصدر السابق.ص ٥٠. ئەویش سوودی لەشێخ عومەر لەتیف بەرزنجی. کورتەیەك لەژیاننامەی زانا ئاینییە کۆچکردووەکانی سەدەی بیستەم لەشاری هەولێر. لا٤٥ وەرگرتووە.

ببێتە مامۆستای پەیمانگەی کەرکووک، بەڵام ناحەزان ماوەیان نەدا وەك کوردێك لەم پەیمانگەیە ببێتە مامۆستا. دواتر بڕیاری گواستنەوەی بۆ شاری بەسرا دەرچوو، مامۆستاش بڕیارەکەی ڕەت کردەوە و نەچوو، دەستبەرداری ئەم پۆستە بوو[1]

## مەلا ئەحمەد ڕەسوڵ حەمەد (مەلا ئەحمەدی قازی ١٩٣٠ - ٢٠٠١):

لەساڵی ١٩٣٠ لەگوندی سکتانی خۆشناوەتی لەبنەماڵەیەکی ئایین پەروەر لەدایك بووە، هەر لەمنداڵییەوە دایك و باوکی کۆچی دواییان کردووە، خاڵی ئەرکی بەخێوکردنی گرتۆتە ئەستۆی خۆی. سەرەتای خوێندنی ئایینی لەلای مەلا عەبدولای سکتانی دست پێ دەکات، دواتر لەزۆر شوێنیتر بە دوای خوێندنی شەرعی دا دەگەڕێت[2]. لەساڵانی شەستەکاندا جەنابی بارزانی لەسەنگەسەر داوای

(١) شێخ عومەر لەتیف بەرزنجی. کورتەیەك لەژیاننامەی زانا ئاینییە کۆچکردووەکانی سەدەی بیستەم لەشاری هەولێر. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٤٧

(٢) مامۆستا مەلا ئەحمەد بۆ خوێندنی زانستی شەرعی لەلای چەندین زانای بەناوبانگدا دەگەڕێت وەك: (مەلا حسێن دەشتێوی) لەساڵی ١٩٥٢ ئیجازەی مەلایەتی لەسەردەستی ئەو وەردەگرێت. دواتریش ئیجازەیەکی تریش لەلای مەلا مەعسومی کۆیی لەسەنگەسەر وەردەگرێت. کەواتە دوو ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. سەرەتا پیشەی مەلایەتی لەگوندی (قوروجە)ی بێتوین دەست پێ دەکات و لەوی ژیانی خێزانی پێکدێنێت، بەڵام زۆری پێناچێ ئەم گوندە بەر بەنداوی دوکان دەکەوێت، دەچێتە سەنگەسەر لەوێ لەمزگەوتی گەورەی سەنگەسەر دەبێتە مەلا و وانەی زانستە شەرعییەکان دەڵێتەوە. دواتریش پەیمانگای ئیسلامی تەواو دەکات
لەساڵی ١٩٧٠ دەچێتە ڕانیە و دەبێتە بەرێوەبەری پەیمانگەی ئیسلامی و خزمەتێکی باش بە زانستە شەرعییەکان دەکات، لەساڵی ١٩٨٣ دەبێتە وتاربێژی مزگەوتی گەورەی ڕانیە، بەڵام تەنها چەند مانگێك دەمێنێتەوە لەبەر هەڵوێستی مەردانەی

لێکــردووە ببێتــە قــازی شــۆرش، بەمــەش ناســناوی قــازی وەردەگرێــت، دەبێتــە قــازی لەناوچــەی ڕانیــە و ڕۆڵــێکی کاریگــەری هەبــوو لەچارەســەر کــردنی کێشــە کۆمەڵایەتییەکانــدا، بەدەیــان کێشــەی جۆراوجــۆری لــەم ناوچەیــە چارەســەر کــردووە[١]. مامۆســتا لەبڕیــاردان بەســەر کێشــەکاندا بەپێــی شــەریعەتی پیــرۆزی ئیــسلام زۆر بوێــر بــووە و لەهیــچ کەسێکیش نەترســاوە[٢]، ئەمــەش نیشــانەی ئەوەیــە کــە کەسێکی زۆر جــدی بــووە و باوەڕێکــی پتــەوی بــە قــەدەری خــودا هەبــووە، بۆیــە لەپێنــاو بەرقــەرار بــوونی دادپــەروەری ژیــانی خــۆی خســتیە مەترســییەوە.

لەکاتژمێــر ١٠ی بەیــانی ڕۆژی ١٢/ ١٠/ ٢٠٠١ لەماڵــی (شــێخ عمــر شــێخ بایــز باقــڵانی) کۆچــی دوایــی دەکات کــە بەســەردان چووبــو ئــەم شــوێنە. دواتــر لەگونــدی ســکتان کەزێــدی خۆیــەتی بەخــاك دەســپێرێت[٣].

---

کــە ئامادە نابێــت دوعــا بۆ(ســەدام)ی دیکتاتــۆر بــکات، لەبــەر ئەمــە ڕژێــم بەتــەواوەتی لەپیشــەی وتــار خوێنــی دوور دەخاتــەوە (فەســل دەکات). لــەدوای ڕاپەڕینــی ١٩٩١ دەگەڕێتــەوە ســەر پیشــەکەی خــۆی و بووبــە ئەندامــی لێژنــەی فەتــوا لەرانیــە، کــە رۆڵــێکی کاریگەریــان هەبــوو لەچارەســەر کــردنی کێشــەی هاووڵاتییــان، لێژنەکەیــان لــەم مامۆســتا بەرێزانــەی خــوارەوە پێکهاتبــوون: (١- مــەلا محمــەد نورەدینــی. ٢-مــەلا ئەحمــەد قــازی. ٣- مــەلا ســەید سلێمان. ٤- مــەلا عەبدولباقــی هەرتــەلی). (ســەرچاوە: ئــەم زانیارییانــە لــەڕۆژی ٢٠٢٢/٨/١٤ راســەوخۆ لەدکتــور محمــەد عەبدولباقــی هەرتــەلی)م وەرگرتــووە

(١) عــەلی نورەدینــی. لەســالیادی کۆچــی دوای مامۆســتا مــەلا ئەحمــەدی قــازی. یەکگرتــوو (روژنامــە) ژمــارە ٤١٠. ١٨/ ١٠/ ٢٠٠٢

(٢) عباس علی سلیمان. سەرچاوەی پێشوو. لا٥٨.

(٣) بەسوپاسەوە زۆربــەی هــەرە زۆری ئــەم زانیاریانــەم لە(دکتــۆر محمــەد عەبدولباقــی هەرتەلــی) وەرگرتووە.

## مەلا عەبدوڵا ڕەشید سوری:

لـە سـاڵی ١٩٢٤ لەکوردسـتانی باکـور لەدایـك بـووە، لەسـاڵی ١٩٢٩ کـۆچ دەکات بـۆ وڵاتی سـوریا، ئـەو سـەرچاوەیەکی ئایینـی (مرجـع دینـی) زۆر گـەورە بـوو لەسـەر ئاسـتی جیهـان. مـەلا عەبـدوڵا یەکـەم وتاربێـژی کـورد بـوو لەسـوریا لـەڕۆژانی هەینـی بـە زمـانی کوردییـەکی پـاراو وتـار بـدات[١].

مەلا عەبدوڵا بەشداری لەشۆڕشی ئەیلوولی کرد و بە بڕیاری مەلا مستەفا بارزانی بوو بە قازی شەرعی شۆڕشی ئەیلوول. لەم بارەیەوە دادوەر سەگڤان هروری دەڵێت: لەساڵی ١٩٧٤ لە دوای تەواو بوونی دانوستاندن لە نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق من لەمانگی ئادار پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد و بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی بوومە سەرۆکی دادگای باتیفا بە ئەندامێتی دوو ئەندامی دادگا کە هەردووکیان قازی شەرعی بوون، یەکەمیان مەلا نورەدین سندی کە مەلایەکی بەناوبانگ بوو و شەرع زانێکی زۆر باش بوو ئەندامی یەکەمی دادگا بوو. دووەمیان مەلا عەبدوڵا سوری کە زانایەکی ئایینی کوردستانی ڕۆژئاڤا بوو، ئەویش زانایەکی زۆر باش بوو ئەندامی دووەمی دادگا بوو. دەڵێت ئێمە هەرسێکمان پێکەوە دانیشتنەکانی دادگامان بەڕێوە دەبرد لەدوای ڕاوێژ کردن لەگەڵ یەکتر بڕیارەکانمان بە هاوبەشی دەردەکرد، بە پێی یاسای عێراقی کە لەو کات پێی دەگوت (قانون البغدادی) و بەپێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام. ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە کێشەکانی تاوانکاری بە پێی یاسای عێراقی و کێشەکانی کۆمەڵایەتی و شارستانی بە پێی شەریعەتی ئیسلام یەکلای دەکرانەوە[٢].

---

(١) عباس علی سلیمان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٥٨.

(٢) بـۆ وەرگرتنـی ئـەم زانیارییانـە چاوپێکەوتنـم کـرد لەگـەڵ دادوەر سـەگڤان هـروری

مـەلا عەبـدوڵا دەیگـوت دادوەری نابێـت تـا بەپێـی ئایینـی پیـرۆزی ئیـسلام و کەلتـووری گـەل نەبێـت، ئەو زۆر گرنگی بە چارەسـەر کردنی کێشـە گشـتییەکانی کۆمەڵـگا دەیـدا، وەك دیاریکـردنی مارەیـی ئافـرەت و قەدەغـە کـردنی ژن بـەژن و هەمیشـە هەوڵـی دابـەش کـردنی زەوی بەسـەر هەژارانـدا دەدا، هەروەهـا هەوڵـی چارەسـەرکردنی کێشـەکان بەپێـی توانا دەدا. لەسـەر ئـەم بابەتانـە خوالێخوشـبوو جەنـای مـەلا مسـتەفا بـارزانی دەیفەرمـوو: (تکا لەزانایـانی ئایینـی دەکـەم لەحەق لانەدەن نەبـە زیاد نەبە کەم، تەنها لەسـەر حـەق بـڕۆن، من و پێشـمەرگە پشـتیوانی ئێوەیـن، هەروەهـا دەیفەرموو وللە بۆمـن هیـچ شـتێك لەخزمەتکـردنی قورئـانی پیـرۆز گرنگتر نییـە)[1].

## مەلا ئەبوبەکر بالیسانی:

ناوی تەواوی (مەلا ئەبوبەکر شێخ تەها شێخ عەلی شێخ عیسا)یە[2]، لەساڵی ١٩٢٩ لەگوندی بالیسان لەبنەماڵەیەکی ئایین پەروەر لەدایك بوو، ٣ مانگ بەر لە لەدایکبوونی باوکی کۆچی دوایی کردووە، شێخ عومەری برای ئەرکی بەخێوکردنی گرتۆتە ئەستۆی خۆی و لەبەر خوێندنی داناوە، لەزۆر شوێن بەدوای زانستدا گەڕاوە تا لەکۆتاییدا دوا قۆناغی لەلای شێخ عومەری بالیسانی برایی خوێندنی تەواو کردووە و ئیجازەی مەلایەتی هەر لەلای کاکی وەرگرتووە. لەچەندین شوێن مەلایەتی کردووە دوا قۆناغی هەر لەمزگەوتی خۆیان لەگەرەکی سیتاقان ئیمام و وتارخوێن بووە.

---

لەماڵی خۆی لەشاری دهۆك لەبەرواری ٢٨/ ٩/ ٢٠٢٢.

(١) عباس علی سلیمان. سەرچاوەی سەرەوە. لا(٥٨-٥٩).

(٢) عومـەر شـێخ لەتیـف برزنجـی. کورتەیـەك لـە ژیاننامـەی... هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا(٣٣-٣٥)

دوای ئـەوەی دەیـان فەوجـی پێشـمەرگە دامـەزران، لەسـاڵی ١٩٧٠ تـا ١٩٧٤ ئـەم مامۆسـتایە کـرا بـە (امـام تابـور)[١] لەنـاو هێـزی پێشـمەرگە لەناوچـەی بالیسـان. لەهەمـان کاتـدا لەگـەڵ ئـەم مامۆسـتا بەڕێزانـە ئەندامـی لێژنـەی فەتـوا بـوو لـەم ناوچەیـە[٢]:

١. مامۆستا شێخ تاهیری سەران.

٢. مامۆستا مەلا ئەحمەدی توتمە.

٣. مامۆستا مەلا ئیبراهیم بێراوەیی.

لەڕێکـەوتی ٨/ ٩/ ٢٠٠١ لەشـاری هەولێـر کۆچـی دوایـی کـرد. لەگۆڕسـتانی شـێخ ئەحمـەد بەخـاك سـپارد.

## مەلا محمەد مەلا قادر هەرتەلی:

ناوی تەواوی (مەلا محمەد مەلا قادر مەلا عەبدوڵا مەلا محمەد)ە، لەساڵی ١٩١٠ لەگوندی هەرتەل لەبنەماڵەیەکی زانستخواز و ئایینپەروەر لەدایك بووە[٣]، سەرەتا لەلای مەلا قادری باوکی دەستی بەخوێندنی فەقێیاتی کردووە. بۆ خوێندنی مەلایەتی لەزۆر شوێن گەڕاوە[٤].

---

(١) کاتی خـۆی لەنـاو ریـزەکانی سـوپا مەلایەك بۆ وەزع و ئیرشـاد لەسـەر مـیلاکی وەزارەتی بەرگـری دادەمـەزا، ناویـان لـێ دەنـا ئیمام تابـور، ئەم مامۆسـتایەش هاوشـێوەی وەزارەتی بەرگـری عێـراق ئـیمام تابووری پێشـمەرگەی کوردسـتان بوو.

(٢) عمەر شێخ لەتیف سەرچازوەی پێشوو. ل٣٤.

(٣) بە سوپاسەوە لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٨/١٤ ئەم زانیاریانەم ڕاستەوخۆ لە دکتور محمەدی کوڕی مەلا عەبدولباقی برازای مامۆستا مەلا محمەدی مەلا قادر وەرگرتووە.

(٤) مـەلا محمـەد دواتـر دەچێتـە گونـدی زێـوەی خۆشـناوەتی لای مـەلا عەبـدوڵلا، پاشـان دەچێتـە وەرتی لای مـەلا ئەحمـەد مـەلا خـدری وەرتی، دواتـر دەچێتـە گونـدی

لـە سـاڵی ١٩٦٤ لەسـەر داوای مەلا مسـتەفا بـارزانی دەبێتە قازی شـەرعی بـۆ کاروبـاری کۆمەلایـەتی لەسـنووری هێـزی بێتواتـە و بـەردەوام دەبێـت تـا سـاڵی ١٩٧٠، لـەم ماوەیـەدا بە دەیان کێشـە و گیروگرفتـی کۆمەڵایەتی بەپێی شـەریعەتی پیرۆزی ئیسلام چارەسـەر دەکات، مامۆسـتا شـەرع زانـێکی لێهاتوو بـوو و جێـگای متمانەی هاووڵاتیـان بوو.

لـە سـاڵی ١٩٧٠ هەرتـەل بەجـێ دێڵێـت و دەچێتـە هەولێـر، لەمزگـەوتی گـەورەی ناوبـازاڕ دەبێتـە ئـیمام و وتارخوێـن. مزگـەوت و حوجـرەی هەرتەل بـە مـەلا عەبدولباقـی بـرازای خۆی دەسـپێرێت.

لـەڕۆژی ١٣/ ١٠/ ١٩٨٩ لەتەمـەنی ٧٩ سـاڵیدا لەشـاری هەولێـر کۆچـی دوایـی کـرد و لەگۆڕسـتانی بێرکـوت بەخـاك سـپێردرا.

---

دارولسـەلام لای مـەلا ئەسـعەد ئەفەنـدی خـەیلانی، دواتـر دەچێتـە مزگـەوتی قـادر دەباغ لـە هەولێـر لـەلای مـەلا محمەدئەمیـن بێتواتـەی، نـاسراو بەمـەلا محمەدئەمیـن کونـە فلوسـەیی، دواتـر دەچێتـە کەرکـووک لەخانەقـای سـەید ئەحمـەد لای مـەلا تاهیـری ئەفەنـدی، دواتـر دەگەڕێتـەوە هەرتـەل لـەلای مـەلا فەتحـوڵڵا درێـژە بـە خوێنـدن دەدات، پاشـان دەچێتـە سـکتان لای مـەلا عەبـدوڵلای سـکتانی، دواتـر دەچێتـە کۆیـە لای مـەلا بەهائەدیـن لەمزگـەوتی بایـز ئاغـا، هـەر لـەوێ لەسـەرەتای سـاڵانی سـییەکان ئیجـازەی مەلایـەتی وەردەگرێـت.
لـەدوای وەرگرتنـی ئیجـازەی مەلایـەتی دەگەڕێتـەوە هەرتـەل، هاوسـەرگیری دەکات و دەبێتـە مـەلای گوندی (وەرێ )، وانـە بەفەقێیان دەدات، دواتر دەچێتـە گوندی(دەراش)، پاشـان دەچێتـە گونـدی (زێـوە) بەفەرمـی دەبێتـە مـەلا، ئیمامـەتی دەکات و وانـە دەڵێتـەوە تـا لەسـاڵی ١٩٥٠ دەگەڕێتـەوە گونـدی هەرتـەل زێـدی خـۆی و لەگـەل مـەلا مەجیـد مـەلا سـەعید حوجرەیـەکی پـڕ لەموسـتەعید دادەمەزرێنـن و درێـژە بـە وانـە وتنـەوە دەدەن، چەندەهـا مـەلا لـەلای ئەمانـە ئیجـازەی مەلایـەتی وەردەگـرن.

## مەلا عەبدلباقی ئیبراهیم هەرتەلی:

ناوی تەواوی (مەلا عەبدولباقی ئیبراهیم قادر عەبدولا )یە، لەساڵی ١٩٣٦ لەگوندی هەرتەلی سەر بەناحیەی بێتواتە لەبنەماڵەیەکی ئایین پەروەر و مەلازادە لەدایك بووە[١]، مامۆستا سەرەتا لەلای باوکی دەستی بەخوێندنی قورئانی پیرۆز کردووە و دواتر لەزۆر شوێن بەدوای خوێندنی زانستی شەرعی دا گەڕاوە[٢].

لە ساڵی ١٩٧٠ لەسەر داوای فەرماندەی هێزی بێتواتە عەلی شەعبان بارزانی دەبێتە ئەندامی لێژنەی فەتوا لەسنووری هێزی بێتواتە، بۆ چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. کە ئەوکات (سنووری هێزی بێتواتە ناوچەکانی لەخەلیفانەوە تا دەربەندی ڕانیە و لەچنارۆکەوە تا زینی وەرتی سنووری هێزی بێتواتە بوو).

ئەندامانی لێژنەی فەتوای ناوچەی بێتواتەی یەکێتی زانایان لەم بەڕێزانەی خوارە پێك دەهات:

١. مەلا تاهیر شێخ نەجیم بلەیی (سەرۆکی لێژتە. خەڵکی بلەی ژووری ناوچەی خەلیفان بوو).

---

(١) کۆی ژیاننامەی مامۆستا مەلا عەبدولباقی هەرتەلی، ڕاستەوخۆ لە(دکتۆر محمەدی کوری مەلا عەبدلباقی)م وەرگرتووە لە ١٤/ ٨/ ٢٠٢٢

(٢) لەلای (مەلا محمەدی مەلا قادر)ی مامی وانەی زانستی شەرعی خوێندووە، لەساڵی ١٩٥٣ دەچێتە بالیسان دواتر لەساڵی ١٩٥٦ دەچێتە گوندی (گەرەوانی) نزیك ڕواندز پاشان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی هەرتەل، لەخزمەت مەلا محمەدی مامی بەردەوام دەبێت هەر لەلای ئەو لەساڵانی شەستەکان خوێندنی مەلایەتی تەواو دەکات، بەڵام لەبەر ئیش و کاری لادێی وەرگرتنی ئیجازەکەی دوا دەکەوێت تا لە٢٠/ ٤/ ١٩٧٠ ئیجازەی مەلایەتی لەلای مامی وەردەگرێت.

2. مەلا عەبدولباقی هەرتەلی.
3. مەلا عەبدولسەلام محمەد نەبی بێتواتەیی.
4. مەلا عەلی حەمەد ئەمین محمەد هەرمکی.

ژیــانی مەلایــەتی لەســەرەتای ســاڵی ١٩٦٠ دەســت پێــدەکات کــە لەحوجــرەی گونــدی هەرتــەل دەبێتــە وانەبێــژ، وانــەی زانســتی شــەرعی بــە فەقێیــان دەڵێتــەوە. لەبــەر ئــەوەی مامۆســتایەکی لێهاتــوو بــووە لەزانســتە شــەرعیەکان، لــەزۆر شــوێنەوە فەقێیــان ڕووی تێکــردووە، مامۆســتا تــا ســاڵی ١٩٧٦ هــەر لەگونــدی هەرتــەل بــەردەوام دەبێــت لەوانــە وتنــەوە بەفەقێیــان. دواتــر لەســاڵی ١٩٧٦ مامۆســتا دەچێتــە دەڤــەری بادینــان لەگونــدی (جونــان)ی عەشــیرەتی زێبــاری بەفەرمــی بەئــیمام دادەمەزرێــت، لەبــەر ئــەوەی فەرمــانی دامەزرانــدنی لەبەغــداوە دەبێــت، بۆیــە لــەدەرەوەی ناوچــەی (حکــم الذاتــی) دادەمەزرێــت، چونکــە ئــەوکات قــەزای ئاکــرێ ســەربە پارێــزگای مووســڵ بــوو [1]. لــەدوای ڕاپەڕینــی ســاڵی ١٩٩١ لەگــەڵ ژمارەیــەك مامۆســتای بەناوبانگــی

(١) لەبــەر بچــوکی ئــەم گونــدە مزگەوتەکــەی حوجــرەی نەبــوو، بــەڵام مامۆســتا بــۆ مــاوەی دوو ســاڵ و دوو مانــگ لــەم گونــدە دەمێنێتــەو دواتــر دەچێتــە خوشــناوەتی لەگونــدی بێتواتــە بەفەرمــی دەبێتــە ئــیمام و دوای گەڕانــەوەی لەبادینــان لەهەمــوو لایەکــەوە فەقــێ رووی تێدەکــەن و حوجرەکــەی ناوبانگــی دەردەکات و تــا ســاڵی ١٩٨٣ بــەردەوام دەبێــت لەوانــە وتنەوە.دواتــر دەچێتــە مزگــەوتی ئــازادی لەرانیــە وتــار خوێــن و ئــیمام دەبێــت و لەهەمــان کاتــدا لــەم مزگەوتانــە وانــە دەڵێتــەوە: (مزگــەوتی مــەلا غەفــور و مزگــەوتی گلنجــان و ســەید قــادر و حاجــی مینــە) وانــە بەفەقێیــان دەڵێتــەوە. زیاتــر لــە٣٢ مــەلا و فەقــێ لەســەر دەســتی ئــەو پێگەیشــتوون و ئیجــازەی مەلایەتیــان لــەلای ئــەو وەرگرتــووە.

ئـەم ناوچەیـە دەبێتـە ئەندامـی لێژنـەی فەتـوا لەڕانیـە، ئـەم لێژنەیـە بەدەیـان کێشـەی کۆمەڵایـەتی لـەم ناوچەیـە چارەسـەر دەکـەن. بەتایبـەتی بەهـۆی نەبـوونی دادگاکان، (لەبـەر کێشـانەوەی یەکـەی کارگێـری لەهەرێمـی کوردسـتان لەلایـەن ڕژێمـی عێراقـەوە). هاووڵاتیـان هەمیشـە پەنایـان دەبـردە بـەر فەتـوای مامۆسـتایان و لێژنـەکانی فەتـوا و سـولح، بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکانیان. لـەڕۆژی ٥/ ٩/ ٢٠٠٨ لەشـاری ڕانیـە کۆچـی دوایـی کـرد و لەگۆڕسـتانی شـکارتە بەخـاك سـپێردرا.

## مەلا خالید موفتی (١٩٣٤ -٢٠٠٤):

نـاوی تـەواوی (مـەلا خالیـد کـوڕی شـێخ مسـتەفا مفتی)یـە، لەسـاڵی ١٩٢٤ لەشـارۆچکەی هەڵەبجـە لەدایـك بـووە، لـەلای زۆر لەزانـا بەناوبانگـەکان بـە دوای فێربـوونی زانسـتی شـەرعی دا گـەڕاوە، تـا لەسـاڵی ١٩٥٢ ئیجـازەی مەلایـەتی وەردەگرێـت.

مەلا خاڵید موفتی ئەندامی دەستەی کارگێڕی لێژنەی فەتوای ئەوکات بوو، زۆربەی ئەو کێشانەی لەم ناوچەیە ڕوودەدان ئەو چارەسەریان دەکرد، بەپێی یاسا و شەرع یەکلاییان دەکرەوە، وەك کێشەکانی هاوسەرگیری و تەڵاق و کێشەکانی زەویوزار و هەر کێشەیەکی تری کۆمەڵایەتی. لەگەڵ هەموو ئەم ئەرکانەشدا تەنها یەك ڕۆژ وازی لەئیمامەتی و وانە وتنەوە بەفەقێیان نەهێنا، لەگەڵ چارەسەر کردنی کێشەکانی هاووڵاتیان کە ڕۆڵێکی کاریگەری لەچارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو. تەنانەت نەی هێشت هیچ کێشەیەك لەنێوان هۆزەکانیش بمێنێت[١].

(١) عباس علی سلیمان. اسهام علماء الدین الکورد... المصدر السابق. ص(٥٧-٥٨).

## مەلا حمەدەمین چەمچەماڵی:

ناوی تەواوی مەلا محمەد ئەمین عەبدولحەکیم ناسراوە بە(مەلا حەمەدەمین چەمچەماڵی)[1]، لەساڵی ١٩٤٧ لەچەمچەماڵ لەدایك بووە، هەڵگری (ئیجازەی علمی) زانستە ئاینییەکانە.

مامۆستا لەساڵی ١٩٦٢ لەتەمەنی پازدەساڵیدا پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکات، لەگەڵ پێشمەرگەکان لەزۆر شەڕدا بەشداری دەکات وەك: (شەڕی سیرەمێرگ. تەگەران. شەڕەکانی شێوەسوور و دەوروبەری چەمچەماڵ).

لەساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ گرووپی مەکتەبی سیاسی دەچێتە هەمەدان. لەساڵی ١٩٦٥ لەدوای گەڕانەوەی لەئێران دەستی کردووە بە خوێندنی زانستە ئاینییەکان، تا لەئەنجامدا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

لەساڵی ١٩٧٠ بەشداری لەدامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانی کردووە و لەئەنجامدا بە ئەندامی لقی پێنجی کەرکووک هەڵبژێردراوە، دواتریش بە ئەندامی لێژنەی فەتوای کەرکووک هەڵبژێردراوە کە ئەوکات پێی دەگوترا (لێژنەی قەزا). ئەم لێژنەیە تایبەت بوو بەچارەسەر کردنی ئەو کێشانەی لەسنووری هێزی سەنگاو ڕوودەدەن کە پێکدەهات لەم بەڕێزانە:

---

(١) مەلا عەبدوڵلا شێرکاوەیی. ٥٠ ساڵ تەمەن یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان. چاپی یەکەم. ٢٠٢٠. لا (٢٢٨-٢٢٩). هەروەها بۆ نووسینی ئەم بابەتە پەیوەندی تەلەفۆنیم لەگەڵ خودی مامۆستا حەمەدەمین چەمچەماڵی ئەنجامدا لە٢٠/ ٨/ ٢٠٢٢ بۆ وەرگرتنی ئەم زانیارییانە.

١. مەلا ئەحمەدی قازی (گەرمیانی). (سکرتێری لێژنە).

٢. مەلا حەمەدەمین چەمچەماڵی. (ئەندام).

٣. مەلا حسەن هەڕێنەیی. (ئەندام).

ئـــەم لێژنەیـــە چەندیـــن کێشـــەی کۆمەڵایـــەتی و بـــاری کەســـی وەك کێشـــەکانی هاوســـەرگیری و تـــەڵاق و کێشـــەکانی موڵکـــداری و زەوی و زار و زۆر کێشـــەیتر بـــە پێـــی یاســـا و شـــەریعەتی پیـــرۆزی ئیـــسلام لەســـنووری هێـزی سـەنگاو چارەسـەریان کـردووە. کـە ئـەوکات ئامـر هێـزی سـەنگاو عەزیـز قـازی بـوو.

مامۆســتا مــەلا حەمەدەمیــن لەســاڵی ١٩٧٢-١٩٧٥ دەبێتــە ســکرتێری لقــی پێنجــی یەکێتــی زانایــانی ئایینــی کەرکــووک، هەروەهــا لەهەمــان کاتــدا ســەرلقی پێشــمەرگەکانی ســەربە یەکێتــی زانایــان بــوو. مامۆســتا لەهەمــان لقــدا بەشــداری لەچەندیــن چالاکییــەکانی ئــەو ســەردەمەی کــردووە وەك: شــەڕی شــاوك قــادر کــەرەم و ڕزگارکــردنی (ســەرلقێك) کەئــەو کات لەبــەرەکانی شــەڕدا لەلایــەن جاشــەکانەوە گەمــارۆ درابــوو، بەهــۆی ئــەم چالاکییــە ســەرکەوتووە، مامۆســتا لەلایــەن بــارەگای بارزانییــەوە خــەڵات دەکرێــت.

لـەدوای نسـکۆی ١٩٧٥ مامۆسـتا دەبێتـە ئـیمام و وتـار خوێنـی مزگـەوتی گونـدی (قولـە) و لەهەمـان کاتـدا خوێندنگایـەك بـۆ نەخوێنـدەوارەکانی ئـەم گونـدە دەکاتـەوە و بۆیـان بـاس لەکێشـە شـەرعی و کۆمەڵایەتییـەکان دەکات، ڕۆڵــێکی کاریگــەری دەبێــت لەگەشــەکردنی ڕۆشــنبیری و خوێندەواریـان و چارەسـەر کـردنی کێشـە کۆمەڵایەتییەکانیـان .

لـەدوای ڕاپەڕینـی ١٩٩١ چالاکـی زۆر و جـۆراو جـۆر ئەنجـام دەدات و دواتـر لەسـاڵی ١٩٩٢ لەسـەر لیسـتی (ی.ن.ك) دەبێتـە ئەندامـی یەکەم خولی پەرلەمـانی کوردسـتان، دواتریـش دەیـان چالاکـی جۆراوجـۆر ئەنجـام دەدات.

**مەلا ئەحمەد شرناخی:**

ناوی تەواوی (مەلا ئەحمەد ئەحمەد نافخوش)ە بە مەلا ئەحمەد شرناخی ناسراوە[١]، لە ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی دێرکێی بناری چیای جودی لەکوردستانی باکور لەدایك بووە. لەتەمەنی دوو ساڵیدا باوكی کۆچی دوایی کردووە. هەر لەتەمەنی منداڵییەوە برایەکەی بەناوی (محمەد)، لەبەر خوێندنی ئایینی دایناوە و دواتر لە زۆر شوێن بەدوای فێربوونی زانستی شەرعی دا گەڕاوە[٢]، لەهەمان کاتدا فەقێیەکی زیرەك بووە.

مەلا ئەحمەد دوو ئیجازەی وەرگرتووە یەکەمیان: لەدائیرەی ئەوقافی دهۆك لەلای مەلا محمەد ئاکرەیی. دووەمیان لەلای (مەلا سەعید ئەرمشتی) ئەمە ئیجازەی زانستی شەرعی بوو، دواتر دەبێتە ئیمام و وتاربێژ. لەهەمان کاتیشدا لەحوجرە وانەی بە فەقێیان داوە.

(١) بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتـە لـەڕۆژی ٢٩/ ١٠/ ٢٠٢٢ ڕاسـتەوخۆ چاوپێکەوتنـم لەگـەڵ مامۆسـتا مـەلا ئەحمـەد شرناخـی کـرد، لەماڵـی خـۆی لەشـاری زاخـۆ و هەمـوو ئـەم زانیارییانـەم ڕاسـتەوخۆ لـەزاری ئـەو وەرگرتـووە.

(٢) ئــەو مامۆســتایانەی مــەلا ئەحمــەد لەلایــان خوێنــدووە ئەمانــەن: (مــەلا عەبدولـرەحمان باکورمـانی و مـەلا سـەعید ئەرمشـتی و مـەلا حسـێن مارونسـی و مـەلا سـەعید بریفـکانی و مـەلا حسـێن سـپینداری، بـەڵام لـە هەموویـان زیاتـر لـەلای مـەلا حسـێن مارونسـی خوێنـدووە و هـەر لـەلای ئـەو فێـرە زمـانی فارسـی بـووە)

لــە ســەردەمی عەبدولکەریــم قاســم ســێ ســاڵ و نیــو زیندانــی دەکــرێ، لــەدوای کودەتــای عەبدولســەلام عــارف لــە ١٩٦٤ ئــازاد دەکــرێ و پەیوەنــدی بــە شــۆڕش دەکات، لە(باتیفــا) نیشــتەجێ دەبــێ کــە لــەو کات ئــەم ناوچەیــە ئــازاد کــراو بــوو، (حەســەن بــڕۆ)ی موختــاری باتیفــا و لەهەمــان کاتــدا ســەرکردەیەکی دیــاری سیاســی و ســەربازیش بــوو، خانوویــەکی بــۆ دابیــن دەکات و دەبێتــە ئــیمام لــە باتیفــا

ماموّســتا مــەلا ئەحمــەد دەڵێــت ئــەو شــوێنانەی لێیــان قــازی شــەرعی بــووم بریتیبــوون لــە (باتیڤــا و عەشــیرەتی گولــی و ناوچــەی جونیــکا تــا بێرســڤی و عەشــیرەتی ســندی)، دواتــر دووکــەس لەنــاو شــۆڕش هاتنــە لای مــن و گــوتی تــۆ بەفەرمــانی جەنابــی مــەلا مســتەفا بــارزانی بوویتــە قــازی شــەرعی شــۆڕش لــەم ناوچەیــە، هەروەهــا بەمنیــان گــوت بــڕۆ بــۆ لای (عەبــوش مســتۆ) کــە ســەرۆك عەشــیرەتی (جونیــکا) بــوو بــەزۆری لــە دیوەخانەکــەی کێشــەکانمان یەکلایــی دەکــردەوە.

ماموّســتا دەڵێــت: بەپێــی شــەرع کێشــەکانم یەکلایــی دەکــردەوە. دەڵێــت عیســا ســوار ئامــر هێــزی ئــەم ناوچەیــە بــوو کــە بارەگاکــەی لــە (ئەرمشــتێ) بــوو، هەمیشــە دەیگــوت: مــەلا ئەحمــەد ســەربەخۆیە و نابێــت کــەس دەســت لــە کاروبــاری ئــەو وەردات.

مەلا ئەحمەد دەڵێت: لە ناوچەی زاخۆ هەر قازییەکی شەرعی دوو کەسی گەورە واتە بەدەسەڵات لەگەڵیدا بوون و پشتیوانی بوون، هەر بڕیاڕێک قازی شەرعی دەیدا ئەوان ڕاستەوخۆ جێبەجێیان دەکرد. ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە لەناوچەکانیتری کوردستانیش، هەر بڕیارێک قازی شەرعی دەیدا یان ناوچەی حزب یان فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لایەنی جێبەجێکار بوون.

## مەلا هەمزە خانی (سپینداری):

ناوی تەواوی (مەلا هەمزە محەمەد حسێن)ە[١] لەنێوان ساڵانی ١٨٩٤-١٨٩٥ لە گوندی (دمل قوس) لەناوچەی (نودز)ی پارێزگای (وان)ی کوردستانی باکوور لەدایك بووە. لە هۆزی شاعیری گەورەی کورد (ئەحمەدێ خانی)یە، بۆیە بە(مەلا هەمزەی خانی) ناسراوە، بەڵام لە گوندی سپیندایێ بەرواری ژێری ژیاوە. لەدوای ئەوەی کە دێتە کوردستانی باشوور، لەگوندی (ناڤشکێ)ی پارێزگای دهۆك نیشتەجێ دەبێت. لەتەمەنی هەشت ساڵیدا لەمزگەوتی گوندی ناڤشکێ دەستی بەخوێندنی ئایینی دەکات، دواتر لەزۆر شوێن بەدوای فێربوونی زانستی شەرعی دا دەگەڕێت[٢].

هەر لەتەمەنی گەنجێتیدا هەستی کوردایەتی لای مەلا هەمزە زۆر بەهێز بوو. بۆیە لەساڵی ١٩٣٩ دەبێتە ئەندامی حیزبی هیوا کە رەفیق حلمی سەرۆکایەتی دەکرد، لەساڵی ١٩٤٤ ئەم حزبە هەڵوەشاوە و لەساڵی ١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی ڕێبەری نەتەوەی کورد

---

(١) بۆ نووسینی ئەم بابەتە، ئەم زانیاریيانەم ڕاستەوخۆ لەبەرێز عەبدولجەلیل کوڕی مامۆستا مەلا هەمزە وەرگرتووە، کە لەنووسینی حسێن مارونسی بوو بە زمانی عەرەبی. کالیفورنیا.

(٢) لەساڵی ١٩٢٥ بۆ خوێندن دەچێتە شەقڵاوە، لەهەردوو گوندی هیران و نازەنین مایەوە و پێنج ساڵ لەلای مەلا ئەسعەد ئەفەندی ڕواندزی درێژەی بە قوناغە پێشکەوتووەکانی خوێندنی زانستی شەرعیداوە. دواتر بە هاورێیەتی مەلا حسێن مارونسی و مەلا ساڵح جولەمێرگی بۆ تەواو کردنی خوێندنی شەرعی دەچێتە ناوچەی (جلدیان) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ، لەساڵی ١٩٣٦ ئیجازەی مەلایەتی لەلای مەلا بەناوبانگەکانی ئەم ناوچەیە وەرگرتووە.

مـەلا مسـتەفا بـارزانی دامـەزرا، مەلا هەمـزە و زۆربـەی ئەندامانی حـزبی هیوا چوونـە نـاو ڕیزی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان.

مـــەلا هەمـــزە لـــەدوای ســـاڵی ١٩٥٨ پەیوەنـــدی بـــە ســـەرکردەی نەتەوەیـــی کـــورد مـــەلا مســـتەفا بارزانییـــەوە دەکات و چالاکـــی جـــۆراو جـــۆر لـــە نـــاو شۆڕشـــدا ئەنجـــام دەدات. لەئەنجامـــدا دەبێتـــە ڕاوێـــژکاری بـــارزانی بـــۆ کاوبـــاری شـــەرعی . لـــە ســـاڵی ١٩٧٠ بەشـــداری لەدامەزرانـــدنی یەکێتـــی زانایـــانی ئایینـــی ئیـــسلام لەکوردســـتان دەکات و ڕۆڵـــێکی کاریگـــەری لـــە ڕیـــزی یەکێتـــی زانایانـــدا دەبێـــت، هاوشـــانی مـــەلا عەلـــی و مـــەلا حســـێن مـــارونسی و مـــەلا ســـەلیم ئاکرەیـــی کاردەکات. لەهەمـــان کاتـــدا یەکێتـــی زانایـــان ڕۆڵـــێکی کاریگـــەری دەبێـــت لـــە پێشخســـتنی دادگاکانی کوردســـتان. لەئەنجامـــدا مـــەلا هەمـــزە تـــا ســـاڵی ١٩٧٥ بەفەرمـــانی بـــارزانی دەبێتـــە قـــازی شـــەرعی ناوچـــەی حاجـــی ئۆمـــەران و ڕایـــات کـــە ئـــەم شـــوێنە پەناگایـــەکی ســـەرەکی شـــۆڕشی کوردســـتان بـــوو.

لـەدوای نسـکۆی سـاڵی ١٩٧٥ ئـاوارەی ئێـران دەبێـت و بەخێزانـەوە لـە شـاری کـەرەج نیشـتەجێ دەبێـت، تـا لەبـەرواری ٤/ ٨/ ١٩٧٨ لـە شـاری کـەرەج کۆچـی دوایـی دەکات.

## مەلا ئیبراهیم چێی:

نـــاوی تـــەواوی مـــەلا ئیبراهیـــم ســـەیفەدین[1]، لەســـاڵی ١٩٣٢ لـــە گونــدی چێــی ســەربە ناوچــەی دۆســکی ژووری لــە بنەماڵیــەکی ئایــن پــەروەر و کوردپــەروەر لەدایـك بــووە. هــەر لــە منداڵییــەوە دەســت بــە خوێنــدنی ئایینــی دەکات تــا لــە ســاڵی ١٩٥٧ ئیجــازەی مەلایــەتی لــەلای مــەلا ســادق موحەمــەد لــە شــەقڵاوە وەردەگرێــت[2]. دوای وەرگرتنــی ئیجــازەی مەلایــەتی دەگەڕێتــەوە گونــدی (چــێ) و لەگــەڵ کاری مەلایــەتی خوێندنگایــەکی ئایینــی دەکاتــەوە و وانــە بــە فەقێیــان دەڵێتــەوە.

هەرلــە تەمــەنی گەنجێتییــەوە مــەیلی کوردایــەتی لــەلای مــەلا ئیبراهیــم دروســت دەبێــت و لــە ســەرەتای شــۆڕشی ئەیلــوولی مــەزن بەشــداری لــە شۆڕشــدا دەکات. لــەدوای ســاڵی ١٩٦٣مــەلا ئیبراهیــم بــە فەرمــانی بــارزانی دەبێتــە قــازی شــەرعی لــە ناوچــەکانی نێــروە و ڕێــکان و دۆسکی ژووری، هــەر کێشــەیەکی شــەرعی و کۆمەڵایــەتی لــەم ناوچانــە ڕوویــدەدا دەهاتــە

(١) بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتـە لەبـەرواری ٢٠٢٢/١٢/٧، ئـەم زانیاریانـەم ڕاسـتەوخۆ لـە مـەلا عـەلی کـوری مامۆسـتا مـەلا ئیبراهیـم چێـی وەرگرتـووە

(٢) مـەلا ئیبراهیـم لـە سـاڵی ١٩٤٣ بـۆ خوێنـدن دەچێتـە ئاکـرێ بـۆ مـاوەی نزیکـەی چـوار سـاڵ لەمزگـەوتی گـەورەی ئاکـرێ چەندیـن وانـەی ئایینـی لەزانسـتە ئایینییـە جۆراوجـۆرەکان دەخوێنێـت. لەسـاڵی ١٩٤٦ دەچێتـە هەولێـر، لەحوجـرەی مـەلا عەبـدوڵڵای خوشـناو لـە خوێنـدنی ئایینـی بـەردەوام دەبێـت. لەسـاڵی ١٩٤٩ دەچێتـە شـاری سـلێمانی لـە مزگـەوتی (حاجـی حـان) لـەلای عەبدولکەریـم مودەریـس چەندیـن پەرتـوکی زانسـتەکانی شـەرعی دەخوێنێـت. لەسـاڵی ١٩٥٤ دەچێتـە کۆیـە لای مـەلا مەعسـومی کۆیـە بەردەوامـی بـە خوێنـدن دەدات و چەندیـن پەرتوکـێتر دەخوێنێـت و لـە سـاڵی ١٩٥٧ لـەلای مـەلا سـادق محمـەد لـە شـەقڵاوە ئیجـازەی مـەلا یـەتی وەردەگرێـت.

لای مـەلا ئیبراهیـم و ئـەو بـە پێـی شـەریعەتی پیـرۆزی ئیـسلام یەکلایـی دەکـردەوە. مـەلا ئیبراهیـم پەیوەنـدی لەگـەڵ بارزانیـدا هەبـوو، یەکـەم جـار لەسـاڵی ١٩٤٣ لـە ئاکـرێ چـاوی بـە بـارزانی کەوتـووە، دواتریـش چەندیـن جـار چوویتـە خزمـەت بـارزانی و دیـداری لەگەڵـدا هەبـووە.

مـەلا ئیبراهیـم لە سـاڵی ١٩٧٠ بەشـداری لەیەکەم کۆنگـرەی دامەزراندنی یەکێتـی زانایـانی ئیسـلامی کوردسـتان لەگەڵاڵـە دەکات، لەیەکێتـی زانایانـدا بـەردەوام دەبێـت لـە خزمـەت کـردن تا سـاڵی ٢٠٠١.

لەسـاڵی ١٩٧٧ بەخێزانـەوە ئـاوارەی تورکیـا دەبێت لە گوندی (شـوکە) لە نزیـك سـنووری عێـراق نیشـتەجێ دەبێـت، لـەکاتی ئەنفالـەکانی سـاڵی ١٩٨٨ ماڵیـان لەگونـدی (شـێخ مەمـا) دەبێت. بـارەگای لقـی یـەك دەگوازرێتەوە بۆ گونـدی (چەمیتیـان) لـەو دیـو سـنووری تورکیـا و عێـراق، دواتـر بـە فەرمـانی سـەرۆك مەسـعود بـارزانی مـەلا ئیبراهیـم دەبێتـە سەرپەرشـتیاری بـارەگای لـق. لەبـەر ئـەوەی مـەلا ئیبراهیـم زۆر هـاوکاری لقـی یـەك دەکات، لەسـاڵی ١٩٨٩ لەلایـەن حکومـەتی تورکیـاوە دەگیرێـت و مـاوەی یـەك مانـگ لـە زینـدانی جولەمێـرگ دەمێنێتـەوە. لەبـەر خەبـات و دڵسـوزی مـەلا ئیبراهیـم بـۆ پـارتی و ڕێبـازی بارزانی. مـەلا ئیبراهیم لـە١٣/ ١٠/ ١٩٩٩ مەدالیـای بارزانی وەردەگرێـت. لەسـاڵی ١٩٨٨ لـەو کاتـەی ماڵیان لە خاکی تورکیـا دەبێت، ماڵی خـۆی دەکاتـە بـارەگا بـۆ حەوانـەوەی خەڵـک و شۆڕشـگێران و زۆر هـاوکاری خەڵک دەکات، هەموو بەرپرسـانی ئەوکاتی لقی یەکی پارتی ئەم ڕاسـتییە پشـت ڕاسـت دەکەنـەوە. مـەلا ئیبراهیـم لـە ڕۆژی ٢/١٠/ ٢٠١٥ لەنەخۆشـخانەیەکی شـاری دهـۆك کوچـی دوایـی دەکات و تەرمەکـەی بە ڕێوڕەسـمێکی شـکۆدار لەکۆمەڵـگای شـێلادزێ بـە خاك سـپارد.

## مەلا عەلی بەرۆشکی:

ناوی تەواوی (مەلا عەلی مەلا ئیسماعیل عەلی)[١]یە، لە ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی بەرۆشکا سەعدون سەر بە ناحیەی مانگێشك، عەشیرەتی دۆسکی لەبنەماڵەیەکی ئایین پەروەر و کوردپەروەر لەدایك دەبێت. هەر لەمنداڵییەوە لەلای باوکی دەستی بەخوێندنی شەرعی دەکات[٢].

هەر لەساڵانی پەنجاکاندا پەیوەندی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات و لەساڵی ١٩٥٩ نووسینگەی خەبات لەشاری دهۆك دەکاتەوە، ئەوکات ڕۆژنامەی خەبات ڕێ پێدراو بوو، بەڵام لەساڵی ١٩٦٠ کە تازە بەفەرمی مۆڵەت بەپارتی درابوو کە چالاکییەکانی خۆی ئەنجام بدات، بۆیە مەلا عەلی بەهەلی زانی لەژێر ناوی نووسینگەی

(١) بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم دوو سەرچاوەیە وەرگیراوە: ١- د. حەمید باقی. روژناما ئەڤرۆ. ژمارە ٣٢٦٧. لە ٣/ ١/ ٢٠٢٣. ٢- تەحسین ئیبراهیم دوسکی. مەلا عەلی یێ بەروشکی و هەڵبەستێن وی. چاپخانا هاوار. دهوك. ١٩٩٩. لا(٩-٢٠)

(٢) مەلا عەلی تا پۆلی چوار لە قوتابخانە دەخوێنێت، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٣٩ قوتابخانە لەگوندەکەیان دادەخرێت، بۆ خوێندنی ئاینی دەچێتە گوندی بریفکا، لەساڵی ١٩٤٨ بۆ خوێندن دەچێتە گوندی دەرگەلا شێخا لەلای مەلاعەبدولمەجید ئیسماعیل کەمەکی، دواتر دەچێتە مزگەوتی گەورەی زاخو لەلای مەلا ئەحمەد عەبدولخاڵق ئاکرەیی درێژە بەخوێندنی شەرعی دەدات، دواتر دەچێتە مزگەوتی گەورەی دهوك لەلای مەلا محمەد عەبدولخاڵق ئاکرەیی بۆ تەواو کردنی خوێندن، تا لەساڵی ١٩٥٣ هەر لەلای مەلا محمەدی ئاکرەیی بەسەرکەوتووی ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت. مەلا عەلی لەپێش وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لەچەندین شوێن پیشەی مەلایەتی ئەنجام دەدات و هاوسەرگیری دەکات و هەروەها دەتوانێت وانە بەفەقێیان بڵێتەوە وەك لەمزگەوتی گوندی باخورنیڤی و مزگەوتی گوندی بادێ، نزیکەی ٤ تا ٥ ساڵ لەم گوندە دەمێنێتەوە. لەدوای ساڵی ١٩٥٨ بەفەرمی بە ئیمام و وتاربێژ لە مزگەوتی موفتی لەدهوك دادەمەزرێت.

خەبـات، یەکـەم بـارەگای پـارتی لـە گـەڕەکی شـێلێ لەخانـووی (عەبـدوڵا ڕەوانـدزی) بکاتـەوە، کەواتـە مـەلا عـەلی یەکـەم دامەزرێنـەر و بەرپـرسی لێژنـەی ناوچـەی پـارتی بـوو لـە دهـۆك.

لەبـەر ئەنجامـدانی ئـەم چالاکیانـە، لەساڵی ١٩٦٠ لەلایـەن ڕژێمـی عەبدولکەریـم قاسـمەوە دوور دەخرێتـەوە بۆ پارێـزگای ناسریە، بەڵام لەپێش دەسـتپێکردنی شـۆڕش بەچەنـد مانگێك ڕێکخسـتنەکانی پارتی توانیـان بەنهێنی لەناسریـە ڕزگاری بکەن و بیگەڕێننەوە کوردسـتان. دواتر مەلا عەلی تفەنگێکی ئینگلیـزی درێـژ هەڵدەگرێت و لەدەرەوەی شـاری دهـۆك چالاکییەکانی خۆی ئەنجـام دەدات، لەهەمـان کاتـدا کۆمەڵێـك کادر و کەسایەتی کـە لەلایـەن حکومەتـەوە داواکـراو بـوون، پەیوەنـدی پێـوە دەکـەن و دەبنـە پێشـمەرگە لەگەڵیـدا، لەدوای دەسـتپێکردنی شـۆڕش لە ١١ی ئەیلـوولی ١٩٦١ مەلا عەلی و هەڤـاڵانی ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بە شۆڕشـەوە دەکەن. مەلا عەلی هاوشـێوەی شۆڕشـگێڕانی کـورد بەشـدارییەکی کارای لەشـۆڕشی ئەیلوولدا کردووە، لەسـاڵی ١٩٦٣ لەئەنجامـی هێـرشی ڕژێـم بـۆ سـەر گونـدی بەروشـکێ، سـوپای ڕژێـم گوندەکەیـان و چەنـد گونـدێکی دەوروبـەری دەسـوتێنن، لەئەنجامـدا مـەلا ئیسماعـیلی بـاوکی شـەهید دەبێـت، چونکـە ئـەو لەبـەر زۆری تەمـەن توانای بەرگریکـردن و هەڵاتنـی نابێـت، لەئەنجامـدا شـەهید دەبێـت. هەروەهـا دواتریـش داسـتانی چیـای مەتینـا ئەنجـام دەدرێت

مـەلا عـەلی لەسـاڵی ١٩٦٤ بـەدواوە لەمـاڵ دەبێـت و خەریـکی کار و کاسـبی ماڵـی خـۆی دەبێـت. بـەڵام لـەکاتی ئەنجامـدانی کۆنگـرەی شەشـی پـارتی لـە ١٥/ ١١/ ١٩٦٦ لەگەڵالـە، لەبـەر ئـەوەی مـەلا عـەلی شـەرع زانێـکی بـاش بـوو و کەسـێکی دەسـتپاك و نـاسراو بـوو، لەبـەر ئـەم دوو هـۆکارە

بەفەرمـانی ڕێبـەری نەتـەوەی کـورد مـەلا مسـتەفا بـارزانی دەبێتـە قـازی شـەرعی شـۆڕشی ئەیلـوول لەدهـۆك کـە ئـەوکات عەلـی خەلیـل ئامـر هێـزی ئـەم ناوچەیـە دەبێـت و ماوەیـەك لـە قـەدش دەبێـت.

لـەدوای ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئاداری سـاڵی ١٩٧٠ دەبێتە بەڕێوەبـەری پەیمانگـەی ئیسـلامی لەدهـۆك، لەهەمـان کاتـدا دەبێتـە ئەندامـی لقـی یـەکی پـارتی. دوای ئـەوە دەبێتـە بەڕێوەبـەری ئەوقـاف و کاروبـاری ئاینـی لەدهـۆك، بارەگاکـەی لەمانگێشـك دەبێـت. لـەدوای دەسـتپێکردنی شـەڕ لەگـەڵ ڕژێـم لەسـاڵی ١٩٧٤، هەمویـان لەنـاو شۆڕشـدا ڕۆڵێـکی کاریگەریـان دەبێـت، بەتایبـەتی لەڕێکخسـتنی قوتابیـان و لاوان و وەرگرتنـی بەرپرسـیاریەتی لەبـواری جیاجیـادا و بـوون بـە پێشـمەرگە و...تـاد.

لـــەدوای نســـکۆی ســـاڵی ١٩٧٥ بەچەکـــەوە خـــۆی بەدەســـت حکومەتـــەوە دەدات، پاشـــان دوور خرایـــەوە بـــۆ پارێـــزگای رومـــادی تـــا سـاڵی ١٩٧٧ لـەوێ دەمێنێتـەوە. دواتـر دەگەڕێتـەوە دهـۆك و بەمامۆسـتا لەپەیمانـــگای ئیسلامـــی دهـــۆك دادەمەزرێـــت.

لەســـەرەتای ســـاڵانی هەشـــتاکاندا لەگـــەڵ تێکۆشـــەر ســـاڵح یوســـفی خەباتێکـیتری نـوێ دەسـت پێـدەکات و هەردوکیـان پێکـەوە سەرپەرشـتی شـــانە و ڕێکخـــراوە نهێنییـــەکانی ڕێکخســـتنی سۆشیالیســـتی کوردســـتان لەدهـۆك دەکـەن، لـە ١٩٨٥/١/٣ لەشـاری دهـۆك کۆچـی دوایـی دەکات.

## مەلا نورەدین سندی:

ناوی تەواوی (مەلا نورەدین مەلا حەسەن خدر سندی)یە[1]، لە ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی (بێشیلك)ی سەربە هۆزی سندی لە ناوچەی (شەرانش) لەدایك بووە، هەر لەتەمەنی شەش ساڵییەوە لەلای باوکی دەستی بە خوێندنی قورئانی پیرۆز دەکات. لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات، دواتر لەلای دیکی و (مەلا ئەحمەد)ی براگەورەی پەروەردە دەکرێت و لەلای (مەلا ئیبراهیم گۆیی) لەبەر خوێندنی ئایینی دادەنێن، دواتر لەزۆر شوێن بە دوای فێربوونی زانستی شەرعی دا دەگەڕێت[2]. لە ساڵی ١٩٥٤ ژیانی هاوسەرگیری پێکدێنێت و دواتر دەگەڕێتەوە زاخۆ پاشان دەچێتە مووسڵ لەلای مەلای بەناوبانگ (بەشیر ئەلسەقال) لە قوتابخانەی ئەحمەدیە دەخوێنێت تا ئیجازەی زانستی شەرعی وەردەگرێت. دواتر لەگەڵ خێزانەکەی دەچێتە شنگار

(١) بۆ نووسینی ئەم بابەتە لەڕۆژی ١٦/ ١/ ٢٠٢٣ ئەم زانیارییانەم ڕاستەوخۆ لەبەرێز (مەهدی) کوری مامۆستا (مەلا نورەدین سندی) وەرگرتووە

(٢) مامۆستا لەم شوێنانە بەدوای خوێندنی شەرعی دا دەگەڕێت: لەلای مەلا یونس و مەلا سەعید ئەرمشتی و مەلا تەها لە شەرانش و دواتر دەچێتەوە زاخۆ لە مزگوەوتی گەورە لەلای مەلای بەناوبانگ مەلا ئەحمەد عەبدولخالق و مەلا عەبدولرەحمان مەلا ساڵح لە باکورمان و دواتر دەگەڕێتەوە بۆلای مەلا ئەحمەد عەبدولخالق لە زاخۆ و دواتر بۆماوەی دوو ساڵ دەبێتە نوێنەری ئەوقافی زاخۆ و پاشان لەگەڵ چەند فەقێیەك دەچێتە هەولێر لەلای مەلا محمەد بەحرکەی لە گوندی (ئیلنجاغ) پاشان دەچێتە گوندی لەیلان لەلای مەلا عەلی لەیلانی ماوەی ساڵێك دەمێنێتەوە. دواتر دەگەڕێتەوە زاخۆ و دەچێتە وڵاتی سوریا لەلای مەلا ئیسماعیل و دواتر دەگەڕێتەوە دهۆك لەلای (مەلا عەبدولهادی مفتی) بەردەوامی بە خوێندن دەدات

لـەلای مـەلا حسـێن مـارونسی لـە گونـدی (قابوسـیە) باوەڕنامەیەکـیتر وەردەگرێـت. لـەدوای سـێ سـاڵ دەگەڕێتـەوە زاخـۆ لـەلای مـەلا ئەحمـەد عەبدولخالـق، ئەویـش بروانامەیەکـیتری پێـدەدات. لەسـاڵی ١٩٥٨ لـە گوندی (بێشـیلك) نیشـتەجێ دەبێـت و دەبێتـە ئـیمام و وانـە بـە فەقێیـان دەڵێتەوە و چەندیـن فەقێـی دەبێـت.

لەسـاڵی ١٩٥٧ دەچێتـە نـاو ڕیـزەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان. لەسـاڵی ١٩٥٨ لەگـەڵ شـاندی زاخـۆ پێشـوازی لەڕێبـەری نەتەوەیـی کـورد مـەلا مسـتەفا بـارزانی دەکات لەبەغـدا. لەسـاڵی ١٩٦٠ بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ لەمووسـڵ بەشـداری لـە خولـێکی پەروردەیـی دەکات. دواتـر وەك مامۆسـتای سـەرەتایی لەگونـدی (نوردینـا) دادەمەزرێـت و پاشـان لـە چەنـد شـوێنێك پیشـەی مامۆسـتایی ئەنجـام دەدات. لـەدوای سـاڵی ١٩٦١ بەشـداری لـە شـۆڕشی ئەیلـوول دەکات و ڕۆڵـێکی کاریگـەری دەبێـت لـە ڕزگار کـردنی شـاری زاخـۆ، بۆیـە لەلایـەن حکومـەتی عێراقـەوە لەسـەر پیشـەی مامۆسـتایی لادەدرێـت. لـەدوای سـاڵی ١٩٦٣ بـە هـاوکاری بـارزانی دەگەڕێتـەوە سـەر پیشـەی مامۆسـتایی. دواتـر لـە چەندیـن شـوێن کاری مامۆسـتایی ئەنجـام دەدات، دواتـر دەگواسترێتـەوە شرقـات، پاشـان بـۆ ناحیـەی بجیـل سـەربە قـەزای ئاکـرێ لەسـاڵی ١٩٦٩ دەچێتـە دینارتـە. لـە دوای ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ بـە خێزانـەوە دەگەڕێتـەوە زاخـۆ لەقوتابخانـەی ڕزگاری وەکـو مامۆسـتا و لەهەمـان کاتـدا وانـەی بـە فەقێیـان دەڵێتـەوە، دواتـر دەبێتـە ئەندامـی یەکێتـی زانایـانی کوردسـتان.

لەسـاڵی ١٩٧٤ بەفەرمـانی بـارزانی دەبێتـە قـازی شـەرعی و لەهەمـان کاتـدا دەبێتـە ئەندامـی دادگای باتیفـا لـە ناوچـەی گـولی، بـە سـەرۆکایەتی

دادوەر سـەگڤان هـروری و ئەندمێتـی هـەردوو قـازی شـەرعی مـەلا نورەدیـن سـندی و مـەلا عەبـدولا سـوری[1].

لـەدوای نسـکۆی سـاڵی ١٩٧٥ مـەلا نورەدیـن دەگەڕێتـەوە سـەر پیشـەی مامۆسـتایەتی و لەقوتابخانـەی شـەرانش دەبێتـە مامۆسـتا، دوای دوو سـاڵ دەگوازرێتـەوە قوتابخانـەی ڕزگاری و دواتـر لەچەندیـن قوتابخانـە پیشـەی مامۆسـتایی ئەنجـام دەدات

لـە سـاڵی ١٩٨٢ کوڕەکـەی (بەنـاوی عەبدولهـادی و برازایەکـەی خـدر ئەحمـەد و خزمێکیتریـان بەنـاوی خەلیل مەحمود) کە پێشـمەرگەی شۆڕشـی گوڵان بوون، دەکەونە کەمینێکی سـوپای عێراق و هەرسـێکیان پێکەوە شەهید دەبـن. دواتـر مامۆسـتا هـەر لەسـەر پیشـەی مامۆسـتای بـەردەوام دەبێـت و لەهەمـان کاتـدا کاری ئاینیـش ئەنجـام دەدات و لەنوسـین و خوێندنـەوەش بـەردەوام دەبێـت، تـا چەنـد پەرتوکێـك دەنووسـێت. یەکـەم پەرتـوك بەناوی (کنـز الـدرر فـی معجزات سـید البشر) چـاپ کراوە، بـەڵام چەنـد پەرتوکێکیتر بـە دەسـت نووسـی ماونەتـەوە هێشـتا چـاپ نەکـراون وەك: (دیوانـا مەولود النبـی) بـە زمـانی کـوردی و دیوانـا (هوزانـا) و (مێژوویـا کـوردان) بەزمانـێ کـوردی، هەروەها مێژووی عەشـیرەتی (سـندی و گـولی) و چەندین بەرهەمیتر هێشـتا دەستنووسـن و چـاپ نەکـراون. مامۆسـتا لەسـاڵی ١٩٨٩ خانەنشـین دەبێـت. بـەڵام لەسـەر ڕاسـپاردەی ئەوقـافی زاخۆ دەبێتـە ئـیمام و وتارخوێنی مزگـەوتی (الرحمـە). دواتـر لـە سـاڵی ١٩٩٤ دەگوازرێتـەوە مزگـەوتی حاجـی قـادر لـە زاخـۆ. لـە ڕۆژی ١٧/ ٣/ ٢٠٠٣ لـە زاخـۆ کۆچـی دوای دەکات.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ دادوەر سەگڤان هروری لەڕۆژی ٢٨/ ٩/ ٢٠٢٢ لەشاری دهۆك.

## مەلا حەسەن گوێزی:

ناوی تەواوی (مەلا حەسەن سەعدی عەبدولحەمید)ە لە ساڵی ١٨٨٩ لە گوندی گوێزێ)ی سەربە ناوچەی مزووری باڵا لە دایك بووە. لەبەر ئەوەی خێزانەکەی بەناوی (شەمس خۆشەڤی) لەبنەماڵی تێکوشەر خەلیل خۆشەڤی بوو لە ساڵی ١٩٣٤ بەدەست و پێ بەستراویەوە دەستگیر دەکرێت و دوور دەخرێتەوە بۆ (پارێزگای بەسرا) زیندانی دەکرێت بە بەهانەی ئەوەی نانی بۆ خەلیل خۆشەڤی بردووە، لەو کاتەی خەلیل خۆشەڤی عەشقی بوو. لەو کات شێخ ئەحمەد بارزانیش لەبەسرا لە گرتوخانەدا دەبێت و مەلا حەسەنیش دەبرێتە لای ئەو لە هەمان گرتووخانەدا. مەلا حەسەن لە گرتووخانەدا قورئانی پیرۆز و بابەتەکانی شەرعی بە شێخ ئەحمەد دەڵێتەوە. بۆ ماوەی دوو ساڵ لەزیندانی بەسرا دەمێنێتەوە، دواتر دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان.

لە ساڵی ١٩٤٧ مەلا حەسەن لەگەڵ خێزانەکەی دوور دەخرێتەوە بۆ گوندی شێخ مەمودیانی دۆڵی کۆڕێی سەربە ناوچەی پیرمام نیشتەجێ دەکرێت، لەو کات ژمارەیەك خێزانیتری بارزانی لەگەڵیان دەبن، دواتر لەم شوێنە دەست بە پیشەی مەلایەتی دەکات و دەبێتە ئیمام لەم شوێنە و وانە بە فەقێیان دەڵێتەوە، لەساڵی ١٩٥٤ دەگەڕێتەوە زێدی خۆی گوندی گوێزێ.

لە ساڵی ١٩٧٨ جارێکیتر لەگەڵ ڕاگواستنی خەڵکی هاو سنوور لەگەڵ وڵاتی تورکیا، لەسەر ماڵ و حاڵی خۆی ڕادەگوێزرێت و خانووەکەی بە TNT دەتەقێننەوە و لەکۆمەڵگای زۆرەملێی بەحرکە نیشتەجێ دەکرێت. مەلا حەسەن لەساڵی ١٩٨٥ لەبەحرکە کۆچی دوایی دەکات.

## مەلا یاسین ڕدێنی (١٩٣٣-٢٠١١):

ناوی تـەواوی (مـەلا یاسـین مـەلا تەهـا مـەلا محمـەد)[١]ە، لـە سـاڵی ١٩٣٣ لەگونـدی (ردێنـێ)ی دەڤـەری (بەڕێـگارە)ی سـەربە قـەزای ئامێـدی لەدایـك بـووە. لـە زۆر شـوێنی کوردسـتان بـەدوای خوێنـدنی زانسـتی شـەرعی دا گـەڕاوە[٢]. کاتـێ کـە لەسـاڵی ١٩٥٠ دەچێتـە لای مـەلا کـەرەم سـپینداری لەباکورمـان بـۆ خوێنـدن، لـەوێ مـەلا عەبـدوڵا باکورمـانی ناسـیوە و لەگەڵـی ئاشـنا بـووە، دواتـر زۆر هـزر و بیـری نەتەوەیـی و کوردایـەتی لەگـەڵ یـەکتر ئالوگـۆڕ دەکـەن، هـاوکات لەگـەڵ خواپەرسـتی و وانـە وتنـەوە بـە فەقێیـان، لەهەمـان کاتـدا بابـەتی کوردایـەتی و مـافی گەلەکەمـانی بـاس دەکـرد. لەبـەر ئـەوەی مـەلا عەبـدوڵا پێـشتر لـە ڕێکخسـتنەکانی پـارتی بـوو، بۆیـە بـاس و خواسـتەکانیان زۆر گـەرم و گوڕتردەبـن و لەسـاڵی ١٩٥٦ هـەر لەسـەر دەسـتی ئـەو مـەلا یاسـینیش دێتـە نـاو ڕیـزی ڕێکخسـتنەکانی پـارتی، ئـیتر ئـەم هەنـگاوە ڕێخوشـکەر دەبێـت بـۆ پەرەپێـدانی بیـری کوردایـەتی و هوشـیار کردنـەوەی خەڵـك لەئـەرك و مـافی گـەل و نەتەوەکەمـان و هەوڵـدان بـۆ پـەرە پێـدانی بیـری کوردایـەتی لەڕێگـەی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانەوە.

---

(١) بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتـە، ئـەم زانیارییانـەم راسـتەو خـۆ لەبەرێـز (دکتـور مەحەمەد عـەلی کـوری مـەلا یاسـین ردێنـی) وەرگرتـووە لەبـەرواری ٢٨/ ١/ ٢٠٢٣

(٢) سـەرەتا خوێنـدنی لـەلای بـاوکی دەسـتی پێکـردووە، بـۆ مـاوەی ١٢ سـاڵ لـەلای بـاوکی فەقـێ بـووە، لەگونـدی (باڕەمینکـێ)، دواتـر دەچێتـە گونـدی (کێریـێ) لـەلای مـەلا عـەلی کێـری بەردەوامـی بـە خوێنـدن دەدات، دواتـر دەچێتـە بامەرنـێ و ناوچـەکانی بـەرواری ژووری و بـەرواری ژێـری و دۆسـکی و زۆر شـوێنیتر. دواتـر لەسـاڵی ١٩٥٠ دەچێتـە باکورمـان لـەلای مـەلا کـەرەم سـپینداری

لە ساڵی ١٩٥٨ کاتێ ڕێبەری نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانی لەیەکێتی سۆڤیەت دەگەڕێتەوە، مەلا یاسین لەگەڵ شاندی لێژنەی ناوچەی ئامێدی دەچێتە بەغدا بۆ پێشوازیکردنی جەنابی بارزانی. هەروەها لەساڵی دواتر واتە لەهاوینی ١٩٥٩جارێکیتر مەلا یاسین لەگەڵ مەلا حسێن گێرگاشی سەردانی بارزانی دەکات لەبەغدا، لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە ١١/ ٩/ ١٩٦١، مەلا یاسین چەکی شۆڕشی هەڵگرت و بەشداری لەشەڕی ئازاد کردنی ئامێدیدا کرد و هەر بەردەوام بوو لەتێکۆشان لەناو شۆڕشدا.

مەلا یاسین لەساڵی ١٩٦٣ تا ١٩٧٠ بە فەرمانی سەرۆک بارزانی دەبێتە قازی شەرعی شۆڕش لەناوچەکانی ئامێدی و بەریگارێ و نهێلێ و سپنەی کە ئەوکات بەڕێز (تەیمەز سێلکی) فەرماندەی هێزبوو لەم ناوچەیە، بارەگاکەی لەگوندی (دێرەشێ) بوو.

لە ساڵی ١٩٧٥ ئەویش هاوشێوەی شۆڕشگێرانی کوردستان، ئاوارەی ئێران دەبێت و لەشاری (تەبرێز) نیشتەجێ دەبێت. سەرەتا لەلایەن سەرۆک بارزانی و خوالێخوشبوو ئیدریس بارزانییەوە دەستنیشان دەکرێت بۆئەوەی ببێتە سەرپەرشتیاری گشتی لێژنەی کاروباری پەنابەران. دواتر بەردەوامی بە خەباتی ڕێکخراوەیی دەدات و دەبێتە بەرپرسی ڕێکخراوی تەبرێزی سەر بە لقی هەشتی پارتی، تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەم ئەرکە بەردەوام دەبێت. لەساڵی ١٩٩٥ بەیەکجاری لەئێران دەگەڕێتەوە و لەشاری دهۆك نیشتەجێ دەبێت، لەهەمان کاتدا لەئەرکی حزبایەتی بەردەوام دەبێت و دەبێتە ئەندامی یەدەگی لقی یەك، دواتریش دەبێتە ئەندامی لێژنەی کۆمەڵایەتی لقی یەکی پارتی. لەساڵی ٢٠٠٣ خانەنشین دەبێت. لە ١/١٢/ ٢٠١١ لەتەمەنی ٧٨ ساڵیدا لەشاری دهۆك کۆچی دوایی دەکات.

## مەلا عەلی بێسکی:

نـاوی تـەواوی (مـەلا عـەلی مـەلا عومـەر مـەلا عـەلی محەمـەد)[1]ە، بـە مـەلا عەلـی بێـسکی نـاسراوە، لەسـاڵی ١٩١١ لـە گونـدی (بێـسـکێ) ی سـەربە ناوچـەی (دۆسـکی) لەبنەماڵەیـەکی مـەلازادە و کوردپـەروەر لەدایـك بـووە. هـەر لـە منداڵییـەوە لـەلای بـاوکی لـە گونـدی بێسـکێ دەسـتی بـە خوێنـدنی شـەرعی کـردووە. هـەر لەگونـدی خۆیـان لـەلای زۆر مـەلا و زانـای ئاینـی خوێنـدووە، دواتـر لەسـاڵانی بیسـت و سـییەکاندا لـەزۆر شـوێن بـە دوای خوێنـدنی زانسـتی شـەرعی دا دەگەڕێـت.

لــەدوای ئەنجامــدانی تاقیکردنــەوە لەدهــۆك ئیجــازەی مەلایــەتی وەردەگرێـت، واتـە دەبێتـە مـەلای ١٢عیلـم. لەدهـۆك ژیـانی هاوژینـی پێکهێنـاوە و چـوار کـوڕ و چـوار کچـی هەبـوو. مـەلا عـەلی بێسـکی لـەدوای وەرگرتنـی ئیجـازەی مەلایـەتی لەچەندیـن گونـدی ناوچەکەیـان دەبێتــە مــەلا[2]. بەگشــتی زیاتــر لــە ٣٠ ســاڵ پیشــەی مەلایــەتی ئەنجامـداوە. لـەدوای ئـەوەی حکومـەتی عێـراق لەسـاڵی ١٩٧٤ شـەڕی

(١) دکتـور حەمیـد باقـی. ڕۆژنامـەی خەبـات ژمـارە ( ٦٤٦٦) لـە ٥/ ٢/ ٢٠٢٣ و ژمـارە ( ٦٤٦٧) لـە ٦/ ٢/ ٢٠٢٣.

(٢) لەچەندیــن گونــد لەپیشــەی مەلایــەتی بــەردەوام دەبێــت وەك: چەنــد ســاڵێك لەگونـدی خـۆی گونـدێ بێسـکێ دەبێتـە مـەلا و دواتـر لـە گونـدەکانی دەرگـەلا شـێخا و گونـدی زیناڤـەی دۆسـکیان و گونـدی هاجسـنێ و گونـدی سـەید زارێ گونـدی عەرەبـان بـوو لەناوچـەی کوچـەران بـۆ مـاوەی ٢ سـاڵ، دواتـر دەچێتـە گونـدی (قـەسرا مـەلا تەیـب) لەناوچـەی سـلێڤانا بـۆ مـاوەی ٣ سـاڵ و گونـدی سـێقویان و گونـدی سـحێلا بـۆ مـاوەی ٤-٥ سـاڵ و گونـدی شـیلیکێ بـۆ مـاوەی ٢ سـاڵ و گونـدی کوزگیـران لـە ناوچـەی هەسـنیان بۆمـاوەی ٣ سـاڵ

لەگـەڵ شـۆڕشی کـورد هەڵگیرسـاند، لەگـەڵ دوو کـوڕی خـۆی بەشـداری لەشۆڕشـــدا کـــرد لەهێـــزی زاخـــۆ بەفەرمانـــدەی شـــەهید عیســـا ســـوار سـێلکی. بۆیـە توانیویـەتی وەك قازییـەکی شـەرعی ڕۆڵـی خـۆی ببینێـت و بەدەیـان کێشـە و گیـرو گرفتـەکانی پێشـمەرگە و هاووڵاتیـانی چارەسـەر کـردووە، هاوشـان لەگـەڵ کاری قازیـاتی و بەڕێوەبـردنی پیشـەی مەلایـەتی و ئاینـی لـە هەمـان کاتـدا وەك ڕاوێـژکاری شـۆڕش و پێشـمەرگەی بـارزانی کاری کــردووە.

بـە هـۆی جەلتـەوە لەشـەوی ٣-١٩٨٥/٢/٤ لەنەخۆشـخانەیەکی شـاری ئورمیـە کۆچـی دوای دەکات. لەڕێوڕەسـمێکی شـکۆداردا بـە ئامادەبـوونی بەڕێـز ئیدریـس بـارزانی و چەندیـن زانـای ئاینـی لەگۆڕسـتانی (مـەلا باسـەکان)ی شـەهیدان لەزێـوە بـە خـاك سـپارد.

# ئەو زانا ئاینییانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلوول کاری قازی شەرعییان کردووە

## شێخ محەمەدی خاڵ:

ناوی تەواوی (محەمەد کوڕی عەلی ئەمین محەمەد)ە[١]، لەساڵی ١٩٠٤ لەبنەماڵەیەکی ئاینپەروەر لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. لەنۆساڵیدا باوکی کۆچی دوای کردووە. شێخ ئەمینی باپیری بەخێوی کردووە و لەبەر خوێندنی ئایینی داناوە زۆربەی کتێبەکانی لەلای شێخ مەلا جەلالی قەرەداغی خوێندووە. لەساڵی ١٩٣١ باپیری کۆچی دوایی کرد. لەساڵی ١٩٣٩ بەشداری کرد لەئەنجامدانی تاقیکردنەوەی وەزارەتی داد لەبەغدا، (لە دوای دەرچوونی کرا بە قازی شەرعی و یەکێك بووە لەو زانا ئاینیانەی کورد کە کاری دادوەری و یاسایی و شەرعی زۆر بە بوێری و چاونەترسی ئەنجامی داوە، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر کۆنتڕۆڵ کردنی دادگاوە هەبووە. بڕیاری دروستی لەپێناو چەسپاندنی دادپەروەری داوە. تەنانەت بووەتە مەرجەعی دادوەرەکانیتر و پرس و ڕاوێژیان پێ کردووە. ئەو بە هیچ شێوەیەك واستەی قەبوڵ نەکردووە، لەهەڕەشە نەترساوە. لەبەر پابەند بوونی بە پیشەی دادوەری، لەکۆتاییدا دووجار خزمەتی خۆی نوێ کردووتەوە تا زووتر خانەنشین نەبێت)[٢].

ئـەم زانایـە دەریایـەك بـوو لەزانسـتە جۆراوجـۆرەکان، جگـە لەپەنـد

(١) بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتـە سـوود لەمـەلا عەبـدوڵڵا بەحرکەیـی. مێـژووی زانایـانی کـورد. بەرگـی سـێیەم. چاپـی یەکـەم. ٢٠١٠. لا (١٨٤- ١٨٧) وەرگیـراوە.
(٢) عبـاس علی سـليمان. اسـهام عـلماء الديـن الكـورد فـي كوردسـتان العـراق فـي توجيـه الحركـه التحررية الكوردية بيـن عاميـن (١٩٦١- ١٩٧٥). الطبعـة الاولى. ٢٠٠٩. ص٤٩.

و قسەی نەستەق و چیرۆك. بەڕاستی پەرتوکخانەی کوردی زۆر دەوڵەمەند کردووە و هەمیشە شوێن دەستی دیارە. زیاتر لە٣٣ پەرتوکی بە زمانی عەرەبی و کوردی نووسیوە[1]. لەڕۆژی ١٥/ ٧/ ١٩٨٩ کۆچی دوایی کرد. هەروەها لە هەڵەبجە و چەمچەماڵ و کەرکووک قازی بووە، لە ساڵی ١٩٥٣ بووە بە ئەندامی کۆڕی زانیاری و ساڵی ١٩٦٢ بووە بە ئەندامی دادگای تەمیزی شەرعی بەغدا و ساڵی ١٩٦٧ خانەنشین بووە و ساڵی ١٩٧٢ بووە بە جێگر سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد

---

**(١) بەرهەمەکانی شێخ محەمەدی خاڵ:**

**بەرهەمە دانراوەکانی عەرەبی:**

( ١- الشیخ معروف النودهی. ٢- البیتوشی. ٣- حلقه مفقوده من تاریخ البصرة. ٤- تاریخ الامارات الأفراسیابیه. ٥- شرح وتقدیم کنز اللسن. ٦- تعلیقات علی برهان المنطق. ٧- تعلیقات علی آداب البحث. )

**بەرهەمە دانراوەکانی بە زمانی کوردی:**

(٨- ژیاننامەی موفتی زەهاوی. ٩- ژیاننامەی پێغمبەری مەزن. (د.خ). ١٠- چەند پەند. ١١- فەلسەفەی چەند مەسەلەی ئیسلامی. ١٢-تەفسیری سورەتی فاتیحە. ١٣- تەفسیری خاڵ جزوی (عم). ١٤- تەفسیری خاڵ جزوی (تبارك). ١٥- تەفسیری خاڵ جزوی (قد صمع). ١٦- تەفسیری خاڵ جزوی (الزاریات). ١٧- تەفسیری خاڵ جزوی یەکەم. ١٨- تەفسیری خاڵ جزوی دووەم. ١٩- تەفسیری خاڵ جزوی سێیەم. ٢٠- تەفسیری خاڵ جزوی چوارەم. ٢١- نالەی دەروون. دوو بەرگ. ٢٢- فەرهەنگی خاڵ: قاموسی کوردی – کوردیە. سێ بەرگە. ٢٣- بابا تاهیری هەمەدانی. ٢٤- مەولودنامە. ٢٥- لێکوڵشینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا. ٢٦- جەمالەدینی ئەفغانی. ٢٧- مەلا محمەدی خاکی. ٢٨- پیشوند و پسوند. ٢٩- سوزی مینبەر. ٣٠ ئایین رەوشت و جوانکردن. ٣١- پەروەردەی ئایین. ٣٢- رێزمانی کوردی. ٣٣- پێشگر و پاشگر. (سەرچاوە مەلا تاهیری بەحرکە مێژووی زانایانی کورد. بەرگی سێیەم. لا(١٨٥-١٨٧)

## ڕەشاد موفتی قازی:

ناوی تەواوی (ڕەشاد محمەد عوسمان موفتی)یە[١]، لەساڵی ١٩١٥ لەبنەماڵەیەکی دیار و ئایین پەروەر و کوردپەروەر لەقەڵای هەولێر لەدایك بووە. مێژووی ڕەسەنایەتی بنەماڵەکەیان لەهەولێر دەگەڕێتەوە بۆ پێش پێنج سەد ساڵ[٢]. خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی فەرمی حکومی تەواو کردووە، دواتر باوکی لەقوتابخانە دەریهێناوە و لەحوجرە خوێندنی شەرعی لەلای باوکی لەمزگەوتی قەڵاتێ خوێندووە، لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا چووەتە زانکۆی ئەزهەر لەمیسر بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەزانستی شەرع وەرگرتووە. دواتر گەراوەتەوە هەولێر لەلای باوکی و مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی درێژەی بە خوێندن داوە. لەساڵی ١٩٤٥ باوکی کۆچی دوایی کردووە. لەساڵی ١٩٤٦ بەدواوە شوێنی باوکی گرتووتەوە و دەستی کردووە بە کاری وانە وتنەوە (تدریس) و کاری فەتوا و وتاربێژی و لەو بوارەشدا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە لەپێگەیاندنی مەلا و بەهێز کردنی لایەنی ڕۆحی خەڵکی مووسڵمان و چارەسەر کردنی کێشەکانیان بەڕێگای ئاشتیانە و بەپێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام..

لە ساڵی ١٩٥٦ وەك قازی لەشاری کەرکووک دەستنیشان کراوە، لەساڵی ١٩٥٧ چووەتە سلێمانی و درێژەی بە کاری قازییەتی خۆی داوە، تا لەساڵی ١٩٧٨ خانەنشین کراوە. واتە لەساڵی ١٩٥٦ تا ١٩٧٨ بەفەرمی

---

(١) بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەمەلا تاهیر عەبدوڵلاش بەحرکەیی مێژووی زانایانی کورد بەرگی یەکەم لا٣٧٠. وە پەیامی زانایان. (گۆڤار). ژمارە ٧٤. ئەیلوولی ٢٠١١. لا٣٢. وەرگیراوە.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ arapca|tr|net.nizamettin.www

بەردەوام بووە لەسەر پیشەی قازییەتی لەهەولێر و کەرکووك و سلێمانی[1].
لەدوای خانەنشین بوونی زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ کاروباری زانستی تەرخان کردبوو وەك: نووسین و خوێندنەوە و داهێنان و چالاکی زانستی جۆراوجۆر وەك کۆڕ و سمینار و ...تاد. سەرەڕای ئەوەی ئەندامێکی کارای ئەنجومەنی زانستی بوو، ئەندامی فەخری کۆمەڵەی مافپەروەرانی هەولێریش بوو. مامۆستا دەستێکی باڵای هەبوو لەیەکلایکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا. هەروەها ئەو فەرمانەکانی سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەخوێندەوە و وەری دەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، کە سەرچاوەیەکی گرنگ و باوەڕپێکراو بوو لەلایەن وەزارەتی دادی عێراقەوە

قازی ڕەشاد موفتی یەکێك بوو لەو زانا دەست ڕەنگینانەی کە چەندین نووسین و پەرتوکی تایبەتی داناوە، کۆی ئەو دەستنووس و کتێبانەی دایناون زیاتر لەچوارسەد پەرتووك دەبێت[2]. سەرەڕای

(١) عباس علی سلیمان بابانی. سهام علماء الکورد ... المصدر السابق. ص(٤٨-٤٩).

(٢) هەندێك لەپەرتوکە چاپکراوەکانی ڕەشاد موفتی:

(١- مەولود نامە ٢- میعراج نامە. ٣- اسماعیل نامە. ٤- قەصیدەی بوردە. ٥- راحە الابدان فی صوم رمضان. ٦- اعادە الظهر بعد الجمعەلظلمە القبر شمعە).

هەندێك لەکیتابە دەست نووسەکانی ڕەشاد موفتی: (١- مجموعە خطب الجمعە. -نزیکەی هەزار وتارە-. ٢- مجموعە خطب المناسبات. نزیکەی سەد وتارە. ٣- مناسك الحج. ٤- عەبا نامە. ٥- العلوم الدینیە فی الطریقە النقشبندیە. ٦- سبائك الاملا فی سلسلە کجك ملا. ٧- سیرە الشیخ عبدالقادر الکیلانی. ٨-سیرە الشیخ حسام الدین النقشبندی الکرکوکی. ٩- سیرە الشیخ نوردین البریفکانی. ١٠- سیرە السید احمد الرفاعی. ١١- سیرە السید احمد البدوی. ١٢- التوسل والوسیلە. ١٣- مجموعە فتاوی الشرعیە تخص المحاکم. ١٤- دیوان شیعرە باللغات الکوردیة و

ئـەوەی گەورەتریـن پەرتوكخانـەی لەبـاب و باپیرانیـەوە بـۆ ماوەتـەوە، زۆر دەوڵەمەنـدە لەسـەرچاوەی زانسـتی لەبـوارە جۆراوجۆرەكانـدا وەك: (فقـە)، تەفسـیر،فەرمودە، مەنتـق، ...تـاد. كـە ئێسـتا عـوسمان ئەفەنـدی كـوڕی سەرپەرشـتی دەكات و خەڵكـێكی زۆر لەمامۆسـتایان و قوتابیـانی ماسـتەر و دكتـۆرا و نووسـەران سـوودی لـێ دەبینـن. مامۆسـتا ڕەشـاد مفتـی لـە١٢/ ٩/ ١٩٩٢ لەشـاری هەولێـر كۆچـی دوایـی كـردووەو لەگۆڕسـتانی خێزانەكەیـان لەبـاداوە بـە خـاك سـپێردراوە

## مەلا ئەبوبەكری باداوە (مەلا فەندی):

نـاوەی تـەواوی (ئەبوبەكـر كـوڕی مـەلا عومـەر كـوڕی ئەبوبەكـری سـێیەم كـوڕی مـەلا عـوسمان كـوڕی مـەلا ئەبوبەكـری دووەم كـوڕی مـەلا عمـر كـوڕی مـەلا ئەبوبەكـری یەكـەم كـوڕی مـەلا شـهابەدین كـوڕی شـێخ ئەلیـاس)ە نـاسراوە بـە (مـەلا فەنـدی)، لەسـاڵی ١٨٦٧ لەبنەماڵەیـەكی ئاییـن پـەروەر لەقـەڵای هەولێـر لەدایـك بـووە[1]. خوێنـدنی مەلایـەتی هـەر لـەلای مـەلا عومـەری بـاوكی دەسـتی پێكـردووە و هـەر لـەلای بـاوكی لەسـاڵی ١٨٩٠ ئیجـازەی مەلایـەتی وەرگرتـووە، لەتەمـەنی لاوێتـی فێـرە زانسـتی زۆر بـووە، بۆیـە زۆرجـار بـە (مـەلای گچكـە) ناودەبـرا، مانـای ئەوەنەبـوو كەبـەژن و بـاڵای بچـووك بێـت، بەڵكـو لەبـەر ئەوەبـوو كـە لەتەمـەنی گچكەیـی

العربیە والتركیە والفارسیە. (سەرچاوە: www.nizamettin.net|tr|arapca ).

(١) بۆچـوونی جیـاواز لەسـەر مێـژووی لەدایـك بـوونی مـەلا فەنـدی هەیـە مامۆسـتا مەلاتاهیـری بەحركەیـی دەڵێـت لـە١٨٦٧ لەدایـك بـووە شـێخ عمـر بەرزنجـی دەڵێـت لـە١٨٦١ لەدایـك بـوو. سـەرچاوەیەكیتری ئەلیـكترونی دەڵێت لەسـاڵی ١٨٦٣ لەدایك بووە

پێگەیشتبوو و فێرە زانستی زۆر و جیاواز ببوو[1]. لەدوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی ئەو هەر بەردەوام بوو لەخوێندن، دواتریش بەمەبەستی زیاتر شارەزابوون لەزانسە جیاوازەکان سەردانی زۆر لەزانا بەناوبانگەکانی کرد و لەئەنجامدا بوو بە سەرچاوەیەکی گەورەی زانستی لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا. لەساڵی ١٨٩٩ باوکی کۆچی دوایی کرد، و نەیهێشت مینبەرەکەی بەتاڵ بێت و شوێنی باوکی گرتەوە لەئیمامەتی و وتار بێژی و دەرس وتنەوە بەفەقێیان، واتە چ وەك (خەتیب و مودەریس) چ وەك (موتەولی و سەرپەرشتکار). لەئەنجامدا ناوبانگێکی زۆری دەرکرد و ساڵانە بەدەیان فەقێ لەوڵاتانی دەوروبەر وەك: (تورکیا و ئێران و سوریا و حیجاز)، دەهاتنە لای بۆ خوێندن و خوێندنیان لەلای ئەو تەواو دەکرد. هەروەها زۆربەی مامۆستاکان بۆ تەواو کردنی بابەتە کۆتاییەکان هانایان دەهێنایە لای ئەم زاتە، وای لێهاتبوو ئەو تاکە زانا بوو لەم بوارانەدا: (١- علم الحکمە والریاضیات. ٢- الفلکیات. ٣- الجبر والهندسە. ٤- الاسگرب والربع المقنگر والمجیب).

مەلافەندی لەبەر ئەوەی ماڵ و سامانێکی زۆری هەبوو، منەتی بەکەس نەبوو، بەڵام زۆر ڕێزی لە خەڵك دەگرت، بەتایبەتی بنەماڵە ئاینییەکان و پیاو ماقوڵان، هەرکەسێك کێشەیەکی هەبا و هانای بۆ دەبرد، کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکرد. بۆ نموونە کاتێ ڕەشید عالی گەیلانی لەساڵی ١٩٤١ شۆڕشی لەدژی مەلیکەکانی بەغدا هەڵگیرساند، مەلیکە عالیە لەگەڵ (فەیسەل) ی کوڕی کە منداڵ بوو لەگەڵ هەندێك لەخزم و کەسانی کە مەترسییان

---

(١) عومەر شێخ لەتیف بەرزنجی. کورتەیەك لەژیاننامەی زانا ئاینییە کۆچ کردووەکانی سەدەی بیستەم لەشاری هەولێر. چاپی یەکەم. هەولێر ٢٠٠٤.. ل١٣

کەوتـە سـەر ژیانیـان، لەبەغـدا نەحەوانـەوە و پەنایـان بـۆ مەلا فەنـدی هێنا، ئەویـش لەخانـووی خۆیـان لەبـاداوە شـوێنی بـۆ کـردەوەو ماوەیـەك لـەلای مانـەوە. هەروەهـا مەلیـك فەیسـەلی یەکـەم لەسـاڵی ١٩٢٥ یەکەم جـار هاتە هەولێـر میـوانی مـەلا فەندی بـوو، دواتریش لەسـاڵی ١٩٣٠ دووبـارە کە هاتە هەولێـر هـەر میـوانی مەلا فەنـدی بوو.

ئـەم مامۆسـتایە کتێبخانەیـەکی زۆر گـەورەی هەبـوو، بـە هـەزاران کتێبـی ئایینـی تێـدا بـوو، هەمـوو مـەلاکانی ئـەم ناوچەیـە سـوودیان لـێ دەبینـی. هەروەهـا ئـەم مامۆسـتایە تاکـە زانـا بـوو لـەم دەڤـەرە کـە شـارەزاییەکی زۆر باشـی لە(گـەردوون ناسـی و بیـرکاری) هەبێـت.

(لـەم سـەردەمەدا مـەلا فەنـدی تاکەکـەس بـوو کـە بتوانێـت هـەر کێشـەیەکی کۆمەڵایـەتی بگرێتـە ئەسـتۆ و چارەسـەری بـکات بـۆ نموونـە: لەسـەر دەمـی سـوڵتان عەبدولحەمیـد کێشـەیەکی زۆر گـەورە لەپشـدەر هەبـوو، زۆر نەمابـوو فیتنەیـەکی گـەورە ڕووبـدات ئـەو ئـەم ئەرکـەی گرتـە ئەسـتۆی خـۆی و ئـەم کێشـەیەی چارەسـەر کـرد. لەبـەر ئەمـە لەلایـەن سـوڵتان عەبدولحەمیـدەوە خـەڵات کـراو مەدالیـای (خـادم الحرمیـن) پێـدرا.

لەســاڵانی چلــەکان کێشــەیەکی گــەورە لەشــاری مووســڵ هەبــوو، شــاندێکی گــەورەی نێودەوڵــەتی هاتــە لای بۆئــەوەی چارەســەر بــکات، ئــەم کێشەیەشــی یەکلایــی کــردەوە.

لـەدوای جەنگـی جیهـانی یەکەم کـە بەریتانیا عێراقـی داگیر کـرد، نارەزای لەلایـەن بەشـێکی گـەلی عێـراق دروسـت بـوو، بۆئـەوەی خوێنـی خەڵـک نەرژێـت پاشـا فەیسـەلی یەکـەم هانـای بـۆ مـەلا فەنـدی هێنـا، ئەویـش ئـەم

کێشـەیەی بـۆ چارەسـەر کـرد. دواتـر مەلیـك فەیسـەل خـۆی هاتـە هەولێـر بۆئـەوەی سوپاسـی مـەلا فەنـدی بـکات.

لـە ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٤١ مەلیـك فەیسـەلی دووەم و دایکی و هەندێـك لەخزمـانی هاتنـە هەولێـر لەماڵـی مـەلا فەنـدی خۆیـان حەشـاردا، هـەروەك پێـشتر بـاسمان کـرد، دواتریـش لـەدوای سـەرکەوتنیان وەك پاداشـتێك بـەم بۆنەیـەوە مەدالیـای ڕافدینیـان پێـدا و خـەڵات کـرا).

مـەلا فەنـدی لـەدوای بـوونی بـە مەلا و تـاڕۆژی وەفـاتی (٣٧٠) سێسـەد و حەفتـا ئیجـازەی مەلایـەتی داوە، لیسـتی بەشـێك لەنـاوەکانی ئـەو مەلایانـەی مـەلا فەنـدی ئیجـازەی مەلایەتیـان پێداوە و لەگـەڵ مێژووی ئیجـازە پێدانیان کـە (مـەلا عومـەری تەرجـانی) نووسـیویەتی، هەروەهـا ئـەو خـۆی ئیجـازەی لـەلای مـەلا فەنـدی وەرگرتـووە، ئـەم لیسـتە پێکهاتـووە لە٩٩ نـاو[١].

لە بەرواری ٣١/ ١٢/ ١٩٤٢ مەلا فەندی لەشاری هەولێر کۆچی دوایکرد و لەگۆڕستانی باداوە بە خاك سپارد. هەر کە هەواڵی کۆچ کردنی لەڕادیۆی بەغدا و لەندەن بڵاو بوویەوە، خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان. لەبۆ مەراسیمی تازیە بروسکەی هاوخەمی لەزۆر شوێنەوە بەخانەوادەکەی گەیشتن[٢].

(١) مـەلا تاهیـری بەحرکەیـی. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا (٣٩-٤٧). ( تێبینـی: لەبـەر زۆری نـاوەکان ناتوانـم بڵاو بکەمـەوە. بـەڵام مامۆسـتا مـەلا تاهیـری بەحرکەیـی لەبەرگـی یەکەمـی مێـژووی زانایـان و هەروەهـا عومـەر شـێخ لەتیـف بەرزنجـی. لەکتێبـی کورتەیـەك لەژیاننامـەی زانـا ئایینیـە کـۆچ کـردووەکانی سـەدەی بیسـتەم لەشـاری هەولێـر. بڵاو کردووتـەوە)

(٢) بروسـکەکانی ماتەمینـی کـە بـە خانـەوادەی مـەلا فەنـدی گەیشـتوون وەك بروسـکەکانی (دیـوانی پاشـایەتی – عەبدولئـیلا- . کەسـایەتی نـاودار نـوری سـەعید. بالیـۆزی بەریتانیـا لەعێـراق. سـەرۆکی ئەنجومـەنی ئەعیـانی عێراقـی - محمـەد ئەلسـەدر-.

## مەلا عەبدولکەریم محەمەد مودەرس (١٩٠٣ - ٢٠٠٥):

نــاوی تــەواوی عەبدولکەریــم محەمــەد عەبدولفەتــاح ســولەیمانە لەهــۆزی (قازی)یــە لەســاڵی ١٩٠٣ لەگونــدی (دەرەشــیش)ی ســەربە هەلەبجــە لەدایــك بــووە. لــەلای بــاوکی دەســتی بــە خوێنــدنی ئایینــی کــردووە. لــەلای زۆر لەزانــا بەناوبانگــەکانی کوردســتان وانــەی خوێنــدووە، تــا لەســاڵی ١٩٢٤ ئیجــازەی مەلایــەتی لــەلای قەرەداغــی وەرگرتــووە[1].

یەکــەم جــار بووەیتــە مــەلا لە(نەرگســەجار) ی نزیــك هەڵەبجــە و دواتــر لەســەر داوای شــێخ عەلائەدیــن دەچێتــە (بیــارە) و لــەوێ دەبێتــە (مــدرس)، لــەم شــوێنە تــوانی زیاتــر وانــە بــە فەقێیــان بڵێتــەوە و شــێخ کتێبخانەیــەکی دەوڵەمەنــدی هەبــوو، ئــەو لەکتێــب پــەکی نەدەکــەوت، هەروەهــا مــەلا گــەورەکان زیاتــر دەهاتنــە خانەقــای بیــارە و تێکەڵــی و گفتوگــۆی زیاتــر لــەم شــوێنە ئەنجــام دەدا، هەمــوو ئەمانــە ڕێخوشــکەر بــوون کــە بنــە ســەرچاوەی زیاتــری فێربــوونی زانســت و زانیــاری، بــەم هۆیــەوە شــارەزاییەکی تــەواوی لەزانســتەکان پەیــدا کــرد، دەســتێکی بــاڵای هەبــوو لەوتنــەوەی وانــە و نووســین و داهێنــان، وەك هۆنــراوە و پەخشــان، بــە زمــانی کــوردی و فارســی و عەرەبــی، بــەم شــێوەیە پســپۆری لــەزۆر بــواردا پەیداکــرد، ئــەم مەڵبەنــدە ڕۆژبــەڕۆژ گەشــەی کــرد و پێشــکەوتنی بەخۆیــەوە بینــی، ئــەم خانەقایــە نزیکــەی ١٠٠ ســەد فەقێــی هەبــوو، شــێخ عەلائەدیــن هەمــوو پێداویســتی فەقێیــەکانی بــۆ دابیــن دەکــرد.

---

پارێزگاری مووسڵ –عەبدولحەمید یەعقوب-. داود ئەلحەیدەری. کۆلونیل لاین).

(١) بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتـە سـوود لەمـەلا تاهیـر بەحرکەیـی. مێـژووی زانایـانی کـورد، بەرگـی دووەم، لا (٢٦٦ – ٢٧٣) وەرگیـراوە.

مامۆستا عەبدولکەریم لەساڵی (١٣٤٧ك - ١٩٢٨ز) تا ساڵی (١٣٧١ك - ١٩٥٢ز) چل و پێنج ئیجازەی مەلایەتی بە فەقێیان داوە لەپاش تەواو کردنی خوێندنیان.

لە ساڵی ١٩٥٢ لەبیارە چوو مزگەوتی (جان) لەسلێمانی، دوای سێ ساڵ چوو کەرکووک، لەساڵ ١٩٦١ چوو بۆ بەغدا لەوێ بوو بە پێشنوێژ و وتار خوێن لەمزگەوتی (ئەحمەدیە) و (مدرس) لەمزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، لەوێ جگە لەکورد و عەرەب چەندین قوتابی لەتورکیا و مەغریب و جەزائیر و شوێنانیتر دەهاتنەلای بۆ خوێندن. دواتر مزگەوتی ئەحمەدی بەتەواوەتی بە جێهێشت و هاتە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، بۆ وانە وتنەوە و فەتوا و کاروباری ئایینی، لەساڵی ١٩٧٣ لەلایەن حکومەتەوە خانەنشین کرا، لەساڵی ١٩٧٤ کرا بە سەرۆکی زانایانی ئیسلامی عێراق، لەساڵی ١٩٧٨ کرا بە ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراق. لەدوای ئەوەی مامۆستا لەلایەن ئەوقافەوە خانەنشین دەکرێت، بنەماڵەی گەیلانی نەیهێشت مامۆستا بەیەکجاری بڕوات، لەلایەن خۆیانەوە دووبارە لەمزگەوتەکەیان دامەزراندەوە و بەردەوام بوو لەوانە وتنەوە و فەتوا و نووسین و ئامۆژگاری و ڕاوێژ و کاروباری ئایینی، بە شەو ڕۆژ لەژوورێکی قاتی سەرەوەی مزگەوت دادەنیشت، وەڵامی پرسیارەکانی هەر کەسێك دەدایەوە کە ئاراستەی دەکران کە لەلایەن کورد و عەرەب و تورکومان و هەموو نەتەوەکان پێشکەش دەکران، چونکە خەڵکێکی زۆر لەعێراق و عەرەبستان و ئەفغانستان و پاکستان دەهاتنە لای، بۆ کاری خوێندن و فەتوا و کاروبارەکانیتر، بەتایبەتی مەلایانی بەغدا بەکۆمەڵ دەهاتنە لای. بەڕاستی مەجلیسی پڕ خێر و بەرەکەت بوو. مرۆڤ هەر حەزی دەکرد

لـەلای دانیشـێت و هەڵنەسـتێت ئەوەی ئەو ڕووی ئەو ڕووی خـۆی دەداێ، وای دەزانی دەسـتکەوتێکی گـەورەی دەسـت کەوتـووە. ئـەو بـەردەوام خـەریکی نووسـین بـوو، چەندیـن دانـراوی کـوردی و عـەرەبی و فارسـی هەیە بەتایبـەتی لەبواری پەخشـان و هۆنـراوەدا کـە هەندێکیـان چـاپ کـراون و هەندێکیتریشـیان هێشـتا دەسـت نووسـن کە ژمارەیان زیاتر لەهەشـتاو چوار دانـراوی هەیە[1]

(١) بەرهەمەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس:
( **دانـراوەکانی بـە زمانـی کـوردی:** ١- نامـەی حەقیقەت. ٢- ئـیمان و ئیـسلام. ٣- باخچەی مەعریفـەت. ٤- اسـاس السـعادة. ٥- نامـەی هوشـیاری. ٦- ئـاوی حەیـات: مێـژووی پێغمبـەران. ٧- سـەنا و سـکالآ. ٨- چـل چـرای ئیـسلام. ٩- نامـەی بەختیـار. (ئامـۆژگاری) یـە. ١٠- هۆنـراوەی نـور و نەجـات. ١١- هۆنـراوەی نـور و صەبـاح. ١٢- مەولـود نامـە و میعـراج نامـە. ١٣- دوو رشـتە: لەشـێوەی ئەحمـەدی شـێخ مەعروفـە. ١٤- شـەریعەتی ئیـسلام. چـوار بـەرگ. ١٥- بەهـار و گولـزار. ١٦- وتـاری ئایینـی بـۆ رۆژانی هەینـی. ١٧- بـارانی رەحمـەت. ١٨- یـادی مـەردان. دوو بـەرگ. ١٩- لێکدانـەوەی دیـوانی مەولـەوی. ٢٠- شـەڕحی دیوانی نالی. ٢١- شـەڕحی دیوانی سـالم. ٢٢- شـەڕحی دیوانی مەلا مستەفای بێسـارانی. ٢٣- شـەڕحی دیـوانی مەحـوی. ٢٤- شـەڕحی دیـوانی فەقـێ قـادری هەمەوەند. ٢٥- ئیطبالنامـە. ٢٦- نـوری قورئـان. ٢٧- رێگای بەهەشـت. ٢٨- حەج نامە. ٢٩- شـەرحی عەقیـدەی (مرضیـە)ی مەولەوی. ٣٠- باوەشـێنی دڵ: ژیانی خـۆی و مەولانا خاڵید و چەند شـێخانیتره. ٣١- شـەمامەی بێندار: فەلسـەفە و ئامۆژگارییە. ٣٢- پەیرەوان: باسـی خەلیفە و کـورەکانی شـێخ عوسمانـە. ٣٣- وەنەوشـەی ئـازار. ٣٤- بنەماڵەی زانیاران. ٣٥- شـەڕحی تەصریفـی زەنجـانی. ٣٦- شـەڕحی قەصیدەی نوری (خاکی). ٣٧- شـەڕحی (فتـح القریب). ٣٨- رۆژگاری ژیانم. ٣٩- تەفسـیری نامی. حەوت بەرگ. ٤٠- خولاسـەی تەفسـیری نامی. سـێ بەرگە.
٤١- الحدیقـە الوردیـە لاهـل العقیـدە المرضیـە. ٤٢- رێگەی رەهبەران. ٤٣- زمـانی دوو برا. ٤٤- بەدیـع و عـەرووزی نامـی. ٤٥- سۆسـەنی کوسـار: ئامۆژگارییـە. ٤٦- مەکتوبـاتی کاك ئەحمـەدی شـێخ. ٤٧- بەڵگـەی نادان
**دانراوەکانی بە زمانی فارسی:**
٤٨- شمشـیری کاری، بـر فرقـی نسـیمی رسـتەگاری: وەلآمـی کتێبی (نەسـیمی رسـتەگار)

لەپـاش خزمەتێـکی زۆری ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام و تەمەنێـك نزیکـەی سـەد سـاڵ لەخـوا پەرسـتی و نووسـین و فەتـوا و بـڵاو کردنـەوەی ئـەدەب و ڕێزمـان و ڕۆشـنبیری بـۆ گـەلی کـورد، دواجـار لەتەمـەنی ١٠٢ سـاڵیدا لـە٣٠/ ٨/ ٢٠٠٥ لەبەغـدا کۆچـی دوایـی کـرد. خواحافیـزی لەفەقـێ و مەلایـان و دۆسـت و بـرادەران کـرد و گـەڕاوە بـارەگای خـوای گـەورە.

ی ایـە اللـە محەمـەد مەردوخـی سـنەییە، لەباسـی تەقلیـد و اجتهـاد. ٤٩- شـهابی سمادر رجمـی جـن جـان نما: وەلآمـی نامـەی (جـان نمـا)ی ایەاللـە محەمـەد مەردوخـی سـنەییە. ٥٠- فیوچـات خـدای ذی المنـن: هونراوەیـە، رەدی (یـەزدان و ئەهریمـەن)ی ئایـەت اللـە مەردوخـی سـنەییە. ٥١- گولـزار حکمـت. ٥٢- هونـراوەی تجویـد. ٥٣- رای حکمـت: هونراوەیـە. ٥٤- فوائـد الفوائـح: شـەڕحی هونـراوەی مەولەوییـە

**دانراوەکانی بە زمانی عەرەبی:**

٥٥- العـلمان فـی العلمیـن: الوضـع والاسـتعاره. ٥٦- الصـرف الواضـح. ٥٧- العقـد الذهـب فـی جیـب الادب: بدیـع وعـروزه. ٥٨- مفتـاح الادب. ٥٩- خلاصـە البیـان فـی الوضـع البیـان. ٦٠- المفتـاح. ٦١- الورقـات. ٦٢- العزیـزه. ٦٣- الوجیهـە. ٦٤- المقـالات فـی المقـولآت الـعشر. ٦٥- جواهـر الفتـاوی: یـەك بەرگـە. ٦٦- الوسـیلە فـی شرح الفضیلـە للمولـوی. ٦٧- إرشـاد السـالك الی المناسـك. ٦٨- المواهـب الحمیـده فـی حـل الفریـده للسـیوطی. دوو بەرگـە. ٦٩-نـور الاسلام. ٧٠- مواهـب الرحمـن فـی تفسـیر القـرآن. حـەوت بەرگـە. ٧١- نـور الایمان.٧٢- علماؤنـا فـی خدمـە العلـم والدیـن: مێـژووی زانایـانی کـوردە. ٧٣- إسـناد الاعلام الی سـید الانـام. ٧٤- الرسـالە وانوارهـا. ٧٥- البرکات الحدیدیـە، فـی شرح الصمدیـە. ٧٦- صفـوە الآلـی مـن مسـتصفی الغزالـی. ٧٧- إرشـاد الانـام، الی احـکام الاسلام. ٧٨- الانـوار القدسـیە فـی الاحـوال الشـخصیە. ٧٩- مناجـات عنـد قاضـی الحاجـات. ٨٠- الـوردە العنبریـە. ٨١- جواهـر الـکلام. ٨٢- خلاصـە جواهـر الـکلام. ٨٣- التجویـد المنظـوم بالرجـز. ٨٤- القصیـدە الوردیـە. ( سـەرچاوە: مـەلا تاهیـر بەحرکەیـی. مێـژووی زانایـانی کـورد. بەرگـی دووەم. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا٢٦٨- ٢٧٢)

## مەلا محەمەد خالّد ئەفەندی ( قازی ئاکرەیی. ١٨٧٥_ ١٩٦٣):

ناوی تەواوی (محمەد خالّد کوڕی عەبدولحەکیم عەبدولّا مەحمود ئاکرەیی)یە[1]، لە ساڵی ١٨٧٥ لەشاری ئاکرێ لەبنەماڵەیەکی زانا و ئایین پەروەر لەدایك بووە، بە حوکمی ئەوەی باب و باپیرە گەورەکانی قازی ئاکرێ بوونە، بۆیە تا ئێستاش ئەم بنەماڵەیە هەر بە بنەماڵەی قازی بەناوبانگە. ناسناوی (ئەفەندی) لەبەر پیشەکەی کە(قازی) بووە، بۆیە لەناو خەڵک و دامودەزگاکانی میری بە (محمەد خالّد ئەفەندی) ناسراوە، بەڵام لە دیوانێکی شیعری خۆیدا ناوی خۆی بە(خالّد ضیافی) ناودەنێت. ئەم مامۆستایە هەر لەئاکرێ گەورە و پەروەردە بووە. یەکەم جار لەلای باوکی دەست بەخوێندنی ئایینی دەکات و هەر لەخوێندنگاکانی ئاکرێ درێژە بە خوێندن دەدات، دواتر هەر بۆ خوێندن دەچێتە بارزان لەلای شێخ (محمەدی بارزان)ی چەندین زانستی شەرعی دەخوێنێت. هەر لەپێناو فێربوونی زانستی شەرعیزیاتر ڕوو لە چەندین شاریتری کوردستان دەکات، لەلای زانا بەناوبانگەکان دەخوێنێت، تا بڕوانامەی زانستی شەرعی لەلای مەلا مستەفا زێباری وەردەگرێت. دواتر بەرەو شاری ئیستەنبول بەرێ دەکەوێت کە لەو کات ئەم شارە مەڵبەندی فێربوونی زانست و زانیاری بوو، لەکۆلێژی یاسا وەردەگیرێت، لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید بەسەرکەوتوانە خوێندنی خۆی تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە کوردستان. دواتر بەپلەی قازی لە دەڤەری سۆران دادەمەزرێت، بۆماوەی ساڵێکیش دەچێتە ڕۆژهەلاتی کوردستان

(١) بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: حیکمەت مەلا یاسین ئاکرەیی. محمەد خالّد ئەفەندی قازیێ ئاکرێ . ١٨٧٥-١٩٦٣

لـە شـاری شـنۆ بەپلـەی قـازی دادەمەزرێـت. دواتـر دەگەڕێتـەوە زاخـۆ لـە ڕەواقـی زانکـۆی گـەورەی زاخـۆ دەبێتـە مامۆسـتا، وانـەکانی زانسـتی ئاینیـی و فەلسـەفە بـۆ فەقـێ و سـوختەکان دەڵێتـەوە و ژمارەیـەکی زۆری فەقـێ و مـەلا و فێرخـواز لـەلای ئـەو کۆدەبنـەوە و سـوودێکی زۆری زانسـتی لـێ وەردەگـرن. دواتـر بـۆ ئامێـدی دەگوازرێتـەوە و پاشـان دەگەڕێتـەوە ئاکـرێ. لـە ئاکرێـش هاوشـێوەی هەمـوو شـوێنەکانیتر وانـەی زانسـتی شـەرعی لـە بـواری جیاجیـا بـە فەقێیـان دەڵێتـەوە، ژماریـەکی زۆری فەقـێ و مـەلا لەبـەر دەسـتی ئـەو پـەروەردە دەبـن . هەرچەنـدە مـەلا خاڵـد ئەفەنـدی زانایـەکی ئایینـی بـووە، بـەڵام فێـرە زانسـتی تـری جۆراوجـۆر بـووە وەك: ئەدەبیـاتی کـوردی و فـارسی و عـەرەبی و تـورکی، هەروەهـا فێـرە بابەتەکانـیتری فەلسـەفی و فەلـەك ناسـی و مێـژووی و هـزری بـووە، توانیویـەتی لـەم بوارانـەدا وانـە بەفەقێیـان بـدات. هەروەهـا تێکـەڵاوی زانـاو پسـپۆرانی زانسـتی جیـاواز بـووە. مامۆسـتا هـەر لـە تەمـەنی نـۆزدە سـاڵیدا توانیویـەتی یەکـەم بەرهـەم بەزمـانی عەرەبـی بنوسـێت بـە نـاوی (فـراض المنهـج) ئـەم بەرهەمـە لـە ڕۆژی پێنـج شـەممە لـە سـاڵی ١٢١١ھ لـە بـارزان بـە کۆتایـی هێنـاوە و ئێسـتاش دەسـت نووسـەکەی لـەلای مـەلا عەبـدوڵا مـەلا عـارفی ئاکرەیـی پارێـزراوە. لەسـاڵی ١٩٦٣ لـە شـاری ئاکـرێ کۆچـی دوایـی دەکات.

# هەندێك لەو مەلایانەی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە

مامۆستایانی ئاینی کورد هەمیشە ڕۆڵێکی باڵا و کاریگەریان لەبوارە جیاوازەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتیدا هەبووە، هەروەها لەڕووی زانستی و مەعریفیەوە بەردەوام هەوڵی پێشخستن و ئارامی کۆمەڵگای کوردییان داوە، بەتایبەتی لەبواری ئاشتەوایی نیشتمانی و چارەسەر کردنی کێشە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و موڵك و زەویوزار و پاوان و ڕێگاوبان و ڕێچکەی مەڕ و ماڵات و..تاد. هەمیشە چارەسەری گونجاویان لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا دۆزیوەتەوە، لەپێناو بەرقەراربوونی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و تەندروست لەهەموو ڕوویەکەوە. بۆیە لەخوارەوە ناوی هەندێك لەو زانا بەڕێزانەی کورد دەخەینەڕوو کە لەڕووی دادپەروەری و ئاشتەوای کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا درێغیان نەکردووە و خزمەتێکی گەورەی بە گەلەکەمان گەیاندووە:

**مامۆستا مەلا مەمدوح مەلا سەلیم مزووری:**

ناوی تەواوی (مەمدوح مەلا سەلیم مەلا نەجمەدین مەلا مستەفا مەلا عیزەدین مزووری)یە، لە بنەماڵەیەکی مەلازادە بووە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٨ گوندی ئێدلبێی سەر بە ناوچەی مزووری باڵا. سەرەتا لەلای باوکی دەستی بەخوێندنی ئایینی کردووە و دواتر لەچەندین شوێنی کوردستان بەدوای فێربوونی زانستی شەرعیدا

گــەڕاوە[1]. تــا لەســاڵی ١٩٥٦ لــەلای مــەلا عەبدولکەریــم ئەفەنــدی خــەیلانی لەڕوانــدز ئیجــازەی مەلایــەتی وەرگرتــووە و بــۆ مــاوەی ٦٥ ســاڵ لەحوجــرە دەرســی بەفەقێیانــداوە. زیاتــر لــە(١٠٠) ســەد فەقــێ لــەلای ئــەو ئیجــازەی مەلایەتییــان وەرگرتــووە. ســاڵانە بــە دەیــان کێشــەی کۆمەڵایەتــی یــەکلا دەکــردەوە و بــۆ فەتــوای شــەرعی خەڵــک ڕووی تێدەکــرد

(١) مـەلا مەمـدوح سـەرەتا لـەلای بـاوکی (فتـح القریـب) دەخوێنێـت، دواتـر دەچێتـە ڕوانـدز چـوار مانـگ لـەوێ دەمێنێتـەوە، دواتـر دەچێتـە (پەسـۆی) ئێـران لـەلای مـەلا ساڵح جولەمێرگـی، سـێ مانـگ وانـەی (النمـوذج) زانسـتی نحـو لـەلای مسـتەعیدێك بەنـاوی مـەلا یەحیا دەخوێنێت. پاشـان دەچێتـە ناوچـەی (زێـوێ ) و (هـەورس) لـەلای مـەلا محمـەدی بـارزانی دوو سـاڵ لـەلای دەمێنێتـەوە، دواتـر لەئێـران دەگەڕێتـەوە دەچێتـە ئاکـرێ دوو سـاڵ لـەلای موفتـی ئاکـرێ مـەلا هەیبەتـوللا دەبێـت کـە نـەوەی مـەلا یەحیـای مزورییـە، کۆمەڵێـك کتێـب بەتایبـەتی مەنتـق لـەلای ئـەو دەخوێنێـت. دواتـر دەچێتـە لای مـەلا مسـتەفای هیـرانی شـەش مانـگ لـەلای ئـەو دەمێنێتـەوە، پاشـان دەگەڕێتـەوە لای مـەلا عەبدولکەریـم ئەفەنـدی لەڕوانـدز، شەشـە سـاڵ لـەلای ئــەو دەمێنێتــەوە وانــەکانی: (مختصــر. جمــع الجوامــع. تشریــح. رســاله الحســاب. تهذیب....تــاد) هەموویــان لــەلای ئــەو دەخوێنێــت و هــەر لــەلای ئــەو لەســاڵی ١٩٥٦ ئیجـازەی علمـی وەردەگرێـت ودەبێتـە مـەلا. دووسـاڵ لەمزگـەوتی (گـەروان) ی گـەورە ئیمامـەتی دەکات و وانـە بـە فەقێیـان دەڵێتـەوە، دواتـر دەبێتـە ئیمامـی مزگـەوتی گـەیلانی لەڕوانـدز، لـەوێ دەمێنێتـەوە تـا لـەدوای ئەنفـال کـردنی بارزانیـان دەچێتـە ئێـران و لەئورمیـە نیشـتەجێ دەبێـت. دوای ڕاپەڕیـن دەگەڕێتـەوە شـاری هەولێـر لەسـاڵی ١٩٩٢ تـا ٢٠٠٦ بەبـێ دابـڕان ئـیمام و وتـار بێـژ و مودەریـس دەبێـت لەمزگـەوتی حاجـی جەمـاڵ لەگـەرەکی مفتـی شـاری هەولێـر و بـەردەوام دەبێـت لەوانـە وتنـەوە بەفەقێیـان. (سـەرچاوە: مـەلا تاهیـر بەحرکەیـی. مێـژووی زانایـانی کـورد. ب٣ لا(٣٣٧-٣٣٨). ٢- ڕوژنامەنـووس: موزەفـەر مەجیـد مـزوری. ٣- مامۆسـتا وەسـیم کـوڕی مامۆسـتا)

مامۆســتا لەســاڵی ١٩٩٢ تــا ٢٠١٦ ئەندامــی لێژنــەی بــاڵای فەتــوای یەکێتــی زانایــانی ئاینــی ئیسلامــی کوردســتان بــوو. لەهەمــان کاتــدا مامۆســتا دەســتی نووســینی هەبــوو ئــەم بەرهەمانــەی هەیــە:

١. چل ئامۆژگاری.

٢. تاریخ رواندز.

٣. عجائب الزمان.

٤. بنەماڵە بەناوبانگەکانی ڕواندز.

٥. دیوانێکی شیعر لەشەش بەرگدا.

مامۆســتا لــە١١/١١/ ٢٠٢٠ لەشــاری هەولێــر بــە هــۆی نەخــۆشی کۆچــی دوای کــرد.

**مەلا ئەحمەد گوهەرزی:**

نــاوی تــەواوی (مــەلا ئەحمــەد تەمــەر ڕەشــید)ە لــە ســاڵی ١٨٨٨ لــە گونــدی چەلکێــی ســەربە ناحیــەی ئامێــدی لەدایــك بــووە. لەبــەر ئــەوەی نزیکــەی ٥٠ ســاڵ خزمــەتی ئیمامــەتی و وتــار خوێنــی و وانــە وتنــەوەی لــە گونــدی گوهەرزێــی نزیــك ئامێــدی کــردووە، بۆیــە بەمــەلا ئەحمــەدی گوهــەرزێ نــاسراوە. لــە زۆر شــوێن بــەدوای فێربــوونی زانســتی شــەرعیدا گــەڕاوە لــە دوای وەرگرتنــی ئیجــازەی مەلایــەتی بەدەیــان مــەلا و زانایــانی ئاینــی لەبــەر دەســتی ئــەو خوێنــدووە. ئــەو ســەرچاوەی ئــەم زانیاریانــەم لێوەرگرتــووە نــاوی ٦٦ زانایــی نووســیوە کــە لــەلای ئــەو خوێندوویــەتی،

لەگـەڵ ژیاننامـەی هەندێکیـان[1]. وەك زانـای بەناوبانـگ مـەلا حسـێن مارونسـی و مـەلا مسـتەفا ڕێـکانی و زۆر لەمامۆسـتایتر.

شـێخ ئەحمـەد بـارزانی ئـەو وەك دادوەری شـەرعی لەناوچـەی ئامێـدی هەڵبـژارد. مامۆسـتا لـە ناوەڕاسـتی ئەیلـوولی ١٩٧٥ لـە گونـدی گوهـەرز کۆچـی دوایـی کـرد.

## مەلا تەها سمایل بەکی:

مامۆستا مەلا تەها یەکێك بوو لەزانا ئاینییە بەناوبانگەکانی ناوچەی (شوان) ی سەر بەپارێزگای کەرکووک. مامۆستا دەستێکی باڵای هەبوو لەچارەسەر کردنی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی لەم ناوچەیە ڕوودەدەن. خەڵک زۆر ڕێزی لەبڕیارەکانی ئەو دەگرت. مامۆستا بەهۆی ستەم و چەوساندنەوەی بەعسیەکان ئاوارەی ئێران بوو، لەیەکێك لەشارەکانی ئێران کۆچی دوایی کرد. ساڵی لەدایك بوون و وەفاتی دیار نییە.

## مەلا ڕەسوڵ مەلەکی:

ناوی تەواوی (مەلا ڕەسوڵ مەلا ساڵح مەلا ڕەسوڵ)ە لەساڵی ١٩٢٤ لەگوندی (مەلەکانی)ی خۆشناوەتی ناحیەی خەلیفان لەبنەماڵەیەکی مەلازادە لەدایك بووە. سەرەتا لەلای باوکی دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە، دواتر بۆ فێربوونی زانستی شەرعی لەزۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە[2].

---

(١) مـەلا زاهـد ئەسـعەد. (مـەلا ئەحمـەدێ گوهـەرزی، کورتییـەك ژ ژیاننامەیـا وی). چاپـا ئێکـێ . ٢٠١٩. دهـۆك.

(٢) مەلا رەسول مەلەکی بو قۆناغی سوختەیی دەچێتە ڕواندز لای مەلا عەبدولکەریم ئەفەندی لەساڵی ١٩٣٣ قۆناغی سوختەیی تەواو دەکات، بۆ قۆناغی موستەعیدی روو لەم

مامۆستا لەساڵی ١٩٧٠بەدواوە بۆچارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان ئەندامێکی کارای لێژنەی فەتوا دەبێت لەدۆڵی مەلەکان و ئاڵانە و بالیسان، بەردەوام دەبێت تا پایزی ١٩٧٤ دواتر ئاوارەی ئێران دەبێت. لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول دەگەڕێتەوە مەلەکان. لەساڵی ١٩٧٦ لەگوندی شیرەی سەڕوو بەردەوام دەبێت لەمەلایەتی تا لەساڵی ١٩٧٧ بەفەرمی هەر لەم گوندە بەپێش نوێژ و وتاربێژ دادەمەزرێت. مامۆستا لەزۆر شوێنیتر لەپیشەی مەلایەتی بەردەوام دەبێت تا لەساڵی ١٩٨٥ لەسێبیرانی گەورە لەدەڤەری بەرانەتی مەلا دەبێت تا ساڵی ٢٠٠٠. لەماوە ساڵانی ١٩٩٥ تا ٢٠٠٠ ئەندامی کارای لێژنەی فەتوای شاری هەولێر دەبێت. لەگەڵ کۆمەڵێك مامۆستایتر وەك: مەلا ئیبراهیمی بێراوەیی و مەلا عەبدولرەحمان شەمشولەیی و مەلا شێخ عەبدولای گردەسوری. مامۆستا لەدوای ٤٥ ساڵ خزمەتی ئایینی لەڕۆژی ٧/ ١١/ ٢٠٠٠ لەگوندی سێبیران کۆچی دوایی دەکات و هەر لەگۆرستانی ئەم گوندە بەخاك دەسپێرێت[1].

---

شوێنانە دەکات: (گوندی شێراوە لەلای مەلا عەبدوڵڵآ هەرتەلی. بالیسان لەلای مەلا شێخ عومەر بالیسانی. ڕواندز لەلای مەلا عەبدولکەریم ئەفەندی. شەقڵاوە و باڵەکایەتی، بەڵام دواتر دەچێتە خزمەتی سەربازی. دوای گەڕانەوەی دەچێتە بالیسان لەلای مامۆستا مەلا عومەر بالیسانی خوێندن تەواو دەکات و ئیجازەی مەلایەتی هەر لەلای ئەو وەردەگرێت). دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لەم شوێنانەی خوارەوە دەست بە مەلایەتی و دەرس وتنەوە دەکات:(گوندی مەلەکان لەساڵی ١٩٥٥ تا ١٩٦١. لەساڵی ١٩٦٢ لەگوندی گەروانی سەروو قەزای ڕواندز دەبێتە مەلا، بەڵام لەم گوندە هەندێك لەدەستنووسەکانی بزر دەبن بەهۆی بوردومانی فروکەی جەنگی عێراقی. لەدوای سال و نیوێك دەگەڕێتەوە مەلەکان، لەم گوندە لەمەلایەتی بەردەوام دەبێت تا ساڵی ١٩٧٠، لەدوای ساڵی ١٩٧٦ لەچەندین شوێنیتر بەردەوام دەبێت لەمەلایەتی وەك: گوندی پونگینە و بناری هەرووتیان و دواتر دەگەڕێتەوە پونگینە و گوندی سێبیران).

(١) ئەو سەرچاوەی ئەم بابەتەم لێوەرگرتووە دەڵێت لەبەرواری ٢٨/٧/ ٢٠٢٢

## مەلا خالید عەزیز مورتکەیی (١٩١٠- ١٩٨١):

یەکێـك بـووە لەزانـا ئاینییـە دیـارەکانی شـاری هەولێـر، لەسـاڵی ١٩٤٤- ١٩٤٥ لەلایـەن بارزانییـەوە دیـاری دەکرێـت لەدەشـتی هەولێـر بـۆ ئەنجامـدانی گفتوگـۆ و فراوانکـردنی پشـتگیری هاووڵاتیـان بـۆ شـۆڕشی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان. لـەدوای ئـەوەی لەسـاڵی ١٩٥٣ واز لـەکاری مەلایـەتی دێنێـت، دوو جـار دوور دەخرێتـەوە جارێکیـان لەسـاڵی ١٩٥٦ دەنێردرێتـە کەرکـووک و جـاری دووەمیـش کاربەدەسـتانی حکومـەت هـەوڵ دەدەن بـۆ باشـووری عێـراق دوور بخرێتـەوە، بـەڵام لەجیـاتی ئـەوە دەنێردرێتـە گونـدی سـێلکێی ناوچـەی مـزووری بـاڵا سـەربە ناحیـەی شـێروان مـەزن[1]. ناوبـراو لـەو زانایانـە بـوو کـە بووەتـە ئەنـدام لەلێژنـەی چارەسـەر کـردنی گیـرو گرفتـی ئایینـی و کۆمەڵایـەتی هاووڵاتیـان لەشۆڕشـی ئەیلـوول

---

چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ (مـەلا فەتـاح و مـەلا نورەدین و مەلا ئاسـف)ی کوڕەکانی مامۆسـتا کردووە

(١) فاخر عالی خان ئاودەلی. سەرچاوەی پێشوو. ل٢٤٩.

# ئەو مامۆستایانەی ئەندامانی لێژنەی باڵای فەتوا بوون

## یەکەم: مامۆستا مەلا وەیسی گرتك (١٩٠٤- ١٩٧٩):

نـاوی تـەواوی ( مـەلا وەیسی مـەلا عەبـدوڵا مـەلا ئەحمـەد)ە نـەوەی مــەلا ئەحمــەدی ئیبنوئادەمــی ڕۆســتاییە، لەســاڵی ١٩٠٤ لەگونــدی (گرتـك)ی ناوچـەی باڵەکایەتـی سـەربە قـەزای چۆمـان لەدایـك بـووە، سـەرەتای خوێنـدنی مەلایـەتی لـەلای بـاوکی دەسـتی پێکـردووە و لەناوچـە جیـاوازەکانی کوردسـتان بـەدوای خوێندنـدا گـەڕاوە، لـەلای مـەلا سـاڵحی کۆزەپانکەیـی زانسـتەکانی تـەواو کـرد و ئیجـازەی مەلایـەتی لـەلای (مـەلا فەنـدی) لەهەولێـر وەرگرتـووە[1]. لـەدوای وەرگرتنـی بڕوانامـەی مەلایـەتی گەڕاوەتـەوە ناوچـەی باڵەکایەتـی لەگونـدی گرتـك قوتابخانەیـەکی ئایینـی دامەزرانـد و لەعێـراق و ئێـران و تورکیـا فەقـێ ڕوویـان تـێ دەکـرد[2]، زۆر لەمــەلا بەناوبانگــەکان لەبــەر دەســتی ئــەو دەرسـیان خوێنــدووە، لەگــەڵ ئــەوەش لەچەندیــن گونــد پیشــەی مەلایــەتی ئەنجامــداوە و دەرسـی بـە فەقێیـان داوە، لەبـەر خەمخـۆری ئـەو بـۆ ئاییـن، چەندیـن مـەلا لەبـەر دەسـتی ئـەو دەرچوونـە و ئیجـازەی مەلایەتییـان پێـداوە. ئـەم مامۆسـتایە ڕۆڵـێکی باشـی لەشۆڕشـی ئەیلولـدا هەبـووە لەچەندیـن گونـدی باڵەکایەتـی قـازی شـەرعی بـووە، کێشـەی هاووڵاتیـانی بەپێـی شـەریعەتی پیـرۆزی ئیـسلام یەکلایـی کردیتـەوە.

---

(١) عبـاس علی سـلیمان بابـانی. اسـهام علماء الدین الکورد في کوردسـتان العـراق في توجیه الحرکـه التحرریـه الکوردیه بین عـامین (١٩٦١- ١٩٧٥). الطبعه الاولی. ٢٠٠٩. ص٤٤

(٢) مـەلا تـاهیر مـەلا عەبـدوڵا بەحرکەیـی. مێـژووی زانایـانی کـورد. ب٣. چاپـی یەکـەم ٢٠١٠. ل٣٦٩.

مامۆستا مەلا وەیسی ڕۆڵێکی گرنگی لەدامەزراندنی یەکێتی زانایاندا هەبوو[1] و ئەندامی لێژنەی جێبەجێکار و ئەندامی لێژنەی باڵای فەتوا بوو، وەك قازی شەرعی کاری کردووە[2]. پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ ڕێبەری نەتەوەی کورد بارزانی هەبوو، لەبەر ناوداری و زانایی لەپرۆسە کۆمەڵایەتیەکاندا بانگ کراوە و ڕاوێژی پێ کراوە و ڕۆڵێکی کاریگەری لەئاشتەوایی کۆمەڵایەتیدا بینیوە. تەنانەت دادوەرەکانیش لەیەکلایکردنەوەی زۆر لەکێشە یاساییەکاندا زۆر پرس و ڕا گۆڕینەوەیان لەگەڵدا کردووە و ڕای شەرعییان لێوەرگرتووە

مامۆستا لەدوای نسکۆی ١٩٧٥ تا ١٩٧٨ لەحوجرە و وانە وتنەوە بەردەوام بوو، تا ڕژێمی بەعس بە زۆرەملێ گوندەکانیان ڕاگواستن بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان، لەسۆران نیشتەجێ کران و ساڵەك دواتر لە١٧/ ٢/ ١٩٧٩ هەر لەسۆران کۆچی دوایی کرد

---

(١) فاخر عالی خان ئاودەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا ١٨٢.

(٢) فەتحی ئەملودەرس. حوجرەنامە. . چاپی یەکەم. هەولێر. ٢٠١٧.لا ١٨٨.

## دووەم: مامۆستا مەلا عەبدوڵقادری سکتانی (١٩٢٧- ٢٠١٢)[١] :

ناوی تەواوی (مەلا قادر مەلا شێخ محمەد مەلا حەسەن) ە لەساڵی ١٩٢٧ لەگوندی سکتان لەدایك بووە، هاوشێوەی هەموو مەلاكانی كوردستان لەزۆر شوێنی كوردسان لەلای مەلا بەناوبانگەكانی كوردستان دەرسی خوێندووە[٢]. دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی و لەچەندین شوێن مەلایەتی كردووە، دواتر گەڕایەوە (ناوەند). لەدوای ساڵی ١٩٦١ خواڵێخۆشبوو بارزانی كردییە مەلای مزگەوتی گەڵاڵە و ئەندامی لێژنەی باڵای فەتوای شۆڕش. لەساڵی ١٩٧٠ بە فەرمانی بارزانی ماوەیەك بوو بە سەرپەرشتیاری قازییەكانی شەرعی شۆڕش.

لە دوای نسكۆی ١٩٧٥ لەبەر ئەوەی مامۆستا عەبدوڵقادر قازی

---

(١) مەلا تاهیر بەحركەیي. ساڵ و شوێنی لەدایک بوونی (١٩١٢) شاری كۆیەی نووسیوە. مێژووی زانایانی كورد. ب٢. لا٢٤٧. وە جەعفەر گوانی. چاوپێكەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدولقادر سكتانی. خۆری ئیسلام. (گۆڤار). ژمارە ١٤. لا(٣٨- ٣٩).

(٢) مەلا عەبدولقادری سكتانی سەرەتا لەلای باوكی دەستی بەخوێندن كردووە، دواتر لەلای ئەم بەڕێزانە خوێندوویەتی: (لەلای مەلا ئەحمەدی پلكزای خۆی و مەلا عەبدولرەحمان شەقڵاوە یي كە بەسرێشمەیي ناسراوە و مەلا سادقي شەقڵاوە یي و مەلا عەلی مامەجەلكی و زۆربەی زانستەكان لەلای مەلا عەبدولكەریم ئەفەندی لەرواندز و مەلا ئەحمەد لەڕۆستێ و دواتر لەبیارە لەلای مامۆستا عەبدولكەریمی مودەریس) پاشان گەڕایەوە رواندز، لەلای مەلا عەبدولكەریم ئەفەندی رساله الحساب و تشریع الافلاك خویندووە. ماوەیەك وازی لەخوێندن هێنا، بووە مەلای دەرگەڵە، دواتر چوو بیارە دووبارە دەستی بە خوێندن كردەوە و لەساڵی ١٣٧٩ك لەلای مامۆستا عەبدولكەریم ئەفەندی خەیلانی لەرواندز ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت. پاشان چوویە دەرگەڵە و بوو بە مەلا، بۆ ماوەی یازدە ساڵ لەوێ مایەوە و دەرسي بە فەقێیانداوە و١١ فەقێی لەدەرگەڵە هەبووە و هەر لەدەرگەڵە ئیجازەی مەلایەتی بە حەوت فەقێیانداوە

شـــۆڕش بـــووە، ڕژێمـــی عێـــراق نـــەفی کـــرد بـــۆ ناوچـــەی (المسـيب)ی پارێـــزگای حلـــە، چـــوار ســـاڵ لـــەوێ مایـــەوە و مـــاوەی ســـاڵێك لەبەغـــدا لەمزگەوتێـك دانـراوە کـە شـوێنی نووسـتنی نەبـووە و دەبـوو لەشـوێنان گەڕابـا تـا شـوێنی حەوانـەوە بـۆ خـۆی دەدۆزییـەوە[1]. دواتـر گەڕایـەوە قـــەزای ســـۆران و دواتریـــش هاتـــە هەولێـــر، بووبـــە پێشـــنوێژ خوێـــن و وتـــار خوێنـــی مزگـــەوتی شـــێخ عەبـــدوڵا لەنـــاو بـــازاڕ. پاشـــان بووەتـــە ئەندامـی لێژنـەی فەتـوا لەیەکێتـی زانایـانی کوردسـتان. لەسـاڵی ٢٠١٢ بـە نەخۆشـی کۆچـی دوایـی کـرد.

## سێیەم: مامۆستا مەلا مستەفا دارولسەلام (١٩٣٣ - ٢٠١١):

ناوی تەواوی (مەلا مسـتەفا خدر حەسـەن)ە بەمەلا مستەفای دارولسەلام نـاسراوە، لەسـاڵی ١٩٣٣ لەگونـدی دارولسـەلامی ناوچـەی باڵەکایەتی لەدایك بـووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و زمـانی فارسـی لـەلای باپیـری خوێنـدووە، دواتـر لەچەندین شـوێن لەلای زانـا بەناوبانگـەکان خوێندوە[2].

---

(١) جەعفەر گوانی. خۆری ئیسلام. (گۆڤار). ژمارە ١٤. لا(٤٢-٤٣).

(٢) مامۆسـتا مـەلا مسـتەفا لەچەندیـن شـوێێن بـەدوای فێـر بـوونی زانسـتی شـەرعیدا گـەڕاوە وەك گونـدەکانی: (گرتـک. وەرتـێ. قەڵاتـێ. کویلـێ. هەسـنان. گـەرەوان. ماونان) کـە هەریـەك لـەم شـوێێنانە مەڵبەنـدی فێربـوونی زانسـت و زانیـاری بـوون. دواجـار بڕوانامـەی مەلایـەتی لـەلای مامۆسـتا مـەلا وەیسـی گرتـک وەرگرتـووە، لەسـاڵی ١٩٥٩ ژیانـی هاوسـەری پێکهێنـاوە، ماوەیـەك پێـش نوێژخوێـن و وتـار خوێنـی مزگەوتـی داولسـەلام بـووە و دواتریـش حوجـرەی دانـا و دەرسـی بـە ژمارەیـەکی زۆری فەقـێ دەدایـەوە، زۆریشـیان لـەلای ئـەو ئیجـازەی مەلایەتییـان وەرگرتـووە، وەك: (مـەلا سـەعید سـەردەری. مـەلا عـەلی بێشـەیی. مـەلا ئیسماعیـل ئومەراوەیـی. مـەلا حەکیمـی ڕۆسـتایی. مـەلا نەجـاتی چارەکەیـی و ... چەندانـیتر).

مامۆستا هەمیشە حەزی لەخزمەت کردنی گەلەکەی کردووە، و یەکێك بووە لەو مامۆستایانەی لەگەڵ شاندێك بە نووسراوی پشتگیری پارێزگاری هەولێر چووەتە بەغدا بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم، بۆ گەیاندنی کۆمەڵێك داواکاری فەقێ و قوتابیانی حوجرەکان، بەڵام نەیان توانیوە بیبینن، بەڵکو بەم ڕێگەیە داواکارییەکانی گەیاندووە حکومەتی عێراق، ئەوەبوو هەندێك لەداواکارییەکان پەسەند کران، وەك پەسەند کردنی بڕوانامەی فەقێیان و وەرگرتنی وەك (معلم) لەقوتابخانە سەرەتاییەکانی میری[1].

دواتریش لەبەر لێهاتوویی و شارەزایی لەبواری شەرعی دا، دەبێتە قازی شەرعی شۆڕشی ئەیلوول و ئەندامی لێژنەی باڵای فەتوا، مامۆستا ڕۆڵێکی باشی هەبووە لەیەکلایکردنەوەی کێشەکانی هاووڵاتیان بەپێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام[2]. مامۆستا بەڕاوێژ کردن لەگەڵ موقەدم عەزیز ئاکرەیی کە فەرماندەی هێزی باڵەك بوو، هەروەها بە ئاگاداری بارزانی دەبێتە قازی شەرعی ناوچەی دارولسەلام و دەوروبەری تا دەگاتە گەلاڵە.

لەساڵی ١٩٧٠ لەدامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئیسلامدا ڕۆڵێکی کاریکەری بینیوە و (ئەندامی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە بوو و ئەرکی سەرپەرشتیکردنی لێژنەکانی کۆکردنەوە و ناونووس کردنی زانایانی لەئەستۆدا بوو. دواتریش بووەتە ئەندامی لێژنەی باڵای فەتوا و ئەندامی ئەنجومەنی جێبەجێکاری

---

(١) مەلا عەبدوڵا شێرکاوەیي. چاوپێکەوتن. پەیامی زانایان. (گۆڤار). ژمارە ٧٤. لا ٣٥.
(٢) فاخر عالی خان ئاودەلی. سەرچاوەی پێشوو. لا (٢٤٥-٢٤٦).

یەکێتـی زانایـان)[1]. لـەدوای دامەزرانـدنی یەکێتـی زانایـان لەسـاڵی ١٩٧٠، مامۆسـتا مـەلا مسـتەفا بووەتە ئەندامی بەشـی عـەدلی و سـەرۆکی قازییەکانی شـەرعی لەچۆمان کە بەشـی عەدلی سـەربە ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش بـوو، دادوەر موحسـین دزەیـی سـەرۆکی ئـەم بەشـەبوو[2]. مـەلا مسـتەفا دارولسـەلام لەچـوار کۆنگـرەی یەکێتـی زانایـان بەشـداری کـردووە. مامۆسـتا لـە٢٢/ ٧/ ٢٠١١ لەگونـدی دارولسـەلام بـە هۆی نەخۆشـی کۆچـی دوای کرد.

## چوارەم: مەلا عوسمان وەڵزی (١٩١٧ - ١٩٩٠)[3]:

نـاوی تـەواوی (مـەلا عـوسمان ئەحمـەد مـەلا محمـەد مـەلا عەبـدوڵا) یـە، لەسـاڵی ١٩١٧ لەگونـدی ڕۆسـتێی باڵەکایەتـی لەدایـك بـووە، بەمـەلا عــوسمانی یــەك دەســت یاخــود گۆجــە نــاسراوە. لەچەندیــن شــوێنی کوردســتان بــە دوای زانســتی شــەرعی دا گــەڕاوە[4].

هـــەر لەســـەرەتای هەڵگیرســـانی شـــۆڕشی ئەیلـــوول و ڕزگار بـــوونی

(١) فەتحی ئەلمودەرس. حوجرەنامە. سەرچاوەی پێشوو. ٢٠١٧. لا ١٨٥ و ١٨٨.

(٢) جەعفەر گوانی. چاوپێکەوتن. خۆی ئیسلام. (گۆڤار). ژمارە١٠. لا١٥.

(٣) مەلا تاهیر مەلا عەبدوڵا بەحرکەیی. سەرچاوەی پێشوو. ب٢. لا٣٠٧.

(٤) (مامۆستا عـوسمان وەلـزي لەگونـدی خۆیـان دەسـتی بـە خوێندنی زانسـتی شـەرعی کـردووە تـا قوناغـی سـوختەییش لەگونـدی خـۆی خوێنـدووە، دواتـر چووەتـە لای مـەلا ئەحمـەدی ڕۆسـتێ تـا شـەڕحی شەمسـەی تـەواو کـرد، پاشـان چووەتـە سـکتان لـەلای مـەلا عەبـدوڵا و دواتـر چـووە کانی دەربەنـد (مطـول)ی لـەلای ئەبوبەکـری کۆیـی خوێنـدوە، بـەڵام تـەواوی نەکـردووە، دواتـر لـەلای مـەلا محمـەدی رەئیـس لەگەڵاڵـە تـەواو کـرد و لـەوێ ئیجـازەی مەلایـەتی وەرگـرت. دواتـر لەچەندیـن شـوێنی جیـاواز پیشـەی مەلایـەتی ئەنجامـداوە وەك: (مەرگـە و شـێخ ئـاودەل لەپشـدەر و وەلـز)، لەبـەر ئــەوە بەمــەلا عــوسمانی وەلــزی ناودەبرێــت، لەکاتێکـدا لەگونـدی ڕۆسـتێ لەدایـک بوویـە و خەڵکـی گونـدی ڕۆسـتێ یـە. مەلایـەکی روح سـووك و زیـرەك و بـێ فێـز بـوو).

ناوچـــەی باڵەکایـــەتی لەســـاڵی ١٩٦٢ بـــەدواوە، مامۆســـتا ڕاســـتەوخۆ بەشـداری لەشـۆڕشی ئەیلـوولی کـردووە و بەفەرمـانی خواڵێخوشـبوو مـەلا مسـتەفا بـارزانی بـوو بەقـازی شـەرعی لەسـەرکردایەتی شـۆڕش لەگەڵالـە و دەوروبـەری، لـەوکات ماڵـی ئـەو لە(مـەران) بـوو، چونکـە لـەو ماوەیـەدا تـا سـاڵی ١٩٧٠، هەمـوو ناوچـەی باڵەکایـەتی بۆچارەسـەر کـردنی کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان بەسـەر چـوار قـازی شـەرعی دا دابـەش کرابـوون[1] ، کـە ئەمانـە بـوون: (مـەلا وەیسی گرتـك. مـەلا عـوسمان وەڵـزی. مـەلا مسـتەفا داروسـەلام. مـەلا عەبـدولای قەڵاتـێ). هەریـەك لـەم چـوار ناوچانـە یەکێـك لـەم مـەلا بەناوبانگانـە بـوو بەقـازی شـەرعی ، ئـەم چـوار مامۆسـتایە ئەندامـی لێژنـەی بـاڵای فەتـوای شـۆڕش بـوون، کـە هـەر یـەك لـەم چـوار مامۆسـتایانە بەناوبانگتریـن و زاناتریـن زانـای ئـەم ناوچەیـە بـوون، واتـە دەتوانیـن بڵێیـن هەریەکەیـان سـەرچاوە و دەریایـەك بـوو لەزانسـتەکانی شـەرعی .

لـە سـاڵی ١٩٧٠ بـەدواوە مـەلا عـوسمان وەڵـزی ڕۆڵـێکی سـەرەکی هەبـوو لەدامەزرانـدنی یەکێتـی زانایـانی ئایینـی کوردسـتان و لـەدوای دامەزرانـدنی یەکێتـی زانایانیش هەر بەفەرمانی ڕەحمەتی بارزانی بەردەوام بوو لەپیشـەکەی خـۆی (قـازی شـەرعی ) و ئەندامـی لێژنـەی بـاڵای فەتوابـوو. لـەم ماوەیـەدا بـە دەیـان کێشـەی کۆمەلایـەتی بـە بڕیاری ئـەم مامۆسـتایانە چارەسـەر کران. لـەدوای نسـکۆی ١٩٧٥ هاتـە هەولێـر بـوو بەپێـش نوێژخوێـن و وتارخوێنـی مزگـەوتی خەڵیفـە لەگـەرەکی سـێتاقان. لەسـاڵی ١٩٩٠ کۆچـی دوایـی کرد.

---

(١) جەعفـەر گوانـی چاوپێکەوتـن لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا داولسـەلام. خـۆری ئیـسلام. (گۆڤـار). ژمـارە ١٠. لا(١٤-١٧).

## پێنجەم: مەلا ساڵح رەحیم ئەختەتەری (١٩٠٧ - ١٩٩١)[١]:

ناوی تەواوی (مەلا ساڵح فەقێ رەحیم موحەمەد سولەیمان)ە، لەساڵی ١٩٠٧ لەگوندە (ئەختەتەر)ی سەربە قەزای بۆکان، پارێزگای ورمێ لەدایك بووە. سەرەتا لەلای باپیری قورئانی پیرۆز خەتم کردووە، بۆ خوێندنی فەقێیاتی لەچەندین گوند و ناوچە گەڕاوە[٢]. تا لەساڵی ١٩٥٣ لەمزگەوتی (نورەدین) لەهەولێر ئیجازەی مەلایەتی لەلای مامۆستا (مەلا ساڵح کۆزەپانکەیی) وەرگرتووە.

مامۆستا مەلا ساڵح کەسێکی روح سوك و مەنتق زان بوو، هەروەها پیشەکانی وەستایی دیوار و دارتاشی و درومانی دەزانی و خەتێکی خۆشی هەبوو و هەمیشە بەردەوام بوو لەفێرکردنی قوتابیان. هەندێك لەو مەلایانەی ئیجازەیان لەلای ئەم مامۆستایە وەرگرتووە وەك: (مەلا ئیسماعیل ئەرگوشی. مەلا جەلالی تورکی. مەلا مستەفا عەباس. مەلا بایزی ئێرانی و... زۆریتریش). مامۆستا مەلا ساڵح ئەختەتەری یەکێك بوو لەزانا بەناوبانگەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەشدارییەکی کارای هەبوو لەیەکلایکردنەوەی کێشە کۆمەلایەتییەکان

---

(١) مەلا تاهیر مەلا عەبدولا بەحرکەیی. مێژووی زانایانی کورد. چاپی یەکەم. ٢٠١٠. چاپخانەی ئاراس. هەولێر. ب٢. لا(٨-٩)

(٢) بۆ خوێندنی مەلایەتی لەزۆر شوێن گەڕاوە وەك: گوندی (سەردەر) و گوندی (بورهان) لەلای شێخ بورهان خوێندووە و پاشان چووەتە گوندی (هەرتەل) لەوێ ماوەی پێنج ساڵ لەلای مەلا ئەحمەدی تاژانی خوێندووە، دواتر هاتووە بەردەوامی بەخوێندن داوە. هەروەها پیشەی مەلایەتی لەزۆر شوێن ئەنجامداوە وەك: (هەسنان و سیتکان و ئاکۆیان و سەربەن و شێوەلۆك و بەستێ و سەرکان و قەڵات و ماونان و وەلاش و مێرگە و کانی قرژاڵە و جگە لەناوچەی ڕانیە و قەڵادزێ.

مامۆستا دەستی نووسینی هەبوو، بەرهەمێك لەبارەی بڕوا (العقیدە)ی هەبوو بەناوی (الروح). مامۆستا مەلا ساڵح لەکۆماری مەهاباد ئەندامی دادگا بوو. هەر لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوولی مەزنیش مامۆستا چەکی شەڕەفی هەڵگرت بۆ بەرگریکردن لەمافە ڕەواکانی گەلی کوردستان لەباشوور. لەهەمان کاتدا مامۆستا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ رابەری نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، سەرەتای دەست پێکردنی پەیوەندی لەگەڵ بارزانی لە ڕێگەی مەلا عەبدولقەهار بارزانییەوە بوو، بەهۆی نامە گۆڕینەوە لەنێوانیاندا. هەروەها لەشۆڕشی ئەیلوولیش لە١٩/ ٤/ ١٩٦٥ بەفەرمانی خوالێخوشبوو مەلا مستەفا بارزانی بوو بە قازی شەرعی شۆرش لەناوچەی باڵەکایەتی. بارزانی زۆر گرنگی بەزانایانی ئایینی دەداو و زۆر مەبەستی بوو بیانکاتە قازی شەرعی شۆڕش و ئەم کارە یاساییە پێیان بسپێرێت، هەمیشە بارزانی ڕێزێکی زۆری لەزانایانی ئایینی دەگرت، لەهەمان کاتیشدا زانایانی ئایینی کۆڵەکەیەکی ئەستووری شۆڕشی ئەیلوول بوون و ڕۆڵێکی کاریکەریان لەچارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا هەبوو[1]. مامۆستا ساڵح لەرۆژی ١٠/ ٥/ ١٩٩١ لەخانێ کۆچی دوای کرد.

---

(١) عباس علی سلیمان. اسهام علماء الدین الکورد في..... الصدر السابق. ص٥٩.

## شەشەم: مەلا عەبدوڵای قەڵاتێ:

نـاوی تـەواوی (مـەلا عەبـدوڵا مـەلا محمـەد مـەلا عەبـدوڵا )[1]یـە لەسـاڵی ١٣٤٥ك بەرامبـەر ١٩٢٤ز لەگونـدی گەڵاڵـە لـە بنەماڵەیـەكی مـەلازادە و كوردپـەروەر لەدایـك بـووە، بەمـەلا عەبـدولای قەڵاتـێ نـاسراوە، (واتـە گونـدی قەڵاتێـی دۆڵـی بالەیـانی باڵەكایـەتی)، هاوشـێوەی هەمـوو مەلاكانـیتر لەچەندیـن شـوێن بـەدوای خوێنـدنی زانسـتی شـەرعی دا گـەڕاوە[2]. تـا لەسـەاڵی ١٩٥٢ بەسـەركەوتوویی لـەلای مـەلا عەبدولكەریـم ئەفەنـدی خـەیڵانی لەڕەوانـدز ئیجـازەی مەلایـەتی وەردەگرێـت.

مـەلا عەبـدوڵا یەكێـك بـووە لەئەندامـە كاراكانی یەكێتـی زانایـانی ئایینـی كوردسـتان و ئەندامـی لێژنـەی بـاڵای فەتـوای شـۆڕشی ئەیلـوول بـوو، واتـە بەفەرمـانی بـارزانی دەبێتـە قـازی شـەرعی شـۆڕش. هەروەهـا ڕۆڵـێكی بـاڵای هەبـوو لەدامەزرانـدنی یەكێتـی زانایـانی ئایینـی ئیسلامـدا،

---

(١) بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتـە و وەرگرتنـی ئـەم زانیارییانـە، لـە٨/ ١٢/ ٢٠٢٢ چاوپێكەوتنـم لەگـەڵ مامۆسـتای بەرێـز مـەلا عەبـدوڵای قـەڵات یـم كـرد لـە ماڵـی خـۆی لەشـاری سـوران، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی مامۆسـتا لەتەمـەنی ٩٨ نـۆوەت و هەشـت سـاڵیدابوو، هەندێـك ڕووداوی گرنگـی لـەبیری نەمابـوو كەبـۆم بـاس بـكات.

(٢) مامۆسـتا مـەلا عەبـدوڵا بـۆ خوێنـدنی زانسـتە شـەرعي یـەكان دەچێتـە قـەلادزێ لـەلای مامـی خـۆی مـەلا محمـەد، مـەلای گـەورەی قـەلادزێ. دواتـر لەسـاڵی ١٩٤٦ دەچێتـە ئێـران بـۆ مـاوەی سـاڵێك لـەلای مـەلا بەناوبانگـەكانی كوردسـتانی ڕۆژهـەڵات لە شـوێنە جیاجیـاكان دەخوێنێـت. دواتـر دەگەڕێتـەوە گونـدی قـەڵات . پاشـان دەچێتـە ڕوانـدز لـەلای مـەلا عەبدولكەریـم ئەفەنـدی خـەیلانی لەگـەڵ چەنـد مامۆسـتایەكیتر، وەك مـەلا مەمـدوح مـزوری و مـەلا ئەحمـەد سـكتانی و مـەلا ئەحمـەدی وەرتـێ درێـژە بەخوێنـدنی زانسـتە شـەرعییەكان دەدات و هـەر لـەلای ئـەم مامۆسـتا بەرێـزە لەسـاڵی ١٩٥٢ پێكـەوە ئیجـازەی زانسـتی وەردەگـرن.

مامۆستا دەڵێت: پێش دامەزراندنی یەکێتی زانایان مەلا عەلی موفتی و سەید عەبدولقەهار بارزانی هاتنە لای من و گوتیان ئێمە بە فەرمانی بارزانی هاتووین بۆ ئەوەی یەکێتی زانایان دامەزرێنین. (ئەوەی شایانی ئاماژەپێکردنە لە بابەتەکانی پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە حکومەتی عێراقی ڕازی نەبوو یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دامەزرێت، بەڵام بارزانی گوتی من یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان دادەمەزرێنم نەك هی عێراق).

مامۆستا مەلا عەبدوڵا دەڵێت: لە دوای دامەزراندنی یەکێتی زانایان یەکەم جار لێژنەی باڵای فەتوا دامەزرا، کە من و مەلا وەیسی گرتك و مەلا مستەفای دارولسەلام تێدا ئەندام بووین و دوو نووسەریشمان هەبوو، هەر کاتێك ئێمە بڕیارێکمان لەسەر هەر کێشەیەك دەدا بەپێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام، ئەوان تۆماریان دەکرد و دەیان نارد بۆ لایەنی جێبەجێکار. مامۆستا دەڵێت لەیەکلایی کردنەوەی هەر کێشەیەکدا بڕیاری ئێمە بڕیاری کۆتایی بوو. هەروەها لایەنی جێبەجێکاریش خودی بارزانی بوو، ئەو فەرمانی دەکرد بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت. مەلا عەبدوڵا دەڵێت: بارزانی لەبارەی جێبەجێ کردنی بڕیارەکان هەمیشە بەئێمەی دەگوت من داری دەستی ئێوەم، هەر بڕیارێك ئێوە بەدادپەروەری و بەپێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام دەیدەن، من بۆتان جێبەجێ دەکەم و من بەهەموو تواناکانم پشتیوانی ئێوە دەکەم. بارزانی تەنها پەیوەندی بەشەریعەتەوە هەبوو، ئەو هیچ باسی یاسای لەگەڵ ئێمە نەدەکرد. (هەرچەندە لەشوێنانیتر هێز یان ناوچەی حزب ئەو کێشانەی ڕوودەدان دەینارده لێژنەی فەتوا

یـان بـۆ لای قـازی شـەرعی سـنووری ناوچەکەیـان دەنـارد، پێویسـت بـوو قـازی شـەرعی لـەدوای بڕیـاردان لەسـەر هـەر کێشـەیەك بـە نـووسراو ئـەو لایەنـەی ئـاگادار بکاتـەوە کـە کێشـەکەی بـۆ ناردبـوو، چ هێـز یـان ناوچـەی حیـز بێـت، لەبڕیـاری کۆتایـی ئـاگادار دەکـردەوە بۆئـەوەی جێبەجـێ بکرێـت). بـەڵام بڕیـارەکانی لیژنـەی بـاڵا یـان بڕیـارەکانی کێشـە گـەورەکان خـودی بـارزانی بڕیـاری جێبەجێکردنیـان لەسـەر دەدا.


مامۆسـتا مـەلا مسـتەفای دارولسـەلام دەڵێـت[1]: لـە دوای سـاڵی ١٩٧٠ بـەشی عـەدلی لەچۆمـان دامـەزرا، و دادوەرەکانیـش دامـەزران، دەسـەڵآتی دادوەری زیاتـر بەفەرمـی کـرا، دەبـوو لەگـەڵ ئەمانـە قازییـەکی شـەرعی هەبێـت بـۆ بەڕێوەبـردنی کاروبـاری شـەرعی لەیەکلایکردنـەوەی کێشـەکانی هاووڵاتییـان. مـن بەرەسـمی بوومـە ئەندامـی بەشـی عـەدلی بـۆ کاروبـاری شـەرعی، بـەڵام لەبـەر بـوونی کاروبـاری زۆر هەمـوو کێشـەکان لـەزۆر شـوێنەوە دەهاتـە چۆمـان، واتـە ئەوانـەی لـە گەڵالـە لەلایـەن یەکێتـی زانایانـەوە حوکـم دەدران کەیسـەکانیان بـۆ لای ئێمـە دەنـارد ئـەم هەمـوو کارانـە بەیـەك کـەس نەدەکـرا و قەڵەباڵغـی دروسـت بـوو، بۆیـە بەفەرمـانی بـارزانی مـەلا وەیسـی گرتـك و مامۆسـتا مـەلا عەبـدوڵای قەڵاتیـش هاتنـە چۆمـان، هەرسـێکمان پێکـەوە هەمـوو کێشـەکانمان یـەکلای دەکـردەوە و بڕیـاری کۆتایـیمان لەسـەر دەدا. دواتـر وەڵامـی ئەوانەمـان دەداوە کـە بۆمـانی ناردبـوو

(١) جەعفەر گوانی. خۆری ئیسلام (گۆڤار). ژمارە ١٠. لا١٥.

لـەدوای نسـکۆی ١٩٧٥ مامۆسـتا مـەلا عەبـدوڵا بـە خێزانـەوە دەچێتـە ئێـران و ماوەیـەك لـە نەغـەدە دەمێننـەوە، لـەو ماوەیەشـدا مامۆسـتا هـەر لەسـەر ئـەرکی قازییـەتی بـەردەوام دەبێـت و هـەر پـرس و ڕایەکیـان هەبـا، بـارزانی پەیوەنـدی پێـوە دەکـرد و ئـەو کێشـەکانی یەکلایـی دەکـردەوە. لـەدوای دابـەش کـردنی ١٥ هـەزار خێـزانی کـورد لەلایـەن ڕژێمـی شـای ئێرانـەوە بەسـەر شـارە فارسنشـینەکانی ئێرانـدا، ئەوانیـان بـردە شـاری شـیراز لە(ئـۆردوگای جەهـروم) نیشـتەجێ کـران، بـەڵام دواتـر بـارزانی پەیوەنـدی بەمـەلا عەبـدوڵاوە دەکات پێـی دەڵێـت: دەبێـت بێیـە کـەرەج، دواتـر دێتـە کـەرەج و دەچێتـە خزمـەت بـارزانی و پەیوەندییـەکی پتـەو لـە نێوانیانـدا هەبـوو، لە(کەرەج)یـش هـەر پـرس و ڕایەکـی شـەرعییان هەبـا هـەر پـرس بەمـەلا عەبـدوڵا دەکـرا. لـەوکات مـەلا حسـێن مـارونسی و مـەلا هەمـزە زاخۆیـی کـە بـە مـەلا هەمـزە خانـی یـان سـپینداری نـاسراوە، لەکـەرەج بـوون. بـەڵام کاتـێ بـارزانی نەخـۆش دەکەوێـت و دەیەوێـت بچێتـە ئەمریـکا، هەندێـك ڕاسـپاردەی پـێ دەڵێـت و ئـەو دەچێتـە ئەمریـکا و دواتریـش مامۆسـتا مـەلا عەبـدوڵا دەگەڕێتـەوە عێـراق و لەگەڵالـە دەبێتـە ئـیمام و پێشـنوێژ خوێـن، هەروەهـا مامۆسـتا بـەردەوام دەبێـت لەوانـە وتنـەوە بـە فەقێیـان. مامۆسـتا لـەڕووی خوێنـدن و پـەروەردە و فێرکردنـەوە زۆر خزمـەتی ئایینـی پیـرۆزی ئیـسلام و گـەلی کـوردی کـردووە. ئـەم بەرێـزە لەمامۆسـتا هـەرە بەناوبانگـەکانی کوردسـتان بـوو. زیاتـر لـە پـازدە زانـای ئایینـی ئیجـازەی مەلایەتییـان لـەلای ئـەو وەرگرتـووە و مامۆسـتا لـە ٢٠٢٣/١٢/١٥ لـە تەمەنـی ٩٩ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـرد

# ئەلبوومی وێنەکان

## له شۆڕشی ئەیلوول




مەلا یاسین ردێنی



مەلا عەلی بێسکی




بەهجەت ئامێدی




مەلا یەحیا دەریاسوری



مامۆستا مەلا عبدالرحمن شەمشولی


مەلا رەسول مەلەکی


شێخ محمەدی خال



مامۆستا مەلا وەیسی گرتکی


# له شۆڕشی ئەیلوول














مەلا علی بەروشکی



ملا حەمزە خانێ
- سپینداری -


مەلا ئیبراهیم چنێی


قەشە پۆلص بێداری




ماموٚستا مەلا حەمەدەمین چەمچەمالی



ماموٚستا مەلا عوسمانی وەڵزە



محمد سالح ئاکرەیی



ملا احمد دوطازەیی




نووسەر لەگەڵ
مەلا عەبدوللای قەلاتێ







مەلا عەلی مەلا عەبدوللا مدرس




مامۆستا مەلا ممدوح مزوری

## له شۆڕشی ئەیلوول



ماموستا مەلا مستەفا داروسەلام



ماموستا مەلا حسن مرۆ



ماموستا مەلا سەعید مەلا وەیسی گرتکی


عمر حبیب عبدالله


ملا معصوم هورامی-حاکم عمر حبیب
مقصود ملا معصوم



مامۆستا مەلا عبدالقادر سکتانی


حاکم جلال سنجاری


مامۆستا مەلا صالح ئەختەتەری

لە شۆڕشی ئەیلوول








لای ڕاست دکتۆر عمر وەجدی مامۆستای ئەزهەر- جەنابی خوالێخۆشبوو
مەلا مستەفای بارزانی- مامۆستا مەلا عەلی مەلا عبدالله مودەریس



نووسەر لەگەل حاکم سگڤان هروری



موحسین دزەیی



مەلا ئەحمەد شرناخی


ملا علی بروشکی
عزیز دزیی
محمد حویز

# سەرچاوەکان


- تـارق جامبـاز. لەنـاوودارانی دەڤـەری سـۆران. شـێخ کاك ئەمینـی سـەران (١٨٧٤- ١٩٤٠). چ١. چاپخانـەی شـەهاب. هەولێـر. ٢٠٠٩.
- تحسـین ئیبراهیـم دوسـکی. مـەلا عەلـی یـێ بەروشـکی و هەڵبەسـتێن وی. چاپخانـا هـاوار. دهـوك. ١٩٩٩.
- پاڤـل بیڤانوڤیـچ. کوردسـتانی گڕگرتـوو. خسـتنەڕووێکی ڕۆژنامەوانییـە بـۆ یەکێـك لەقوناغـەکانی خەبـاتی گـەلی کـورد. وەرگێـرانی جەرجیـس حەسـەن. (کوردسـتان ١٩٨٤).
- پەیامی ئەیلوول . (گوڤار). ژماره ٢٥.
- پەیامی ئەیلوول. (گوڤار) ژماره ٢.
- پەیامی ئەیلوول. (گوڤار) ژماره ٧.
- پەیامی ئەیلوول. (گوڤار). ژماره ١٠.
- پەیامی ئەیلوول. (گوڤار). ژماره ٢٠.
- پەیامی ئەیلوول. (گوڤار). ژماره ٤.
- پەیامی ئەیلوول.(گۆڤار). ژماره ١٤.
- جەعفـەر گـوانی. چاوپێکەوتـن. خـۆی ئیسـلام. (گۆڤـار). ژمـارە١٠. وە ژمـارە ١٤.
- جـەلال تاڵەبانـی. بزوتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد. وەرگێـرانی: ح. ا. (ب. ش. ٢٠١١).

- جەواد مستەفا ستوپەیی. پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەروانگەی یاسای گشتی نێودەوڵەتییەوە. چاپی یەکەم. خانەی موکریانی هەولێر. ٢٠١٤.
- جریدە خبات. العدد ٨٥٣. الجمعە. ٥/ ١٢/ ١٩٩٧.
- حاجی میرخان دۆلەمەری. گەران بە دوای دادپەروەریدا. دیوێکیتری مێژووی شۆڕش لەکوردستان (١٩٤٣- ١٩٩١). بەرگی دووەم. ٢٠٢١.
- حامید گەوهەری. مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك. چاپی یەکەم ستوکهوڵم سوێد. ٢٠١٧. شوێنی چاپ چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر.
- دانا ادمز شمدت. رحلە الی رجال الشجعان فی کوردستان. ترجمە وتعلیق جرجیس فتح اللە. ط. ٢ . اربیل. ١٩٩٩.
- دیروك (گوڤارەکا مێژوویی دانساڵ)ە، ژمارە ١. هاڤینا ٢٠١٣.
- ڕۆژنامەی (ئەڤرۆ) ژمارە ٣٢٦٧ لە ٢٠٢٣/١/٣.
- ڕێباز دڵاوەر عومەر. پێگەی باڵەکایەتی لەشۆڕشی ئەیلوولدا. ١٩٦١-١٩٧٥. چاپی یەکەم. دهۆك. ٢٠٢١.
- زبیر بیلال اسماعیل. مجلە الحکم الذاتی . العدد ٢. تموز ١٩٨٦.
- زوزان صالح الیوسفی. صالح الیوسفی. ١٩١٨-١٩٨١ . صفحات من حیاتە ونضالە الوطنی مع دیوانە الشعری الکامل. طبعە مکتبە الجزیری دهوك.
- سابیر دوڕەیی. پەیامی زانایان (گۆڤار). ژمارە ٨٦. تشرینی یەکەم ٢٠١٢.

- سـەنگەر ئیبراهیـم خـدر خوشـناو، (موقـەدەم روکـن). ڕووداوە سـەربازییەکانی شۆڕشـی ئەیلـوول.
- شـەوکەت مـەلا ئیسـماعیل حەسـەن. نووسـین و شـیکردنەوەی جفـرە. چاپـی یەکـەم. ٢٠٢٠.
- شـێخ عومـەر شـێخ لەتیـف بەرزنجـی. کورتەیـەك لەژیاننامـەی زانـا ئاینییـە کۆچکـردووەکانی سـەدەی بیسـتەم لەشـاری هەولێـر. چاپـی یەکـەم. هەولێـر. ٢٠٠٤.
- شـێرزاد زکریـا محمـد. ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕشی ئەیلـوول لەکوردسـتانی عێـراق. ١٩٦٤-١٩٧٠. چاپـی ئیسـکلوپیدیای پـارتی ٢٠٢١ دهـەك.
- عبـاس علـی سـلیمان بابـانی. اسـهام علـماء الدیـن الکـورد فـی کوردسـتان العـراق فـی توجیـه الحرکـه التحرریـه الکوردیـه بیـن عامیـن (١٩٦١-١٩٧٥). الطبعـة الاولى ٢٠٠٩.
- عـەلی نورەدینـی. لەسـاڵیادی کۆچـی دوای مامۆسـتا مـەلا ئەحمـەدی قـازی. یەکگرتـوو (ڕۆژنامـە) ژمـارە ٤١٠. ١٨/ ١٠/ ٢٠٠٢.
- عصمـت شریـف وانلـی. کردسـتان العراقیـه هویـه وطنیـه دراسـه فـی پـوره ایلـول ١٩٦١. ترجمـه د. سـعاد محمـد خچـر. الطبعـة الاولى. ٢٠١٢. السـلیمانیه.
- فاخـر عـالی خـان ئـاودەلی. ڕۆڵـی زانایـانی ئاینـی لەلـە ژیـانی سیاسـی هەولێـردا. ١٩٤٥- ١٩٧٥. چاپـی یەکـەم. ٢٠١٤.

- فاخر عالی خان ئاودەلی. ڕۆڵی زانایانی ئایینی لەژیانی سیاسی هەولێردا. ١٩٤٥- ١٩٧٥. چاپی یەکەم. ٢٠١٤
- فاروق محمد معاليقى. حقوق الانسان بين الشرعه الدوليه والقانون الدولى الانسانى. الطبعة الاولى. ٢٠١٣. المؤسسه الحديثه للكتاب. لبنان.
- فەتحی ئەلمودەریس. حوجرەنامە. چاپی یەکەم. هەولێر. ٢٠١٧.
- فەتحی ئەلمودەریس. ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٤٠٢٠). لە١٤ی/ ٣/ ٢٠١٢
- فرهاد عونى. ذاكره الايام. الطبعة الاولى ٢٠١١. اربيل.
- كامران الصالحى. قواعد القانون الدولى الانسانى والتعامل الدولى. الطبعة الاولى. ٢٠٠٨. مؤسسه موكريانى للبحوث والنشر.
- كامران الصالحى. قواعد قانون الدولى الانسانى. والتعامل الدولى.
- کەریم شارەزا. ڕۆژنامەی خەبات. (وتار). ژمارە(٢٠٩٣). ئادار ٢٠٠٦.
- ماڵپەری: https:\\kurdipedia.oeg .
- مەسعود بارزانی. بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بەرگی سێیەم. بەشی یەکەم. ١٩٦١ – ١٩٧٥. دەزگای چاپ بڵاو کردنەوەی ڕۆژهەڵات. ٢٠٢٠
- محمەدی مەلا قادر. سەربوردەی نەمران. چاپی یەکەم. هەولێر. ٢٠١٤

- مـەلا تاهیـر مـەلا عەبـدوڵا بەحرکەیـی. مێـژووی زانایـانی کـورد. چاپـی یەکـەم. ٢٠١٠. چاپخانـەی ئـاراس. هەولێـر. بەرگـی یەکـەم و دووەم و سـێیەم.
- مـەلا عەبـدوڵا شـێرکاوەیی. ٥٠ سـاڵ تەمـەنی یەکێتـی زانایـانی ئاینـی ئیسـلامی کوردسـتان. مێژوویـەك لەخزمـەت و شـانازی. چاپـی یەکـەم. ٢٠٢٠. هەولێـر کوردسـتان.
- مـەلا عەبـدوڵا شـێرکاوەیی. چاوپێکەوتـن. پەیامـی زانایـان. (گۆڤـار). ژمـارە ٧٤.
- محمەدی مەلا مستەفای هیرانی. دیوانی سافی هیرانی.
- مسعود البـارزانی. البارزانـی والحرکـە التحرریـە الکوردیـە . الجـزء الثالث. ثـورة ایلـول ١٩٦١ -١٩٧٥. اربیل. ٢٠٠٢.
- موحسـین دزەیـی وێسـتگەکانی ژیانـم. وەرگێـرانی ئیسـماعیل بەرزنجـی. بەشـی دووەم. چاپـی یەکـەم. ٢٠٠٩.
- موحمـەد مـەلا قـادر. سـەربوردەی نەمـران. چاپخانـەی حاجـی هاشـم. هەولێـر.
- نەجمەدیـن یوسـفی. شۆڕشـا ئەیلوولـێ دیـتن و بوچـوون، وەرگێـران مووسـڵح حەمـزە، چـاپ زانکۆیـا دهـۆك یەنتـەرێ بێشـکچی. بـۆ ڤەکولینێـت مرۆڤایـەتی. ٢٠١٦.
- هـاوکار حەمـە شـەریف. شۆڕشـی ئەیلـوول. چاپـی یەکـەم. ٢٠١٢. چاپخانـەی زانکـۆی سـەڵاحەدین.

- هــەژار عوزیــز ســورمێ. کــورد و جینوســاید و ئیبادەکــردن. هەڵوێســتی یاســای نێودەوڵــەتی. چاپــی دووەم. دەزگای موکریــانی. ٢٠٠٦. هەولێــر.
- ئــاری فــاروق نانەکــەلی. دامــەزراوەکانی پــارتی دیموکــراتی کوردســتان و شۆڕشــی ئەیلــوول لەنێــوان ســاڵانی ١٩٦١ – ١٩٧٥ چاپــی یەکــەم ٢٠١٦.
- ئیســماعیل گونــدەژووری. شــۆڕشی ئەیلــوول لەباڵەکایەتــی. چاپــی یەکــەم. ٢٠١٨. چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات.
- http://altaakhipress.com
- http://deverybarzanblogfa.com
- detail, httpsi\\www.peyserpress.com.
- https:\\www.khaktv.net.
- www.nizamettin.net|tr|arapca

# نووسەر لەچەند دێڕێکدا



**جەواد مستەفا حەسەن ستوپەیی.**

- لەدایك بووی ١٩٦٦. مزووری باڵا.
- هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی باش دەزانێت.
- دەرچووی پەیمانگەی تەکنولوجی مووسڵ، ساڵی ١٩٨٧.
- دەرچووی کۆلێژی یاسا، زانکۆی جیهان، ساڵی ٢٠١١.
- لەساڵانی هەشتاکاندا بە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٨٣ هەوڵی زۆری داوە بۆ پەرەپیدانی بیری کوردایەتی. لەگەڵ هەڤاڵانی بەشداری زۆری کردووە لە ڕاپەڕینی قوتابیان لەشاری هەولێر لەدژی ڕژێمی بەعس.
- هەرلە ساڵانی کۆتایی نەوەدەکان دەستی نووسینی هەبوو، بۆ ماوی زیاتر لەسێ ساڵ زۆر بابەتی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردیتەوە وەك: (ڕۆژنامەی برایەتی -ئێوارە گولان - برایەتی

ئـەدەب و هونـەر - گۆڤـاری گـوڵان - کاروان - ئاسـۆی پـەروەردە - ڕامـان - دەنگـی پێشـمەرگە - ...تـاد ).

- دواتـر سـێ کتێبـی لـە زمـانی فارسـییەوە وەرگێـڕاوە بـۆ سـەر زمـانی کـوردی و چـاپ کـراون کـە ئەمانـەی خـوارەوەن:
- کتێبە وەرگێڕاوەکان:

١. **ڕۆمـان چییـە؟** وەرگێـڕان لەفارسـییەوە. ئـەم کتێبـە بـاس لـە زانسـتی ڕۆمـان نووسـی دەکات. لەسـاڵی ٢٠٠٨ دەزگای توێژینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی. لـە هەولێـر. چاپـی کـردووە. بـە قەبـارەی ناوەنـد ١٦٢ لاپـەڕە.

٢. **خێـرا خوێندنـەوە و ئـاکام و دەرەنجامـەکانی**. وەرگێڕان لـە فارسیەوە. لـە زنجیـرەی بـڵاو کـراوەکانی گۆڤـاری ئاسـۆی پەروەردەیـە، ژمـارە ٤٢، لەسـاڵی ٢٠٠٦. ١١٥ لاپـەڕە.

٣. **ئاوڕدانەوەیـەك لـە کۆمەڵناسـی**. وەرگێـران لەزمـانی فارسـییەوە، لەبـڵاو کـراوەکانی زنجیـرەی هـزر و کۆمـەڵ، لەسـاڵی ٢٠٠٣. لـە هەولێـر چاپکـراوە، ١٥٨ لاپـەرە.

- لـەدوای تـەواو کـردنی کۆلێـژی یاسـا دەسـتی بـە نووسـینی یاسـایی کـردووە و شـارەزاییەکی بـاشی لەیاسـای گشـتی نێودەوڵـەتی و یاسـای دەسـتووری هەیـە، بەتایبـەتی لـە یاسـای دەسـتووری پسـپۆڕییەکی بـاشی هەیـە، تـا ئێسـتا (١٠)دە کتێبـی یاسـایی نووسـیوە، حەوتیـان چـاپ کـراون و سـێیان ئامادەنـە بـۆ چـاپ کـردن.

## ◆ کتێبە چاپ کراوەکان:

١. **پەیوەندییـــە نێـــو دەوڵەتییـــەکان لـــە ڕوانگـــەی یاســـای گشـــتی نێودەوڵەتییـــەوە** : کتێبێـــکی قەبـــارە گەورەیـــە لـــە (٢٩٦) لاپـــەرە پێکهاتـــووە و خانـــەی موکریـــانی لـــە ســـاڵی ٢٠١٤ چاپـــی کـــردووە.

٢. **بنەمـــاکانی یاســـای دەســـتووری:** کتێبێـــکی قەبـــارە مـــام ناوەنـــدە پێکهاتـــووە لـــە (١٠٤) لاپـــەرە و خانـــەی موکریـــانی لەســـاڵی ٢٠١٥ چاپیکـــردووە.

٣. **سیســـتەمە سیاســـیەکان:** توێژینەوەیـــەکی یاســـایی سیاســـییە بـــاس لـــە سیســـتەمەکانی (ســـەرۆکایەتی. و پەرلەمـــانی . و مەجلســـی. و نیـــو ســـەرۆکایەتی دەکات، وە باســـی نموونـــەی وڵاتـــانی زۆر پێشـــکەوتووی کـــردووە)، بەقەبـــارەی مـــام ناوەنـــد، پێکهاتـــووە لـــە ١٧٥ لاپـــەرە، لەســـاڵی ٢٠١٩، لەلایـــەن **ســـەنتەری دیراســـات و توێژینـــەوە و ئەکادیمیـــای پـــارتی دیموکـــراتی کوردســـتانەوە** چـــاپ بـــووە.

٤. **سیســـتەمی ســـیاسی لـــە عێـــراق و مـــافی گـــەلی کـــورد لـــە دەســـتوورەکانی عێراقـــدا:** ئـــەم کتێبـــە توێژینەوەیـــەکی یاســـایی سیاســـییە، بـــاس لەهەمـــوو دەســـتوورەکانی عێـــراق و مافـــەکانی گـــەلی کـــورد لـــەم دەســـتوورانەدا دەکات، هەروەهـــا بـــاس لەپێشـــێلکاریەکانی ڕژێمـــە یـــەك لەدوایـــی یەکـــەکانی عێـــراق ســـەبارەت مافـــەکانی گـــەلی کـــورد لـــە عێراقـــدا دەکات. لەبڵاوکـــراوەکانی خانـــەی موکریـــانی. ســـاڵی ٢٠٢٠. ٢٢٥ لاپەرەیـــە.

٥. **دروســـت بـــوونی دەوڵـــەتی کوردســـتان تـــا ڕووداوەکـــەی ١٦ی ئوکتوبـــەر:** توێژینەوەیـــەکی یاســـایی سیاســـییە بـــاس لـــە چۆنیـــەتی دروســـت بـــوونی

دەوڵـەتی کوردسـتان لەئاینـدەدا دەکات لـە ڕووی یاسـایی و سیاسـیەوە. لەبڵاوکـراوەکانی خانـەی موکریـانی. سـاڵی ٢٠٢٠.

٦. **مافـە هزرییـەکان: توێژینەوەیـەکی یاسـاییە لـە چـوار بـەشی سـەرەکی پێکدێـت، بـاس لـە مافـی داهێنـەر. مـافی ئـازادادی ڕادەربڕیـن. مـافی ئـازادی بیرکردنـەوە. مافـی ئـازادی ڕاگەیانـدن دەکات.** لەبڵاوکـراوەکانی خانـەی موکریـانی. سـاڵی ٢٠٢٠.

٧. **تیـۆری دەسـتوور و هەنگاونـان بـەرەو نووسـینەوەی دەسـتووری کوردسـتان.** (توێژینەوەیـەکی یاسـایی سیاسـییە لـە بـواری یاسـای دەسـتووریدا، بـاس لـەو ڕێکارانـە دەکات کـە گرنگـن بـو نووسـینەوەی دەسـتوورێکی هەمیشـەیی و پێشـکەوتوو بـۆ کوردسـتان یـان بـۆ هـەر وڵاتێـك). لـە بڵاوکـراوەکانی دەسـتەی ئینسـکلوپیدیای پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان. هەولێـر سـاڵی ٢٠٢٢. ٢٣٦ لاپەرەیـە.

٨. دەسەڵاتی دادوەری لە شۆڕشی ئەیلوول. ئەم کتێبەی بەردەستمان

- **کتێبە چاپ نەکراوەکان:**

١. یاسـای دەسـتووری لەنێـوان شـەریعەتی ئیسـلام و یاسـا دانراوەکانـدا. (توێژینەوەیـەکی یاسـایی شـەرعی بـەراورد کارییـە).

٢. پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان لەئیسـلامدا. (توێژینەوەیـەکی بـەراورد کارییـە لـە نێـوان شـەریعەتی ئیسـلام و یاسـا دانراوەکانـدا).

**ژمارەیەکی زۆری توێژینەوەی یاسایی نووسیوە کە هەندێکیان لەگۆڤارەکاندا چاپ کراون و هەندێکیتریشیان بۆ چاپ ئامادەن.**

## له شۆڕشی ئەیلوول

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.